لەبڵاوکراوەکانی مەڵبەندی گشتی یەکێتی نووسەرانی کوردە

١٣٩

# هەولێر

ئیبنی مەستەوفی

رۆمان

ستۆکهۆلم ٢٠١٢

شێرزاد هەینی

هەولێر
(ئیبنی مەستەوفی)
رۆمان
ستۆکهۆلم ٢٠١٢
تایپ و هەڵەبڕ: نووسەر
بەرگ: شۆرش غەفووری
چاپخانەی رۆژهەڵات هەولێر
ژمارەی سپاردن ١٣٩ی ساڵی ٢٠١٣

# پێشکەشە

کوڕە تەمەن دەساڵییەکەم جارێکیان لێم نزیک کەوتەوە و وتی: بابە ئەو کتێبەی دەینووسی وەرگێڕان نییە، بۆیە (ماندوو دیاریت و زۆریش بیردەکەیتەوە)، راستە کوڕم نووسین وەک وەرگێڕان نییە! من وتم.

کە (ژن) ەکەم زانی لەو رۆمانەدا ئەو بابەتەم وورووژاندووە، (شادومان) بوو، زۆریش (تووڕە و بەگومان) بوو. (ئەوەیە سیاسەت).

ئەو رۆمانە پێشکەش بە (شارڤان) ی کوڕم و (سروە) ی هاوسەرم.

شێرزاد هەینی

# یەک... دوو...

کەسەکان و شوێنەکانی ئەو رۆمانە، بیرۆکەی لابردنی پەیکەرەکە (زادەی خەیاڵە)، دەزانم رامانی هەمەجۆریش بۆ ئەو چەند وشەیەم دەکرێت، بەڵام هەر بۆ (سەلامەتی) خۆم و نووسینەکەم، ئەو (راستی) یە دەڵێم!

بۆ نووسینی ئەو رۆمانە، بابەت و کتێب و وتاری زۆرم، لەسەر شوێن و (کەسەکان) و (رووداوەکان) خوێندەوە، دووبارە گەڕامەوە سەر مێژووی هەولێر، چونکە لە (ناوەندی هەشتاکان) و (سەرەتای نۆهەدەکان) ی سەدەی رابردوو، لە کاری (رۆژنامەگەری) یمدا پێویستم، بەو سەرچاوانە دەبوو، پشتبەستن بەو سەرچاوانە رۆمانەکەم نووسی و (گەنج) یش بوومەوە.

## هەولێر

(پەیکەری ئیبنی مەستەوفی)

پەیکەرەکە

ئەوە دیمانەیەکی خێرایە، کە تێدا بەدڵسۆزی و بەپاکییەوە دانوستان و ململانێیەکی گەرمی تێدا دەکەین      . من و ئەو، بەیەکەوە لەگەڵ ئێوە، بەبوێرییەوە، قسە لەسەر کایەکی هەستیار و بەرچاو دەکەین. ئەگەر زۆرترین کەس بەگوێی ئەو دوو کەسە بکەن، یان ورد لە دیالۆگ و رستەکانی وردببنەوە، یان سەریان لە بەردێکی رەق بدەن، باش تێبگەن، (ئەو دوو کەسە) ئەگەر ژمارەیان لەوانە زۆرتریش نەبن، یان بزانن لە کاکلی بابەتەکە باس لە چ دەکەن. ئەوانە، بەپەرۆشییەوە چییان دۆزیوەتەوە، بۆ پێش ئەوان، ئەوە، نەدۆزراوەتەوە؟ ئەوەی ئەوان باسی دەکەن، بەڕاستی دۆسیەکی شاراوە و نهێنی نییە، کایەکی ورد و بن ئاو نییە! کارەکتەرەکان لەبەرچاوانە، شەو و رۆژی نییە، سارد و  گەرمی نییە!

ئەو (پەیکەرە) لەو شارەدا بێباکانە، هەموو گاڤێک وەستاوە، دانیشتووە، دەنووسێت، لاپەڕەی سپییش دەخوێنێتەوە! بەڵام کاتی خۆی و ئێستاش، ئەو لەو کتێبەدا باسی من و تۆ و ئێوەی نەکردووە. پەیکەرێکی سپی باڵابەرزی چوارشانەیە و بەتوندی جێگیر بووە، ئاسانیش نییە، لە ستوونە بەستراوەکەی ژێری بجولێتەوە، باسکردنیشی لەهییەک لە تووڕەیی، رەنگە ناڕەزاییەکی میللی بەهاواری لێ بکەوێتەوە. پەلە مەکەن و مەپرسن، زوو لە ناوەکە، لە شوێنی پەیکەرەکە، پرسیار لە من و لەو نووسینە مەکەن، تکایە مەڵێن:

_کێیە ئەو کەسە، ئەو کتێبە ناوی چییە، ئەو دیاردەیە چییە، هەمووتان وەک ئێمە دەزانن؟

_دیارە کەوا بۆ هەمووتان، بەو دوو سێ دێرە کورتانە، پرسیار و رامانم لەلاتان پەیدا کرد. وایە!؟

_لەناو شار و لەو نزیکانەیەدا، ئەوە کێیە؟

_پەلە مەکەن، با دانوستان بکەین و بخوێنینەوە و وریا بین. زوو بڕیاری خۆتان لەسەر ئەو گاڤە و راڤەکە مەدەن، هەڕەشە لە من و لەوانەی هاوکاری منن مەکەن... کەمێک مەند بن و بیربکەنەوە و کتێبەکە بخوێنەوە، ئینجا ناوەکان بناسنەوە و... دوایی ئازادن ئەگەر دوو رستەش بکەنە قسە و جنێو و هەڕەشەش، دەسەڵاتم نییە!

هەمووتان باش دەزانن و ئەگەر نازانن من پێتان دەڵێم، من کتێبەکەم خوێندوتەوە، چەند ساڵێکیش کتێبەکە لەناو کتێبخانەکەی ماڵەوەم دانرابوو، کتێبەکە زۆریش دەستی ماندوو دەکردم، گران بوو شانی دەتەکاندم، کە هاوسەرەکەم و منداڵەکان و خۆشم، تۆز و گەردم لەسەریان رادەماڵی، بەو کتێبە دوو بەرگە گەورەیە زۆر ماندوو دەبووم، چونکە دوو بەرگەکە گران بوون، ئەوانە، لە زۆریان گرانتر و قورستر بوون، لاپەڕەکانی زۆر زۆر بوون، بەرگەکانیان گەورەتر بوون، کێشییان بەڕاستی قوورس بوو.

باش بزانن، کەوا کتێبەکە، لە کایە هەستیارەکان، بە هیچ شێوە و کلۆجێک نزیک نەبوویتەوە، کەس خۆی لەناو لاپەڕە و بڕگەکانی نادۆزێتەوە، برسییەک، بۆ پارووێکی گەرم، سەری مەنجەڵێکی تێدا هەڵنەداوەتەوە، تا تامێکی خۆش، بۆن و بەرامەیەکی کەیفساز بۆن بکات.! زووتر، کەس ئەوەی نەکردووە، بۆیە ئەو (دوو

کەسە)، هەردووکیان، لەو شارەدا، هەردووکیان لەو کێسەدا خاوەن ماڵ و میوانن، هەردووکیان مرۆڤن، بەڵام رەگەزیان جیاوازە، رەنگی چاویان، ئەو بۆنەی رۆژانە لە گەردەنیان دەدەن، خەونی سەر بالیفەکانیان، رەنگی شەرابیان زۆر جیاوازە، ئەوانە جیاوازن لە زۆر دیاردە و نیگا، بەڵام یەکبیرن لە رامان لەسەر (پەیکەرێک)، کە لەسەر بەرزایی قەڵاتەکە، دانراوە، لەدوورەوە دیارە، لەبەر ئەوەی، رەنگی سپییە، شەوانەش، بەجوانی دیارە، ئەگەر دیاریش نەبێت، شەوانە بە لایتی بەرز رووناک دەکرێتەوە.

_دیارە مەبەستت پەیکەرەکەی ئیبنی مەستەوفییە؟

_بەڵێ، پەیکەری ناودارێکە، ئەوەی جاران لەو سەد ساڵەی رابردوو، لەو سالآنە، چەندین، دەسەڵاتی جیاواز، لە دەستی هێز، لە چاوی بڕیار، لە دروشمی ئاڵا، گەڕەک و قوتابخانە و پەرتووکخانە و دەرمانخانە و دەزگایان بەناوی ئەو پیاوە کردووە، بەڵام، لەو رۆژگارەی ئێستا، هیچی بەناو نەماوە، باس و یادەکەی هەر لەو پەیکەرەدا ماوە و کەمتر باسی دەکەن، بەڵام پەیکەرەکە ماوە و زۆر باشیش لەناو شاردا دیارە...!

_دیارە، ئەو پەیکەرەی کە لەلایەن پەیکەرساز (زایەر سدیق) لە شاری سلێمانییەوە سازکراوە، کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە رۆژگارێکی سەخت، ناڵەبار، داوای لێ کرابوو دروستی بکات. بۆیەش لە رۆژێکی کشوماتا، لە بەیانییەکی ترساودا، بەفەرمی، لە ئاهەنگێکی تایبەتی بچوکی چەند کەسی و بێ رێکلام و میوانداررییەوە، پەردەی لەسەر لادراوە، لەو بۆنەیەدا پەیکەرەکە کراوە بە چاوێکی ئەو شارە، کراوە بە

ناوێکی بڵند، بە ریشێکی نەتاشراو، کراوە بە عەبایەکی داپۆشراو.

پەیکەرەکە دانرا و لەو رۆژەوە بووە، بە پاسەوانی دەرگاکە، بووە بە چاوی خەڵکەکە، بووە بە (وێنەی گەورەی سەر ناسنامەی شارەکە)، پەیکەرەکە کراوە بە مۆری شارە گەورەکە. کتێبەکەی کە بوویتە شانازی، بەڵام هەر نەخوێندرایەوە، ئینجا پەیکەرەکەش لەبەر گەورەیی، زۆری لاپەڕەکانی، کتێبەکە دانراوە، بۆیەش ناوەکەی ناسراوە، ناسڕێتەوە، زانراوە و نەزانراوە!

ئەوە رامانی گایدەکەیە

یەکێک لەو دوو کەسە، چونکە جیاوازییەک لە نیگاکانیاندا نییە، بۆیە ئێمەش دەڵێین، گرینگ نییە، کامیان پەیامەکە رادەگەیێنێت، بۆیە یەکێکیان، لەو دیمانەدا، بۆ دەستپێکردن بە هەڵدانەوە و کردنەوەی سەری گرێیەکە، بۆ ناسینی دروستی کارەکتەرەکە، گرینگ نییە کامیان بوون، گرینگ و سامدارە، کە ئەو وتی:

من ئەوەم لە کتێبی تاریخی ئەربلی ئیبنی مەستەوفی رەچاو دەکرد.

(گایدەکە دەستی لەوە راهاتبوو، دەستێک بە قژە درێژەکەی پشتەوەی دابهێنێت، کە سەیری، ناودەستی دەکات، چەند داوەمووێکی سپی، دانەدانە مووی رەشیش، لەگەڵ دەستی هاتوونەتە دەرەوە. ئەویش، مووەکان، لەبەرچاوی نزیک دەکاتەوە، سەیریان دەکات، بەڵام! لەدیار مووەکان هیچ ناڵێت، چ بڵێت، مووە و سپی بووە، تەمەنە و رۆیشت و دەڕوات! بەڵام رامانێکی مەزنی لەسەر ئەو داوە مووە، دوو رەنگانە دەکات، کە سپییەکەی زۆر زۆرتر بوو، بەڵام! کە چاوی بە ژنەکەی هاوشانی دەکەوێت، فووێکی توند و بەبا لە مووە رەش و سپییەکان کە زۆر چڕ لەیەک ئاڵابوون دەکات. دیارە کەوا مووەکان هەردوو رەنگەکە هێشتا لە رەگیان نەکرابونەوە، وەک ماسی کە تازە قوڵابێک، یان تۆڕێک، لە ئاوی دەردەهێنێت، مووەکان جوولەی ژیان و هەناسەیان تێدا مابوو. سپییەکان، لە رەشەکان زۆر زۆر

زۆرتربوون. ئەو دووبارە سەیرێکی ژنەکە، بەژنی پەیکەرەکە، بەژنی هەردووکیان دەکاتەوە)،

ئینجا دەڵێت:

ئەو، پێش ئەوەی مێژوونووس و بیوگرافنووس بێت، شاعیر، جوانناسی وشە و خەیاڵیش بووە. دیارە کەوا مەبەستم ئیبنی مەستەوفییە، راستە، ئەو زۆرتر بە مێژوونووس ناسراوە، ئەوەش کار و زانینی ئەو بووە. دەبوایە ئەو چاکەیەکی لەگەڵ ئێمە، لەگەڵ ئەو ژنە شەیدایەی بەر پەنجەرە و ئاوێنەکە، لەگەڵ هەموو خەڵکی ئەو شارە، لەگەڵ ئەو وڵاتە کردبووایە! بەڵام ئەوەی نەکردووە، دەبوایە ئەوەی بکردبووایە! (ئەو قسانە لە کەشێکی باران، هەورەبرووسکە، تەم، خوناودا خۆش خۆش دەکرد، بەڵام خۆڵبارین، شارەکە و ئاسۆکەی بەردەوام تەنیبووە). ئەگەر ئەو، بە خامە و شەونخونییەکانی، کە لە ژوورە تاریک و نەوی و لاچەپەکەی پەریشانی بوو، ئەوەی کردبووایە، بەوەیان شارەکە و بازاڕە قەیسەرییەکەی، دەبووە گەورەترین، درێژترین، گەرمترین قەیسەری لە هەموو خۆرهەڵاتا، کە تێدا بۆنی بخوور، نەعناع، بەهارات، تیشکی ئاوێنە، سەمای خەناوکە، دەستماڵی ناز، چاوی گێڵاس، شلکی سەوزە، ترشی رێواس، دەستنووس، خامە، هەموو کەرەستە، کالاکانی زۆرتر و باشتر تێدا دەکڕا و دەفرۆشرا. بە چەند دێرێک بە یەک لاپەڕە، ئەو باسی ئەو قەیسەرەیەی کردبووایە، کە ئێستا ئێواران ژنان، بە لێشاو رووی تێدەکەن. ژنان لەو شارە زۆرتر، پێش هەموو گوزەرێکی تر، کۆڵانەکانی ئەو قەیسەریانە دەناسن. لەو شارە، ژنان هیچ کۆڵان نەناسن، ئەوە کۆڵانەکانی ئێرە، بۆن و رەنگەکانی ئ،ێرە باش دەناسن. لەوەتی ئەو قەیسەرییانە بازاڕ بوون، ئێرەش شار بووە، قەیسەری بەر لە

دروستبوونی سینەماکان، نیشانەی شاریان بەو شارە بەخشیوە.
شار بە قەیسەری کۆن و کۆڵانی باریکی چردا، شار بە زیندان، بە حەمامی میللی، بە بۆنی بخوور، بە داڵدەی چاوی عاشقەکان، شار بە قەرزکردن و فێڵکردن، بە گۆڕە غەریبانە دەبێتە شار!

ڕاست و دروست بەدڵنیاییەوە دەڵێین:

ئەگەر ئەو خەمی شارەکەی بوایە، تەنها شارەکە، هەموو خانەکانی ئەو شارە کۆنە دەبووە، کاروانسەرای هەموو بازرگانەکانی ڕێگای ئاوریشم، چونکە زۆر لە مێژوونووسان، دەڵێن و دڵنیان، کەوا (ڕێگا ئاوریشمییەکەی چین) بە ناوچەی میزوپۆتامیا و بە کوردستاندا گوزەری کردووە. کاروانە بازرگانییە ئابوورییە سیاسییە کولتوورییەکەی کۆن و ناوداری مێژوو، بەو دەڤەرە، لە چینەوە هاتووە، بەرەو خوارووی جیهان، سەرکەنارەکان، بەرەو گەرمایی بیابانەکان ڕۆیشتووە، لە دەریاکان نزیک بوونەتەوە، لەوێ پاش بازاڕکردن و ژماردنەکان، لەدیار ئاوە شینەکەی دەریا، بە باڵ و ملی درێژ و دندووکی وردی (نەورەس) یان وتووە، ئێوەش وەک ئێمە، بەردەوام، لە کاروانا ماندوون!

(لەگەڵ ئەو قسە و ڕامانەدا، گایدەکە هەر دە پەنجەی هەردوو دەستی لەناو یەکدا دەتەقاندەوە، نەشدەوێرا سەیری خوارەوە بکات، ئەو شەیدای قەڕەباڵغییە، زۆریش لە ئاپووڕە چڕەکانی شاریش دەترسێت، هەناسەی لەو کەشانە گیردەبێت، لەوێش هەناسەی ژیانیش دەدات)، لەگەڵ تەقەی پەنجەکانی دیاربوو کەوا ژنەکە پێیەکانی نا، بەڵام، جوولەیەک، لە جەستەی چەقیووی دەکات، نەرم دەلەرێتەوە، ژنەکە، بەو تەقینەوەیە

کەمێک شنەیەک، بە باڵا و گردی سمتی دەکات. بەڵام ئەو نەژاکا و شنەی باڵاکەی نەیهەژاند، چونکە، کتێبەکەی زۆر خوێندبووە و دەیزانی ئیبنی مەستەوفی چی نووسیوە، لە کتێبەکەی باسی چی کردووە، زۆر شتی تریش، ئینجا وتی:

ئەگەر لەو کتێبە مێژووییەدا، لە چوار بەرگەکەی ئیبنی مەستەوفی نووسرابوایە:

ئەو شارە لەسەر ئەو گردە بازنەییە ناوازەیە، لەبەر چاوی کیژێکی کۆنی جنەکان، یان لەبەر مەزنی و دڵۆڤانی فریشتەیەکی باڵ رەنگین، دروستکراوە. ئەگەر باسی ئەوەی کردبووایە، ئەوە کتێبەکەی بە ئاوی زێر، بە فرمێسکی چاو، کتێبەکە بە مسک و عەنبەر دەنووسرایەوە. ئێستاش کەس خەمی لەو پەیکەرە سپییە نەدەخوارد، وەک پەیکەرە سپییەکانی هادی زیائەدینی، سەیریان دەکرد. بەس ئەوەندەی نووسیبوایە، ئەو قەڵاتە، ئەو شارە، کانی چاوی شازادەیەکە، کتێبەکەی ئەو، شارەکە، قەڵاتەکە پیرۆزتر دەبوون.

(حەقمە ئەو قسەیە بکەم، شاری خۆمە، من لەو شارەدا زۆر گریاوم، کەمتر پێکەنیووم. من لەو شارە، لەگەڵ سامان و یادەوەرییەکانم، پارچە زەوییەکم بۆ گۆڕەکەشم داناوە. من ئەو قسەیە زۆر دەکەم، بەڵام لەودەمانە، لەورۆژانە، وا بوومەتە پیاوە گایدەکە، خەم لەو پەیکەرە سپییە بە عەمامە و جوبەکە زۆر دەخۆم. من کێشە و خەمێکی تر شانی گرتووم، ئەویش ئەو پەیکەرەیە، بۆیە بە ئاراستەیەکی تر، سۆزم دەنەخشێنم. من حەقی خۆمە، شارەکە شاری خۆمە، نابێتە شاری کەسانی تر. من کۆنە دیوارەکان، یەکەم خانوو، لە یەکەم کۆڵانی گەڕەکەکان

دەناسمەوە، کە تەقەیەک لەو شارە دەکرا، زوو دەمانزانی کێ کوژرا، کە (بەرخۆکە) پەیدا دەبوو، دەمانزانی کیژ و کوڕێک هاوسەرگیری دەکەن، ڕەشبەڵەکێکی گەرم، لە گەڕەکێکی ئەو شارەدا دادەبەسترێت، خواردنێکی زۆر، لەناو مەنجەڵی گەورە گەورە دەخرێنە سەر ئاگر، شەوەکەش مەولوودی پیرۆزیش کراوە، (ئەگڵەنجە) یەکی مەستانەش سازبووە، دەمانزانی، تەرازووی کام فرۆشیار، ریزی دیواری کام وەستا ڕاست و دروستن).

قەڵاتە ئەفسوناوییەکە

لەجیاتی شیعرە عەرەبییەکان. لەجیاتی باسکردن و ناوهێنانی قازییەکانی حەلەب و موسل، لەبڕی بەراوردکردنی دەقە شیعرییەکان، پێداهەڵدان بەیەکتری. قسەکردن لەسەر دەستنووسەکان، لەجیاتی ئەوانە، ئەو لەو کتێبەدا باشتربوو، ئەو ئەفسانە جوانەی نووسیبوایە:

ئەفسانەکە بەدرێژی:

(دەگێڕنەوە و گومان لە راستی سەربردەکەش نییە، کەوا لە سەردەمانێکی کۆندا، ئەوەندە کۆن و دێرین وەک (هەولێر)، کۆنتر لە خەرمانی ساڵەکانی هەموو تەمەن و کەلاوە و ستوونەکانی رۆمان و چاوی کۆڵکەزێڕینەی (عەشتار)، دەگێڕنەوە کەوا، پاشایەک یان پیاوێکی نازداری خاوێن، زۆرتر وتوویانە:

کەوا پاشایەک لەو شارەدا، یان لەو دەڤەرەدا هەبووە، لێرە بەشکۆوە دیتراوە، زۆریش باسی کراون، کەوا شانی پیاوەکە، وەک داربەڕوو پتەو و پان و ئەستوور و بەتوانا بووە، چاوەکانی، لەجیاتی فرمێسک بۆنی دەرکردووە، بەردەوام بەبێ کل، وەک چاوی ژنە عاشقەکان رەش بووە، تیشکی خۆر و تاریکی شەوەزەنگ و غوبار و گەردەلوول، هەرگیز کاریان لە بواری دیتنی ئەو نەکردووە).

پیرۆز و نیازپاک دەبوو ئەگەر لەناو کتێبەکەدا نووسرابوایە کەوا:

(ئەو پاشایە حوکمی ناوچەیەکی پانوبەرینی ئەو وڵاتە، وڵاتانی دوور، زۆر دوور، هەتا سەر پارچە هەورە رەش و سپییەکانی ئاسمانیشی کردووە. لە ناوچەکانی پشت ئاوەکەی نزیک نەینەوا، هەتا شاری تەورێز و خوراسان، لەبن زەبری شیر و تیری ئەودا بووە، ناوی ئەو لەگەڵ ئاو و هەڵم و خەوندا، شاخاوشاخ رۆیشتووە، لەگەڵ ئاگردا، رەنگ و رووناکی و پرشنگی داوە. ئەو پاشایە نازدارە، فەرمانی داوە، ئەو دەشتە بکەنە گەنم و جۆ و نیسک و نۆک و ماش و برنج و کونجی. ئەو دەستکار بووە و فەرمانی داوە، خەڵکەکە وابکەن، ئاوە شیرینەکەی ژێرزەوی لەسەر زەوی، بەلەنجە و بەسەماوە بڕوات، جۆگەکانی بنەوە، بێنە سەرەوە، لەناو جۆگەکاندا ببریسکێنەوە، لەسەر ئەو زەوییە ئاوس بە گەنم، داپۆشراو بە هەڵم، زیو پەخش بکەن، سەما بۆ تیشکی خۆر، نازی ئارام بۆ دارستان و قووڕگ و جوانی بکەن. کابراکە دەسەڵاتی ئاگر و بەرد و گوڵی هەبووە، ئەو فەرمانی بەسەر دار و بەرد و زیندوو و مردوو و شل و تەڕیش کردووە، هەموو فەرمانەکانی جێبەجێکراون، هیچ عەشیرەت، ئاینزاکان، کورتەباڵای ناو ئەشکەوتەکان، دەستگەورەکان، بسکشۆڕەکان، هەناسەی کرم، جوولەی باڵەکانیش، بە هیچ بیانوویێک، لاسارییان لەو فەرمانانەی ئەو نەکردووە!

ئەو پاشایە شەوانە، شەوانی ناو ئاسمانە بەئەستێرەکان، شەوانی تام وەرگرتن لە حیکایەتەکان، بەڵێ لەگەڵ ئاوابوونی خۆر و جریوەی ئەستێرەکان، ددانەکانی ئەو، شەوانە، هەموو ددانەکانی، لە بنەوە هەڵدەوەرین، بەبێ ئەوەی هەست بکات و ئازار و ژانی هەبێت، هەردوو ریزی ددانی بەردەبونەوە، دیار نەدەمان، لەگەڵ هەڵمی هەناسەکەی، ددانە سپییە پتەوەکانی

پەخشان دەبوون، کە خۆر هەڵدەهات، بە یەکەم تیشکی خۆرەکە، کۆمەڵە ددانێکی نوێی سپی سەدەفی، لە هەردوو پووکی سەرلەنوێ دەهاتەوە. بەیانیان ژنان، ددانە کۆنەکانیان لەگەڵ سێبەر و تەم، لەگەڵ بانگی منارەکان، کە ژمارەیان زۆر بوون، کۆدەکردوە، دەیانکردە ملوانکە و هەیاسە و مێخەکبەند و قردێڵەی نەخشەساز، دانە دانەیان، لەگەڵ کەمەر و دەستماڵ و رووبەند دەهونیەوە، دەیانبەستا و ریزیان دەکرد. پیاوەکانیش ددانە هەڵوەریوەکانی ئەویان، وەک پەین، ددانەکانیان لەگەڵ باران، لەگەڵ نەرمی خوناو، لەو ئاقارە، لەناو تەبارەکان دەتاواندەوە، لەناو دەست و چاوی مناڵەکان، دەبوونە ئەستێرە و هەویر، زیندەوەرەکان، ددانەکانیان دەبردە ناو شار و کوڵانکە و هێڵانە و نوا و پەنا و سەردار و بن پنچکەکان و... ).

حیکایەتەکە وایە و واشمان بیستووە کەوا:

(هەر کەسێک لەو دەڤەرەدا، لە یاسا و لە عیشق و لە دایک و کارکردن و مناڵێکیش، یاخی دەبوو. ئەوەی لاسارانە، جۆگەی ئاوی پیرۆزی دەشکاند. ئەوەی بە شانی پان و کوتکی دەستی، شوورەی بەرزی شارەکەی هەڵدەوراند. ئەوانە، بۆ ئارامبوونەوە و داوەرانەوە و ژێربوونەوە، ملوانکەی ددانیان، لە دەست و سۆزی ژنانی تەڕ و جەستەماسی وەردەگرت. ئەوەی، لەو دەڤەرەدا، برسی بوایە. ئەوەی مناڵێکی نازداری، لەسەر بێشکە و جۆلانەدا نەخۆش بوایە. ئەو ژنەی، نەزۆک بوایە، باوەشی ژنەکەش شەیدای ئەوە بوایە، مەمکی لەدەمی مناڵێک بنێت، تێر شیری بکات. ئەو جووتیارەی سەرەخۆرە  بوایە، کلۆ و تەزرە داهاتەکەی بقرتاندبوایە. لەو سەردەمەدا، ئەو بانگخوازەی دژوار و توندکار و نیازخراپ بوایە. ئەو کەسەی دەستخەتی جوان نەبوایە. ئەوەی

لە حکومەتە کارمەند و کارسازەکەیان، لالووت بوایە. ئەوانە و هەموو نەخۆش و لات و زیز و بێمارەکانی ئەو دەڤەرە، ددانەکانی ئەویان، بەشێک لە رۆحی ئەو، بۆ ئەوانە، بۆ هەموو ژان و خەم و چاوەڕوانییەکانی خەڵکی گوند و جۆخینەکان، ددانەکان دەکرانە ملوانکە و مووریبەند و چاووزار و دڵدانەوە و هەتوان و سەرتوو، هەمووو کێشە و ئاریشەکانی بەو بروسکە ئێسکەی ددانەکانی چارەسەر دەکرا.

ئەو پاشایە بەردەوام، ساڵ دوازدە مانگ، بەبەفر و بەباران، رووبەڕوو لەگەڵ هوڕە و گەردەڵوولەکان، رووت و بێ پۆشاک بوو، ئەو پۆشتە نەبوو، هیچی لەبەر نەدەکرد، ئینجا هیچ چاو و دەست و هەست و نەستەکانیش، ئەویان بە ناشایستەیی نەدەبینی. ئەو لەگەڵ بەفر و زریانیش زۆر هاوڕێ و برادەر بوو، لەگەڵ سەرما و باهۆز کەیفخۆش و بەساز بوو. ئەو هەرگیز لە وەرزی هاویندا کە چەند رۆژێکی کورت بوون، گەرمای نەدەبوو، برسی نەدەبوو، لە بەربەستەکان تەنگاو نەدەبوو.

خەمی گەورەی ئەو و خزموکەس و دڵسۆزەکانی، تەنها دۆزینەوە و پەیداکردن و عاشقبوونی ئەو، بە ژنێکی دڵخواست بوو، ئەو و میللەتەکەی پەرۆشی ئەوە بوون، ئەو دوڵبەرێک بدۆزێتەوە، لە نەتەوە و نەژاد و رەچەڵەکی خۆیان نەبێت. ژنەکە، لە یەکێک لە ئەستێرەکانەوە بۆی دابەزێت، بووکەکەی شەوێکیان لەگەڵ باران، لەگەڵ یەکەم تیشکی خۆر، لەگەڵ رەوە ریشۆڵەیەک لە ئاسمانەوە، بکەوێتە خوارەوە. ئەو جۆرە ژنەی دەویست، تاوانی ئەو نەبوو، ئەوەی چوبووە مێشکی و فێریان کردبوو، کەسیش نەیدەزانی، کێ ئەوەی فێر کردبوو، کێ و کەی ئەو راز و داوایە لە هزر و خەیاڵی چاندبوو!؟

نەوە لەدوای نەوە لەدایک دەبوون، گەورە دەبوون و پیر دەبوون، کیژەکان مەمکیان، لەبن سوخمەکەنیان، دەبوونە ئاگر و پەنگر، چاوی کوڕەکانیان دەسوتاند، چاویان جەرگی زۆری دەبرژاند، کیژەکان، فێربوون گوڵ بڕوێنن، ئاوی بدەن، بە بەفر شەراب سارد بکەنەوە، لەبەر سێبەر مافوور بچنن، کیژەکان، دەبونە ژن و بەئارەزوو، لەسەر زەوقی خۆیانەوە، بۆ پیاوەکان دەنوشتانەوە و بەقوربانیان دەبوون. ئەو کیژانە، بە چەند شەوێک لەو مێرخاسانە ئاوس دەبوون، بە هەفتەیەک، دەبونە دایک و منداڵەکانیان گەورە دەکرد، ئینجا تەمەنیان تەواو دەبوو و دەمردن.

پیاوەکان لەگەڵ عیشق و سووتانیان بۆ کیژەکان، گەورە دەبوون، دەستیان باخچە و کارگەی بە بەرهەم بوو، ئەوانیش مەزن دەبوون و دەستبازیان دەکرد، جووت دەبوون و ماندوو دەبوون، دەخەوتن و پیردەبوون و دەمردن.

بەڵام پاشاکەیان، لەبەر ئەوەی ژووانی نەکردبوو، دەست و پەنجەی مێینەیەکی نەگرتبوو، هەر چاوەڕوان بوو، بۆیە ئەو نەدەمرد، گەورە نەدەبوو، سەری سپی نەدەبوو، شەوێک لەپاش جووتبوون خەونی بۆ شەوێکی تر نەدیبوو، بۆیە نەدەمرد، هەر چاوەڕوان بوو، ژنێک لە ئاسمانەوە، لەسەر سەرینی هەورەوە، لە کلکی ئەستێرەیەکەوە، بۆ ئەو بکەوێتە خوارەوە، ببێتە هاوراز و هاوشەوی ئەو، بۆیەش ئەو، هەر زیندوو دەمایەوە و نەدەمرد.

کە پاشاکە ژنی نەدەهێنا، سۆزی لەسەر جەستەی ژنێک نەخەوت، شارەکەش دروست نەدەبوو، نە ئەو ماچێکی دەکرد، نە قەڵاتەکەش دەبووە مەمک و سینگ و شەمامێکی تەڕ و بادام).

کە حیکایەتەکە دەخەوێت، خەون دەبینێت. پاش رۆژێکی گەرم بە چاوەڕوانی، شەوی دواتر، دووبارە دەست دەکاتەوە بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی کوڕە مەزنەکە، چاوەڕوانییەکانی ئەو، شەیدابوونی میللەتەکە، بۆ دامەزان و دەرکەوتنی تریفەی ماچی ئەو لە گەردەنی شاژنێک، جووتبوون و پەیدابوون و بەرزبوونەوەی ساباتێک، تا ببێتە قەڵاتێکی مەزنی ئاوەدان، هەموو لەو حیکایەتەدا چاوەڕوانی دروستبوونی قەڵاتەکە بوون!

قەڵاتە ئەفسوناوییەکە ٢

حیکایەتەکە بەردەوامە، پاشاکە و هاوشارییەکان، شەیدای ئەوە بوون کۆتاییەکەی پیاوچاکەکەیان بزانن، ئەوانەی لەبەر هەتاودا بوون، ئەوانەی لەبەر سێبەردا تەونی گوڵیان دەکرد، ئەوانە دەگێڕنەوە کەوا:

(یاسای سەردەمەکە وابوو، تا ئەو نەوەیەک نەنێتەوە، تا ئەو ژنێک ئاوس نەکات، مناڵێک و وەچەیەک پەیدا نەکات، نابێ ئەو بمرێت. لەو سەردەمە، لەو مەملەکەتە، مردن بۆ کەسێکی وەک ئەو نەهاتبوو. ئەویش حەزی دەکرد بژیت و بمرێت، بکات و بمرێت، وەک خەڵکەکە بکات، ئینجا سەرکەشانە لەناو میللەتەکەی، لەپەنا دیوارێکدا بنووشێتەوە و بەو ژانەوە بمرێت. بەڵام هێشتا، کەس، لە هاوڵاتیانی ئەو شارە، ئەوەیان نەدیبوو، هیچ باوکێک، بۆ مناڵەکانی نەگێڕابۆوە، خەسووێک لەکاتی نان پانکردنەوە و برژاندنی سەر تەندوور، لەکاتی چاوەڕوانی بەرئاگردانێک، ئەوەی بۆ بووکەکەی نەگێڕابۆوە. ئەوان مردن و کێڵەکانیان لاربوونەوە و ون بوون، ئەوان رۆیشتن و پاشاکە، یان بڵێن پیاوەکە، لەو شارە هەر مایەوە، ئەو نە گەورەتر دەبوو، نە دەمرد، هەرگیز لەگەڵ جەستەیەکی نەرم و پاکیزەیەک نەخەوت، بەڵام، هەموویان، هەر چاوەڕوان بوون).

ژنەکە، ئەوەی کەسی دووەمی گێڕانەوە و باسکردنی کێشەکەیە، خەمی بوو، ئەویش دەیووت:

بریا ئیبنی مەستەوفی، لە کتێبەکەیدا، سەربردەی ئەو پاشایەی بە ڕۆژ و بە مانگ، بە کردەوە بگێڕابوایە، بینووسیبوایە، کەوا پاشاکە، چەندین کەسی وەک، شاعیر و مەلا و گاید و کاروانچی و ئاوارەکانی ناوچەکە رادەسپارد، شەرمی نەدەکرد، ئەو دەچێتە بەردەرگای هەموو ماڵێک، لە شمشاڵی شوانەکان، لە هەگبەی گاوانەکان، لە داسی تیژی چەماوەی دروونە، لە جۆباری ئاوەدانی کێڵگەکان دەپاڕایەوە، شەرمی نەدەکرد و دوودڵ نەبوو و پێی دەووتن:

(ئێوە ئەی پاسەوانی شەو و کاروانەکان، ئێوەی مرۆڤ و قسەزان و خەڵکی ناوچەکە، هەمووتان، بەردەوام بەدەرەوەن، لەو کێوانە باڵتان کردوتەوە و دەفڕن، خۆتان دەزانن، کە من دەرگا و شوورە و پاسەوانییم هەر بۆ ئێوەیە. من ئەوەم بۆ بێگانە و نەناسەکان نەکردووە، بۆیە لەبەر دڵی من، ئێوە چاوتان بکەنەوە و جوان و زۆر بۆن بکەن، تکایە مەخەون، با منیش، وەک ئێوە ئیسراحەتێک بکەم. با منیش بۆ ئارەزووەکان.  ژنێک ببێتە پەنجەرە و ماڵ و خەونم، با مردنیش ببینم کێشە نییە، کە ژنم دۆزیەوە و شەوم بەسەرداهات، با منیش بشمرم، مردنیش لەکاتی خۆی وەک ژیان خۆشە!).

(دیارە کەوا نەوە لەدوای نەوە، خەم لە پاشاکەیان دەخۆن. ژنان، لەدیار تەون و رەنگەکان، پیاوەکان، لەگەڵ ئاوەدانی رەگی تینووی درەختەکان. نەخش، لەگەڵ تەون و جۆلاکان، چاویان لە ئاسمان، نیگایان، لە هاژەی ئاو و تریفەی مانگ و سەرابی هاوین

و خەمی عاشقانە دەبێت، تا چارەیەک، لە پیاوە گەورەکەی شارەکەیان بخۆن. ئەو خەم و خۆزگەیەش ماوەیەکی زۆر دەخاێنێت، چەندین بەهار و گەڵارێزان، تەواو دەکات، دەرئەنجام رۆژێکیان! لەناکاو! ژنێک، ئێستاش کەس نەیزانی، لەکێ ئەو کیژە، بۆ ئەو پیاوە رووتە، لەناو کۆشکەکەی پەیدابوو).

(ئەو ژنە، تینوویەتی ئەوی شکاند! ئەو ژنە، شەوەکانی بۆ کورت و باریک کردەوە. ئەویش، قامەتی بۆ کانی ژنەکە چەماندوە، دەمی، بۆ ماچی گەرم و خودایی ئەو ژنە کردەوە. ژنەکەش، جلی جوان و گەرمی بۆ پاشاکە چنی، پیاوەکەش، بە هەوەس و شەوچەرە ژنەکەی کرد خەنی).

زۆر لە هاوڵاتیانی ئەو شارە، لەسەر ئەو نهێنییە جوانە، پەیڤیان دابوو، یەکێکیان لەبنی کارێزێکی قووڵەوە دێتە دەرەوە، ئەو پیاوە رەنگ زەردە، بە ئامادەبووان و چاوەڕوانییەکان دەڵێت:

(من کە ئاوەکەم کردەوە، جۆگەکانم خاوێن کردەوە، بەهێز و شەنگەوە بەسەر پایەکان، نەرم نەرم، سەرکەوتم، شارەزا و لێزان بووم، دەمزانی لەکام زەوی و باخچە لەبنەوەی کارێزەکە، دێمە دەرەوە. سەرم بۆ ئاوەدانی و ماڵەوە، لەبن کارێزەکە چەکەرە دەکاتەوە، دێمە دەرەوە. من، کە سەرم لە کونی کارێزەکە دەرهێنا، بە چاوانی خۆم، بینیم، چەند ئەستێرەیەکی ورد و پرشنگدار، گەشتر دەبوون، گەرمتر دەبوون، بڵێسەیان دەدا، ئەستێرەکان بەرەو سینگی زەوی دابەزین، دابەزین و ئەوان ئەو ژنەیان بۆ پاشاکەمان، بۆ پیاوە چاکەکەی وڵاتەکەمان، هێنایە خوارەوە. ژنەکەش، وەک تەم و سەراب، بەرەو باخچەی پاشاکە، بەئاوێتەیی لەگەڵ گوڵ و خوناو دەڕۆیشت. ئەو شارەزابوو، من

بینیم، وەک ئاوی جۆگەکان، بێدەنگ هەڵدەکشا و شارەزابوو. من ئەوەم بە چاوانی خۆم بینی. کە ژنەکە گەیشتە هەوارە نوێیەکەی ئەستێرەکان، سواری بوارەکەیان بوونەوە و هەڵکشانەوە. هەموویان بەخێراییەوە هەڵفڕینەوە، لە دوورەوە دیاربوون، کە گچکە دەبوونەوە، لە شەبەنگی رووناکییەوە بوونەوە بە چرای چاوی ئاسمانی ورد و ناسک، بەڵام! سۆزی پێکەنین و شاباشەکانیان، دەنگی دەدایەوە. ماوەیەکی زۆر، لەدوورەوە، دیاربوون شان بەشان سەمایان دەکرد، لە شادییا، خۆیان دەگۆڕی، بۆنیان پەخشان دەکرد، هەر بەو بۆنەیەوە ئەستێرەیەکی نوێیان، لەناو سەبەتەکەی ئاسمان ناوهێنا، بەجریوە، لە تاریکی شەودا، رووناکییان وەردەگرت، چاویان لە بەزاوابوونی پیاوە نازدارەکەی ئەو شارە پیرە بوو).

ژمارەیەک لە جووتیار، کە ئارەقەی تەمەن، شانازی کردبوون. کە بەرد ماندووی کردبوون. ئەوان، بەردەوام، ئەو بەسەرهاتە دەگێڕنەوە کەوا:

(ئێمە، من و ئەوانی تریش، هێشتا جووتمان دانەبەستابوو، کە بینیمان لەگەڵ بارەترێ، لەگەڵ بازنەیی سەبەتە هەنجیر، لەگەڵ تامی گوێزی کوێستانەکان، لەگەڵ ئەو لێوە شیرینانە، لە شاخێکی بەرزەوە، ئەو ژنە، وەک رەنووە بەفر، وەک لاولاوی سەر کەوای خاتوونێکی بەناز، لە لووتکەیەکی بەرزی شاخ و مەمک، سەرکەش، وەک بێباکی، هاتنەخوارەوەی ئاوی جۆگەیەکی باریک، بۆ ئەو پاشایە، بۆ نیعمەتی ئەو مەملەکەتە، لە ئاسمانەوە، ئەو وەک نەمامێک، وەک تەمێک بۆ ئەو، بەنازەوە شەبەنگێک لە ئاسمانەوە، دابەزی و دوایی بووە ژنێک. ئینجا ئەو، لە جوانی رەنگ و تامی نازەوە، چەند هەنگاوێک دێتە پێشەوە، قاچە

رووتەکانی، لەسەر زەوی بەرزدەبوونەوە، هەر هات، هەتا گەیشتە کن پاشاکە، خۆمان ئەوەمان بە چاوی خۆمان بینی. ئەو رۆژەش جووتمان بەردا، بۆ چاوەڕوانی ئەو ئاهەنگە، کە نەوە لەدوای نەوە چاوەڕوانی دەکرد، ئێمەش بەختیاربووین، لەگەڵ جووتکردن و گوڵەگەنم و تەمەنی ئێمە، ئەو ژنە لە ئاسمانەوە دابەزی، ئێمەش، لە خۆشیا ئەو رۆژە گەڕاینەوە ماڵەوە).

مەلایەکی نوورانی، ئەودەمانەش سەردەمی مەلا و بانگدان بوو، کە چاوەڕوانی گەڕانەوەی پەڕەسێڵکەکان بوو، ئەو سوێندی دەخوارد، ئەو زانیویەتی کەوا:

(لە شەوێکی جواندا، ئەگەرچی شەوەکانی ئەو خودایە، هەموو جوانن. هەموویان، بۆ ستایش و گەورەیی ئەو، پەیامن. شەوێکیان پاشا، لەسەر لبادێکی پەروازە سووری لاکێشی جوان، خەوی لێکەوتبوو. کە بەیانی، ئەو لە خەو هەڵدەستێت، بە چاوانی خۆی دەبینێت، چراکەی کوژاوەتەوە، سەرینەکەی بۆنی گوڵی گرتووە، شەرابی هەنار و مەزەی زۆری، بۆ دانراوە. لەو شەوە ئەفسوناوییەدا، سێو و گوڵەپێغەمبەرەی زۆر نایاب، لەو خوانەدا خوراوە. لە ژوورەکە، لە باخچەکان هەرمێ لە خۆشیان پێکەنیوە، هەناری شیرین شەق بووە، هەنگوین شانەکەی شکاوە. لە خۆشی شەوەکە، ئاوەدانبوونی ماڵی پاشاکە، بە شاژنیکی میوان، کە لە بەفری سەرکەل تواوەتەوە. بۆ رازاندنەوەی زۆرتری کەژاوە جوانەکە، ئاوریشم ژوورەکەی داپۆشیوە، ژنێکیش خوێنی پیرۆزی لێ هاتوە. لەو شەوەدا، لەسەر ئەو سەرینەدا، ئەوەندەش ماندووکراوە، هەر لەوێ، خۆش خۆش، خەوی لێ کەوتووە. بەیانی پەپوولە و ئادەمیزاد و چرپەکانی دەنگیش، هەموویان، سەرسام و

تاساوبوون، چونکە هەموویان ژنی وایان، لە گەردوون و لەودیوی گەردوونیش نەدیبوو).

قازی ئەو شارەش، لەودەمانە قازی فێسی سووری لەسەردا بوو، یان ئەفەندییەکی دەرچووی کۆلیژی یاسا بوو، ئەو لەوانە نەبوو، ئەو قازی زەمانی خۆی بوو، ئەویش لەو پرۆسەیەدا ئاگادار بووە، لە هەموو ئیشەکان، پرس بەو کراوە، بۆیە ئەو وتبووی:

(من ئێستاش نازانم، ئەو دوو دەستەم، ئەو دوو بونەوەرەم چۆن لەیەکتری نزیک کردەوە، ئاگام لە خۆم نەبووە، کە من چۆن ئەوانەم بەیەکتری حەلال کردووە. ئەوان وەک دوو دڵۆپە خوناو، وەک دوو دێرە شیعر، بەئاسانی و زۆریش بەپەلە تێکەڵبوون و نەرم نەرم توانەوە).

ئاویش بەهاژەوە، بەهاری زەماوەندەکەی پاشا و ژنەکە، بەو شەپۆلانەوە دەگێڕێتەوە:

(یەک مەسینەی بۆندار بە رۆحی من، بۆ پاکبوونەوەی ئەو دوو کەسە، لەبەر پێیان دانرابوو، کە من لە توخمی ئاوم و هەرگیز لەگەڵ ئاوی وا، لە چاوی یەک کانی، یان لە بەژنی جۆگەیەک بەیەکەوە نەبووین! نازانم و سەرسامم، کە ئەو ئاوە، لەکام کانی سەر ئەو زەمینە، لە دامێنی کام شاخێکەوە هەڵقوولابوو. ئاوێک بوو ئاسایی نەبوو، بەئاسانی ناچێتە ناو دەفر و گۆزەکان. ئاوێک بوو، دەرژا و فرمێسکی شادومانی تەواو نەدەبوو. خۆی تەنها یەک مەسینەی گەردەن درێژ و لوولە باریک بوو، بەڵام کانییەکان، هەموو سەرچاوەکان، لەو پڕ ئاو دەبوون و دەرژان. گۆمەکان، هەموو ئەستێڵەکان، لەو شین دەبوون. هەر بەو ئاوە زۆرە، ئەو دوو کەسە، پاش شەوێکی ئەفسوناوی و کورت و زۆر درێژیش،

بەنازەوە، بەیەکەوە، خۆیان بۆ جوانتربوون و پیرۆزکردن، تا بەرووێکی بێگەردەوە، بێنە بەر ئاوێنەی شارەکە. هەر بەو ئاوە بەیانی زوو، بەیەکەوە، ئاویان بە بەژنی یەکترا کرد، چاویان یەکتریان شووشت، ناوکی یەکتریان تەڕکرد و خۆیان بسمیلکرد).

شەویش وەک کات، وەک تەمەن، پاش چاوەڕوانی دووردرێژی تاساو، ئەگەرچی نەیوستبوو، گوێ لە چرپەکانیان بگرێت، شەوەکە نەیویستبوو، ئەستێرەکانیش چاویان کرابێتەوە. شەوەکە، لەدەرەوە لەو سەرمایەدا، کە بۆ نازی ئەو دووانە درێژ دەبێتەوە، تاریکی چڕتر و رەشتر بۆیان داوا کردبوو، ئەو بەتاریکیش، لەبەر چرای چاوەکانی ئەڤینە گەرمەکە وتبووی:

(هەرگیز من وا درێژ و وەنەوشەیی نەبووم، لەو شەوەدا ئەستێرەکان ون بوون، هەور پەنای لەو میعراجە دەکرد، بەرزاییەکانیش، لەبەر خاتری شکۆی ئەو ژنە، نەوی بوون. کوڕەکەی ئەو شارە و پاسەوانەکەی ئەو هەوارە، خەونی کردە راستی، لەگەڵ شاژنێک چاوی یەکتریان رەشکرد، هەناسەی یەکتریان بەشکرد، درەنگ درەنگ، لەناو باوەشی یەکتریدا خەوتن، کە بەئاگاهاتوون، نەیاندەزانی چەند ساڵ و مانگە بەیەکەوە، لەناو تەونی باوەشی یەکترا نووستوون! من کە شەوی درێژم، من کە شەوی تاریکم، منیش نازانم چەند شەو، لە باوەشی مندا ئەو دوو عاشقە خەوتن، نازانم شەوانە، ئەوان لەناو باوەشی مندا چییان دەکرد. سەرینە نەرمەکەی باسکی ئەو، یان گەرمی نازەکەی ئەوی تریان، یەکتریان جوان و نەرم خەواندبوو ).

قەڵاتە ئەفسوناوییەکە ٣

بەیانی بەر لە کازیوەش، یەکسەر، رەعیەت و میوان و کەسە دوورونزیکەکان، کە لە خەو هەڵساون، شارەکەیان، بە کۆشکی شا و هەموو گەڕەکەکانییەوە، بە کۆڵان و سەربانەکانی، بە مزگەوت و تەکیەکانی، سەرا و ساباتەکانی، ئاتاشگا و گومبەزەکانی، گوفەک و جۆگەکانی، هەموو شارەکە بوویتە قەڵات.

قەڵاتەکە، لەو شەوەدا، کە پاشا لەئاسمانەوە، بووکی بۆ دێتە خوارەوە دروست بووە. شارەکە، لەو زەماوەندە و لەو شەکراوخواردنەوەیەدا، چەکەرەی کردووە، بوویتە ئاوەدانی و شار و قەڵات، دوایی پاش چەند ساڵ و زەمانێک، سەنحارییی پاشا، یان یەکێکی تر، ئاوی بۆ ئەو شارە سەرمەدییە، بە جۆگە و بە کارێز و بە پاراوکردن بۆ هێناوە. پاش ئەو وەچەرخانە، هەر چوار خواکەی ئەربل و خەڵکی ناوچەکە، بەتەنگاوی هاتوون لەو ئاقارەدا، ببەنە خاوەن موڵک و زەوی و گۆشەیەک لەو رووبەرە پیرۆزە، بەناوی خۆیان بکەن. شارەکە و قەڵاتەکە، لەبەر گەورەیی عیشق، لەبەر شەوە جوانەکەی بەیەکگەیشتنی ئاسمان و زەوی، دروست بووە.

کە شارەکە و کۆڵانەکان دەبێتە قەڵات، بەرزدەبێتەوە. خەڵکەکە، لەورۆژەوە، سوپاسگوزاری شەوە جوانەکەی پاشا و شاژنەکە دەبن، کە ئەوان، لەگەڵ سابات و خەونەکانیان، چەند مەترێک لە ئاستی هەموو ئاوەدانییەکان بەرزبوونەتەوە. لەو شەوەدا دیوارەکان، کەرپووچەکان، پەنجەرەکان و نهۆمەکانی بنەوە و سارداوەکان هەموویان بالآیان کردووە و گەورەبوون و قەڵاتەکە دروستبووە.

ئیبنی مەستەوفی کتێبەکەی مەزنتر دەبوو، پەیکەرەکەی دەگەیشتە ناو هەور، لە هەموو گۆشەیەکەوە دەبینرا، میللەت بە نێر و مێیەوە، نەوە لەدوای نەوە، کرنۆشیان بۆ دەبرد و کتێبەکەیان پیرۆز دەکرد، وەریاندەگێرایە سەر زمانی کوردیش، ساڵانەش چاپ دەکرایەوە، نەخشینتر و قەبارە گەورەتر و بەرگ زێڕینتر و سەرچاوە زۆرتر و وێنە گەورەتر، چاپ و بڵاودەکرایەوە، کتێبەکە وەردەگێڕدرایە سەر چەندین زمان، لە پێشانگا نێونەتەوەییەکان نمایش دەکرا. کتێبەکەی دەبووە کتێبی شارەکە، و حکومەتەکە، دەبووە کتێبی مناڵ و پیر و نێر و مێیەکان. ئەگەر ئەو حیکایەتەی لەناو کتێبەکەدا نووسیبوایە.

لەجیاتی ئەوەی ئیبنی مەستەوفی، ناوی هەموو ئەو شێخ و چامە شیعرییە وشکانەی لەناو کتێبەکەی ریز کردووە، ئیبنی مەستەوفی ئەو راستییە ئەفسوناوییەی کردبووایە بە مێژوو و دیرۆک، منیش و هەمووومان ئەوەمان، لەو کتێبەدا دەخوێندنەوە، ئەوەش دەبووە مێژووی دروستبوونی شارەکە و بەرزبوونەوەی و بوونی بە قەڵاتە سەرکەشەکە.

گایدەکە، بەخۆشییەوە، ئەو رۆژە لەناکاو، میوانێکی لەدوورەوە بۆ دێت، ژنێک، کە لە ئاویەرەوە هاتبوو، ئەو مێژووی جوانی و ئەفسانە و قسەی خوداکان دەزانی، بۆیە ئەو دەڵێت:

هاتووم لە رۆحی ئەو پەیکەرە بپرسم، ئەو بۆ ئەو چیرۆکەی نەنووسیوە، بەڕاستی ئەوەیە ژیان. هەموو شاکار و گەنجینەکان، رووبارەکان دەڕۆن، تا شانەی قژی نازداران بکەن، سێبەری هەوریش بۆ ئەوانە، چاوی باران و موژدەی بوون، بۆ ئەوانە. ئیبنی مەستەوفی بۆ چوار خوداکەی ئەو شارەی، نەکردبوو

پاسەوانی ئەو کیژەی قەڵاتەکەی بەرزکردیتەوە، هەناری هەناوی ژیانی تێدا بەردەوام کردووە، راستە کە مێینەکانە ژیان و بوون و مەمک و شیردان دەبەخشن، بەوەش ژیان نەمر دەبوو، ئەو قەڵاتەش دیار و سەرکەشتر دەردەکەوت، لەسەری دەنووسرا و ناوی دەبووە، قەڵاتی عیشق.

لەجیاتی قەڵاتی (گوللەتۆپ) و (کونەتیر) و جبەخانەی چەک و گەڕەکی تۆپخانە، ناوی دەبووە قەڵاتی عیشق، سەربردەکەی دەبووە چیرۆکی یەکەم قەڵاتی عیشق لەو خۆرهەڵاتە بەرینە. لەو مەیدانەی کە ئێستا عیشقی تێدا (قەدەغەیە)، لەناو دەسەڵات و فەرمانڕەواکەی ناپلیۆن و قەیسەرەکانیش دەبووە، یەکەم قەڵات کە گەمارۆ نەدرابێت، دەبووە قەڵاتێک تەنها عاشقەکانی رادەگرێت، لەوێ تەنها عیشق گەمارۆ دەدرا، تەنها لەوێ چاوەکان سەیری ژووانیان دەکرد، لەوێ ساپیتەکان، هەواری مانەوە و ژووان و شەوە جوانەکانیان رادەگرت.

ئەگەر قەڵاتێک، لەبەر ژانی عیشقەوە بەرزکرابێتەوە، بە هەناسەی ئاوێزانی پەرۆشەوە، بەرد لەسەر بەرد و توورەگە بە توورەگە، هەڵبەسترابێت، قەڵاتێک هەرگیز ئاوی لێ نەدەبڕا. ئەو قەڵاتە بارانی لە ئاو و لە هەنگوین دەبوو، کورسییەکی یەک پایەیی بوایە، توند و خۆراگر دەبوو، ئەو دەسەڵاتە هەرگیز نەدەکەوت، کەسیشی تێدا نەدەکوژرا، کەسیش بۆی نەدەکوژرا! ئێستا قەڵاتە کۆنەکە (دەستەخوشکی) دەبوو، یەک دوو و زۆرتریش دەبوون، ئەوانە هەوریان، بۆ چاوی ئەو شارانە دەنارد، ئەو شارانە دەبوونە قەڵات، قەڵاتەکان دەبوونە شار، شاریش دەبووە پایتەختی وڵاتێکی پارێزراوی یەکپارچە. ئەگەر ئەو قەڵاتە، لەسەر دەستی نەرمی عیشق، دامەزرابوایە، مێژووەکەی لەلایەن

ئیبنی مەستەوفیش نەدەنووسرایەوە، کتێبەکەی ئەویش نەدەبووە مێژووی ئەو شارە، ئەو ناوەشی پێوە نەدەلکا، پەیکەرێکی سپی نەناسراویشی، لەبەر دەروازەکەی بەشکۆوە، بۆ رانەدەگیرا.

هاواری گوڵشار

هەردوو منداڵی ژنەکە، لەگەڵ زیرە و هاوار و پاڕانەوەی دایکیان، بەپەلە، لە دوو ژووری جیاوازەوە، دەرگاکانیان دەکەنەوە، دێنە دەرەوە، پاڵ بە دەرگاکەی ژووری دایکیان وەدەنێن، خۆیان دەکەنە ژوورەکەی ئەو، ئەویش، بە دڵ و بە چاو و بە ڕوومەت و بە هەردوو دەستی، دەگریا و هاواری دەکرد، ئاگرەکەی هەناوی پێ دانەدەمرکا. لەو ساتانەدا، بەراستی، ژنەکە دەمرد و زیندوو دەبووە، جەستەی وەک شەپۆل، بەرزدەبوە، دووبارە بە سەرینەکەی وەدەنووسایەوە.

ئەوان هەردووکیان، دڵسۆزانە و بەتەنگاوی و بەترسەوە، دەگەنە سەر جەستەی نیوەمردوو و شێتبوونی دایکیان.

یەکێکیان ئارەقەی سارد و زۆری سەر تەوێلی دەسڕێت، ئەوی تریان، لێفەکەی لەسەر لادەدات، دەیەوێ ئەژدیهای خەونەکەی لەناوببات، سەری خەونەکەی بپەڕێنێت، دایکی لەو مۆتەکە ترسناکە ئارام بکاتەوە.

ئارەقە و ریزە فرمێسکی دایکی، بە دوو ڕەنگ، بەو دوو شێوەی، بە چاوی کیژەکە دەناسرانەوە. ئەو دەیزانی کام دڵۆپ لەوانە گریانە، کامیان ژانی ترسەکانە. کیژەکە لەسەر سیسەمە پانەکەی دایکی، دادەنیشێت، بە پەنجەکانی دانە فرمێسکەکانی

سەر ڕوومەتی هەڵدەگرتەوە، نەیدەویست بیانبینێت، زۆرتر و دوورتر بڕۆن و بگەنە ڕوومەتە گەشەکانی، ئەو زیرەکانە بە پەنجە وردەکانییەوە، فرمێسکەکانی پەخشان دەکرد و تەڕایەتییەکی ڕەونەقداری، لەسەر گونا هەرمێیەکەی دایکی دڵۆڤانانە، دەخولقاند.

هەردووکیان، بەو شەوە درەنگە، لە ژووره ڕازاوەکەدا، کۆشش دەکەن، دایکیان لەو دێوەزمە و مۆتەکە ڕەشە، دەربهێنن، ئەویش بەو دوو ئامێزە گەرمەی ئەوان، ساردەبێتەوە، ساردەبێتەوە و لەو ساردبونەوەیەدا، ئارەقەیەکی زۆریش دەکات، تا ئاوەکەی هەموو بەدەنی جلەکانی تەڕ دەکات، ئەوانیش، لەسەر سەری و بەحەپەساوەییەوە، سەیری یەکتری دەکەن، چاوەڕوان دەکەن تا بزانن دایکیان، زیندوو دەبێتەوە، ئەو ژنەی هەناسەیەکی بەس بوو، بوون و نازەکانی  بنوێنێتەوە، یان هەر ئەو شەوە ئەو ژنە لەو ڕووداوە دەپوکێتەوە.

کیژەکە تەنگاوتر دەبێت، بەپەرۆشەوە، سەری لە سینگی دایکی دەنێت، بەگریان و شلۆقییەوە، ناتوانێت بێدەنگ بێت، شێتانە، لەدیار ئەودا بوەستێت، کیژەکە دەپرسێت:

_دایە گیان چ بووە؟

ژنەکەش، هەر لەگەڵ تاسانی دیتن و هەستکردن بە خەونە ڕاستەکە، بەو ڕووداوەی گەیشتووتە ناو شیرازەی فامیلەکەیان دەڵێت:

_کیژەکەم نازانم، مردم و زیندووبومەوە، نازانم من نەمردووم!

بزەیەکی تاڵ و رووێکی وەنەوشەیی، لە ئاکاری دەردەکەوێت و بەدڵنیاییەوە، بە دایکە کولاوەکەی ناو ئاوە گەرمەکەی سەر سینگ و نیوچەوانی دەڵێت:

_ئەدی ئەوە نییە قسە دەکەیت، ئارەقە دەکەیت، لە من زیندووتریت!

_ئەوانە نیشانەی مردنە، من دەمرم، بڕیا هەر بە خەونەکە گیانم دەرچووبوایە.

_دایە، ژنە جوانەکە، چۆن تۆ بمریت، هەمووومان بە قوربانی تۆ دەبین.

_تازە مردم، تەواو، باوکت منی کوشت! ئەو لەو خەونەدا منی سەربڕی، ئەو ماڵەی لە من، تەنها لە من، کردە دۆزەخ، نا ئەو ناتوانێت، ماڵەکەم ناکەمە...!

ئەو سەیریان دەکات، ساتێک، چاوەکانی دادەخات، بەگەشی و بەبزەیەکەوە، چاوەکانی دەکاتەوە، دووبارە هەناسەی ئاسایی دەبێتەوە، رەنگی و شپرزەییەکەی ئارام دەردەکەوێت. مناڵەکان هەردووکیان، بە دەستە نەرمە ناسکەکانیان، بەسۆز و سەرسامی رووداوەکە، جەستەی ترساوی دایکیان بەرزدەکەنەوە، بەو نازە و بەو هاوارە و بەورياييەوە، مارەکە لە جەستەی دووردەکەوێتەوە. خەون و ترسە رەشەکەش، زیرەکانە لەو ئاپوورەیە، بەو هانا و یارمەتیدانە، خۆی دەدزێتەوە و کلکی فێڵبازانەی دەپێچێتەوە، لەبەر چاوان ون دەبێت، هەر هیچ نەبێت لەودەمانە دیار نابێت.

(کیژەکە، هێشتا سەری لەسەر سینگی دایکی بوو، کە ئەویش نەیدەویست سەری بەرزبکاتەوە، هەناسەی لەو دووربکەوێتەوە،

دیارە کەوا هەناسەی ئەو بوو، کە ژنەکە زیندوو دەکاتەوە، هەستی کردبوو بەو ئاوێزانە، ئارام دەبێتەوە).

_( کیژەکە رووخۆش و چاو گەشانە)، دایە بە گیانی خۆت چ بوو؟

_(کوڕەکە شۆک ببوو، هەر بەپێوە ماوەتەوە، ترسنۆکانە، سەیری دایکە گڕگرتووەکەی دەکات)، دایکە نازدارەکەمان، بۆ بۆ!؟

_دەردی خۆم لە هەناوی خۆمە، لەبەر چاوی ئێوەیە، کە نەمردم، بەو هەواڵە گیانم دەرنەچوو! بە چاوی خۆم، هەموو راستییەکانم بینی، ئەو بە دەستێکی توند، دەیویست من لەو ماڵە دەرپەڕێنێت و بێتە بەر ئەو ئاوێنەیە، لەو ژوورە لەجیاتی، من سەما بە قژی بکات و ...

ژنەکە چاوەکانی زۆرتر دەکاتەوە، لەودەمانە هیچ نابینێت، بەڵام مارەکە، لەو دوورناکەوێتەوە، لەدوورەوە هەر فیشکە دەکات و کلکی بۆ بەرزدەکاتەوە، ئەو نەگبەتییەکە دەبنێت، بەڵام لەبەر مناڵەکانی تەنها سەیری دەکات و دەنگ ناکات، هێزی هاوار و فیغانیشی نەمابوو، بەڵام بە پشتیوانی هەردووکیان، ئازاتر دەردەکەوێت، لەو رەوشەدا، بەپەلە، بڕیاری خۆی دەدات و دەچێتەوە بەر ئاوێنەکە، سەیری خۆی دەکاتەوە، چاوەکانی زەق دەکاتەوە، لێوەکانی دەکرۆژێت، گەمەیەک بە بڕۆکانی دەکات، لەدڵی خۆییەوە، نەک رستەیەک، بەڵکو، بڕیارێکی درێژ و توند و گرینگ دەردەکات، هەر بەو دەمە، زۆر بەلەز، لەو رەوشە ناسکەدا، بڕیارەکەش جێبەجێ دەکات، دووبارە سەیری ئاوێنەکە دەکاتەوە و دەڵێت:

من نەمردم، باوکتان لەبەر ئەو ئاوێنەیە، لەبەر دڵی من، لەناو شەوەکانم بەیەکجاری مرد! ئەو مرد! باوکی ئێوەیە، بەڵام کەسی من نییە، بە رۆژ بۆ من بێت، شەو و رۆژەکانیش بۆ ئێوەش بێت!

دوو پەنجەرە

لەپاش ئەو رۆژە، لەدوای خەونە ترسناکەکە. ژنەکە، وەستایەک دەهێنێتە ناوماڵەکەی، دارودیوارەکانی نیشاندەدات، پێی دەڵێت، بەڵێ، بە وەستا باریکەکە دەڵێت:

بەیانی زوو، هەموو شتەکانت لەگەڵ خۆتا بێنە، چیت دەوێ بینووسە، هەر بەیانی زوو. بەخێراییەوە ئەو داوایە بە وەستاکە دەڵێت:

وەستا لەو دوو ژوورەی تەنیشت ژوورەکەم، لەناو دیوارەکانا، لە هەردوو ژووری منالەکان، پەنجەرەیەکم بۆ بکەرەوە، با لەسەر ژوورەکەی خۆمەوە، هەناسە و گیانی ئەوان ببینم، من ئەوان ببینم بەسمە!

وەستاکە، پیوانەکان تەواو دەکات، مەزندەی کەرەستەکان دەکات و بە ژنەکە دەڵێت:

خەمی هیچت نەبێت، بەیانی بەیەکجاری هەموو شتەکان دەهێنم، ئیشەکەت بۆ دەکەم، بەڵام ئێوە ژوورەکان کۆبکەنەوە و پەردە و جامخانە و تابلۆکان و (چلچراکان و ئاوێزەکان) جوان و باش داپۆشن، کتێبەکان، ئەو کتێبانە هەمووتان خوێندیتەوە، زۆرن!

ژنەکە، سەیری کتێبەکان ناکات، بیر لەوە دەکاتەوە وەستاکە زوو بچیت، زووش کەرەستەکان بهێنێت، زووش بگەڕێتەوە، ئەو سەرکەشانە دەڵێت:

هەمووی خوێندراونەتەوە، ئەوە گەنجینەی تەمەنە، زێڕ و سامانی منە، دڵم بەوانە خۆشە، لە داهاتووش هەر ئەوانە هەناسەی من دەبن.

ژنەکە سەربەرزانە، هەندێک پارە، لە دەستی وەستا باریکەکە دەنێت و پێیدەڵێت:

با ئەو پارەیەت لەلا بێت، دوایی حیسابێک دەکەین، بگرە با ئەو پارەت پێ بێت، هیچ کارێک بێ پارە ناکرێت و تەواو نابێت، بگرە باشە!

وەستاکە پارەکە دەژمێرێت، بەجیا لە گیرفانێکی بنەوەی چاکێتەکەی دادەنێت، پێی دەڵێت:

خانم پەنجەرە و رەنگ و شێوەکانیان چۆن بێت؟

ژنەکە، دەستی دەلەرزی و ماندبوونی پێوە دیار بوو، کە وتی:

من دەمەوێ و بزانم، دەستم لەو پەنجەرانەوە دەگاتە مناڵەکانم، دەمەوێ بەر لە مردنم، نەوەک...

نەیتوانی ئەو، قسەکان تەواو بکە، گریان هەناسە و قوورگی دەگرێت و... وەستاکەش لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە، ژنەکە، لە دوورەوە دەنگی ماڵئاوایی دەبیستێت، دەرگا دوودەرییە ئاسنەکەی دەرەوە، لەدوای خۆی دادەخات، ئەویش لەگەڵ (تەقەی دەرگاکە دەزانێت) وەستاکە لەنزیک ئەو نەماوە و رۆیشتووە.

ئیتر لەو رۆژەوە، ژنەکە، دوو پەنجەرە، لە دوو دیوارەی ژووری مناڵەکانی دەکاتەوە، تا شەوانە، ئەوان ئاگایان لە خەون و چرا و کتێبەکانی ئەو بێت. شووشەبەندەکەی هەردوو پەنجەرەکان و پەنجەرە کۆنەکەش، بە پەردەیەکی بە وردەگوڵ دەرازێنێتەوە.

لەو شەوەوە، بە کردنەوەی ئەو دوو پەنجەرەیە، منداڵەکان هەناسەیان لەو نزیک دەبێتەوە، شەوانە، بە هەناسە و جوولەی ئەوان خەوی لێدەکەوێت، خەوی دوور لە دیوەزمە و ترس، ئەوەش تەمەنێکی درێژ و زۆری لەگەڵ بەسەردەبات.

هەر چەند ئەوان، لەگەڵ ساڵ و گەرما و سەرما و رووداوە تاڵەکان، گەورەتر دەبوون. ئەو وەستا باریکەکەی دووبارە بانگ دەکاتەوە، پەنجەرەکانی بە وەستا باریکەکە چکۆڵەتر دەکاتەوە، پەردەکان تاریکتر و گوڵەکان گەورەتر و رەنگەکان مۆرتر و تەڵختر دەکات. وەستا باریکەکە، لەگەڵ زەنگی تەلەفۆنەکە، دەرکەوتنی ژمارەی تەلەفۆنەکە، دەیزانی خانمی پەنجەرەکەیە، دەیزانی ئەو ساڵیش چی دەوێت، چەند رووبەری پەنجەرەکانی هەردوو ژووری منداڵەکانی تەسک بکاتەوە، یەکسەر کەرەستەکانی ساز دەکرد، ئیشی لە گۆڕینی کەش و رووبەر و ئاسۆی دیتنی ژنەکە دەکرد، هەتا هەردوو پەنجەرەکە دادەخات، بەڵام پەنجەرەکەی سەر (باخەکەی بۆ گەورەتر) دەکات، تا سەیری پاییز و هاوین و وەرزەکانی بەرێکردنی تەمەن بکات، چاوی لە گۆڕینی رەنگ و بەژنی دار و لقی دارەکان بێت.

کە پەنجەرەکان نامینێن و دەگیرێن، کە تەم و تەونی تەمەن ئەستوور و گەورە دەبێت، ژنەکە، بە گوێگرتن لە موزیک دەژیت، شەوانەش قووڕگی خۆی، بە شەرابێکی سوور تەڕ دەکات، دەمی بە (دوو پارچە پاقلاوە) شیرین دەکات، تا بەردەوام هەناسە بدات، شیعر دەخوێنێتەوە. بە رۆژ و پاش تەواوبوونی کارەکەی، زۆریش بۆ نزیکبوونەوە، لە ئاسمان و لە هەور، بەسەر بەرزاییەکانی گەردەنی ئاویەر دەکەوێت، لەوێ، لەدوورەوە سەیری شارەکە دەکات، بەڵام! ئەو لەناو ئەو هەموو شەقامە بەرینە، لەبەر

سێبەری زۆری دارچناری باخەکان کەس نادۆزێتەوە! کەس بیناسێت، لە باڵەخانەکانا، لە شەقامەکانا، لەبن دارەکان کەس نادۆزێتەوە ناوی ئەو بزانن، رەنگی بناسنەوە، بزانن ئەو ژنە بۆ بۆنی شیعری لێ دێت، بەردەوام  بۆ ژیان و هەناسەکان (سەما لەگەڵ موزیک و رەنگ) دەکات، کەسیان لەو تێناگەن، ئەویش نایەوێت، کەسیان تەنهاییەکەی ئەو، کە بەرگ و سیمای پێوە گرتووە بشەقێنن.

کە پەنجەرەکانی سەر هەردوو ژوورەکەی مناڵەکان، گچکە دەکاتەوە، پەنجەرەکەی پشتەوەی خۆی گەورەتر و بەرینتر دەکات، کە ئەوان، لەبەر چاوەکانی دووردەکەونەوە و لەو ون دەبن، ئەو زۆرتر دەڕوانێتە باخچەکەی پشتەوەیان، پشتی بەرزاییەکان، کە نەرم نەرم دەردەکەوتن، لەو پەنجەرەوە بەیانییان زوو، کە لە رامانی ئاوێنەکە تەواو دەبێت، سەرپۆشەکە بەسەر هەموو رەنگ و ناسکی و جوانی و هێڵ و زنجیر و دووگمەکان دادەدات، پەردەکە دەکاتەوە و سەیری ئاوێنە گەورەکەی دەرەوە دەکات.

ئێستا لە ژووری ژنەکە، هەردوو پەنجەرەکەی تەنیشتی نەماوە، بەڵام پەنجەرەیەکی گەورەی پشتەوەی کردوتەوە، کە ساڵ بەساڵ گەورەتری دەکرد، وەستاکان بەردەوام دەستیان بەو دیوارەوە بووە، ئاسنگەرەکان، جامچییەکان، بۆیاغچییەکان، پەروازە و بزمارچی و دارتاش و هونەرمەندێکی سازکار لە نەخشی سەرجامەکان، هەموو بەردەوام روو و ئاسۆی دەرەوەیان، بۆ نزیک و رەنگین دەکردەوە، ئەو بەو هێڵە و بەو چاو و نیگاوە، سەیری دەرەوە، سپێدە، خۆرئاوابوون، تیری باران، (تەڕبوونی دڵۆپە)، وشکبوونەوەی باران، فڕینی هەور و هەڵمی کردووە.

ئەو لەو پەنجەرەیەوە، ئەڤینی لەگەڵ کۆترەکان دەکرد، کە باڵیان دەکردەوە و سەیری ئەو پەڕەیان دەکرد، کە لە جەستەیان دەکەوتە خوارەوە، چاویان لەو تەمەنە، لە هاوڕێیەتی ئەو پەڕە دەکردەوە، کە ماوەیەک، گەرمی دەکردنەوە، ماوەیەک نەرمتر و پۆشتەتری کردبوون.

ژنەکە، لەو پەنجەرەوە، چاوی لەو کۆترانە بووە، لەو لقانەی گەڵایان بە بای پایز، بە تەمەن بەڕێکردن، هەڵوەرین جیادەبوونەوە، لە پەنجەرەکەوە، ژنەکە، دەرزێکی دەرەوەی دەبینی، بەڵام! ئەو دەرزەی خۆی، لە پەنجەرەکەوە سازیکردبوو، بوارەکەی وا سازکردبوو، دیمەنەکەی بۆ خەیاڵ بکات و بەس.

لەو پەنجەرەوە ، هەندێ شەو ، بەمەستییەوە ، لەناو باوەشییدا کتێبێک ئارام و بەناز خەوی لێدەکەوت، لەبەر ئەو پەنجەرەییەوە، شیعرێک گەمە بە پێڵووی چاوەکانی دەکات. لەو دەرزە نیگاوە، لەو پەردە بەهەشتییەدا، پەپوولەیەک باڵرەنگین سەمای دەکرد ، گەردانەی خوناوی ناسک، شەرمنی سەر پەڕی گوڵێک، وێنەی چاوەکانی ئەو لەسەر دەنیشت. بەڵام! ئەو هەرگیز پەرۆشی دیمەن و نیگای نوێ نەبوو، بەپەرۆشەوە و چاوەڕوان، هەر چاوێکی لەسەر ئاوێنەکە، چاوێکی لەسەر پەنجەرەکەوە بوو، دیمەنەکان بیدەنگ و مەند بوون، نەدەگۆڕان، لەڕاستییدا، دیمەنەکان دەگۆڕان، بەڵام! ئەو، هەر بەیەک نیگا، سەیری دەکردن، هەستی پێ نەکردوون.

ئەو ژنە، بونەوەرێکی خەیاڵ بوو، بۆیە کردنەوە و داخستنی پەنجەرە و پەردەدانانی، لەناو تابلۆی هونەرمەندەکانی دیبوو، دەیزانی قەڵەمە جوانە رەنگینەکان، هەڵە ناکەن، گەمژە نەبوون

کە پەنجەرەیان، بۆ مانگ و هەور و دیوار و چاو دروستکردووە، دەیزانی کەسە ناسکەکان، عاشقە سووتاوەکان، (ژنە پەرێشانەکان)، بۆ دڵنەوایی و ئارامی دەچنە بەر پەنجەرەکانیان. ئەدی مانگ، هەموو عیشقەکانی لە پەنجەرەوە نەکردووە، هەر لەو پەنجەرانەوە، رەنگی زەردیان لەو وەرگرتووە، لەو پەنجەرانەوە ژنان، بە مانگیان وتووە، تۆ شاهید بە، ئێمە ناخەوین و چاوەڕوانین؟! ئێمە، بە هەناسە و چەکەرە و هاژەی بەر پەنجەرەوە دەژین، مردن و کوژانەوەش، لە پەنجەرەوە، بۆ ئێمە، دەردەکەوێت.

زۆرجار، کیژەکەی، دەستی لەسەرشانی دایکی داناوە، بەیەکەوە لە پەنجەرەکەی دایکییەوە، سەیری دەرەوەی دەکرد، بەیەکەوە ماوەیەکی زۆر دەمانەوە، بەڵام کیژەکە دڵی دایکی زویر نەدەکرد، ئەگەرنا، هیچی نوێی لە ئاسۆی پەنجەرەکەوە نەدەبینی، تەنها داری ناوقەد ئەستوور، چەند لقی پشتیوان بۆ گەلا و هێڵانە و سێبەری دەبینی. لەدوورەوەش (پشتی ئاویەر)، شەوانەش چاوی مانگ، بزەی ئەستێرەی دەبینی. بەڵام دڵسۆزانە، ئەو بە دایکی دەووت، دیمەنەکە زۆر جوانە، بۆیە تۆ چەندین ساڵە، وا هۆگری ئەو دیمەن و ئەو بەرپەنجەرەیە بوویت، حەقتە دایەگیان. ئەویش نەیدەویست، کیژەکەی بەو رەوشەی خۆی نیگار و وریا بکات، چاو کز و لێوبەبارەوە دەیووت:

لەو شەوەی خەونەکە منی تاساند، منیش ئێوەشم ترساند، لەو شەوەی، مۆتەکەم بینی و هەناسەی گرتم، لەودەمانەی ئێوەش گەورەبوون، ناچاربووم بمینێمەوە، من ئەو پەنجەرەیە رزگاری کردم، پەنجەرەی ناو رۆمانەکان، پەنجەرە شیعرەکان، ئەوانە رەنگیان کردم، ئارەزوویان بە من دەبەخشی، کە ئاگام لە

ڕوومەت و چاو و دەست و ناز و نیگام بێت، گەردوون و (تەمەن نەمگۆڕێت) و شێوەم ماندوو نەکات.

کیژەکەش، دەستە جلێکی نوێ لەبەردابوو، بالای باش هەڵچووبوو، گەورە ببوو، دڵی خۆش بوو، کە دایکی، چاو لە گوڵەوردەکانی سەر فستانەکەی بەری دەکات، بەگاڵتەوە بە دایکی دەووت:

دایە وەستاکە، ئەوەی پەنجەرەکانی گەورە و گچکە دەکردەوە، ئیشی نەما، ماوەیەکی باش، ئەو خەریکی پەنجەرەکانی ژوورەکەی تۆ و دڵ و چاوی تۆ بوو، بێگومان، ئێستا ئەو بێ ئیشە، لەبیرتە، چەند باریک و چوست بوو، دڵنیام ئەو، ئەوە هەر بۆ ناسیارەکانی دەگێڕێتەوە، هەر ئەویش دەزانێت، ئێمە لەو چەند ساڵە، چەندجار ئەو پەنجەرانەمان گۆڕیوە، ڕەنگمان کردووە و جاممان گۆڕیوە، لەبیری ناچێت، چۆن لەبیری دەچێت، کە ئیشی بۆ ژنێکی ناسک و نەرم و تەنهاش کردووە، چۆن لەبیری دەچێت!

ئەویش ماچێک، لە ڕوومەتە سوورە تەڕەکەی دەکات، بەدڵنیاییەوە بە کیژەکەی دەڵێت:

پێبکەنە، دڵت خۆشە، کیژم شار گەورەیە، ژنی تر، یان پیاوی تر هەیە، هۆگری پەنجەرە بن، ئەو وەستایە و وەستاکانی تر بێ ئیش نابن، لەوەتی پەنجەرە دانراوە، نیگا و سەیرکردن و ڕامانی ژوورەوە، بۆ دەرەوە، بۆ دزەکردنی دەرەوەش بۆ ژوورەوە هەبووە.

پەنجەرەیەکی تر

لەو نیگایەوە، دەمزانی بونەوەرێک ماوە، هەناسەیەک دێت و دەڕوات، پەیامی ئەو ئاسۆیە بوو، کە منی دوور دەبرد و ماندوو نەدەبووم. بەڵام! نەمدەزانی کەی دەڕۆم، بەرەو کام هەوار سەر هەڵدەگرم، ئەو هەناسەیە، کام دڵ، تەوژمی پێ دەبەخشێت، نەمزانی، هەتا نەچوومە سەر قەڵاتەکە و گایدەکە نەیووت:

من بۆ چاوی ژن، درۆ و راستی ریز دەکەم. من لەوەتی پیشەی گایدییم دۆزیوەتەوە، ژنان، دەبەمە ناو شوێنەوارەکان، بەپەرۆشییەوە، لەدیاریان دەوەستم، کە وێنە دەگرن، کە دەپرسن، کە دەبنە پەیکەری گوڵ و چاوەڕوانی، گوێم لێ رادەگرن، لەودەمانەدا، من هەست دەکەم نامرم، ناسنامەکەم هەڵەیەکی گەورەی تێدا تۆمارە، من خانەنشینێکی گەنجم، من سەرسپییەکی منداڵ و (نەخۆشێکی دکتۆر) م، دەرمانیش بۆ چاکبوونەوە و تەمەندرێژی و چالاکییەکان دەخۆم، زۆرباش لە خواردنەکانا پارێزیش دەکەم، تا زۆرتر گایدی بکەم و لە ژنان نزیک بم. دەزانم کەوا (ژن شوێنەوارێکی کۆنە)، گەنجینەیەکە، زۆریان لەبن کەلاوە و چینەکانی بنەوەی زەوی، شاردراونەتەوە، دۆزینەوەیان کات و ماندووبون و نووسین و مێژووی قووڵی دەوێت!

من ژنە ماندووەکەم، لەورۆژەوە وازم لە پەنجەرەی ناو ژوورەکەم هێناوە، ئەو ژوورەی، دەکەوێتە نهۆمی سەرەوەی خانووەکەمان، من زووتر، ئەو ژوورەم بۆ نووستن و خەون و رووتبوونەوە دیارکردبوو، لەو رۆژەوە لەسەر کێوی ئاویەرەوە، چاوم بڕیوەتەوە قەڵاتەکە، کە لەوێ، لەدیار کەرپووچەکانی باپیرم، گادێکم دۆزییەوە، سەیر دەکەم و باشیش دیمەنەکانم لێوە دیارە، تا بزانم گایدەکە، کەسی تری دۆزیوەتەوە، یان چاوەڕوانە من بگەرێمەوە. کە زانیم کەسی تری ناسیوە، من دەگەڕێمەوە بەر

پەنجەرەکەم، دووبارە چاو دەبڕمەوە ئەو دیمەنەی، پازدە ساڵە سەیری دەکەم، ئینجا دەگەڕێمەوە بەر پەنجەرەکە، نازانم کەی لەو نیگا و لەو رامانە شێلوەدا، بێزار دەبم!

گایدەکە بەنەرمی دەستی ئەو دەگرێت، بەسۆزەوە سەیری دەکات، سەیری ژنە میوانەکە دەکات، بەڵام ئەوەی بۆ خوێندنەوە و نووسینی بوو، بۆ دۆزینەوەی ژن، هەناسەیەکی نوێ، شوێنەوارێکی گەشتیاری تۆمارنەکراوی یونسکۆ بوو، تا ئەو لەجیاتی یونسکۆ، مان و گەشە و پاراستنی ئەو بگرێتە گەردەن و هەناو.

ئەو دەیزانی، کام لاپەڕەی سەر سینگم، دەخوێندرێتەوە، لە رێنووسی کامیان هەلە ناکات. ئەو گاید نەبوو، بەڵام مەبەستی بوو ئەو بکاتە گاید، ئەویش گایدی نەدەویست، دەیویست ئەو بکاتە گایدی تایبەتی خۆی.

هەموو گایدەکان، یەک رێگا دەناسن، چەند لاپەڕەیەکی مێژوویان لەبەرە، بەردەوام، رستەکانی دەڵێنەوە. ئەو گایدەش بە دیتنی ئەو ژنەی کە لە ئاویەرەوە، بە کزەی شەماڵێک، بەرێکەوتێکی بەپەلە هاتبوو. کە باش ئەو دەناسێت، گایدەکە، ژنەکە دەنێرێتەوە لای (هادی زیائەدینی)، تا پەیکەرێکی بۆ ساز بکات، دەستی رەنگینی سنە، دووبارە بگەڕێتەوە قەڵاتەکە، نەخشی وەستاکانیان، لەو هەوارە بژێتەوە، تا هەردوو نەخش یەک نەخشساز و کەرەستەیان هەبێت، یان گایدەکە، دەیویست ئەو ژنە (قژە سپییەکەی، بکاتە لاولاوی رەنگینی سەر نەخشەکانی خانووی کۆڵانێکی لاچەپ، کە شەوانە بە چرای شەرمن رووناک کرابێتەوە) و هەیوانە و کۆتەرەکان. بەڵی، ئەو مەبەستی بووە قژە سپییەکەی، لەسەر کەرپووچە کۆنەکان، بەسەر نەخشی دەرگا

کۆنەکان، بزمارە سەر بەنەخشەکان، بکاتە کلیل و وێنە و جوولەی نیگار. ئەدی وەستا سنەییەکان، جوانییەکانی ئەردەڵانیان، لەو قەڵاتە نەتاواندوتەوە، لەو قەیسەرییە، لە کۆشکەکانی مەڵکەندی، حەسار و هەیوانەکانی کۆیە، دوڵبەریان بۆ چاوەکان لەو باڵەخانانە، دروست نەکردووە.

ژنەکە نەبیستبوو لەسەر ئەو قەڵاتەدا، لەو شارەدا گایدێک هەبێت، کەسێک هەبێت، شەپقەیەکی پووشی پانی لەسەردا بێت، قژی درێژی هەتا سەرشانی هاتبێتە خوارەوە، جانتایەکی سەرشانی گچکەی چەرمی رەشی نەرمی، لەسەرشانا بێت، چاویلکەکەی، بە داوێکی باریکی رەشی درێژ، لەسەر سینگی راگرتبێت، قات و بۆینباخی یەک رەنگی لەبەردا نەبێت، (سەعاتێکی چاو گەورە) و قایش چەرمی لەدەست بێت، ئەو پیاوە گایدی بکات، لە میوانەکان بێتە پێشەوە و پێیان بڵێت:

وەرن، من، بەخۆڕایی و بەکوردی و بەجوانییەوە، هەر سێ گەڕەکەکەی قەڵاتان، نیشان دەدەم. من پێتان دەڵێم، دەرگای خوداکان، لەکام شوێنی ئەو قەڵاتەدا بووە، من شارەزام و دەزانم بیست قەشەکەی سەر (ئەبرشیەی حەدیاب) لە سەدەی یەکەم و هەتا سەدەی شەشەمی زاینی، لەسەر ئەو قەڵاتە، فەرمان و راسپاردەکانی خوداکان و (هێلانە) یان چۆن پیرۆز کردووە.

وەرن، من، دەزانم کێ، لەسەر ئەو قەڵاتە یەکەمجار کۆبونەوە، یاد و ئاگری نەورۆزیان کردیتەوە، هەموو سەرکردە و نووسەر و پیاوچاکەکان، کەم و زۆر، لەو هەوارە ژیاون.

وەرن، من، بە کەلاوەیی، قەڵاتەکەتان نیشان نادەن. من هەموو خانووە نازدارەکانی نوێ دەکەمەوە. دەوڵەمەندەکان لەدیار

حەوزە ئاوەکانی، ناوەندی خانوو و کۆشکەکانیان، بە هەوری سوورەوە زیندوو دەکەمەوە.

کیژان، لەو قەڵاتە زۆرتر دەهاتنە قوتابخانە. لە خوارەوەش، کیژان بە سەدریە و قردێڵەی سوورەوە، بەیانیان، سەردەکەوتن و خوێندەوار و زانیار دەبوون.

وەرن،من، دەزانم ئەو (قەڵاتە مەملەکەتێکی سەربەخۆ و داخراو و ناسیار) بوو، شەوانە (گەورە بەرپرسەکان، قازی و دەرمانسازەکان، کرێکار و شان بەقوورەکان و دارتاش، شیوعییەکان، مەلاکان، ژنە چاونێرگزەکان، سەرخۆشەکان، ئاغا و چەلەبییەکان، کارگەچییەکانی ئەو قەیسەرییە، باخچەچییەکانی بەر کارێزەکان و شینابییەکانی بەر ئاوی میری و خاتووناوە و سێتاقان)، هەموویان لەو هەوارەدا، بە (یەک هەناسە) دەژیان، (یەک ساقی) ئاوی بۆ هەموو ماڵەکان دەهێنان. بەر لە سەرما، لە پایزان، چەند (خۆشناوێک) ترێ، لە (کوێستان) هەنگوێن و گوێز، بۆ نۆژەنکردنەوەی ساپیتەکان لە (چیا) کانیش کاریتە، لە (دەشت) ەکانیش گەنم و فەریک، لەناو (رەوەند)ەکان پەنیر و خووری، هەموو شتەکان، بۆ خەڵکی ئەو قەڵاتە، بەیانییان و بەبار و بەشان و بەکۆڵ و بەپشت، بەعارەبانە دوو تایەکان، بەکەروبارەوە سەردەکەوت.

لەو قەڵاتەدا، یەک کەسی بوێر و چەکدار و خنکاوی ناو دووکەڵی تووتن و حەیران، لەدیار گۆزە ساردەکە، شەوانە، ئەو قەڵاتەی لە دز و پیاوخراپ و ئەغیار دەپاراست، هەر ئەویش، دەرگاکەی، لەسەر شار و نووستن و زانی ژنان و نەخشاندنی تەونەکان، دادەخست. کە یەکێک لەو قەڵاتە بەرزەوە، دەمرد، لێرە و

لەسەرشانی هەموو قەڵاتییەکان، بەناوی گەورەیی خوداش بەرەو (گۆڕستانەکان) ی خوارەوەیان دەبرد و...

گایدەکە، لەسەر قەڵاتەکە، ژنە میوانەکەی، دەباتە نزیک کەرپووچە ریزکراوەکانی پەنا دیوارەکە، کە لە چەندین گۆشە و بواری لاچەپا، بەجوانی هەڵدرابونەوە، بەنازەوە کۆکرابونەوە، هەردووکیان، هاوشان لەوێ دەوەستن، بەڵام! هێشتا دەست و سەرەپەنجەکانی نەگرتبوو. ئەو بە ژنەکە دەڵێت:

دەزانی ئەو خشتانە، بە دەستی (باپیرە گەورە) ی تۆ بڕاون، کەواتە، دیارە ئەو خشتانە خۆڵەکەی، بە قازمە و کوڵینگی ئەو هەڵکۆڵدراون، هێنراونەتە سەر کوورەکان. ئەوانە لە وەرزی پشووی کوورەسووتاندن و خشتبڕیندا، بەکۆمەڵ و دەستەدەستە سەبەت بە سەبەت، مشکی و زەبڵیان، لەو دەشت و گوندانە، بۆ گرتنەوە و خۆشکردنی قووڕەکەیان بارکردووە، کەرەستەکانی خشتبڕینیان سازکردووە.

یەک دەمەگوڵ و چاوەرەنگ، لە جلەکانی ئەو ژنەی بۆ سەیرانیش هاتبووە ئەو شارە دیارنەبوون، بەڵام! لە نیگا و پەیڤەکانی ئەودا، گوڵ و هەناسە دەبارین، ئەو وتی:

_کەواتە لەوەش گوندەکان، سەرچاوەی ژیانی شار بووە؟

گایدەکە، هەموو ئاپوورەکەی بنەوەی قەڵاتەکەی نەدەبینی، کە جاران، زۆر، چاوەکانی بە سەیری ئەوان ماندوو دەکرد، بۆ ناسین و دۆزینەوەی روو و ئاکار و دەنگێک پەریشان بوو.

_بەڵێ.

ئەوانە، خۆڵەکەیان کردووە بە قوور، بە ئازار و ماندووبون قوورەکە، گیراوەتەوە و خۆشکراوە و هەڵدراوەتەوە، بەوەش خووساوەتەوە، ئینجا سازکراوە. ئەو خشتانە بە دەستی کوورەچییەکان، کە باپیرەی تۆ، یەکێک بووە لەوانە، بە دەستی ماندوویان لەناو قاڵبە دارەکان بڕاون. کە خشتە لاکێشە و چوارگۆشەکان، وشک بونەتەوە، خشتەکان بەدەستی هەزاربڕەکان، بەنازەوە قیتکراونەتەوە، وەک (کلێتە)، بۆ وشکبوونەوە بەرزکراون، ماوەیەک چاوەڕوان بوون، تا کزر و وشک بوونەتەوە، ئەوانە هەمووی بە ئەرک و ماندووبوون و شەونەخۆنییەوە، لەناو کوورەکان ریزکراون. لەناو کوورەکانەوە ئاگریان تێ بەرداوە. خشتەکانی ئەو قەڵاتە، کەرپووچەکانی ئەو شارەی سەر ئەو گردە کۆنە، هەمووی سوورکراونەتەوە، ئینجا بەبار گەیاندراونەتە سەر قەڵاتەکە. گایدەکە، تازە ئەو ژنەی ناسیوە، قسەی زۆر بوو بۆی بکات، بەڵام! دەبوایە لەو بازنەیە، لەو بابەتە، دوورنەکەوێتەوە، بۆیەش بە ژنەکە دەڵێت:

_ خشتەکان بۆنی باپیرەی تۆیان پێوەیە. ئێستا ئەزموونی تیشک و (دی ئێن ئا)، بۆ ئەو خشتانە و شانەیەکی جەستەی تۆ بکەن، دەزانن کام لەو خشتانە، کام لە گەڕەکانە، بە بازوو و ماندووبونی باپیرە گەورەی تۆ، دروستکراوە، بڕوا بکە دەزانن، گاڵتەت پێ نێت.

_بەڵێ، باپیرەم لەو شارەوە، لەگەڵ وەستا سنەییەکان کاریکردووە، ئەو لەگەڵ وەستایەک، دەبێتە هاوڕێی گیانی بەگیانی، هاوشانی ئەو، توێشووی ڕێگا هەڵدەگرن و دەڕوون، لەو قەڵاتە و لەو کوورانە، دوور و زۆریش دووردەکەوێتەوە.

_دووردەکەوێتەوە تا لەو ئەردەڵانە، کە من هێشتا نەمدیوە و سنوورەکەشی باش نازانم، دووردەکەوێتەوە، تا ئێوە و نەوەیەک پەیدا بکات!

وەستا سنەییەکە، ئەوەی لەو قەڵاتە، کە لە نەخشاندنی قەیسەرییەکە تەواو دەبێت، شاگردە کوورەچییەکە، لەو جیانابێتەوە، داوای لێ دەکات لە (کەرکووک) ەوە، بەرەو (مەڵکەندی) بچن، تا بۆ پاشاکانی بابان، کۆشک و سەرا دروست بکات، چونکە ئەو زۆری پێ خۆش دەبێت، کوورەچییەکە هاوڕێیەتی بکات، گفت و بەڵێنی مەردانە و خۆشی پێ دەدات. پێی دەڵێت، لەوێ ڕەنگەکان کراوەن، ئاسمان نزیکە، خەونەکان بەوەنەوشەیی سەما، بە گوڵە ئەستێرەکان دەکەن.

باپیرە گەورەی ئەو ژنە میوانە، زوو، لە کۆشکەکانی ئەو شارە و بازاڕەکانی ئەو قەیسەرییە، بەدیار نەخشاندنی (کۆتەرە) و سازکردنی پەرچەمە ساپیتەکان، سپیکارییەکان، ریزبەندی هەیوان، مەندی ئاوەکەی ناو مێرگەکە ئیش دەکات، خەیاڵ دەبێت، کە دەستی لەو هونەرە و لەو سازکارییەدا دەبێت، ئاسان نییە، چەند رۆژ و چەند مانگ، بەدیاری نەخش و راگرتنی کاریتە و دیوارەکانی ئەو شارە بێت، بتوانێت بگەڕێتەوە، بۆیە کوورەچییەکەی ئەو قەڵاتە، خشتبڕییەکەی ئەو دەشتە، دەبێتە نەخشەساز و عاشقی بەرد و دار و سێبەری ئەو ناوچەیە، نایەوێ شوێنەکە جێبهێڵێت، دووبارە باربکاتەوە، لەوێ نازێک، لە باوەشی دەگرێت و دەمینێتەوە، بەڵام! بەردەوام گێڕاویەتەوە و داوای کردبوو، ئارەزوومە یەکێک لە منداڵەکانم، لە نەوەکانم، رۆژێک بچنە گەرمێن، لەوێ دەستی نەخش و رەنجی خشتبڕینەکانی من، خزموکەسم ببینن، من لەوێ، خشتم دەبڕی و بومە وەستای نەخش و جوانکاری، لێرەش، ئەوەی ئێمە لە تەلار و سێبەر و هەیوان و کۆتەرەکان، سازمان کردون، ناکرێ ون بن و بروخێندرێن، دوژمنەکان، ئینجا دۆست پارێزگاری لێ دەکەن.

خشتە کۆنەکان

گایدەکە بە دەست نا، بەڵام! بەچاو و بەنیگا و بەئاماژەیەک، وەک بزمار، ئەو پەیڤانە، لە هزری ئەو دەکوتێت و پێی دەڵێت:

سەیرکە، ئەو خشتانە، خشتە هەرە کۆنەکانن، چەندین ساڵە ئەو خشتانە، لەو قەڵاتە دێرینەدا، گەڕەک بە گەڕەک، ماڵ بە ماڵ، ستارە بە ستارەی کردووە، (خشتیش کاروانچی) بووە، لەو کاروانانە، ماندوو نەبووە و نەشکاوە و خۆراگر بووە و ماوەتەوە! ئەو خشتانەی کە ئێستا، بەناز و بێناز، کەلەکەکراون، ئەوانە لە هەندێ خانووی ئەو قەڵاتەدا، بەڵام! نازانم، کەی و رۆژی دانان و قیتکردنەوەیان لەسەر نییە، رەنگە یەکێک لەوانە، لە ژووری دیوەخانێکی ساپیتە نەخشینی، پەنجەرە بەشووشە رەنگین دانرابێت، لەگەڵ هەندێکی تر، کە ئێستا، لە خانووێکی تردا، بوونەتە دیوار و دیواربەند، بوون بە ریزی لای ژوورەوەی دیوەخانێک، ئەوانە شاهیدی میوانداریەکان بوون، بەوەش سەردەمانێک بۆنی بخووریان کردووە، چاوەڕوانی گەڕانەوەی پەرەسێلکە، بارەترێی رەزەکان، گەنمی بەجەرگی دەشتەکییەکانیان کردووە.

هەندێک لەو خشتانە، زۆر رووقایمن، ئەوانەی لەو خانووانەش کەوتونەتە دیوی دەرەوەی بەدەنی قەڵاتەکە، لە کۆڵانەکانەوە، بەردەوام، چاویان لە دەشت و رەنجی شانی جووتیار و باخچەچی و پیاوانی ناو کارێز و ژنانی بەرهەتاو بووە. بەڕاستی، ئەو قسەی لەگەڵ کەرپووچەکان دەکرد، رەنگی ئەوانی گرتبوو، وەک دەستی

وەستایەکی گەرم و چووست، کەرپووچەکان راگیرابوون. ئەو خشتانەی کە لەو گۆشە دانراون و داپۆشراون، ئەوانە، کتێبن و رووداوەکانی مێژوویان لەبەرە، دەزانن، بۆچی! عەشتار هیچ شوێنەواری لەو کۆنە هەوارەدا نەماوە و کەس لەو چەرخەدا نایناسێت!؟

ژنەکەش بەنازەوە، بۆ ریزە کەرپووچێک دەچەمێتەوە، دەیەوێ یەکێکیان بەرزبکاتەوە، بەڵام! گایدەکە لەجیاتی ئەو، دەست بۆ کەرپووچەکە دەبات، بەوەش بۆنێکی خۆشی گەردەنی، دەبێتە پاداشتی ئەو دەستگرتنە، کەرپووچەکە هەڵدەگرێتەوە و (چاوێکی گەرم) و بەنیاز لەو دەکات و دەڵێت:

هەر ئەوەیان، ئەو ریزە کەرپووچەش، جارێکی تر، بوونەتە دیواری ژووری نووستن و لاواندانەوە و جووتبوون، (ئەو وشەیەی دوایی بەئەنقەست گەرمتر و گەورەتر دەردەبڕێت و سەیری چاوی ژنەکەش دەکات)، بۆیە ئەوانە دەزانن و ئاگادارن، شەوانە دەستلەملانێ ئەودەمانە، چەند گەرم و سۆزدار بووە، ئەوانە لەوزەمانەوە توانیان، زمان و نەوە و ریشەی ئەو میللەتە بپارێزن، هەر ئەوانەی بوونەتە دیواری بەندیخانەکەی ئەو قەڵاتە، بونەتە سەرا و قوتابخانەکەش، ئەوانەش کە باش دەزانن نازناوی پاشا و بەخشینی موڵکی ئەو دەشتە بەرینە بەبەرەکەتە، چۆن و بەرامبەر بە چی، بەو کەسانەی پێشکەشکراون، کە ماوەیەک، بەشانازییەوە نازناوەکانیان هەڵواسیوە، شان و یەخە

و بەرسینگیان، بە دروشم و بە جریوە بووە، ئەو کەرپووچانە کە بوونەتە دیواری ماڵە پاشایەک، دەزانن جووتیارێک یان (فەقێیەکی سەرگەردان)، چۆن پاداشتکراوە، شانازی و نازناوی پێدراوە. کەرپووچەکان کۆنن، هەموو سەربردە کۆنەکان دەزانن، بۆیە وا، لەو گۆشە و لەو پەنایە، بەژمارە و بەناز دانراون، پاسەوانیان دەکەن، نەوەک بدزرێن یان تالان بکرێن.

دوو چۆلەکەی ماندوو، لە ئاسمانا، نەوی و لەسەر سک لەبەرچاوان دەرکەوتن، بەڵام! تێل و عاموودێک، یان بەژنی دارێکیان نەدۆزیەوە، باڵە ماندووەکانیان، لەسەری پان بکەنەوە و بە جریوە بەیەکتری بڵێن:

ئای کە ئاسمان چەند بەرینە، هەوریش هێشتا بەو سینگە بەرینەوە، هەموو پانتاییەکانی ئەو ئاسمانەی نەپشکنیوە.

گایدەکە، سەرە سپییە ئاڵۆزەکەی بەرزدەکاتەوە، بەڵام ڕەوە باڵندەکان، لە ئاسۆکە نەمابوون، هەر بیریشی لەکن ریزە کەرپووچەکان بوو، گوڵشاری هاوشانی بە لێوێکی تەڕی تەنکەوە پێی دەڵێت:

ئەگەر ئەو چەند کەرپووچەش بدزرێن، زۆر لەو شارە دەمینێن و بەشی نۆژەنکردنەوەکانی ئەو قەڵاتە دەکەن، یان هەر ئەوەندەن

و تەواو! کەسیش، نەماوە کەرپووچی نوێ، لەسەر شێوەی کۆنیان بۆ ببڕن!؟

گایدەکە، سەرێکی بۆ دەهەژێنێت، کەرپووچەکەی ناودەستی لەسەر ریزەکە دادەنێتەوە، هەستیشی دەکرد، لە دوورەوە، گەنجێک چاوی لەوانە، بەڵام! نەیدەزانی، گەنجەکە تاسەی گەرمی رازەکەیانە، یان، خەمی کەرپووچەکەی بوو. ئەو لەگەڵ ژنان، قسەی تەواو نابێت، بۆیە دەکەوێتەوە ئاخاوتن و دەڵێت:

ئێستا تۆ، ئەوەی لەبەر دامێنی ئاویەرەوە هاتوویت، باشت زانی کەوا، کام لەو کەرپووچانە، بە دەستی کوورەچییەکەی باپیرت سازبووە، بووە بە دیواری ئەو ستارە و (مێردرەوە) ی لە سەربانەکان بەرزکراون، تا پەنجەرەی دیتن و زانین، تەسک و سنووردار بکەن، چۆن باپیرەی ئێوە، ئەو هەموو خشتانەیان بە کەر و بارەکانیان، بەسەر ئەو قەڵاتەیان خستوون. کەرپووچەکان کە نەهاتونەتە خوارەوە، دیارە کەوا، کەرپووچی زۆر کۆنن، نەک کەرپووچ، بەردیش جاران، یەکجار، بۆ دروستکردن هاتوتە سەرمەیدان، بەردەکان هەر بۆ نۆژەنکردنەوە لەوێ ماونەتەوە، ئەوەی بووە بە بناغە و رەگ، وەک سەرەتا و چاوگ ماونەتەوە، ئەوانی تر، کە بەرگەیان نەگرتووە رووخاون، بەڵام! لەبەر بناغەکەوە مات و پەڵاواژ، چاوەڕوانی دانانەوە و سازبوونیان کردووە، ئینجا دوور یان نزیک، نەرم یان رەق، لەدیوی دەرەوە بەڕووی سەرما و هەور، یان لەدیوی ژوورەوە، لەدیار ناز و

شیرینی شەوان و چاوەڕوانی ڕۆژەکان، دانراونەتەوە. ئەوانە بۆن و غوباری باپیرەی تۆیان پێوەیە. هەر بەدەم ڕێگاوە، ئەوەت بۆ دەگێڕمەوە:

لیۆناردو دافینشی، ئەو هونەرمەندە گەورەیەی لە ئەوروپا و لە سەردەمی ڕێنسانس، داهێنانی زۆری کردووە، دەیانەوێت بزانن ئەو چۆن مردووە، ڕاستە ، ئەو مەزارەی کە لە فەر ەنسا، لەناو قەڵاتی (ئامبواز) یە گۆڕی ڕاستەقینەی ئەوە؟ ئایا ئەگەر شیکاری کاربۆنی بۆ جەستەی ئەو بکەن، دەزانن ، ئەو لەوێ نێژراوە. ئەگەر لەناو گۆڕەکەدا، کەللەسەری ئەو مابێت، زاناکان دەزانن ئەو وێنە و پۆرترێتی خۆی دروست کردووە، یان نا...؟! ئەگەرچی زاناکان، سەرقاڵی ئەوەن، گۆڕەکەی ئەو هەڵدەنەوە، بەڵام! ئەوان دەڵێن ڕەنگە، لەناو گۆڕەکەش ، تەنها چەند وردە خۆڵی تێدا بدۆزنەوەو بەس.

دیارە کەوا ئیتالییەکان سوورن ، لەسەر هەڵدانەوەی گۆڕەکەی ئەو، بەڵام ! پێشەکی دەبێ ڕەزامەندی یاسایی لەسەر وەرگرن، قسە لەگەڵ وەزارەتی کولتووری فەرەنسی بکەن.

دافنشی ئەودەمانە، لەسەر داوای شا (فرانسیسی یەکەم ) بۆ وەرگرتنی نازناوی نیگارکێشی یەکەمی شا ، سەردانی وڵاتی فەرەنسای کردووە، لەوێ، سێ ساڵ ماوەتەوە، لە شاری کلۆو، لە تەمەنی شەست و حەوت ساڵی، لەنزیک هەوارگەی پاشاکە، لە

ئامبواز، لەساڵی 1519 مردووە. دیارە بۆیەش ، ئەو هونەرمەندە ئیتالییە، مەزارەکەی کەوتووتە فەرەنسا، بەڵام ! ئیتالییەکان ، وەک ئەوەی ئەو هاوڵاتییەکی ئیتالی بووبێت، بۆیەش خەم لەوە دەخۆن، زانیاری زۆرتر ، لەسەر ئەو وەرگرن ، دوا پێشهاتەکانی زانستی لەسەر تاقی بکەنەوە.

دیارە کەوا تابلۆی مۆنالیزا و دافینشی، بوویتە سونبلی ئەو وڵاتە. زاناکان زووتر و لەساڵی 2004 بەرنامەیان هەبووە ، کار بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی مردنی ئەو بزانن، ئەوان ، مەبەستیان بووە تێبگەن، ئەو هونەرمەندە گەورەیان ، راستە لەو قەڵات ەدا نێژراوە، بەڕاستی ئەو مەزارە جەستەی ئەوی تێدایە ؟! بەڵام ! لەودەمانە دەسەڵاتداران بواری زاناکانیان نەداوە، ئەو پشکنینە لەناو مەزارەکە دا بکەن، بۆیەش ، وادیارە ئەو بیرۆکەیە سەرهەڵدەداتەوە و نوێ دەبێتەوە.

تابلۆی مۆنالیزا، کە ئێستا لە مۆزەی لۆڤەری پاریس پارێزراوە ، لەساڵی 2009 دا نزیکەی (هەشت ملیۆن و نیو) گەشتیار سەیریان کردووە، بەڵام نازاندرێت ئەو تابلۆیە راستە وێنەی ژنە بازرگانەکەیە، یان ئەو وێنەی دایکی خۆی کردووە.

کە بوار درا زاناکانی ئیتالی، بە کامیرا زۆر وردکارەکان ، بچنە چینەکانی ژێرەوەی گۆڕەکە، بەو تیشکانە ، دەتوانن بزانن لەناو گۆڕەکە، کە ئێسک و پرووسکی بەشێکی ماوە، بەوەش زاناکان

کاردەکەن، بەشێکی بدەنە بەر تیشکی کاربۆنی پرشنگدار.
نمونەی دی ئێن ئا ی ئەو، کە لە ئێسکەکانی وەردەگیرێن ، کە دەبێت لەگەڵ نمونەی دی ئێن ئای سەر تابلۆکە، بەراورد بکەین، چونکە بێگومان ئەو دەست و پەنجەکانی بە تابلۆکە کەوتووە.
بەوەش دەکرێ بزانن ، ئەو بە چ نەخۆشییەک مردووە، چونکە نەخۆشی هەیە شوێنەواری دەمینێت.

دافینشی، یەکێک بووە لە هونەرمەند و پەیکەرتاش و زانا گەورەکانی ئیتاليا، ئەو لە دایکێکی کیژە جووتیارێکی هەژار لەدایکبووە، کە باوکی بەناشەرعی ئەو کیژەی ئاوسی کردووە ، بۆیەش ئەو پاشان دوور لە سۆزی دایکیەتی ژیاوە، بۆیەش زاناکان دەڵێن، ئەو تابلۆیە سیمای دایکی خۆیەتی کردوویەتی، ڕەنگە بەو کارە زانستییەی ئەو ستافە ، بزانن ئاکاری دافینشی چۆن بووە، بەوەش دەزانن تابلۆکە، وێنەی دایکی خۆیەتی، نەک ژنە بازرگانەکە.

گایدەکە، دەستی دەخاتە سەرشانی ژنەکە، لە کەرپووچەکانی نزیک دەکاتەوە، نەرم نەرم ئەویش دەچێتە پێشەوە، بەڵام شانی دوورناخاتەوە، تا دەستی ئەو لەسەرشانی دوورنەکەوێتەوە، لەودەمانە، پەنجەرەکەی ژووری خۆی بەبیردێتەوە، شەوانەی سەیری بەرئاوێنەکەی ژوورەکەی بەبیردێتەوە، بەرازەوە ژنەکە دەڵێت:

دەبێ ئەو دەستە بێت، من ماوەیەکە چاوەڕوانی دەکەم، دیارە خۆیەتی، من نەک ناڵێم تکایە دەستت لەسەرشانم هەڵگرە، بەڵکو لەدڵەوە دەڵێم، ئەو دەستە شانی سووک کردم، پەنجەرەکە وەرە سەیری شانم بکە، چۆن وەک ئاویەر بەرزبوویتەوە، ئاوێنەکە بەرچاوت روون بکەرەوە، جوان سەیرمان بکە، بزانە من لەو کۆترانە دەچم، کە لەناو ئەو ئاپووڕەی بەر نافوورەکە، نزیک ئەو سێبەرەی، ریزێک خەڵکی لەبەر بەژنی ئاوەکە کۆکردیتەوە، بەیەکەوە هەموویان، سەیری دەستی ئەو و شانی من دەکەن.

ئەو چەند دێرە، لە دەفتەرە درێژە تەنکەکەی ژنەکە، لە دەفتەر و ناسنامە و رەگی مانەوەی زۆر کەسی تر، هەزارەها خێزان، ئەوانەی بۆ یەک شەو، یان بۆ وەرزی سەپانی، یان بۆ پاسەوانی هاتوونەتە ئەو شارە و نەگەڕاونەتەوە، نەک نەگەڕاونەتەوە و هەر لێرەش سەریان ناوەتەوە، نووسراوە:

(ئەو قەڵاتە، نەک بۆ من، بۆ چەندین نەتەوە و رۆژگارەکان یادگاری زۆرە).

( هەمووتان وەرەن، تۆش وەرە بەشی خۆتی لێ بدۆزەرەوە!).

ئەو دەستی کەمێک لەسەرشانی ژنەکە، توند و گرانتر دەکات، دەیەوێ بزانێت ژنەکە، دەڵێت دەستت هەڵگرە، یان دەڵێ دەستەکەی ترت لەسەرشانم دابنێ، هەردووکیان بکە بە

پەنجەرەیەک، لەوێیەوە، من دەمەوێ سەیری چاوت، سەری سپییت بکەم، لەو پەنجەرەوە ئاسمانێکی نوێ دەخوازم، پیاوە بەرازەکە، ئەوەی بەدرۆ، خۆت لە من کردووە بە گاید، ئەوەی باش دەزانێت، چۆن ژنێکی ئازا، کیژە کوورەچییەکی قەڵاتی و سنەیی نەرم و شل بکات.

ئەو هەر نەیدەتوانی، سەردانی کۆڵانە باریکەکانی ئەو قەڵاتە بکات، کەسی لەوێ نەدەناسی، هیچ خزمێکیان، ماڵی لەو قەڵاتە نەبوو، بەڵام یادگارێکی مێژوویی مەزنی، لە هەناودا لەسەر ئەو قەڵاتە ماوە. رۆژێکیان پرۆفیسۆر بەهنام ئەبوئەلسوف (بەرپرسی باڵای پشکنین و مۆزەی باکووری هەموو عیراق)، لە دانیشتنێکی رەسمی، لەسەر ئەو قەڵاتە، لەو ئۆفیسەی، بەردەوام کاریان لە نۆژەنکردنەوەکەی دەکرد، لەوێ ئەو پێی وتبوو:

تۆ، نوێنەرایەتی دەزگایەکی باڵا و بەرپرسی ئەو شارە دەکەیت، برۆ، بە ئەنجومەنی شارەوانییەکەتان بڵێ، قسەی منیان پێ بڵێ.

(ژوورە بنمیچە بەرزەکە، کە هەموو رەنگەکان لە نەخشی سەرەوەیدا پێدەکەنین، ئەگەر ئێستا، بەوردی باس لە نەخش و تابلۆی سەرەوەی ژوورەکە بکەم، رووپەڵێکی زۆر دەگرێت، بۆیە بەخێرایی باس لەو ژوورە دەکەم. کە بەیانییەکیان من، ئەو کەسەی وا ئەو رووداوەم کردوتە حیکایەت، دەینووسمەوە، زوو و لەگەڵ دەستپێکردنی دەوامی رەسمی، لەگەڵ ئەو، بەیەکەوە نان و چایەکی رەش و شیرینمان خوارد. دەرگای ژوورەکە، ئەو ژوورەی ببووە ئۆفیسی سەرەکی دەزگاکە، بە وردە شووشەی رەنگین، وردە بزمار، کە لەناو دارتاشەکانی خوارەوە کرابوون دروستکرابوو، چەند سەرەبزمارێکی پان، وێنەی چاوی گەورەی سەر جامەکە، سەرەتاووس و سەرەپشیلە و ئینجانەی رەنگەکان، دەرگاکەیان بە چوارچیوەکە راگرتبوو، لەگەڵ کرانەوە و داخستن و جیڕەجیڕی

سیوەسیوەکەی بنەوە نەبوایە، نەتدەزانی، ئەوەی بەرامبەرت دەرگایە. ئێستاش دڵنیانیم، کە من زۆر سەیری دەرگا و بنمیچەکەم کردبوو، یان زۆرتر، سەیری دەست و بازنی، کیژە چاو رەشەکە، وێنەی ئەو کیژەم لەبیرە، ئەوەی چاوە رەشەکەی، بازنە قەفە قەفە لوولدراوەکەی مەچەکی. ئەو بەیانییان زوو، بەر لەوەی دەست بداتە وەسلی سەرف و پارەژماردنی مەسرەفی رۆژانەکەی نۆژەنکردنەوەی خانووە هەڵبژێردراوەکان، چایەکی رەشی دێم دەکرد. لەبەر چاوی ئەو نەبووایە، یان لەبەر ژماردنی (بازنە باغەکانی دەستی) ئەو نەبوایە، ئێستا، لەو وەسفکردنەدا شەرمەزار نەدەبووم، زۆر باشم بەبیردەهاتەوە. رووداوەکە و دانیشتنەکە، زۆر کۆن نییە، هەر سی ساڵێک دەبێت، بەڵام بەڕاستی قسەکانی ئەو دانیشتنە، لەگەڵ وردەگوڵ و رەنگی گوڵەکانی تەنوورە کورتەکەی ئەو، دروست، بۆ من بوون. من ناوەڕۆکی قسەکان، ناوی کیژە چاو رەشەکەم، زۆرباش لەبیرماوە، شەرمیش ناکەم، ئەوە دەڵێم، باشم لەبیرە، بۆیەش دەڵێم، ئەو پیرە قەڵاتە کۆنە، خۆڵ و دارودیوارەکانی، زۆریان لەبن شاردراوەتەوە، بە کنە و پشکنین نەبێت، هەموو نادۆزرێنەوە، هەر چەندیش بدۆزنەوە، هێشتا زۆر زۆر دەمینێن).

ئەو لەگەڵ قسەکانییدا، توتنی ناو پایپەکەی، بە پەنجە پانە گەورەکەی توند دەکرد. دەم نا دەمێکیش، سەیرێکی پایپەکەی دەکرد، لەگەڵ جۆشی قسەکانییدا، ئاگای لەوە نەبوو، ئاگرێک لە پایپەکەی بەر بدات، دووکەڵە بەلەزەت و خۆشەکە، لە ژوورەکە پەخشان بکات، بواریش بە من بدات لە پاکێتە درێژە (دیمۆرە) کەم، جگەرەیەکی درێژ پێ بکەم، یان زۆر بەنهێنی و لەناو دڵمەوە، بەڵێ، لەدڵی دڵمەوە، بە کیژەکەش بڵێم، دەزانم ئێوە

لەو تەمەنەدا، حەز لە کوڕانی جگەرەکێشی بۆن بەدووکەڵ دەکەن. ئەو لەگەڵ قسەکانییدا، دەستەکانی بەسەر سکە گەورەکەی دادەهێنا، دەیویست بەوەیان داگیرساندنی پایپەکەی هەر دوابخات، چەندی ئاخاوتنەکە درێژەی کێشا، رازەکان باسکرا، ئەوەندی لە ژوورەکەماینەوە، بەهنام ئەبو ئەلسوف پایپەکەی هەر دانەگیرساند، قسەکانی تەواو کرد، توتنەکەی ناو (پایپیە دارگوێزە لووس) ەکەی هەر ئاگر نەدا.

لەو دیمانەیە و دوایی و پاش چەند ساڵێک، ئەو دەزانێت، کەوا ئەو پیاوێکی جگەرەکێش نەبوو، رقی زۆریشی لە دووکەڵ و سووتان و وێرانی بوو، بەڵام! ئەو هۆگری ئەو پایپە بووە، بەردەوام لەکاتی دانوستان و ئاخاوتنەکانییدا، دەستی لەناو تووتن، لەسەر پایپەکە بووە، پڕ تووتنی دەکرد، دوایی لەناو کیسەکەی بەردەستی بەتاڵی دەکردەوە. ئەو دووبارە بەدیار خوێندنەوە، سەیرکردنی وێنەکان و شوێنەوارەکانی پشکنین، پایپەکەی دەردەهێنێتەوە و تووتنی تێ دەکاتەوە، ئەو هەرگیزیش ئاگری هەڵنەگرتووە، بەڵام سوپاسگوزارە! کەوا ئاگر لە سازبوونی شارستانییەکانی هەموو ئەشکەوتە گەرمە کۆنەکان، لە گوندە شاخاوییە سەختەکان، لە دەشتە گەرمەکان، رۆڵی سەرەکی هەبووە، (ئاگریش وەچەرخانێکی مێژوویی و سەرەکی بووە، لە ژیانی هەموو مرۆڤایەتییدا)، شانازی زۆر دەرخستە و دۆزینەوە و زانیارییەکانی مرۆڤ بووە، (ئاوەز) و (مرۆڤ) (ئاگر) بەیەکەوە مرۆڤی سەردەستانیان، بەرز کردیتەوە، بە دۆزینەوەی ئاگریش مرۆڤە کۆنەکان، لە ئەشکەوتەکان هاتونەتە خوارەوە، چونکە کە بەڕێکەوت، ئەو ئاگرە دەدۆزنەوە، ژیانی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان، خۆشتر و ئاسانتر و شیاوتر بووە.

هەولێر ساڵی ١٩٨٣

لەوێ، لە سەردەمێکدا، کە شارەکە، هەموو دەڤەرەکە دەکوڵا، کە شەڕەکانی سەرسنوورەکان، هەموو ئاگرێکی تێدا بەکاردەهات،

شەڕەکان بۆ وەرگرتنەوە خاک و دەسەڵات و سامان نەبوو، تەنها بۆ ئەوە داگیرسابوو، تا سەرکردەکان، لوتبەرزی و کەللەرەقی خۆیان بسلمێنن، سووکایەتی، بۆ رەعیەتەکەیان نیشان بدەن. لەوێ، ئەو هەر ئاگری لە تووتنەکە بەرنەدا، بەڵام بەدڵسۆزییەوە بۆ زەلیلی و داماوی شوێنەوارەکە، ئاگرێک لە هەناوی کڵپەی دەکرد، ئەو وتی:

ئێوە، لەسەر ئەو قەڵاتەدا، تەنها رووبەری (سەد مەتر) ێکم بۆ ڤاڵا بکەن. من، تەنها رووبەرێکی تەسکم دەوێ، تا من بتوانم لەسەر ئەو رووبەرەدا بچمە خوارەوە. من، لەو رووبەرەدا هەر چوارلای چوارگۆشەکە، دەکەم بە قادرمە و پایە. خۆم، هاوشانی کرێکارەکان، دەست بە پاچ و بە بێڵ ئیشیان لەگەڵدا دەکەم. من لە شاری موسڵ، لەوێ لە قەڵاتێک لەدایکبووم، بۆیەش ناوەوەی قەڵاتەکانم خۆشدەوێت، حەز دەکەم، بزانم چ لە هەناوی قووڵ و بەرینەکەی شاردراوەتەوە. من، دەمەوێ ئەوەی ئیبنی خەڵکان و ئیبنی مەستەوفی، لەسەر ئەو قەڵاتەیان نەزانی و نەیاندۆزیەوە، یان مەبەستیان نەبوو بینووسن، من چین بە چین، لەبنەوە کایە شاراوەکان، بۆ ئەو میللەتە، بۆ مێژووی هەموو هەناسەکانی مرۆڤ، دەربهێنم.

بەگەرمییەوە لێدوانەکەی دەدا، وەک ئەوەی لەبەردەم و چاوی کامیرای تۆمارکردن و سەلماندنی پەیامنێری ئاژانسێکی نێونەتەوەیی شوێنەوارناسییدا، ئەوانەی دەسەڵاتیان لەو بوارەدا هەیە، شوێنەکە و گەنجینەکە بەجیهانبوون و بەدێرینی بناسێنن، بەو رەهەندە، تیرۆژی بەهنام ئەبولسوف، قسە و رازەکانی بۆ کەڤناسییەکە دەربڕیبوو.

لەو دانیشتنە بەیانییە دۆستانەدا، ئەو چاویلکەی لە چاوەکانی دانەگرتبوو، چونکە ماوەماوە، چاوێکی خێرای لە کتێبە ئینگلیزییەکەی سەر رانی دەکرد، لاپەڕەکانی هەڵدەدایەوە، وەک ئەوەی لە چەند دەقەیەکی تر، ئەزموونێکی چارەنووسسازی هەبێت و بیەوێت وانە و راڤەکانی بەبیربێتەوە، ئەو وتبووی:

من لە شێوە و تەمەنی پارچە تەندوورەکان، کە دەیاندۆزمەوە، دەزانم، لەکوێ گەنم و جۆ و دانەوێڵە، لەو دەشتە یەکەمجار گوڵی کردووە، بە باش کەروێشکەی کردووە و بووە بە فەریک و دوایی، بە نان و بە زاد. بەوە من دەزانم ئاوەکەی سەنحاریبی باپیرە گەورەی من، من بەدروستی، خۆم بە نەوەی ئەو دەزانم، چۆن ئاوەکەی بەستۆڕەی گەیاندوتەوە ئەو قەڵات و ئەو دەشتە بەپیت و بەرەکەتە. باوکم، دەیووت ئێمە، نەوەی یەکێک لە قەشەکانی ئەربل بووین، لەو بیست قەشەیەی لە سەدە یەکەمەکانی زاینی، کە لەو شارە و لەو پەرستگایانەی کە لە داهاتوو دەیاندۆزمەوە پەیدابووین.

من لەبنی ئەو گردە دەستکردە توورەگەرێژە، (هەموو سەربردەی شەڕە خوێناوییەکانی ئارامی و ئاسووری و مادەکان و عەباسییەکان، دواییش تورک و مەغول و تەتەرەکان دەدۆزمەوە). هەموو کەڤناسەکان وتویانە و نووسیویانە، لەودەمانەی کە بە پیتی بزماری، هەتا ئەبجەدیەتی عەرەبی پەیدابووە، ئەوانە لە ئەرشێفەکاندا ماون و ئاماژە، بە دێرینی ئەو قەڵاتە دەدەن، نەیارەکان و دوژمنان، چەندجار ئەو شارەیان کاولکردووە، چەندجار قونگرە و پاسەوانەکانیان، بە ئاگری کوورەکانیان سووتاندووە، بەڵام سەربەرز و سەرکەشانە قەڵاتەکە نەرووخاوە و ژیانی تێدا بەردەوام بووە. من لەو کنە و پشکنینەدا، لەو

کەڤناسییەدا، تێدەگەم، دروست دەزانم، کەی، کەرپووچ، لەو خۆڵە بەجەرگە دروستکراوە، کوورەکان، چەند لەو شوێنەوە دوور بوون، دەست و خۆڵ و ئاو و ئاگریان چۆن بووە.

بەهنام ئەبو ئەلسوف، هەر پایپەکەی دەستی ئاگر نەدا، هەر تووتنیشی تێ دەپەستا و قسەی دەکرد، بەگەرمییەوە، قسەی دەکرد و رووی لە من کردبوو، بەڵام لەودەمانە و لەو ساڵەدا کە باشم لەبیرە، ئەو قسەی نەدەکرد، ئەو شیعری دەگووت، ئەو مێژووی دەڤەرەکەی راست دەکردوە، ئەو وێنەی دەگرت کە پەیڤەکانی دەردەبڕی، کە قسەکانی دەکرد، خۆی لەبیر نەمابوو، نەیدەزانی لە کێیە و چ دەڵێت، بەخەمەوە باسی خەمە گەورەکەی ئەو قەڵاتەی بۆ من دەکرد، لەناو چاو و لە هەناسە گەرمەکەییەوە دیاربوو، کەوا تاپۆکەی ئەو قەڵاتە بەناوی ئەوە، قسەکانی نەخشە و راستی بەرنامەکان بوو.

ئەو مەبەستی بوو:

ئەگەر لە هیچ شوێنێک ئەوە نەکرابێت، ئەوا لەو دەڤەرەدا، مێژوو راستکردنەوەی دەوێت، دیارە کەوا ئەوەی نووسرابێتەوە، لەسەر ئەو دەڤەرە، لەو قەڵاتە و لەو کاروانە دووروودرێژەی ناوچەکە، مێژووێکی خوار و چەواشە بووە، هەر بێگانەکان نووسیویانەتەوە، بۆیە گومانبوون و پێداچوونەوە و زۆرتر وردبونەوە، شایستەی ئەو قەڵات و ئەو پرۆسەیە.

کوڕە باریکەلە و قژدرێژە لاجانگ ئەستوورەکە، وەک کۆترێکی قاچ و باڵ بەستراو، لەدیار ئەو گرمۆڵە ببوو، لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبییەکەی زۆر باش بوو، بۆیە ئاخاوتنەکەی ئەو، زۆر جوان، دەچوونە ناو هزر و کەللە و چاو و دەست و گیرفانی، ئێستاش کە

پیربووە، لەو سەری دونیاش گەڕاوەتەوە، لەو ژنە خۆی کردووە بە گایدی شارەزا، ئێستا قسەکانی ئەوی لەبیرماوە، بەچاو و بەسینگ و بەنیگا برسی ئەو ژنەی دەفرۆشێتەوە. دووریش نییە، بەو قسە کۆنانە، بەو بیردۆزەی دەیانگێڕێتەوە، لەو چەند رۆژەی ژنەکە میوانە، ببێتە گایدێکی راستی و ئازاری مانەوەکەی سووک بکات، ئەویش لەو تەنهاییە دەرباز بکات.

لەو دیمانەیەدا، کە ئێستا بووە بە دیالۆگێکی مێژوویی، زۆر بەرێزەوە بە دکتۆر ئەبو ئەلسوفی وتبوو:

_مامۆستا، من قسەکانت بە بەڕێوەبەری شارەوانی رادەگەێنم، هەمووی پێ دەڵێم.

_ (بەڵێنی کوڕە گەنجەکەی زۆر پێ خۆش بوو، ئەو کوڕەی دوا مۆدیلی جلی بەغدایی، قژ و زوڵفە پانییەکەی بەڕوونی پێوە دیاربوو)، هیچت لەبیر نەچێت.

_(زۆر بەدڵنیاییەوە) نەخێر، دکتۆر قسەکان ئەوەندە زۆر و ئاڵۆز نییە، دوو قسەیە و بەس، تۆ رووبەری دوو سەد مەترێکی ڤالای بێ ئاوەدانی بوار ئاسانت، بۆ جوولانەوە و ئیشکردنی کەڤناسی دەوێت، بۆ ئیشکردن و هەڵکۆڵێن و خوێندنەوە و نووسینەوە و وێنەگرتن و تۆمارکردنی شانازییەکانی مرۆڤە کۆنەکان، ئەوانەی لەو گۆڕستانانەی ئەو شارەدا، کە چواردەورەی شاریان تەنیوەتەوە، نێژراون و بونەتەوە بە خاکوخۆڵ بگێڕیتەوە، دەفتەر و کەرەستە و پەرستگاکانی ئەوان بدۆزیتەوە. (دیارە کەوا ئەو زۆر دڵنیابووە، ئەوانە لەبن قەڵاتەکە ماون و دۆزینەوەیان ئاسانە).

موسڵساڵی ١٩٣١

بەهنام ئەبو ئەلسوف، لە بنەماڵەیەکی کریستیانی موسڵاویی و لەساڵی ١٩٣١ لە گەڕەکێک بەناوی قەڵات، کە لە گەڕەکەکانی

تری شارەکە بەرزترە، لەدایکبووە، بنەماڵەکەیان زووتر کاری خووری و لوایان کردووە، دوایی، لەو کەرەستە نەرمە و لەو بازرگانییەدا، روویان لە دار و کاریتە و کۆتەرەی دار کردووە، کە لە شاخەکانی باکووری کوردستان بڕاوەتەوە و گەیاندراونەتە ئەودیو.

ئەو لە شاری موسڵ خوێندن تەواو دەکات، کە زانکۆش لە موسڵ نەبووە، بۆ خوێندن دەچێتە بەغدا، لەوێ، مێژوو و شوێنەواری دەخوێنێت، لە زانکوی کمبردج لەساڵی ١٩٥٥ لە بواری مێژوو و شوێنەواری و ناوکی شارستانیەت، بڕوانامەی دکتۆرا وەردەگرێت، لە باکوور و ناوەڕاستی عیراق کار، لە رزگارکردنی ئەو شوێنەوارانە دەکات کە مەترسییان لەسەر بووە، لەو بوارەدا بەردەوام و خەمخۆرانە ئیش دەکات.

ئەو، کە بەهنام ئەبو ئەلسوف دەبینێت، دەزانێت ئەو خەمی گەنجینەکانی بن قەڵاتی هەولێرە، بەدڵسۆزییەوە، قسەی لەسەر ئەوە دەکرد. ئەو لەو بوارە و لە پشکنینی (گرد و بناغە و لادیوار و کەندەڵان و پارچە تەندوور و وردەواڵەی ناوماڵ و گەنجینەی هەڵگرتنی دانەوێڵە و زەخیرە) ئیشی دەکرد، بە شێوازێکی نوێ، لە کایە و کالا کۆنەکان گەڕاوە، ئینجا بەرەو ئەو ناوچانە دەچێت کە بەنداوەکان، ناوچەیەکی زۆری ژێرئاو دەکرد. ئەو لە ناوچەی حەمرین کار دەکات، دڵسۆزانە لەسەر رووبای دیجلە و ئاسکی موسڵ، لە شێستەکاندا، زۆر شوێنەوار لەو ناوچانە دەدۆزێتەوە، لە رۆژانەی جێبەجێکردن و چۆڵکردنی گوندەکانی ناو سنووری دەریاچەکەی دوکانیش کاریکردووە، لەبەرئەوەی لەسەر قەڵاتێک لەدایکبووە، بۆیە لەسەر ئەو بەرزاییەکان، وەک هەلۆ، بەڵام هەلۆیەکی جەستە گەورە و سەرزل و دەست پان، لەناو قووڵایی

گردە گەورەکان ئیش دەکات، تا دەگاتە گردەکەی قالْینچ ئاغا، کە دەکەوێتە جەرگەی شاری هەولێر، لەوێ کاری کنە و پشکنینی کردووە، پیاوە سەرسپییەکە، کە لە خەمی شوێنەوارەکان، هەر بە گەنجی، سەری سپی دەبێت، بە گایدەکەی وتبوو:

من، لەو رووبەرەدا، بە قادرمەکاندا دەچمە ناو پشت و رەگ و ناوقەد و هزر و مێشکی ئەو بەدەنە کۆنە:

لەو قەدەدا، چەندین شار و ئاوەدانی شاراوە دەدۆزمەوە، لەو کاروانەدا، کە دەچمە ژێرزەوییەکە، هەموو شتێک دەزانم، بەو داخەوە نامرم، چاوەکانم رەش نابن، دەزانم بەو کارە و بەو کنە کەڤناسییەدا قژە سپییەکەی سەرم، رەش دەبێتەوە و گەنج دەبمەوە، دووبارە دەست بۆ سێو و لێمو دەبەمەوە، کە مەست دەبم، شیعریش دەڵێمەوە، کە خەیاڵ دەبم، نووسینە وردە پرووشاوەکانی سەر تەختە قوورینەکانم بۆ دەخوێندرێتەوە، کلیلەکان دەکەمەوە، پەنجەرەکان دەخەمەوە سەرپشت، من لەو چینانەدا، لە لاپەڕەکانی مێژوودا، کە لەناو خۆڵ و گۆزە و دیزە و تەندوور و شوورە و ملوانکە و موور و تۆی رووەکەکان گوڵی ژیان دەدۆزمەوە، بەوانە گەنج دەبمەوە، ئای گەنجبوونەوە بۆ تەمەن چەند قازانجە و سەرمایەکی گەورە دەبێت، گەنجێک بە ئەزموونی پیرێک، بە شانێکی ماندوو و هەناسەیەکی گەرم کار بکات.

پاپیەکەی هەر بەدەستەوە کە دەیووت:

من لەو توێژینەوەیەدا، رەنگە نامەکانی سەنحاریب، بۆ راکێشانی ئاوەکە بدۆزمەوە، دووریش نییە، کە بزانم ئەو ئاوە، چۆن لە چەمی بەستۆڕە گەیشتوتە ئەو قەڵاتە و ئەو شارە. لەو

پشکنینەدا، ڕەنگە بزانم ساسانییەکان چییان لەو شارە کردووە، ئاشوورییەکان، دوای سوپاکەی خولفای ڕاشیدین و ئەمەوییەکان و عەباسییەکان، چییان بەسەرهات، ئەوانە چۆن ئیبنی مەستەوفییان گەیاندە ئەو قەڵاتە، کە تێدا بووە بە وەزیر و مەستەوفی شارەکە، دیوانە شیعرە عەرەبییەکانی تێدا خوێندەوە.

من دەتوانم، چەندین شانازی بۆ ئەو شارە، بۆ کورد و بەشرییەت لەو رووبەرە تەسکەدا بدۆزمەوە. من، هەر پایەک دەچمە خوارەوە (نەخشەی خانوو، شێوازی دروستکردن، گەرماوی زستانە و هاوینە دەدۆزمەوە، دەزانم چۆن ئەوان، میوە و سەوزە و خواردەمەنییەکانیان پاراستووە)، هەموویان لەو چینەدا دەدۆزمەوە، دەزانم چۆن چوار خوداکەی ناو ئەو قەڵاتە، بۆ یەک خودا کرنۆشیان برد و شکان و وەک سەراب ڕەوینەوە.

بەڵام، ئەو نەیتوانی لەو چەند ساڵە کاریان تێدا دەکرد، ئەو قەڵاتە ببێتە دەفتەر و مێژوو و بیناسازی زۆر کۆن...

ئەو ژنەش هاتووە، گایدەکە ئەوانەی بۆ ڕاڤە بکات، تا خەمی پازدە ساڵەی تەنیایی خۆی بەوە، بکاتە تابلۆ و دەستماڵێک، چاوی گریاوی ئاویەری پێ بسڕێتەوە. ئەو لەو هەوارە دوورەوە هاتووە وێنەکانی بەرچاوی، کە لەسەر کێوی ئاویەرەوە گیراون، لەگەڵ دیمەنە جەنجاڵەکەی بەردەم پەیکەرەکەی ئیبنی مەستەوفی، ئاوێزان بکات.

بانە ١٩٧٨

ئەو، لە شارەکەیان، کە لەسەر سنوورە دەستکردەکە، شارەکە
پشتی دابووە بە شاخێکی بەردینی وشک، کە لەگەڵ یەکەم

گزنگەوە، تا ئاوابوونی خۆرەکە، نیگای لەو کردووە و بواری پارچە سێبەرێکی نادات. بەڵام! شاخەکە، لەدێرەزەمانەوە ئاگردانی هەموو ماڵە ساردەکان، سەرینە بێ سەرپۆش و لیفە بەتووکەکان بووە. شاخەکە، وەک سەکۆیەک بووە، ئاودیوبوونی لێوە ئاسان کردووە، بەشەو بڕینی ترس و کەمینێک بەس بووە، لووس لووس لەناو دەستە دڕەکان ئازاد بێت، بگەیتە ئەودیو، تا لەوێ ئەدرێسێک، ناوێک و بۆرەخزمێک، بیشارێتەوە و گەرمی بکاتەوە، تا لەوێ، لە ماڵێک، کتێبێک، لەسەر دەلاقەیەک، یان ئاوێنەیەکی دەست دەکەوێت، بەوەش شەوی یەکەمی ئاودیوبوونەکەی رەنگین و وێنەدار بکات، هەر ئەو شەوە میوانە راونراوەکە، کەسە شەیدایە پەریشانەکە، بەو شاخە و لەو ئاودیوبوونەدا هەتوان پەیدا دەکات، بۆیەش، ئەو شاخە، بابەی هەموویان بووە، بە (بابە) ناویان بردووە، واتە بەردەکەیان نەرمکردووە و سەختییەکەیان لووس و ئارام کردووە.

بەرلەوەی لەوێ، لە شارەکە بۆ زانکۆ، لەو شارەوە بچێتە شارە گەورەکە، باوکی بە دەنگە گەورەکەی پێیدەڵێت:

کیژەکەم، تۆم بۆ خۆم بۆ ماڵەوە دانابوو، بەڵام! دەزانی کەوا رەوشەکە شلۆقە، ئاگات لە خۆت و لە من و لە دایکت بێت، لەو شارە، لەوێ، دوورەپەرێز و چاوەڕوان بە، نامەوێ لەوێ لەو چالاکی و پێشهاتانەی وڵات سەرحاڵ بیت، دوور بە لە گردبوونەوەکان، دوور بە لە شەیدایی هەواڵ و وردەکارییەکان، من وادەزانم، ئەو ئینقلابە، بەئاسانی و بەخێرایی ساغ نابێتەوە، ماوەیەکی زۆری سەخت و ناڵەباری دەوێت، نەک هەر ئەو وڵاتە، (هەموو ناوچەکەش شلۆق دەکات)، سەیر کە چۆن ئەو نیشانەیە دیارە، لەسەرەتاوە دیارە، کەوا ئەوانە هەموو دونیایان

هەژاندووە... ئاگرەکە گەیشتووتە هەموو... باشە کیژەکەم تۆ خەریکی خوێندنەکەی خۆت بە...

کیژەکە لەگەڵ پێچانی جانتاکەی، باوکی چەند کتێبێکی لێ وەردەگرێتەوە، لەناو کتێبەکانی ژوورە گەورەکەیان دایاندەنێتەوە، کتێبێکی گەورەیان لێ دەکاتە پەنا و ناونیشانەکەیان ون دەکات، بوار نادات ئەوانە لەگەڵ خۆی ببات، ئەویش دەڵێت:

قەزات لەمن کەوێ باوکە، تۆ خۆت و پێش تۆش باپیرەشمان، بەردەوام و بەگەرمییەوە، لە رووداوەکان هاوشان و بەشداربووینە، نازانم بۆ باوک خۆی هەر چی مەترسییە دەیکات، بەڵام بوار نادات منداڵەکانی ئەوانە بکەن. لە من مەترسە، ئاگرەکە ناوچەکەی گرتوتەوە، سەیرکە، چۆن ئێرەش ئارام نییە و لەو سەرسنوورانە، چەندین بارەگا و هرز و دەستە و پلان لە ئارادایە.

کیژەکە لەسەر جانتاکەی قیت دەبێتەوە و دەیەوێ زەنجیرەکەی دابخات، لەناکاو شتێکی تری بەبیردێتەوە، بەڕاکردن ئەویش دەدۆزێتەوە، لە سوچێکی جانتا گەورەکە جێگای ئەویش دەکاتەوە، ئەو و شتی تریش، هەر لەماڵەوە دەردەچێت، هەر شتەکان کۆدەکاتەوە، وردەواڵەی کیژان تەواوبوونیان نییە.

ئەو کیژە ناسکە، ئەگەرچی بۆ خوێندنی زانکۆ و دۆزینەوەی شارە گەورەکان، بۆ ناسینی تۆڕێکی هەمەرەنگی نوێی ژیان دووردەکەوێتەوە، هەرگیز بیریش لەوە ناکاتەوە، پشووی هاوینان و جەژنەکان، لە بۆنەکان، لەودەمانەی شار و خانەوادەکەی پەریشان دەبێت، یان کە لەوێ شەڕەتەقە و گرتن دەکەوێتە ناو

کۆڵان و سەربان و بەردووکانەکان، روو لەو شارە بکاتەوە، رەنگە هەر بەوانە هەر نەشزانێت، ئەو رووداوانە بە رووداوی تری نوێ و جەرگبڕتر، لەبیر دەکرێن، یەکێکیان، ئەوی تریان رەش دەکاتەوە، کەسیش نازانێت کێندەرێ ئاسوودە دەبێت. لەودەمانەی کە ئەوێ، گەمارۆ دەدەرێت، ئەویش لەگەڵ کۆڕەوەکە وەک پەنا، بێتەوە بەر شاخەکەیان.

کە کیژەکە دەڕوات، دەستی باوکی ماچ دەکات و بەڵێن دەدات زوو بێتەوە. کە بە چوار ساڵ لە زانکۆ خوێندنی ئەدەبی فارسی تەواو دەکات، کە بە شیعرەکان و بە جوانییەکانی ئەدەب و زمانەکە مەست دەبێت. ئەو لەوێ کە کوڕێک دەدۆزێتەوە، دەکەوێتە داوی ئەو.

کە شارەکەیان ئارامی تێدا نامینێت، کە دەزانێت باوکیشی لەو رۆژێکی وا شەهید دەبێت، هیچ کوێرە رێگایەکیش نامینێت بێتەوە، لەگەڵ ژنان شینی بۆ بکات. کیژەکە لەگەڵ نەبوونی رێگا و سەرقاڵبوون بە رێکخستنەکان، لەبەر دژواری و گەرمی وتوێژ و ململانێییەکان، سەرقاڵ دەبێت.

کە لەوێ و لەو شارە گەورەیەدا (دڵی گەورە و چاوی گەورە و کتێبی گەورەتر دەبینێت). کە گەنجێکی گەرم و چالاک لە چەندین تەنگاوییەکان دەستی دەگرێت، کیژەکە دەستی ئەو بەرنادات، هەتا ئەنگوستیلەی هاوسەرگیری لە پەنجەی شین دەبێت.

ئەو کیژە ناسکە، بە سەبەتێک زاراوەی شارەکەیان، بە دەستەیەک جلی سادە و بە رووێکی شەرمن، بەڵام ئازایانە دەگاتە زانکۆ، لەگەرمەی جونبووش و خۆدۆزینەوەی شارەکە و

دانانی سەکۆی جیابوونەوە و دەربازبوون و بڕیاری ترسناک، بەشارەزایی، بەساویلکییەوە دەکەوێتە ناو بەزمەکە. لەوێ لەگەڵ خوێندنەوەی دروشمەکان، کە شەوانە، بەبەردەوامی و بەخێرایی لەسەر دیوارە درێژە لارەکانی کۆڵانە تاریک و لاچەپەکان، لە ئێوارە تەماوییەکان و بەیانییان (بە دەستی کازیوە دەنووسران)، بەتوندی هەناو و دیدی دەهەژێت، هەموو شانە و نیگا و جوولەکانی ئەو کیژە، لەبنەڕەتدا سەروبن دەکات و هەناسەسوار و پەرۆش، هەر دەڕوات و پێ راناگات، ئیتر ناگەڕێتەوە.

سنە ١٩٧٩

لەو هەژانەدا، کە هەموو هەژانەکانی دایکوباوکی لەبیردەباتەوە، لەناخەوە، بڕوا بە هزری چەپی وشکی باوی ئەودەمانە دەهێنێت، ئەگەرچی، لە کۆڵان و لەسەر تەختەی خوێندن، لەسەر داروديواريش، هزرێکی دژ بەو بۆچوونە زرمەی دەهات. چەپەکە لافاوێکی سینگی رووت و باوەش گەورە بوو، دەستێکیان بە گوڵ و

ڕەشەرێحان، ئەوی تریان بە دەفتەرێکی هەراسانکراو بە خوێندنەوە و شاردنەوە و هەڵگرتن و کۆپیکردن بوو. کە دەستە چەپەکان، بە دەستەکانی تر دەشکێن، کە گوڵەکانیان لە دەستیان دەکەوێتە خوارەوە، سووریی ڕەنگەکەی تێکەڵ بە سووری خوێنیان دەبێت، ئەوانە بەناچاری کۆنە چەکە ژەنگاوییەکان و (بەڵێنی ناونووسین، دەدەنە چەک و بەرگری)، ئەو کیژە ئەو سەرە شەیدای ئەو لەهییە دەبێت، بە دوو نیگا و ئاراستەوە، لەگەڵ ئەو باهۆزە خۆڵاوییە دەڕوات و بیر لە وچان و ئاوڕدانەوە و گەڕانەوە ناکاتەوە.

کیژە شەرمنە گەرمەکە، لەبەر کوڕێکی شاری دەم ئاگر، لەبەر شانازی حیکایەتە درێژی بنەماڵەکەیان بێترس، ڕوو لەو بوارەدا دەکات، عیشقێکی سۆزداری بەجۆش، ئەو مەست و حەیران دەکات. شەوانە وەک هێرشی سەر قرارگاکان، ڕۆژانەش وەک سووتانی دروشم و بەرنامەکان، بەڕێدەکەن، تا چەند مانگێک و دواییش بۆ دوو سێ ساڵ، ئەو دوو عاشقە، لەو بەلەمە شلۆقە، لەو ڕاوەراوە شان بە شان گوزەر دەکەن، لەدیار ئاگردانێکی ساردەوە، لەناو ماڵێکی گەرمدا، تەونی سبەێنێ دەچن، بەرد بەرد و گەنجینە گەنجینە، خەریکی سازکردنی هێلانەکەیان دەبن، لەگەڵ دوو کۆرپەکەیان، بە ڕۆژ، بۆ نان و شەوانەس، بۆ خەوی ئارام پەپوولە و چاوەڕوانی ماڵی دەکەن.

لەگەڵ زەمەندا، کە ئەو چاوی ڕەشتر و کوڵمی سوورتر و تەڕتر دەبوو، ڕەنگ و شێوە و بالاپۆشی جلەکانی دەگۆڕێن، ئەو و هەموو مێینەکان، ناتوانن بۆ ویستی چاو و دڵ و نیازیان جل لەبەربکەن، بەحەسرەتەوە، بە چاو و بە ژووان خۆیان نیشان بدەن،

بەحەسرەتەوە لەگەرمە عیشقەوە، نەکرا دووجار مەست بن و دەستی گەرمی یەکتر لەبەر خۆرا بگرن.

وەستان لەدیار دروشمێکی نووسراو بە بۆیەی سوور، کە بەپەلە و بەکالی و ناڕێکی، پیتەکانی نووسرابن، ئاسان نەبوو، گەنجێک لەبەرامبەریان ببێتە ستوون، نیگایان نەکات، نەک هەر شەیدایان بوو، لە نیگا و خوێندنەوەیان ئەو هەر تێر نەدەبوو، نووسین و هێلکارییەکان و ڕەنگەکەی بەس بوون، ئەو زوو تێ دەگات، کەوا ئەو هزرە، ئەو بزاڤە بەجەرگە و هەموو نەهامەتییەکانی ئەو میللەت چارەسەر دەکات. قوربانییەکان و ژووری زیندان و نەسرەوتن، لەناو ئەو دەستە نهێنییە بوو، ئەوانیش بەشی خۆیان زۆر لە ئازار و زیندان و چاوەڕوانی تاڵ دەچێشت.

لەناو خەمە گەورەکان و ئازایەتییە مەزنەکان، ئەوان زۆر لەیەک نزیک دەبوون، ئاخاوتنەکەیان نەرم و لەسەرخۆ بوو، (هەردووکیان یەکتریان دەنووسیەوە، پەیڤەکانی یەکتریان چاپ دەکرد). ئەو هاتبوو ئەو شارە بدۆزێتەوە، یان پاش تەمەنێکی دوورودرێژ، هاتبوو لەو شارەدا، لەو بەرزاییەوە خەمگین چاو لە پەنجەرەیەک بکات، تا لەوێیەوە کەمێک شنەبا، لە گەردەن و سینگ و بەرۆکی بدات.

شار بۆنی خوێنی لێ دەهات، کوشتن و بۆردمان و خاپوورکردن دیمەنی بەردەوام جوانی و ئاوەدانییەکانی ئەو شارە بوو، زانکۆش، ڕۆژ بە ڕۆژ، ئاوێنەیەکی دەشکا، یاسایەکی پێشێل دەکرا، چەپەکان توندکار و مەزهەبییەکانیش توندتر، هەردوولا ڕاکێش ڕاکێشیان بوو، مقۆمقۆ و دانوستانەکان و ناردنی سوپا و

هەڵگیرسانی شەڕ و پەلاماردان و بۆردومانەکانی بەردەوامی بەعسییەکان، ژیانی لەو شارە تاڵ کردبوو، هەموو کایە و بڕیار و دانوستانەکان کۆک و ساغ نەبوون، بەس کیژەکە، لەگەڵ عەشقەکە ساف و بێگەرد بوو، لەناو دووکەڵی ڕەش و خوێنی کوشتن و گەمارۆی گرتن و ڕاونانەکاندا، ئەو هیوای جوانی لە وردەنیگا، ژووانە کورتە سامناکەکان، هەڵدەگرتەوە، شەوانە هەمووی لەناو جانتاکەی دەنا، لە ماڵە شەوانەکەیاندا بە دەستەخوشکەکانی نیشان دەدا.

شەوانە، دەرچوون و ژووان نەدەما، ڕۆژانەش شیرینییەکانی دەکوژران، لەدوورەوە نیگاکردن لە دەرکەوتنی یەکتری بەحەسرەت دەبوو. هەموو نیشانە و ئاماژەکان ئەوەیان دەگەیاند (ڕۆژە خۆشەکان کورتن، شەوە تاریکەکان درێژ و دژوارتر دەبن)، چەند مانگێک، شارەکە، لەبن دەستی میللەتدا بوو، میللەتیش سەرچاوەکانی بڕیار و دەسەڵاتیان، لە حزب و کەسایەتی چەپ و مەلا و وڵاتپارێزەکان دەردەچوو، (ئەوانەی لە زیندانەکان شاهەنشا دەرچووبون، خۆیان بە کەس و دەنگ و بەیانی یەکەم دەزانی)، مەلاکان دەیانوت (هەر قورئان حاکم و فەرمانە)، یەکتریان بە داردەستی بەعس و بەغداش تومەتبار دەکرد، لە مەڵبەندێکی بەرزی لاچەپدا، ئیستگەیەک دەکرایەوە، لە ژوورێکی تاریکی بێ ڕووناکی، بەیانێک دەردەچوو، لە فەرمانی حزبێکی تر نیگا و ڕامانێکی زۆر جیاوازتر، ڕادەگەێندرا. مەهابادییەکان دەیانوت: حوکمی سنەییەکان پتەوتر و یەکگرتووترن. لە سەقز ئێرەییان بە ئارامی بۆکان دەبرد. لە بانە مەترسییەکان زۆرتربوون. لە نەغەدە مەلایەک فتوای دەدا و دەیووت کوشتنی مەزهەبی حەلالە. هەموو تاڵییەکان وەک کۆمەڵکوژی و بوردمان و

پرسەدارکردنی نەورۆزی ئەو ساڵە نەبوو، کە یەکەم و دوا نەورۆزی میللی ئەو شارە بوو، نەورۆز بە خوێنی شەهیدان سوور کرا، کۆبونەوەی ئاهەنگیان کرد، بە کۆبونەوەی ناشتن و مردن و پرسە گەورەکەی ئەو شارە شلۆقە.

سنە ساڵی ٢٠١٢

گایدەکە زۆر بەقووڵییەوە، گوێی لەو قسە و هەواڵە نوێیانە رادەگرت، تا باش لە نیگا و رازی ژنەکەش بگات، شەرمی

نەدەکرد، باش و رووبەڕوو سەیری ناو چاوی ژنەکەی دەکرد و دەیپرسی:

ئەدی ئەو چەپانە، کە ئەوەندە بە دەسەڵات و یەکریزبوون، کە چاویان لە تاڵان و راورووت نەبوو، زۆربەیان ئازاری زیندان و حوکمی درێژخایەنی ناو زیندانەکانیانی شاهەنشایان دیبوو، زۆریان هاورێی ئەزیز و تێکۆشەری نەبەردیان لەسێدارە درابوو، بە چاوی یەکسان و هاورێز سەیری ژنیان دەکرد، بۆ تەمەنی هەڤاڵبەندییەکە و بەرگرییەکەیان بەڕووی دەسەڵاتە لاوازەکەی تارانا، وا کورت بوو، (زوو شیرازەکەیان پسا) و شارەکانیان لەدەستدا، شەڕیان پێ نەکرا؟

کێ دڵی ئەو شارە دەخوێنێتەوە، کە لەناو چنارا سەوز و مەندە. کە پشتی دەداتە دارێکی ئەستوور، چاوێک لە ئاسمان دەبڕێت، یان کە شووشەبەندی هوتێلە بەرزە لاچەپەکە، سەیرێکی بەرزاییەکان دەکات، کەشەکە بەڕوونی دەبێت، کەس ئاسمانی گێسک نەداوە، دووکەڵیش بەلەز پەخشان نابێت، ئەدی ئەو ئاسمانە بۆ وا روونە؟ روونە، چونکە لەو شارەدا، یەک چەرخ و تۆربین، بۆ بەرهەم و دروستکردن و گەرمکردن و سازکردن ناسوڕێت، شارێکە کارگەیەکی تێدا نییە، شارێکە بازاڕەکانی تەنها خواردن و خواردنەوەی تێدایە، تاکە بەرهەم و دروستکردنیش لەو شارە، نان و سوورکردن و برژاندنی (کەلانە) یە!

ژنەکە میوانەکەی، بەناو کۆڵانەکانی قەیسەرییە باریک و جەنجاڵەکە دەبرد، ئەویش بەپەلە بوو، بگەنەوە تەنهاییەکی ئارام تا پرسیارەکانی وەڵام بداتەوە:

کێ وەڵامی ئەو پرسیارەی پێ دەدرێتەوە، پرسیارێک و رامانێکی گۆشەگیر و بێسەر بوو، بزاڤی کوردستان، لەوڕۆژانە زۆر ئاڵۆز و شپرزە بوو، چەپ و موسلمانەکان و نەتەوەپەرستەکان و (هزرە خێڵەکی) یەکە، لەناو یەکتردا گیر ببوون، ئینجا ئەوانەش چەند باڵ و رەوتی ئایدلۆژیا جیاوازی دژبەیەک و دوورلەیەک و فرەرەنگ بوون، کێشەکە و رەوشەکە ئاسان نەبوو، بەربەست بکرێت. ژنەکە وتی:

رەوشەکە وا بوو، بۆیە شارەکان پاش هێرش و بەرگری خوێناوی لەلایەن تاران گیرانەوە، گوندەکان و چیاییەکان، ماوەیەکی باش بوونە مەیدانی بەرگری، خۆراگریی. دەستی دەرەکی، رەوشە سیاسییەکەی وڵاتانی ناوچەکە، لەولاشەوە بەئاشکرا دیار بوو کەوا، هێرشەکانی حکومەتە ئیسلامییەکە دژوار و خوێناوی بوون، ئەوانەش قەوارە سەربەخۆییە کاتییەکەی، شارەکە و حزبەکان و ئاوەزە سەرقاڵەکانیان، بە دانوستان و کۆبونەوە و مشتومڕەکانی رووخاند.

_(وەک ئەوەی هەموو رامان و وردکارییەکانی ئەو رەوشە ناڵەبارەی ئەودەمانە راڤە کردبێت، ئەو لە هەموو سەرەداوەکان تێگەیشتبێت، هیچ سەرەنجێکی نەمابێت لەو دەپرسێت)، ئەدی تۆ؟

_منیش، لە دڵداری و خوێندن و مانەوەکەم، دڕک و ژان و چاوەڕوانی تاڵم بۆ مایەوە، (بەڵام ئەوەی سەرکەوت عیشقەکەم بوو)، من عاشق بووم، بۆ ئەو عیشقە زۆر گریام، زۆر لە خوێندن و شیعر و سەردانی خانەوادەکەم، دوورکەوتمەوە، کەوتمە بەر دەرگای تێڵبەندی زیندانەکان. خەڵک داوای دەکرد وڵات ئازاد

بێت، من دەمویست و پەریشان بووم، عیشقەکەم ئازاد بێت و بگەڕێتەوە وڵاتەکەم و پایتەخت و ئاڵاکەی خۆمی رادەست بکەم، خەمەکانی خۆمی پێشکەش بکەم.

_(بەپەرۆشییەوە)، ئەو ئازاد بوو؟

_بەڵێ، ئازادکراو! بەڵام پاش چاوەڕوانییەکی تاڵی زۆر دوورودرێژ، ئەو هاتەوە بەر دەستم، بەڵام کەسێکی رووخاو و شانشکاو و پەشیمان. (لەگەڵ ئەو قسانەش پەشیمانی لە ئاکاری ئەو دەخوێندرایەوە).

_کەواتە خەریکی ژیان و هێلانە بوون؟

_ من بڕوام بە رووخان و پەشیمانەکەی کرد، من دەمزانی چەقۆیە تیژەکە، چاوە زیندووەکەی رۆژانی پێش و رۆژانی یەکەمی ئینقلاب نەماوە. من زۆر باش چاوم لەسەر ئەو بوو، ئەو موڵکی من بێت، شەوی بۆ من بێت، رۆژی بۆ منداڵەکان بێت، بەڵام دەسەڵات، بواری نەدەدا بژین و ئارام بین.

قسەکانی ئەو چیرۆکە هەندێکیان، کە لە پەنایەکی ئاویەر، لەبن کەرتە کەرپووچەکانی قەڵاتی هەولێر، ئاخاوتنە کورتەکانی تەلەفۆنە گەرم و بەسۆزەکان کرابوون، لەبیرکران و نەنووسرانەوە.

سەعوودیە ١٩٧٦

لەناو کتێبەکەی تاریخی ئەربل و لێکدانەوە و تێزە دکتۆراکەی سامی ئەلسقار، کە بریتییە، لە رۆژانەی ژیان و سەربردە و کار و بەرهەم و ماندووبوونی بێوچانی ئیبنی مەستەوفی، بەڵام روونە کە مێژووەکە، ناوەرۆک و بابەتەکانی، رەنگدانەوەی رۆژگارەکە نەبووە.

من ئەو پرسیارە دەکەم، کە نیشانەی پرسیاری بەدواوە نەهاتووە، بەتووڕەییش نەکراوە، دیارە کەوا پرسیار نییە، بۆ وەڵامدانەوەش نەکراوە، کەواتە بێگومان رامان و سەرەنجێکە، منیش ئەو رامانە نەکەم، رۆژێک دێ، ئەو رامانە هەر دەکرێت، ناکرێ پرسیارکردن لەبیر خۆمان ببەینەوە و ترس و شەرم و رامان و... وامان لێ بکات، وەڵامەکان بکەینە پرسیار و چاوەڕوان بین، یەکێکی تر، یان بێگانەیەک پرسیارەکانمان بۆ بکەن، ئێمەش نووسینەکانیان بکەینەوە کوردی و بڵاوییبکەینەوە، بەسەرسامی و بەئافەرینەوە بیخوێنینەوە، دەستخۆشی لەو بکەین و نەپرسین، بۆچی خۆمان ئەو پرسیارەمان نەکرد. (ئایا ئیبنی مەستەوفی مێژووی ئەو شارە و ئەو میللەتە و رووداوەکانی ناوچەکەی نووسیوەتەوە)، یان ئەویش، لەکاتی خۆی پرسیاری نەکردووە، وەڵامەکانی نووسیوەتەوە، یان لەساڵانی سەدەی دوازدەی زاینی و پێشتر پرسیار و وەڵامدانەوە و کۆڕ و سیمینار و دەمەتەقی، نەک هەر نەبووە، بەڵکو قەدەغەش بووە، هیچ لە هۆکار و فاکتەرەکانی بوونی ئەوانە، ساز و ئامادە نەبوون!؟

ئەو کەسێکی زمانزان و نووسەر و شاعیرێکی بەتوانای عەرەب بووە، (ئەوە راستییەکە و نووسراوە، خۆی بە دەستی خۆی، بە زمانی خۆی نووسیویەتی و شانازی پێوەکردووە، شانازی عەرەبیش بووە) لەکاتی فەرمانڕەوایی عەباسییەکان، دەسەڵاتی عەرەبی ئیسلامی، باوکی ئەو وەک فەرمانبەر و جابی و وەزیر گەیشتووتە ئەو قەڵاتە، لەوێ ماوەتەوە، دیارە لەوێش ژنی هێناوە، چونکە ئەوانە کە هاتوون، ژنیان لەگەڵدا نەبووە، پیاوەکان تەنها دەست بەشیر و دەست بەقورئانەوە هاتوون. ئەوان لەو سێبەرە دانیشتوون، لە ئاوی پاکی کارێزەکان دەستنوێژیان شووشتوە، لەو

خۆڵە بەجەرگە خەڵکەکە خشتیان بۆ بڕیون، لە کوورەکان خشتیان بۆ سوورکردونەتەوە، منارە و مزگەوتەکانیان بە خەڵکەکە دامەزراندووە، ماونەتەوە، ڕێگاکانیش بۆ گەڕانەوە دوور و دژوار و ترسناک بووە، بۆیەش هەر لێرە مردوون و گۆڕەکانیان بە پەڕۆی کەسکەوە ماون.

ژنەکە دەستێکی بەردەوام لە دەستماڵەکەی سەر سەری بوو، ئەگریجەکەی بەرچاوانی پاڵدەدایەوە بنەوە، دەرزە کراوەکەی سینگی بەدەستی دەگرت، بەسەرسامییەوە چاو لە گایدەکە دەکات و پێیدەڵێت:

خوێندەوارەکانی هەموو ئیران، سەعدی شیرازی دەناسن، دەزانن شاهنامە چەنە مەزنە، گڵکۆ و مەزارەکەی دیارە، مەلا و زانا و خوێندەوارەکان نووسراوی سەر کێڵەکەیان خوێندیتەوە. سەر بۆ پەیکەرەکە بەرزدەکاتەوە و دەڵێت:

ئەوەش وایە، دەفتەرەکەی بن دەستی پیرۆز و ناسراوە؟

گایدەکە دەڵیت:

دەزانی فیردۆسی لەودەمانە ژیاوە، کە ئیبنی مەستەوفی ئەو کتێبەی نووسیوە، (لەگەڵ زەنگی تەلەفۆنەکە، دەست بۆ گیرفانی یەکەمی دەبات، تەلەفۆنەکەی لەوێ ناکەوێتە ناودەستی، بەپەلە دەستی بۆ گیرفانی دووەمی دەبات، لەوێ تەلەفۆنەکە دەردەهێنێت، سەیری ژمارە و ناوی کەسەکەش دەکات، کە زەنگی بۆ لێداوە، ئینجا بەکورتی وەڵامی تەلەفۆنەکە دەداتەوە). لەو شارە گەورەیەدا، لەو حەشاماتەی لەو مەیدانەدا، وەک هەنگ (دەستیان کردووە بەباڵ و قسە دەکەن و دەفڕن)، ئەوانەی لەدیار سەمای ئاوە سپی و بەرزی پارکەکە دانیشتوون، بڕوا ناکەم

کەسیان بزانن ئەو کتێبەی بن دەستی ئیبنی مەستەوفی چییە، نازانن...!

ژنەکە رەنگی سوور هەڵدەگەڕێت، چاوەکانی گەشتر دەکات و دەڵێت:

چۆن ئەوە نازانن؟ نازانن ئیبنی مەستەوفی چی نووسیوە!

پیاوەکە، بە دەستی چاویلکەکەی لەسەر لووتی راستدەکاتەوە، کەمێک توندی دەکات، هەست دەکات دیمەنەکە روونتر و باشتر دەردەکەوێت و دەڵێت:

نازانن، بۆ بزانن! (لەگەڵ ئەو رستە بڤەیەی لەدەمی دەردەچێت تووڕە و ترساو دیاربوو)، حەقی خۆیانە کە نازانن، چونکە مێژووەکە باس لە رەچەڵەک و خزمانی ئەو خەڵکە ناکات، کەسیان ناوی خۆیان و رەچەڵەکیان، لەو کتێبە گەورەیەدا نادۆزنەوە. (ئەو بە دەستی سڵاوێک وەڵام دەداتەوە، بە جوولەیەکی نەرم دەیەوێت، کەمێک خۆی بەرزتر بکاتەوە، شانی هەڵدەتەکێنێت، بەوەش دڵنیایی رامانەکەی دەسەڵمێنێت)، شیعرەکانی ناو کتێبەکەی، باسی دڵداری دایک و داپیرەکانیان لەگەڵ بابە گەورەکانیاندا نییە. کتێبێکی گەورەیە و ئەو زۆریش ماندووبوە کە نووسیویەتی، ئاسان نییە پەیداکردنی ئەو سەرچاوانە، بۆیە دەبێ ئەو شارە و قوتابخانەکانی ئەودەمانە، چەند گەرم و بەهاموشوو بووبێت، کە ئەو توانیویەتی ئەو هەموو بابەت و لێکدانەوە و شیعرەکان تێدا کۆبکاتەوە. من دەپرسم و زۆریشم لەلا سەیرە، کە ئەو، لەو شارە دەرکراوە و چوویتە موسڵ، دەستنووسەکانی چۆن بۆ بارکراوە، دیارە زۆریش خەمی پاراستنی خواردووە.

کتێبەکە دەناسن؟

ئەو کتێبە پیرۆزە، باس لە شارێک دەکات، بەڵام کەس خۆی لەناو دێرە کۆن و نووسینە کوفییەکەی کتێبەکە نادۆزێتەوە. ئەوانەی دەچنە بەر سێبەری پەیکەرەکە، لەبەر ئەوەیە کەوا شارەکە پەیکەرەی تێدا کەمە، شوێنەکەشی زۆر بەرچاوە، چاوی شارەکەیە، بەڵام کەسیان نازانن ئەو لە هەر چوار بەرگی کتێبەکەی چی نووسیوە. کە گەورەیی ئەو کتێبە شکۆی بەو شارە و بەو قەڵاتە داوە، بۆیە کراوە بە کلیلی قەڵاتەکە، بووە بە خوتبەی ئیمامی مزگەوتەکانیشەوە، هەزارەها کەس بەملکەچی،

لەبەردەمی دانیشتوون و گوێیان لە لێدوان و شرۆڤەکانی گرتووە، ڕیزی زۆریان گرتووە و دەگرن، بەڵام کەسیان کتێبەکەیان نەدیوە، کەسیان نازانن ئەو لە نووسین و ناوەڕۆکی ناوی کێی بردووە، بە مەرەکەب ناوی کێی نووسیوە، ئینجا خەڵکەکە منالّی بەناو دەکەن، سوێندی بە گۆڕی دەخۆن، دڵنیان کەوا بەناوهێنانی ئەو لە نەخۆشییەکان چاکیان دەکاتەوە، فەرموودەکانی هەتوان و سۆنار و پشکنینە، بۆ ئەو ئازارانەی پێچیان پێ دەکات و بەر چاویان تاریک دەکات.

گایدەکە دوو جگەرە دەردەهێنێت، یەکێکیان پێشکەشی ئەو دەکات، ژنەکەش دەپرسێت، لێرە ئاساییە ژن جگەرە بکێشن؟ کە بە بەڵێ وەڵامی دەداتەوە، بەیەکەوە ئاگرەکانیان لەیەکتری بەردەدەن. با لەو خەڵکە بپرسین بزانین کەسیان ئەو دەناسن، دەزانن لەبەر ڕاژەی چی ئەو پەیکەرە، بۆ ئەو زانایە سەر بە عەمامەیە کراوە، کەس دەزانێت، ئەو پیاوەی لەو بەرزاییەوە دانیشتووە، سەیری ئەو میللەتە دەکات، چاوی بڕیوەتە ئەو ئاوەدانییە، چۆن گەیشتووتە ئەو پایەیە؟ چۆن ئەو شوێنە بەرزەیان لەو شارە پێداوە؟! کەس ئەو دەناسێت؟

نازانم ئەو پرسیارە زووتر کراوە، یان من ئەوە دەپرسم:

کام شار، لەو دەڤەرە، وەک ئەو شارە بەختیار بووە، کەوا مێژوویێک بەناوی ئەو نووسراوە، پێش هەزار ساڵ، پیاوێکی لایدە و عەرەبێکی میوان، دەسەڵاتدارێکی پارەدار، کاتی خۆی و چاوی خۆی، بۆ نووسینی مێژوویێک تەرخانکردووە و ناوی ناوە تاریخی ئەربل. شەرم ناکەم کە سەرم سپییە ئاساییە بپرسم، کەستان ئەوە دەزانن!

بۆ هەر من بپرسم و رامانم لەسەر ئەو سومبڵەی بەر دەرگاکەی قەڵاتەکەمان هەبێت، دە تۆش بپرسە، لە پرسیارکردنا ئازاد بە و بڵێ:

ئەدی ئەو نەینووسیوە، کەوا لەو شارەدا، بازاڕ و قەیسەری و دووکان و نانەواخانە و مەکتەب و شوورە و جۆگە و جۆبار و مزگەوت و گەڕەکی زۆر و گۆڕستانی گەورە و برینی کوشندەش هەبووە، ئەوانە هیمای شار بوون، ئەوەش بۆ ئەو شارە و ئەو سنوورە شیرازە و پێناسەی شارستانی نییە!؟

من دەڵێم:

ئەو وتوویەتی و بە فەرمان و بە نووسین و بەناوهێنانی زۆر، لە کاربەدەستەکانی ئەودەمانەی شارەکە، لێرە ئەمارەتێک لەو سەردەمەدا بەناوی ئەمارەتی ئەربل هەبووە و فەرمانڕەوا و دەسەڵاتی زۆری هەبووە.

_بەڵێ، ئەوەی نووسیوە و کتێبەکەی بەو ناوەیە.

_کەواتە مێژوویێکی دێرینی تۆمارکردووە.

_بەڵام مێژووەکە، باسی حکومەتە داگیرکەر و دەسەڵاتە بێگانەکەی کردووە، کتێبەکە مقامێکە ئاوازەکەی سۆزمان ناجولێنێت.

_واباشە، بەردەوام کاری لەسەر بکرێت، ئەو کتێبە وا بەئاسانی لەبیرنەکرێت و ون نەبێت.

_بۆیەش لەبەر چاوان دانراوە تا لەبیر نەکرێن!

_بۆ دیارە ئێوە فێرن، ئەوەی لەبەرچاوان ون بوو لەبیر دەکرێت.

_مەرج نییە!

هەردووکیان، لەدوورەوە، ڕووبەڕوو سەیری پەیکەرەکەیان دەکرد، بێ ئەوەی کەس مەبەستی بووبێت، ئەو پەیکەرە بکاتە سومبڵی شارەکە، لەوێ دانراوە و ڕۆژی دانانەکەش، سەردەمێکی تاڵ و ناخۆش بوو، لە ڕۆژی پەردەلادانەکەی، تەنها ژمارەیەک بە چەپڵەیەکی شەرمنانە، پاش کەوتنە خوارەوەی پەردە سپییەکە دوودڵ بوون لە شانازی یان ...

ژنەکە چۆن ڕۆژانە، لەپشت پەنجەرەی ژوورەکەی سەیری باخەکەی بەرامبەری دەکرد، بەو شێوەیە لەدیار پەیکەرەکە چەقی بەستبوو، لە سەیرکردن و ڕامانەکەش دوودڵ نەبوو، بۆیەش دوایی پێشنیار و پلانی گایدەکە قبووڵ دەکات، بۆ ئیشکردن، بۆ هەڵگرتن و لادانی پەیکەری نووسەرێک تاریخی ئەربلی نووسیوە، هەر لەسەر ئەو سەکۆیە و لەبەر چاوە گەشەکەی ئەو نافوورە سپییە، پەیکەری نووسەرێکی تر کە ئەویش کتێبێکی بەناوی (تاریخی ئەربل) نووسیوە دابنێنەوە، بەڵام! ئەویان پیاوێکی ئیمانداری سپی ناسکی هەولێری بوو.

قەیسەرییەکانی هەولێر

ئاسان نەبوو، ئەگەرنا هەردووکیان، بەجل و پۆشاکی سەردەمەکەی ئیبنی مەستەوفی، لەو رۆژەدا دەردەکەوتن، تا بەیەکەوە لە کۆلانی بەرامبەری قەلات، دەچوونە ناو قەیسەرییەکە، تا بزانن لە سەردەمی ئەمارەتی ئەربل ئەو قەیسەرییە چۆن بووە، ژن و پیاوێک، دەست بە زەمبیل و شان بە شاڵ و ئاکار نوورانی، دەکرا بازاڕییەک بکەن؟ دەنگە دەنگ و تەقەتەقی سەفار، دەستی نەرمی کارگەچی، چاوی خامەنووس، رووبەری خان، ئاپوورەی مەزاد و دەلال، ئاوی ساردی کوپە سەرداپۆشراوەکان، ترشی بەتامی گۆزەکان، پیستی پەنیر و شیرینی هەنگوین، لە سەردەمی سوڵتان موزەفەردا هەبووە؟

بەیەکەوە ژن و مێردێک، ئاسایی بوو، بچن لە دیمەن و ڕەنگ و بۆنە تیژەکان بگەڕێن.

پاش هەزار ساڵ، وا ئەوان بەپەرۆشەوە، بۆ دۆزینەوەی ئەوانە هەنگاویان هەڵگرتووە، پەیکەرەکەیان بۆ تیشکی کامیرا و رامانی نیگاکان جێهێشتووە، لە بوارە تەسکەکانی قەیسەرییەکە، گایدەکە زۆرتر لەو نزیک دەکەوتەوە، بۆیە هەستی بە بۆنێکی سیحراویی لەو دەکرد.

لەسەردەمی ئیبنی مەستەوفییدا، ئەو کۆڵانە باریکانەی ئەو قەیسەرییە جەنجاڵە کۆنە، شەوانە دەرگاکانیان داخستووە، خەڵکەکە لەو بازاڕەدا، خۆیان پێچاوەتەوە، بەرەو ماڵەکانیان سەرکەوتوون، لەدوای خۆیان دەرگای قەڵاتیشیان لەسەر خۆیان داخستووە، بەڵام شەوانە لە ئارامترین هێڵانەدا، نووستون و چالاکانە بەیانیان، دووبارە هەموو دەرگاکانیان کردوتەوە، هاتونەتەوە قەیسەرییەکان، بەوەش بۆنە خۆشەکەی شەویان، لە رۆژە گەرمەکان پەخشان کردووە.

ئەگەر ئیبنی مەستەوفی، لە کتێبەکەی، لە هەموو بەرگەکانی کە زۆرباش و روون نییە، بەرگەکان ژمارەیان چەند بووە، گەریدەکان، ئەوانەی دەسنووسەکەیان گەیاندبووە دبلنی ئیرلاند، ئەوان بزانن. ئێمە نازانین چەند لاپەڕە و چەند باریان بردووە، نازاندرێت، لەکام مزگەوت، لەگەڵ کاروانی هیندییەکان بووە، یان لەناو کۆشکی عوسمانییەکان دۆزراونەتەوە، کەس نازانێت! ئەو دەسنووسانە، پاش مردن و راکردنی ئیبنی مەستەوفی، بەدیاری بۆ والی و سولتانی ئەیوبییەکانی وڵاتی (شام و میسر و عەکا) یان بردووە، لەوێش دەریای سپییان بەزاندووە، گەیشتوونەتە ناو

شووشە و جامخانەی بە پەروازەی داخراو. ئەگەر ئەو لەوێ، باسی قەیسەری شارەکەی نەکردووە، بۆیە دەڵێن رەنگە دەست و خامەی هونەر، یان خەیاڵی نووسینی ئیمڕۆ بتوانێت، ئەوەمان بۆ بکات!

دەرگای ئەحمەدییەی قەڵات

ئەو نەرم نەرم، هەنگاوەکانی بۆ هاتنەخوارەوە لە قەڵات دەژمارد، بۆ ئەوەش دەرگای ئەحمەدییەی پێ باشتر بوو، ساڵدانە ساڵدانە، خۆی رادەکێشێت، تا هاوسەنگی دابەزینی لەنگ نەبێت و دێتە خوارەوە، لەدوا هەنگاوی رێگا قیرتاوەکە، کە تەنها لەلایەن کارمەندانی تایبەت بە نۆژەنکردنەوەی چەند خانووێکی قەڵات بەکاردێت، ئەو دەگاتە ئاپووڕە چڕەکەی شارەکە، کە زۆر دەیترسێنێت، لەسەر زمان و لەبن زمانییەوە دەڵێت:

ئەگەر ئەو شارە، لە هەموو کارەساتەکان دەربازی بووبێت، لەو قەرەباڵغییە دەرچوونی ئاسان نییە، هاوڵاتیان بیر لە قوربانییەکانی ئەو پێشهاتە ترسناکە ناکەنەوە!

شارەکە گەورەیە، روو لە لەهی هاتن و کەمی دەرچوونی خەڵکەکە ناگیرێت، ئەو شارە هەر وابووە، هاتن لە دەرچوون و گەڕانەوە زۆرتر بوو، بۆیەش بویتە شار و شارێکی بەردەوام ئاوەدان. ئەوە بیانوو نییە، هەموو شارە گەورەکان، چڕ بەئاوەدانی، ئەوانەی هاتنە ناوەوەی زۆرە، دەرچوونی تێدا کەمە، ئەو جۆرە شارانە زۆرن، بەڵام بواری هەناسە و دەربازبوونیان تێدا زۆرە.

لەناو حەشاماتە چڕەکەی ئێوارانەی شەقامەکەی بن قەڵات، کە ناوێکی رەسمی نییە و نەبووە، هەر پێیان وتووە شەقامی (بن قەڵات) یان جادەکەی (چواردەورەی قەڵات)، ئەو جێی پێی دەربازبوون دەدۆزێتەوە، دەچێتەوە ناو کتێبفرۆشەکان، سەیری رێزبوون و رەنگ و ناوی کتێبەکان دەکات، کە لەدوورەوە کتێبەکان لەو دەردەکەون، ئەو زۆری بەبیردێتەوە و مەستانە لەبەر خۆییەوە دەڵێت:

جاران و لە سەرەتای خۆناسین و شارەزابوونم، کە هاتمە ناوبازاڕ، لە چایخانە گەورە شووشەبەندەکەی عەبۆدا، لەناو کەرەوێتە زۆرەکان، لە گەرمەی دانوستان و یارییەکانی شەترەنج و دامە و تەقەتەقی دۆمینە و مردنی دووشەش، دەستی پڕ لە پیاڵەی شاگردەکان، بۆ سەیرکردن و پێگەیاندنی خۆم لەو قاوەخانەیە، بستێک و شوێنێکم بۆ خۆم دەکردەوە. لەورۆژانەوە

عاشقی کتێب بووم، پارەی پارووی دەمی خۆم، بە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکان داوە.

چیرۆکی من و کتێب، کۆنە و لە تەمەنی خۆم کۆنترە، لە خۆم گەورەترە. ئێمە کەسمان نەبوو کتێبمان بداتێ، کەسمان نەبوو لەکن ئەوان کتێب بخوێنینەوە، لە ماڵی خۆمان، لە گەڕەکی خۆمان، لەناو خزمەکانیشمان، کتێب لەسەر تاقەکان، لەتەنیشت سەماوەر و فرفوورییەکان، لەناو باولەکان و لە سەندوقە دارەکەش کتێب هەر نەبوو، بۆیە من بە خۆم و بۆ خۆم زوو کتێبم کڕیوە.

لەوڕۆژانەوە، کە کتێبم هەبووە، بڕوا ناکەم، کتێبکم کڕیبێت و کتێبەکەم ون کردبێت، یان بەرگی لەبن دەستم دڕابێت، یان دوو دێرم لەسەر لاپەڕەیەکی کتێبەکانم، بە قەڵەمی ڕەش، یان بە مەرەکەب لەسەر نووسیبێت. من کتێبم زۆرباش و پاک هەڵدەگرت، بەنازەوە هەمووم بەرگ دەکردن و ناوم دەنووسین و دەمسڕینەوە، ژمارەم لەسەر دادەنان. بەبیرم نایێت لە سەفەرکردنم بۆ شارەکان، بێ کتێب هاتومەتەوە، کە لە میوانداری کتێبێکم نوقلانە دەستدەکەوێت، شادومان دەبووم، ماڵەکەم بەپیرۆز سەیر دەکرد، هەرگیز ئەو سەردان، ئەو ماڵە، ئەو کۆڵانەم لەبیر نەدەکرد.

کۆڵانی کتێبفرۆشەکانی هەولێر

کە بەتەمەن گەورەبووم و بوومە فەرمانبەر، کە کاروباری خەڵکم کەوتە بندەست، بە کتێب ئیشم بۆ خەڵک کردووە، کتێبم بە بەرتیل وەرگرتووە. کە بوومە خاوەن ئوتومبێل و لە ڕۆژانی گەرمای مانگی تەموز و هاویناندا، لە شەختەی زستان و بارانا بە کتێب، خەڵکم لەگەڵ خۆم سوار کردووە، ئەوەی کتێبێکی لەدەست بوایە، لەرێگادا بەرگەم نەدەگرت، کتێبەکەم لێ وەردەگرتن و سەیری بەرگ و پێشەکییەکەم دەکرد، چەند لاپەڕەیەکی کتێبەکەم، هەر بەپەلە هەڵدەدایەوە، سەیری ناوی چاپخانە و

نرخەکەی پشتەوەم دەکرد. هەر بە کتێبیش، بە رۆمانی دەگمەن دڵی پەپوولەی ناسکی چەند ژن و کیژێکم، کەمۆ کردووە و ماوەیەکیش پەرۆشی ژووانیان دەبووم، من کتێبی هەمەجۆری زۆرم هەبوو.

بەڵام ئێستا، پاش گۆڕینی شوێن و نیگا و تەمەنەکەم، وادەزانم کتێب، تەنها بۆ خوێندنەوەیە، بۆ ئەوە نییە لەناو جامخانەی ژوورەکانی پێشوازی، لە ماڵەکان و لە دەزگا و ئۆفیسەکان دابنرێت، کتێبێکم بەخۆڕاییش ناوێ، ئەگەر دڵنیا نەبم کە دەیخوێنمەوە، ئەگەر لاپەڕەکانی بابەتێکی تێدا بێت، من پەرۆشی نەبم. من بیوگرافیای هەموو کەسێکم دەوێ، نووسینم لێ دەبێت بە شیعر و زۆریش رۆمانەکان وەک شیعر دەخوێنمەوە، ئەگەر شیعریش رۆمان نەبێت، وادەزانم شیعر نییە، ئەگەر بیوگرافیا مێژووی تێدا نەبێت بیوگرافیا نییە، لە رووداوەکانییدا عەشق و پیرۆزیی و راستگۆیی زۆر دەدۆزمەوە. کە لە دیالۆگی ناو رۆمانێک، دوو عاشق قسە دەکەن، من لە هەموو قسەکانیان تێدەگەم. کە باس لە ژانی بریندار‌ی شەڕێک، یان برسیەتی رۆژانەی شەڕی ناوخۆ، زەبری کڵێسا، زۆرداری پیاوانی ئاینی، سووتانی رەز دەخوێنمەوە، دیمەنەکان بۆ من نامۆ نییە.

کە خانم سەنیعی لە رۆمانەکەی (بەشی من) دا، باس لە نەهامەتییەکەی خۆی دەکات، کە قسە لەسەر ژانی جەستەی ژن و ماڵ و هزری وڵاتەکەی دەکات، من ئەوەندە بۆی پەریشان دەبم، دەمەوێ رۆمانە درێژەکەی ئەو بە دوو رۆژ تەواو بکەم، بەپەلە بزانم ژنە داماوەکە، پاش تەمەنێکی درێژ بە ئەشکەنجە دەگاتەوە سەعیدی یەکەم خۆشەویستەکەی، ئەوەی یەکەم کەس بوو بۆی سووتا و خۆشیویست، بەڵام هزری نەزانین و دوژمنانی

ئەڤین، دڵ و چاویان شکاند و لەو دوورکەوتەوە، دەمویست زوو بزانم  ئەوانە یەکجاریش یەکتری ماچ دەکەن، یان ئەو دوو عاشقە، لە دوو وڵاتی دوورەوە، بەچاوەڕوانییەوە چاوەکانیان بە چاویلکەکانیان گیر و چەسپ دەبێت، دوا وشەش لە زمانی هەردووکیان ئەوەیە، کە بەسوتانەوە ناوی یەکتری دەڵێنەوە!

بەڵام ئەو رۆژەی، پیاوە گایدەکە، لەگەڵ ئەو ژنە، وەک گایدێک لەسەر قەڵات، کە لەو دەرگایە دەچێتە خوارەوە، باسی کتێبی لەگەڵدا نەکرد، قسەیان لەسەر ناونیشان و بابەتی رۆمانەکانی پامۆک و همنگوای نەبوو. هەردووکیان دەهاتنە خوارەوە و خەمی ئەوەیان بوو، ناویان لەناو کتێبەکەی ئیبنی مەستەوفییدا نییە، لەو کتێبە گەورەیەدا، کە بەنازەوە، لەسەر چۆکی پەیکەرەکە دانراوە، رەنگ و ناویان نییە، بۆیە ئەوان و کەسانی زۆری تریش مەبەستیان بوو، لاپەڕەیەکی بگۆڕن، کتێبێک جێگای بگرێتەوە چەند ناو و رووداو و بەسەرهاتی تری تێدا نووسرابێت، هەموو سەیری بکەن و زمانەکەی بزانن و ناوەکان بناسنەوە.

پاش ئەوەی رۆژانە، ئەو دەبووە تریفەی دەوری پەیکەرەکە، لە ئاپوورەکەی خوارەوە بێزار دەبێت، بەسەر قەڵات دەکەوێت، ناوی گایدی بەدوو دەوکەوێت، دەبێتە گایدێکی میللی و سەربەخۆ، بۆیەش زوو، ئەو نازناوە وەردەگرێت، گایدەکانی هەموو شارە کۆن و گەشتیارییەکان سەریان سپییە، زۆر گەڕاون، وەک کەسانی سەرکەش ژیاون، ئەویش بە چەند هەفتەیەک دەبێتە یەکەم گایدی گەشتیاری، ئەو خۆی بەدوای گەشتیارەکاندا دەگەڕێت، سەیری چاویان دەکات، تا شتێ لەو بپرسن. ئەو لەوان نزیک دەبێتەوە و سێبەریان بۆ دەکات، بەو تەمەنەوە کاریان ئاسان دەکات، تا بە گاید بیناسن، پرسی پێ بکەن، بە رێنماییەکانی

بڕوا بکەن، بە قسەکانی سەرسام بن و بەیەکەوە قاوەیەک بخۆنەوە، بەیەکەوە زۆر قسە بکەن، لەنێوانیاندا شەرمی تەمەن و زمان و دەنگ و فەرهەنگ نەمینێت.

گایدەکە، لە گەشتەکانی ناوشاردا، تاوەری هوتێلە نوێیەکانی پشت پارکە گەورەکەی، بە میوانەکان نیشان دەدا. لەسەر شۆستە باریکەکەی ناو گوڵ و چیمەنەکەی شانەدەر، چاوی گوڵی بۆ دەژماردن، شیعری بە گوڵ دەشوبهاند، دەستە دەستە گەشتیارەکانی ئارەزوو دەکرد، لەدوورەوە هەست لە بانگدانی کۆنی سەر منارە کۆنەکەی مزگەوتی چۆڵی بگرن.

ئەو کە سەرخۆش دەبوو، کە لەدوورەوە ئاگر و رووناکییە بازنەییەکەی شار و چاوە گەشەکەی قەڵاتی دەبینی، نەیدەویست لەو شەقامە، لە ئاست ئەو رووناکییەدا دووربکەوێتە، بەڵام چ بکات، دەڤەرەکە بە شەو کشومات دەبوو، بۆیەش ئەو دەیووت:

من زۆر بەسەر ئەو قەڵاتە دەکەوم، لەدیار پەیکەرەکەی ئیبنی مەستەوفی دەوەستم، بیر لە دیمەنە کۆنەکانی ئەو گوزەرە دەکەمەوە، ئەوەش خوویەکی کۆنی منە و لەمێژە من وا دەکەم، چونکە من لەو بەرزاییەوە زۆرجار دەرگای حەوشەکەی خۆمانم، لەدوورەوە ناسیوەتەوە، سەردەکەوتم و بەحەسرەت بووم بتوانم جارێک لەناو کۆڵانەکانی ئەو قەڵاتدا بسوڕێمەوە، هەتا نەببوو بە کەلاوە، هەواری خەڵکی گوندە بوردمانکراوەکان، لە قەڵاتێکی ئاوەدان و نەخشینەوە، دەبێتە ماڵی خێزان و بنەماڵە داماو و راونراوەکان.

ئەو مناڵ بووە، لە خوارەوە دەرگا داخراوەکەی قەڵاتی هەزارەها جار دیوە، وایدەزانی ئەو قەڵاتە (سێو) ێکە، لەناو دەستێکی

ناسک و بەرز راگیراوە، ئەو جاران وایدەزانی خەڵکەکەی ناو ئەو قەڵاتە، (ناسک) ترن، لە خەڵکی خانەقا و سەیداوە و گەڕەکەکانی تر، جەستە و پێستە و چاویان (نەرم) ترن، ناسکن و زۆرتر تیشکی خۆر، کار لە چاو و دەست و پێستیان دەکات. ئەوان وەک لۆکە و وەک بەفرن، بە تیشکی گەرمای خورما، گەرمای گەلاوێژ دەتوێنەوە. ئەو کە مناڵ بوە وایدەزانی قەڵات شارێکی ترە، میللەتێکی تری تێدا دەژین، ژنیان زۆر داپۆشراو، پیاویان زۆر داخراو، کوڕەکانیان قەڵەوتر، کیژەکانیان پەمبەترن. ئەوان شوێنەکەیان بەرزترە و سەربانەکانیان بەرزە و لە ئەستێرەکان نزیکترن، ئەوان زۆرتر تریفەی مانگ لە دەموچاویان دەدات.

ئەوانەی لەو قەڵاتە لەدایکبوون، لەوێ چوونەتە مەکتەب، لە گەرماوەکەی قەڵاتیش خۆیان دەشۆن، لە مزگەوتی خۆیان نوێژ دەکەن، گوێ لە خوتبەکەی موفتی دەگرن.

قەڵاتییەکان خانووەکانیان دوو نهۆمە، نەخشەی خانووەکانیان تایبەتییە، لە حەوشەی هەندێکیان حەوزی ئاو هەبووە، پیاوانی سەقا بۆیان پڕئاو دەکات، ئەوان ژوورەکانیان گچکە و چوارگۆشەیە، پەنجەرەکانیان شووشەی رەنگاورەنگە، کەرپووچەکانیان کۆن، کۆڵانەکانیان باریک و دەرناچن، ئاودەستەکانیان، لە نهۆمی سەرەوەیە، بە سوڵاوکەی سیرامیک بە بیرەکانەوە بەستراونەتەوە، ستارە و مێردرەوەکانیان بەرزترە. لەو ماڵانەدا جوولەکە و کریستیان کەمە، هاتوچوو و ژاوەژاوی کەمترە، شەوانە قەڵاتەکە بەرزتر دەبێت، بەئاسانی دەگاتە ناو هەور، خەڵکەکەش بەو سەبەتە ئەستێرەوە، بە دیمەنی دەشتە سەوزەکەی بەرامبەریان زووتر و ئارامتر هەتا کازیوە، جوان

دەخەون، پەنجەیان وەک باران نەرمە، خەڵکەکە درەنگتر دەمرد و زۆرتر دەژین، ئاگری نەورۆزی ئەوان دروست و پیرۆزترە.

بەیانیان، کە دەرگای قەڵاتەکەش دەکرێتەوە، پیاوەکان بەرەو قەیسەری دەڕۆیشتن تا دووکانەکانیان بکەنەوە، دەرگا دارە دوودەرییەکانیان بکەنەوە، تۆزی خۆڵە نەرمەکەی سەر کالاکانیان پاک بکەنەوە، بە مەسینەیەک ناو دووکانەکە و بەردووکانەکان دەڕشێنن، ئینجا کارگەچییەکان خەریکی لوا و لباد و لێفەکانیان دەبوون، مسگر و سەفار و زێرینگرە جوولەکەکان و تەنکەچییەکان و ئاوریشمچییەکان و کوتاڵ فرۆشەکان و کورتاندرووەکان و ناڵچییەکان و پینەدۆز و چایەچییەکان، زۆر چاپوکانە دەجولێنەوە، ئەوانە هەموویان، چاویان لە دەرگای خانەکان بووە، بەتایبەتی خانی سپی، تا هاودەنگە لادێیەکان روویان تێبکەن، پرێسکەکانیان لەبەر دووکانەکانیان بکەنەوە، بۆنی کا و دووکەڵی بەرئاگردانی ناوسێرییەکانیان لێوە هەڵمژن، چاوەڕوان بوون، تا بزانن دڵیان بە بارانەکە خۆشە، یان هەر چاوەڕوانن لە ئاسمانەوە، بارانی زۆرتر، زەوی و شکارتە و دەغڵ و تەبارە و بەیارەکانیان تێرئاو و رەباس بکات، یان (هەر چاویان لە خەڵکی قەڵاتە، تا لە بەرزاییەکانەوە، لە سەربانەکانیانەوە، بۆیان بانگی هەورەکانی سەر سەریان بکەن)، تا بارانەکە روو لە ئاقارەکانیان بکات، زۆرتر تەڕیان بکات، بەو بارانە زۆرەش دڵۆپەی شەوانە بە کورتەکی لۆکەیان بکەوێت، ئەگەرچی گوێیان لەو دڵۆپە بارانە نەبێت، کە هەراسانیشی دەکردن، ئەوان کە تەڕ دەبوون، خوێنیان سوورتر و چاویان رەشتر دەبوو، هەوەسیان بەجۆشتر دەبوو.

ئەوانە، کە دەهاتنە شار، دووکاندارەکان ئەوەندەی قسەی خۆش و نانی جوان و چای شیرین و دیاری ناسکیان هەبووایە، بۆیان ئامادە دەکرد، ئەوانیش، بەدڵسافییەوە، دەسکەوتی بەرهەم و داهاتەکانیان، بۆ مسۆگەرکردن و دابینکردنی کالا و پێداویستییەکان، بەخۆشییەوە لەناو دەستیان دەکردن. شارەکە وابوو.

بەڵام! ئیبنی مەستەوفی، لە کتێبەکەیدا ئەوانەی نەنووسیوەتەوە، بە زمانی ئەوان، شیعرەکانی کۆنەکردیتەوە، چیرۆکەکانی وا نەگێڕاوەتەوە، ئەوەش نەخوێندراوەتەوە، بۆیە هەر چوار بەرگەکەی، کە ئێستا بە دوو بەرگی قەبارە گەورە و بەرگ بریقەدار چاپکراوە، کتێبەکەی سەر کۆشی پەیکەرەکە خەون و رەنگ و بڕوا و خواردنی، وەک ئەوانە نەبووە، ئێستاش هەموو دەزانن، کەوا کتێبەکە باس لە ماچ و لە کار و خەونی لێشاوی خەڵکی ئەو شارە ئەو میللەتە ناکات، گایدەکە کاردەکات و دەیویست، ئەو کتێبە و ئەو پەیکەرە بگۆڕێت.

سوڵتان موزەفەر

تەمەنی ئەوانە یەک سەفەر بووە، وەزیر و والی و قازی و سەرکردەکان، یەک سەفەریان کردووە، لەو سەفەرەدا یان لە رێگادا، یان لەناوەندی سەفەرەکە، یان لە هەوارەکەدا مردوون، مردن تەواوبوونی سەفەرە و سەفەریش بۆ مردن بووە، لەنێوان مردن و سەفەر پەیوەندییەکی کورت بوونی هەبووە.

سوڵتان موزەفەر هاتووتە هەولێر، بوویتە ئیمام و خاوەنی شارەکە و تێدا مردووە، بە یەک سەفەر، ژیانیان کۆتایی هاتووە، بۆ مردن سەفەریان کردووە و لە سەفەرەدا مردوون.

کە موزەفەردینی کوکبوری، ئیمامی ئەمارەتی ئەربل، زاوای سەلاحەدینی ئەیوبی لەو سەفەرەدا دەمرێت، ئیبنی مەستەوفی واز لە وەزارەت دەهێنێت، لەماڵەوە خەریکی نووسین و وانەبێژی دەبێت، مێژوو دەنووسێت، مێژووی شیعر و جوانی رازی رستەسازی، زمانی عەرەبی بە زانستخوازەکانی دەڵێتەوە، بەڵام کە تەتەرەکان، سەفەری ئەو شارە دەکەن، بۆ مردن ئەو شارە و ئەمارەتەکە دەگرن، لەو سەفەرەدا، ئەو شارە و شار و ئاوەدانییەکانی تری ناوچەکە، وێران دەکەن، زاڵمانە تەڕ و وشک دەسوتێنن، ئەوەی سێبەری هەبوایە دەیروخێنن، ئەوەی رێبوار بوایە قاچی دەبڕن، زەخیرەکان باردەکەن، نان دەرفێنن و دار دەسووتێنن، ئاسمان بە دووکەڵ دادەپۆشن، کەوانە و ساپیتەکان و بنمیچەکان و شوورەکان و کلاورۆژنەکان و سەکۆکان دەڕمێنن، ژیان دەکەنە مەرگەسات و کوشتن و خوێن و هەتیمی و داماوی، چاو کوێر و گۆرستانەکان گەورە و زامەکان قووڵتر و ئەسرین و ئەشکیش گەرم و بەجۆش دەکەن.

ئەو زانا و نووسەرە لەو شارەدا، هەوار و گەنجینە و یادگاری هەبوو، چاوی لەو رەوشە ناڵەبارە هەڵنایێت، هەواڵ و راسپاردە رەوانەی حەلەب و موسڵ و بەعلبک و حەران دەکات، تا ئیمامی موسڵ، لەبەر خاتری گۆڕەکەی سوڵتان موزەفەر و ناوی ئەمیری شەڕکەر و قەڵغانی عەکا و مزگەوتی میعراج، داواکەی قبووڵ دەکات، لە شەوێکی تاریکا، لەناو سوپا دژوارەکە بەهانای دەچن، ئەویش عەبای دەهاوێتە سەرشانی و دەڕواتە موسڵ. لەوێ والی

ئەو شارە، ڕێز لە داواکەی دەگرێت، چەند کەس بەبارەوە ڕادەسپێرێت، کتێبخانەکەی بۆ بگوازنەوە، بەڵام ئەو لەداخی بەرهەیوان و کتێبخانە و شارەکە، پاش سێ ساڵ، لەو سەفەرەدا لە موسڵ دەمرێت، لەساڵی ١٢٣٩ ی زاینی کە ساڵی مردنەکەی تۆمارە، لە موسڵیش، لەو سێ ساڵە خەریکی زانست و ئەدەب بووە، دەستنووسەکەی تاریخی ئەربلەکەش دەکەوێتە دەستی پاک، لە شەمێی دەگرن، بە چەرمی تەنکی باش بەرگی دەکەن، چەند دانەی لەسەر دەنووسنەوە، ماوەماوەش لەبەر چاوی ئیبنی مەستەوفی، یان تا هزرەکەی لە دەڤەرەکە نەمرێت و بەزیندوویی کار بکات، کتێبەکە دەناسرێتەوە و بەرگ دەکرێت و پەرواز دەکرێت، بەڵام تا ئێستاش کەم کەس کتێبەکەی ئەویان دیوە و دەیخوێنەوە و دەیناسن!

ئەو کتێبە مێژووە، ئەو پیاوە عەمامە بەسەرەش مێژوونووسە، زۆریش لە نووسین و کۆکردنەوەش خۆی ماندوو کردووە. لە مەملەکەتی سەعوودیەش، پیاوێکی زانستخواز، لەسەر پێشنیاری مامۆستاکەی لە زانکۆی کامبردج، کار لە کتێبەکەی ئەو دەکات، لە کامبردج، کە بە شاری زانکۆ و خوێندن دەناسرێت، چونکە ئەو شارە لەساڵی ٢٠٠١ کە سەرژمێرییەکەی سەد هەزار کەس بووە، ٢٢ هەزار خوێندکاری تێدا بووە، کە زۆریش لە لەندەن دوور نییە، هەر هەشتا کیلۆمەترێک دوورە، ئەو پیاوە سەعوودییە لەوێ کتێبەکە دەنووسێتەوە، ناوەکان دەدۆزێتەوە و شوێنەکان نەخشین دەکات.

ئیبنی مەستەوفی نووسیویەتی کەوا، لەو شارەدا قەیسەری گەورە هەبووە، بەڵام نەینوسیوە خاوەنەکانی ئەو قەیسەرەیە گەورەیە کێ بوون؟

ئەو نووسیویەتی قوتابخانەی هەبووە، بەڵام دیار نییە، کێیان لەو قوتابخانەیەدا فێرە خوێندەواری کردووە؟

شارەکە شوورە هەبووە، بەڵام باسی ئەوەی نەکردووە، کێ ئەو شوورە درێژە بە قوورٍ و خشتەی دروستکردووە، شوورەکەش پاسەوانی کام دەسەڵات، کام گەنجینە و میللەتی کردووە؟

هەر لەو کتێبەدا ئیبنی مەستەوفی نووسیویەتی کەوا، لەبەر جۆگە و جۆبار و خاکەکەی ئەو شار و ناوچەیەدا، پاقلە و میوە و سەوزە و گەنم و جۆی تێدا کراوە، بەڵام ئەو بەگەورەیی باسی ئارەقە و چاوەڕوانی بارانی وەرزێرەکانی نەکردووە!

ئەو نەینووسیوە کێ لەو شارە نێژراوە، خەڵکەکە بە چ زۆر دەمردن؟

نەوێراوە باس لەوە بکات، کام پەتا و کەی خەڵکی زۆر کوشتووە.

لەو کتێبەدا، باس لەوە نەکراوە، لەوەتی سینگ و ناز هەبووە، هەنار لەو رەزانە هەبووە. ئەو نەیوتووە، لەوەتی مەکر و ژووان کراوە، حەساری گەورە و هەیوانی دیمانەکان هەبووە.

کەواتە ئەو لە کتێبەکەیدا، تەنها قسەی لەگەڵ گەورە ناودارەکان و دەسەڵاتدارەکان کردووە، مێژووی عەمامەی گەورە و عەبای پانی ئەوانی نەخشاندووە، ئەوانەی سێبەریان، بەسەر ئەو دەشتەوە نەبووە، ئەوانەی دۆست و ناسیارێکیان لەو دەڤەرە هەر ئەوەندە هەبووە، تا پایزان ترێ و مێووژیان بەدیاری بۆ بهێنن، ئەوەندە بارانیان ویستووە چاویان بشواتەوە و راویان بۆ ئاسان بکات.

ئیبنی مەستەوفی، لە سەفەرێکی باوکی بۆ قەڵاتی هەولێر لەدایکبووە، وا نووسراوە، هەر لەوێش ژیاوە، لەوێ قوتابخانەی داناوە، لەوێ وەزیری ئیمارەتەکەی ئەربل بووە، وەک نووسراوە و توێژەرەکانیش دەڵێن بابوباپیرانی لەوێ ژیاون، لەوێ دەسەڵاتدار بووینە، لە حاکمەکانی ئەربل و حەلەب و موسل و حەران و میافارقین نزیک بووینە. باوکی مەستەوفی و کەسی سەر خەزینە و پارەکۆکەرەوەی ئیمام و پاشا بووە، بەو پیشەیەیان وتویانە مەستەوفی، واتە وەرگر و باجگر، بۆیەش پێیان وتووە ئیبنی مەستەوفی، واتە کوڕی باجگرەکە.

هاوتەمەن و هاونووسەرەکانی سەردەمی خۆی باسیان لەوە کردووە، کەوا ئەو، لەناو ماڵ و باخچەکەی بەردەرگاکەی میوانداری گەرمی، لە کەسانی ئەهلی دەستنووس و زمانزان و شاعیر و بەیتبێژەکان کردووە.

ئەو قسەیە و ئەو رستەیە، کە لەناو کتێبە گەورەکەی ئەلسقار لەسەر ئیبنی مەستەوفی و تاریخی ئەربل نووسراوە، ئەوەش مانای ئەوەیە، ماڵی ئیبنی مەستەوفی لەسەر قەڵات نەبووە، چونکە خانووەکانی قەڵات باخچەیان نەبووە، رووبەری خانووەکان و بواری شارەکە ئەو رووبەرە زۆرەی نەبووە، ماڵەکان باخ و باخچەیان هەبێت، رەنگە قسەکەشمان بەپێچەوانە بێت، ئەو نەخشەیەی قەڵاتەکە کە ئێمە دیومانە، لەسەردەمی ئیمارەتی ئەربل، بەر لە هەزار ساڵ پێش ئێستا وا نەبووە، ئاساییە لەسەر ئەو رووبەرە تەسک و گچکەیەی ئێستا، جاران گەورە و بەر فراوان بووە، بۆ وەزیرێکیش گونجاو بووە، کە رووبەرێکی زۆری لەو رووبەرە، بۆ باخچەیەک بۆ دڵنەوایی و سێبەر و هێلانەی باڵندە دابڕێت، تا چەشەی نووسینی بکرێتەوە،

ئەمارەتەکە، لەبن دەسەڵاتی خۆیان بووە، هەموو دەمێک دەسەڵات، بەشەکانی وەک یەک و یەکسان دابەش و تاپۆ و سنووردار نەکردووە.

هەزاربڕ

بوونی ئەو پەیکەرە و دانانی لەو سەنتەرە، دیارەی ئەو شارە گەورە و چالاکە، کە وەک شانەی هەنگە. ئەوەش بۆ ئەو ژنە دەبێت بە خەمێکی قورس، چونکە زووتر، لەسەر هزر و رامانی گایدەکە بووە بە کەسەرێکی بەژان، لەمێژە بیری لێ دەکاتەوە.

ماوەیەکە ئەو لە دوورەوە سەیری دەکات، بیر لە شوێن و کاتی دانانەکەی دەکاتەوە. ئەو بەدڵ و بەبەرنامە، داوای پشتیوانی گۆڕینێکی کردووە، بەڵام چاوەڕوان بووە پەیکەرێکی بۆ ساز بکات، تا شوێنەکە ڤالا نەبێت، کەسیش هەستی پێ نەکات، بەلەز لە شوێنەکەی ئینی مستەوفی توند جێگیری بکات، ئەویش بکاتە مۆر و هێمای شارەکە.

ژنەکە، بە دیمەنە نوێیەکان، کە هەموویان بۆ دیدی ئەو نوێیە، نوێ لەنزیکبوونەوە و بەرجەستە، نوێ لە تامکردن و هاوشانی، بیری کۆدەکاتەوە، بیر لەو پەیکەرە و ئەو پیاوە دەکاتەوە، کە لەسەر بەرزاییەک دانراوە، هەر پێنج فەرزەی نوێژ بانگیان بۆ دەدات، عەمامەیەکی لەسەرە و عەبایەکی گەورە و ئەستوور دایپۆشیووە، دانیشتووە و چاوەڕوان دەکات، ماوەیەکی زۆر لەو شوێنە بمینێتەوە، لەوێ بێت هەتا ئاسۆ و بەرچاوییەکی دووریش نیگای بڕوانێت و دەسەڵاتی هەبێت.

بە دەنگ نا، بەڵام بە راز و تیرۆژی مەبەست، ژنەکە وتبووی:

من ژنێکم باپیرە گەورەم، لەو شارە خشتی داناوە، ئەو هەزاربرێکی خشتی بەوەج و بەتاقەت بووە، لەو قەڵاتە بە ئارەقەی ئەو و خزمەکانی، خشتیان بۆ ئەو شارە سوور کردیتەوە، تا باران و هوڕەی گەرما کاری لێ نەکات، تا دیوارەکان لەسەر ئەرزەکە گران و قوورس نەبن، ئەو بە سووتانی کا و پووشەوە کوورەیان گەرمکردووە، کەرپووچیان سوورکردیتەوە، هەموو نەخشەکان، هەموو بەردەکانی بناخە و سێبەر و نوای گەرمبوونەوەیان، بە خشتی دەستی کوورەچییەکانە، بە تریفەی مانگ و چاوە جوانەکەی، قووڕە گیراوەکە دەخوسایەوە، بۆ

بڕینیان لەناو قاڵبی تەسکی خشتەکان، وەک مەرهەم نەرم دەبوو، بە هەتاویش، خشتی بڕاوی هەزاربڕەکان وشک دەبوونەوە، بۆ ناوە کوورەکان کلێتە کلێتە ساز دەکران.

ئەو خشتانە بە هەتاو و مانگ دروستبوون، بۆیە زۆر پیرۆزن، ئینجا وا پاسەوانێک، بەناوی زانست و بە ئامرازی نووسین و بانگخوازییەوە، دەیەوێ شارەکە داگیر بکات، داگیرکردن لە خاڵی لاوازەوە ترسناکە، ئەدی ئەگەر لە سەنتەر و کاپیتلەوە بێت، لەناو چاوی وریای ئاوەدانییەوە بێت، ئەوەیان زۆر ترسناکترە.

گایدەکەش لای کەس ئەوەی نەدرکاندووە! بەڵام دیارە کە مەبەستی بووە ئازایانە بڵێت:

ئەو خۆی نەماوە، کەسی نەبووە، لە نەوەکانی کەسی نەماوە داوای لەوانە کردبێت، دەست و هونەرێکی بۆ تەرخان بکەن، مەردانە شکۆداری بکەن، لە بەرزترین و پایەدارترین مەقام و سەکۆ یادگارێکی بۆ دابنێن، خۆی بەر لە مردنەکەی، داوای نەکردوە، خەڵکی ئەو شارە مەردانە، ریزی بگرن و پەیکەری بۆ بکەن، ئەوە خۆمانین و نازانین بۆ، خۆمانین کە تێناگەین بۆ مردووێک زیندوو دەکەینەوە، وانە و پەیڤێکی هەڵە دووبارە و بەردەوام لەبەر خۆمان دەڵێینەوە.

گایدەکە، بەجۆشەوە، باس لە بەرنامەیەک دەکات، شارەکە بدەنەوە دەست یەکێکی تر، کلیلی قەڵاتەکە، تا ژەنگی نەگرتووە لەناو عەباکەی ئەو دەربهێنن، تا کلیلەکە ددانەکانی نەشکاوە، لە کەلەنێک عاسێ نەبووە. لەو سەفەرەدا بەو ژنەی وت کە نەوەی کوورەچییەکان بووە:

رامان و پلانێکم لەبن سەرە، لەمێژە گلینگلم پێ دەدات، لەوەتی هەستم کردووە ئەو پەیکەرە، وا هەنگاو بە هەنگاو پێیەکانی دەباتە ناو هەموو گەڕەکەکان، گەیشتووتە پۆلەکانی سەرەتایی، لەناو سەودای کڕین و فرۆشتن و پۆشاک و نان و درۆ و راستگۆیی و سەفەر و رۆیشتنەکان بەگەرمییەوە چەسپیووە، دەترسم و خۆم بە شەرمەزار دەزانم، کە کەسمان دەسەڵاتمان نییە، کەسمان لەجیاتی هەموومان، بەری گۆمەکە ناکەینەوە و بۆگەنییەکە پەرت ناکەین و... من دەزانم ئەو پەیکەرە، سێبەر و شانی گەیشتووتە هەموو بوارەکانی شەو و رۆژ و خەونەکانمان، تەنها شیعر ماوە قووڕگی بگرێت، تەنها ئەوە ماوە، جورئەت بکات بڵێت کەوا ماچ حەرامە...

ژنەکە کە پازدە ساڵە ماچ دەداتە ئاوێنەی ژوورەکەی وتی:

بۆچی ماچ حەرام نییە!

ئەویش وتی:

بەئاشکرا و لەبەر چاوی هەموو خەڵک بێت حەلالە، بەڵام بەدزی حەرامە.

کەی لێو و گەردەن و دەست، ئارەزوویان چووە ماچکردن و توانیان ماچەکە بکات، ئەوە ئەو ماچە پیرۆزە حەلالە، ئەو ماچەش زیوانەکان دەردەهێنێت، موورەکانی کۆدەکاتەوە و نیگەرانییەکان فەرامۆش و خامۆش دەکاتەوە.

پەیکەری مەسیح لە ریو دی جانیرۆ

هەردووکیان، لەوێ، وتیان: وەرە با یەکتری ماچ بکەین، بەو ماچە پەیکەرەکەی بەرامبەرمان روون و باش، لە خۆی و لە رامانەکەی تێدەگات، هەست دەکات تەمێک دەکەوێتە بەر نیگا روونەکەی.
بەڵێ، ئەو قبووڵی نییە و ناتوانێت، بەرگەی تەوس و چەشەی

ماچی ژیان و ئەڤین بگرێت، ئەو نەبوویتە پەیکەرەکەی مەسیح، کە بەرزاییەکەی دەگاتە چل مەتر و قوورساییەکەی شەش سەد و پەنجا تۆنە، مەبەستمان پەیکەرە بەرزەکەی بەرازیلە، نەک پەیکەرەکەی بولیڤیا، کە بەرزاییەکی کەمێک لەویش زۆرترە، هەردوو پەیکەر، بە شێواز و شێوە، لەیەکتری جیاوازن.

لەسەر داوای زۆری خەڵک، لەساڵی ٢٠٠٧ پەیکەرەکەی بەرازیل، دەبێتە یەکێک لە حەوت سومبڵە سەیرەکانی دونیا.

کریستیانەکانی بەرازیل، لەساڵی ١٨٥٠ داوا دەکەن سومبڵێک بۆ مەسیح لە وڵاتە گەورەکەیان دابنێن، بەڵام جێنشینی ئیمپراتۆریەتەکە، کە لە پرتگالەوە هاتبوون، پاشاکانیان لەوێ خۆیان کردبووە، سەرداری ئەو نیشتمانە، بواری دانانی ئەو پەیکەرە ساز ناکەن.

کە سیستەمی کۆمارییش لەو وڵاتە رادەگەێندرێت، ئەوانیش (بەرەسمی جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت بەرجەستە دەکەن)، بەوەش خەونی مەزنی میللەتەکە، ئاسان نابێت بێتە دی، بەڵام هاوڵاتیان خۆیان، کار بۆ ئەو دەکەن و کۆڵ نادەن، ئیتر لە سەرەتای سەدەی بیستەم، ئەو خەونە دەکەنە راستی، لەسەر بەرزایی حەوت سەد مەتر لەسەر ئاستی دەریاوە بەرز، لە ریو دی جانیرۆ بە سەرپەرشتی پەیکەرسازی فەرەنسی (پۆل لاندویسکی) و هاوکاری ژمارەیەک، لە پەیکەرتاش و هونەرمەندە کاری لەسەر دەکەن، بە ماوەی حەوت ساڵ کارکردن و داهێنان، پەیکەرەکە تەواوی دەکەن، بە سەرپەرشتی سەرۆکی وڵات و لە کەرنەڤاڵێکی مەزنیش، پەیکەرەکە لەو شوێنە بەرزە دەکرێتەوە.

پەیکەرەکەی ئەو شارە، سەیری کەوا و جوبەی خۆت کردووە، باش خۆت ناسیوە، گوێی لەو بانگەوازە بگرە، تۆ چەند ساڵێکە بە میوانی هاتوویتە ئەو شارە، کتێبەکەت لەسەر چاوانمانە، زۆرمان خوێندیتەوە و بە دەنگی خۆش دێرەکانم وتوتەوە، بە رەنگی جوان وشەکانمان نووسیوەتەوە، بە (چاوی کوێر) کتێبەکەمان ئەزبەر کرد، دەرکەوت تۆ تەنها سومبڵ نیت، تۆ دەرگاوان نیت، تۆ دەستت خستووتە ناو هەموو ماڵەکانمان، ناو هەموو خێزانەکانمان، قسە لەسەر خوان و مەشروبەکانمان دەکەیت، گلەییت لەسەر کڵاو و پشدێنەکانمان زۆر زۆرە، تۆ وەک پەیکەرەکەی ریو دی جانیرۆ بێلایەن و سومبڵ نیت! تۆشمان وەک ئەو لەسەر بەرزاییەکی پیرۆز داناوە، خۆت دانیشتوویت، رۆژانە هەزارەها کەس سەردانت دەکەن، تابلۆکەت دەخوێنەوە، هەزار ساڵە مردوویت و تەنها دوو سێ جار بەگەرمییەوە باستکراوە، دەستنووسەکەت چەند زانستخوازێک سوودیان لێی وەرگرتووە، کەس مەزارەکەت ناناسێت و کێڵێکت نییە، مەزارێکت نییە، ماوەماوە شەقامێکی ئەو شارە، قوتابخانە و پەڕاوخانە، یان هەوارێکت بەناوکراوە، ماوەیەکی زۆرە تۆ لەکن ئێمە، لەکن ئەوانەی بۆیان ماندوو بویت تۆ لەبیرکرابویت.

هەوری سۆز و خەیاڵ دەگێڕنەوە، گوایە ژنە سوڵتانێک، کیژە پاشاییەک، بە دەنگی سۆزی زەمبیلفرۆشێکی داماو و برسی عاشق دەبێت، لە دوورەوە بۆی دەسووتێت، ئیتر لەودەمانەوە خۆی و زەمبیلەکانی، بوونەتە مەزاری رەنگاورەنگ، بریقەدار وەک چاوی عیشق، لەبەردڵان و ئامادەیە وەک سووتانی عیشق، چونکە هەر عیشقە نامرێت و ژیان بە ژین دەکات، نەک هزرێکی وشکی دوور لە جوانی عیشق، بۆیە زەمبیلفرۆشەکە نەمردووە و مەزارەکەی

ئالآی سەری دەشەکێتەوە، کێڵەکانی شەوانە رووناکن، لەگەڵ باران رێگای ئاو ساز دەکەن، بەڵام تۆی مێژوونووسی ئەمارەت و سوپا و بنەماڵەیەک، وەکو مردووێک ئەژمارد دەکرێت.

ئەوە دیوانی جەبارە ئاغای کانییە!؟

من هێشتا لەدیار بازنەی پەیکەرە گەورە بەرزەکە نەسوڕابومەوە، چاوم هەر لەسەر کتێبەکەی سەر کۆشی بوو، وامدەزانی کتێبەکە

دیوانەکەی نالییە، یان دیوانەکەی جەبارە ئاغای کانییە، یان شەرەفنامە، یان (نالەی جوادیی) یە، بەگەورەیی و نەخش و نیگارەوە چاپکراوە، بۆیە راز و نالە سارد و گەرم و سووتانەکە وا گەورە و قەبەیە، هەر لەبەر پیرۆزی و سۆزی سووتانەکەیە، کە لەو شوێنە بەرزە، لەسەر کۆشی ئەو پیاوە بە هەیبەتە دانراوە، یان کتێبەکە مەولوودنامەکەی رەشاد موفتییە، کە نووسینی مەلوودنامە، لەو سالانە و بە زمانی کوردی، زۆرتر مەلوودنامەکەی پیرۆزتر کردووە.

ژنەکە هێشتا بەرێکەوت گایدەکەی نەدیبوو، هەر ئەوان گەیشتوونەتە ناوشار، سیمای قەلاتەکە، دانیشتنی پەیکەرەکە سەرنجی راکێشاوە، سەری بۆ بەرزکردیتەوە، بەوەش سەرسام دەبێت، کە ئەو پەیکەرە لەو شوێنە بەرچاوە و بەگەورەییەوە دانراوە، دیارە کەوا گوزارشت لە کەسێک دەکات، کە ناوەکەی دەزانێت، هەست دەکات ئەو ناوەی بەو شێوەیە و بە دارشتن و نازناوی زۆرەوە بیستووە، بەلام هەرگیز ئەو ناوە وەک کزە بایەکی فێنکیش ئارامی نەکردووە، بۆیە ئاساییە کە هیچ زانیارییەکی، لەسەر ئەو زانایەش نەبێت.

گەنجێک لەوان نزیک دەبێتەوە و پێیان دەلێت:

دیارە ئێوە ئێرانیین؟

یەکێکیان زوو وەلامی دەداتەوە:

نەخێر ئێمە کوردی خۆرهەڵاتین، من خوشکی مەستوورەم. ببوورە دروست خوشکی ئەو نیم، لەیەک دایکوباوک نین، بەڵام ئەوەندە پەیکەر و وێنەی ئەومان لەبەرچاوە، ئەوەندە بە نازداری ناومان بیستووە، بۆیە وادەزانم زۆر بەیەکەوە بووین، وادەزانم لەیەک ماڵدا ژیاوین، ئەگەرچی ئەو لە بەگزادەکان بووە، بەڵام هەردووکمان، هەموو کیژانی ئەردەڵان زۆرمان بەیەکەوە یاری کردووە، بەیەکەوە شیعرمان لە گەردەنمان داوە، زۆر بەسەر بەرزاییەکانی کێوی ئاویەریش کەوتین، بەڵام لەبەر گۆڕان و ناسەقامگیری بنەماڵەکەیان، زۆر دڵی لە شارەکە و لە ڕەوشەکە توند دەبێت، بوخچە و خامە و کل و کلدان و شەدەکەی کۆدەکاتەوە، دەگاتە گەرمێن، لەوێش شیعر و عیشق مارەی دەکاتەوە، لە ئێمە دووردەکەوێتەوە، بۆیەش ئەو وەک خوشکم وایە، ئەو خوشکی هەموومانە.

ئەو زووتر هات و چاوی لەو دەڤەرە لە کل ناوە، ئازا بوو لە (تاعوون) ەکە، زوو دەربازی بووە، ئەگەرنا لەوێ دەمرد و ناوەکەشی ئەوەندە پرشنگدار نەدەبوو.

ڕەنگە ئەو زۆر ڕۆمانە کۆنەکانی نەخوێندبێتەوە، بۆیە مەترسییەکانی تاعوونی نەدەزانی، بەو ناوە ڕاناچڵەکێت، ناوەکەش وەک هەر وشەیەکی تری عەرەبی کە ماناکانی نازانن تیژپەڕ تێدەپەڕێت، بۆیەش کوڕەکە لە وەڵامدا وتی:

دەیناسم، ئەو ژنە دەناسم، من زۆرم وێنەکەی ئەوم دیوە؟

یەکێکی تریان کە زۆر تینوو بوو، لەگەڵ هاوڵاتییەکی ئەو شارە کەمێک بدوێت، بەپەرۆشییەوە وتی:

لە کوێ وێنەی ئەوت زۆر دیوە؟

کوڕەکە رووی دەسووڕێنێت، رووی لە ئاراستە دوورەکەی پارکە گەورەکەی شار دەکات و دەڵێت:

لەو پارکەدا، ئەو سەوزاییەی لە دوورەوە دیارە، لەوێ ئەو ژنە دانیشتووە، لەوێ شەدە و موروەکانی بەرقژ و خەناوکەی، لەگەڵ دیمەنە بەجۆشەکانی پارکەکە سەما و ناز دەفرۆشێت، من لەوێ ئازادانە، دەتوانم لەگەڵ ئەودا بپیڤم، لە جەستەی ژنێک نزیک ببمەوە، ژنێک لە من دوورنەکەوێتەوە، با بەردیش بێت، با ساردیش بێت، لەوێ مەستوورە هاوڕێی منە، زۆریش سەردانی دەکەم. ئەو توانای نییە بڕوات، ئەگەرنا هاوشانم دەهاتە دیار ئەو پەیکەرە، وەک جاران، کە لە شاری سلێمانی بووە، لەگەڵ شاعیرەکان بەشداری کۆڕ و کۆبونەوەکانیشی دەکرد، کە لە ئاپووڕەکەی ئەو شارە نیگەران و ماندوو دەبوو، سواری (ئەسپی شیعر) ێک دەبوو، دەگەڕایەوە سەر عەرشەکەی لەو پارکە سەوزە مەندە فێنکە، ئەو لەوێ لەو (تەنهاییە جوانە) راهاتووە، تەنهاییش زۆرجار پێویست و جوانە!

یەکێکیان دڵنیابوو، کەوا ئەو گەنجە پێناسەیەکی وردی ئەو کەسەیان بۆ دەکات، کە پەیکەرەکەیان لەبەردەم قەڵات بەرز راگرتووە، بۆیە دەپرسێت:

ئەو ئیبنی مەستەوفییە کێیە؟

گەنجەکە (کە تیشێرتە سپییەکەی بەری چەند وشەیەکی ئینگلیزی لەسەر نووسرابوو)، زۆر بەپەلە، وەک ئەوەی بیەوێ وەڵامێکی دروستیان بداتەوە وتی:

من بەس ناوەکەی دەزانم! ئەوەندەی لەسەر پارچە مەڕمەڕەکەی تەنیشتییەوە نووسراوە، ئەوەش باش نازانم، چونکە نەمخوێندیتەوە.

ژنەکەش بەسەرسامییەوە باسکی کوڕەکەش دەگرێت و دەڵێت:

بۆ؟ (کوڕەکە لەوان دووردەکەوێتەوە)، بەڵام ئەو زۆرتر لە پەیکەرەکە نزیک دەبێتەوە، لەبەرخۆییەوە دەڵێت! نایناسیت، ئێوە نایناسن، دەبێ ئەوە کەسێکی مەزن و سومبڵێکی مەزنی ئەو شارە و ئەو میللەتە بووبێت، چونکە کلیلی شار و چاوی شار و دەربەندی شاری لەبن دەستە، دیارە کەوا شوێنەکەی بەرزە و گەیشتووتە هەموو پایەکانی ئەو شار و ئەو دەڤەرە. ئەو بە چاوەکانی هەموو پۆستەکانتان دەبینێت، ئەو کەسە بەرزە نهێنییەکانتان دەزانێت، شوێنەکەی ئەو وایە، ئەو دەزانێت چ دەکەن و کێوە دەچن.

بەڵام دڵنیام، کەوا ئەو نازانێت، لەو شارەدا کەسێک هەیە، لەو چەند رۆژەی من لێرەم ببێتە ئاوێنەکەم، ئەو ئاوێنەیەی لە ژوورەکەم پازدە ساڵە، من سەیری دەکەم، ماوەیەکی درێژە بە قەد تەمەنی خۆم لەدیارییەوە مات و بەحەسرەتەوە دادەنیشم، بۆی رووت دەبمەوە، جوان دەبم و سیس دەبم و خەیاڵیش دەبم، هەر لەدیار ئاوێنەکەوە، کەسێک لەجیاتی شووشە و چوارچێوە و جیوەی ئاوێنەکە دەبێتە ئاوێنەی روونی من!

نەمدەیویست تا هەموو جەستەی ئاپوورەی شارەکە، لەیەک هەڵدەوەشێنەوە، تا ئەوانەی بەپەلە دەڕۆن دەربازیان بێت، من چاو لەسەر دەستە بەردینەکە، چاوە زوورگەکەی، شانە کەڤرەکە، پێیە زنارەکەی و رەنگە بەفرینەکەی هەڵگرم. هەر سەیرم دەکرد تا بگەمە بڕیارێک و قسەی دڵی خۆم، لەسەر ئەو پەیکەرە بکەم.

لەدوورەوە باڵەخانەیەکی شووشەیی، کە لاپەڕەیەکی پڕ ورشەیە و لەو شارەدا خۆی دەنوێنێت. بەڵام! باڵەخانەکە بە وێنەی کۆنی زووتری، لە من و لە ئێوە دەردەکەوێت، وەک جەستەیەکی سپی ماندووی، کەلاوەیەکی جەرگ بە گوللە کونکراو، چاو کوێرکراوی شانشکاو، وەک دیمەنێک، کە ماوەیەکی زۆر قاڵبی بەو رەنگە و بەو شێوازە گرتبوو، بۆیە بەئاسانی دیمەنی باڵەخانەکە لەبیرناکرێت. ئەو باڵەخانەیەی بەردێکی گەورە بوو، بۆ هاویشتن و شکاندنی سەری قەڵاتەکە، تا دەبێتە کەلاوەیەک، تەنها بیری نۆژەنکردنەوەی لێ نەکرێتەوە!

من باڵەخانەیەکی شووشەیی، لە ڕەنگی کلی چاوان نابینم! ئەو باڵەخانەیە، هەر بە دیمەنە سپییە کەلاوەکە دێتە بەرچاوانم، کە ماوەیەک هێمای شەرمەزاری و ئاکاری توندوتیژی مرۆڤ، ڕەوشی ئەو شارە بووە.

بەڵام! باڵەخانەکە، وێنەکانی زۆر دەنارده بەر دیدەی ئەو ژنەی، لەبەر سێبەرەکەی ئیبنی مەستەوفی، بۆ مانەوە و دۆزینەوەی چاوە هەنگوینییەکەی لەبن بیرێکی قووڵ و داپۆشراودا، ئەو ژنە ساتمەیەک دەکات، لەگەڵ هەڵوەستەکەدا دەمینێتەوە، نەدەکرا بەوریایی هەڵبستێتەوە، بۆیە لەوێ چەقیبوو، وایدەزانی کەوتوتە ناو تۆڕێکی ماسیگر و ریشۆڵەکان و سەری گیراوە، دەربازبوونی ئەستەمە. ژنەکە لەوێ چەقیبوو، لەبەر پەیکەرێک لەسەر قەڵاتێکی شاناز، لە بەرامبەر باڵەخانەیەکی شووشەیی ناسکی رووگەش. کە ببووە نیشانەی یەکەمی ئاوڕدانەوە و هەڵسانەوە، بۆ ئەو شارە و ئەو هەرێمە!

خەیاڵ وای دەکرد، یان چارەنووسەکە وابوو، ئەو ژنە تازە لەبەر ئەو پەیکەرە دەربازی نەبێت، نەتوانێت لەو بێتە خوارەوە، ئەو ناتوانێت، لەو بەرزاییە چاو و هزری بەیەکەوە دابخات. ئەو وایدەزانی پاش سەرکەوتنیان قادرمە بە کەرپووچە شڕەکە خۆی پێچاوەتەوە، دیارە کەوا لە بەختی ئەو، لەو سەفەرەدا کەرپووچیش خۆی دەپێچێتەوە، هەموویان ماندووبون و لەمێژە دانراون و خۆیان پێچاوەتەوە. ئەو هەر لە سەرەوە نامینێتەوە،

گایدێک هەر دەدۆزێتەوە، دەستی دەگرێت و جگەرەیەکی بۆ داگیرسێنێت، تا لەناو تەمی دووکەڵەکە ون بن، یەکێک لەو بەرزاییە هەر پەیدا دەبێت، ئەویش دەستی بگرێت، ئەو هاتووە دەستێک یەکێکی بۆ بدۆزێتەوە، یەکێک لە ئاوێنەش ناسکتر و روونتر بێت.

با کەمێکی تر، سەیری باڵەخانە سپییە ماندووە بەرزەکەی بەرامبەری بکات، بوارەکە لەو ئاسۆییەوە، هەر ئەوەی لێوە دیارە، ئەوەش شیاوی نیگا و پرسینە، با کەمێک، چاوەکانی بەو ماندوو بکات، لەوێ زۆر لاپەڕەی شاراوەی ئەو شارە دیارە، نەک لەناو کتێبە کۆنەکەی سەر کۆشی ئیبنی مەستەوفی.

کێ دیمەنەکەی بۆ دەگۆڕێت، پایەکانی دابەزین و سیمای باڵەخانەکە و راستی پەیکەرەکە بۆ ئەو ژنە میوانە سپی دەکات؟ کێ دەتوانێت ئەو ژنە خەیاڵ بکات؟ ئەوەش گایدێکی دەوێت، کەسێکی لێزان، لە زمانی ژن و خەیاڵ و لە راستی رووداوەکانی شارەکە.

ئەو بەتەنیشت ئەو دووکانانەی رووکاریان، بە کەرپووچی سپی داپۆشرابوو سەردەکەوێت، دەگاتە پەنا پەیکەرەکە. بەڵام قادرمەی گەڕانەوە نادۆزێتەوە. دیارە کەوا هەر پەیژە و نێردەوانی بەر سەربان و مێردرەوەکان هەڵناگیرێت، وا قادرمەی قەڵاتەکەیان، بۆ ئەو هەڵگرت و گەڕانەوەش بۆ ئەو ژنە نەما، بۆیە دەبێ سەیرێکی دەفتەر و پەڕاوەکەی بن دەستی، ئەو بەردە

بکات، کتێبەکە دێڕێکی تێدایە، ئەو بباتە ناو جەنجاڵییەکەی خوارەوە و بەسەلامەتی دەربازی بکات.

لەو دەفتەرە دەبێ بزانێت و تێبگات، ئەو باڵەخانە شووشەییە بۆچی بەردباران کرابوو. ئەو ناچارە زۆر لەو بەرزاییە بمینێتەوە، لەوێ دەیەوێ دروست ئیبنی مەستەوفی بناسێت، لە بەرنامە و مانەوە و ئایندەی ئەو و شارەکە تێ بگات، تازە سەرکەوتووە، کەرپووچەکانیش خۆیان هەڵگرتووە، پایەکانیان پێچاوەتەوە، با لەو بەرزاییە، گایدێک بدۆزێتەوە و سەرحالی خۆی بۆ باس بکات.

ئەو لەوێ یەک یەک، لاپەڕەکان هەڵدەداتەوە، کەس لە زمانی ئەو تێناگەن، ئەو کوردێکی ئەردەلانییە و فارسییەکی تارانی دەزانێت، لەو شارەش هۆلاکۆ شکاوە، ئەسکەنەدەری مکدۆنی دەرقەتی نەهاتووە، ساسانییەکان لەمێژە لەو شارە نامۆ و دوورن، هەموو نەتەوەکانی هاتونەتە ناو ئاینی ئیسلام، سەریان لەو شارە داوە، رستە و زاراوە و زمان و پارچە نەخشێکی شارستانیەت و کولتوورەکەیان لێ بەجێماوە، لەگەڵ دەرپەڕاندن و هەڵاتن، کەرتە رستە و بەرگە کتێب و گۆزەیان لە هەگبەکانیان کەوتووە، لە نیگاری خوێنی شمشێرەکانیان، زۆر کارەسات دەخوێندرێتەوە، مێژووش بێ رەحمانە بە ئارەزووی خۆی نووسیویەتی، هەندێکی سووتاندووە، هەندێکی برژاندووە، زۆریشی گۆڕیوە، وا بە دەستی هەولێرییەکانیش، پەیکەرێکیان لەناو

جەرگەی شار قیتکردیتەوە، ئەویش بەردە و بەردیان نیشان دەدات.

پرسیار سەرسامە، نازانێت روو لەکام روو و گەروو بکات، سەیری کام چاو و نیگا بسوورڕێتەوە، خۆیان وایان لێ هاتووە، کەسیان یەکتری ناناسن، شارە و ناونیشانەکان دیار نییە، باڵەخانەکان زۆرن، شەقامەکان تەواوبوون و سووڕانەوەیان نەماوە. ئەویش پیاوێکی چاوەڕوان دەکاتە، گایدی خۆی و پرسیارەکانی وەک لوقم، وەک دڵۆپەی نەرمی بارانی لەو دەکات!

ئەرشیفی جیستر بیتی و ئەوانی تر

بەر لەوەی خۆرهەڵاتناسی بریتانی ئاربری بمرێت، لەگەڵ ژانی نەخۆشییەکانییدا، لەساڵی ١٩٦٩ ئاسانکاری بۆ کۆنە دبلۆماسییەکی عەرەبی خانەنشینی سەعوودی دەکات، کە ئیش و راڤە، لە دەستنووسەکەی تاریخی ئەربلی ئیبنی مەستەوفی بکات و پێی دەڵێت:

لە ئەرشیفی جیستر بیتی لە دبلن، چەند لاپەڕەیەکی زەردی کۆن هەیە، لەوێ کتێبێک بەناوی تاریخی ئەربل، کە پاش چوار ساڵ لە مردنی ئیبنی مەستەوفی، دووبارە نووسراوەتەوە، لەوێ بێناز دانراوە، بەڵام دەقێکی ناوازەیە، بۆ کولتوور و ئەدەبەکەتان جێگای بایەخ دەبێت، کتێبەکە چوار بەرگی نازدارە، بەڵام ئەوەی سەیری کردوون، وتویەتی ئیش و راڤەی زۆریان دەوێت، گەنجینەکی ئاڵۆز و پەریشانە، دیکۆمێنێتێکی مێژووییە، گەوهەرێکی بەهادارە.

گەریدەیەک، یان ئەفسەرێک، (بۆ ئەفسەرەکانیش کاری ئەرشیفی و دیکۆمێنیتیان کردووە)، یان قەشەیەکی هەڵمەتە خوێناوییەکەی خاچپەرستەکان، کە شەڕەکە تەواو بووە، سەلاحەدین ئاگربەسی مۆرکردووە، یەکێکە لەوانە دەستنووسە کۆنەکانی هەڵگرتووە، یان ئەو زانایە فەرەنسیانەی، بەناز و بەسوپاسەوە و بە پاپۆڕی تایبەت، لەگەڵ ناپلیۆن هاتبووە میسر، لە قاهیرە لەناو کۆشکی دوو نهۆمی پەنجەرە گەورە و ساپیتە بەرز و هەیوان فێنک ژیاون، ئەوانە، دەستنووسەکەیان بردووە، لە سووتان و رزین و

ساختەکردن و فرۆشتن و دزین رزگاریان کردوون، گەنجینەکان بە هیمەتی ئەوان، گەیشتووتە ئەو ئەرشیفە ئیرلەندییە.

ناپلیۆن لەگەڵ تۆپ و چەک و شەڕکەر و جەنگاوەرەکان، ئەدەبدۆست و شیعرپەروەر و نەخشەساز و وێنەکار و وەرگێڕ و مەیتار و سایس و ئاسنگەر و کاپتن و ... لەگەڵدا بووە، کە فەرەنسییەکان، لە شەوێکی زریان دا، لەگەڵ شەپۆلە بەتەوژمەکەی دەریای ناوەراست، لە کەناری میسر دابەزین، کە تێدا ئەو شەوە 20 سەربازیان دەخنکێت، زیانی ئەستووریان لێ دەکەوێت، ئەوانەش بوونە پێشەنگی قوربانییەکانی هەڵمەتەکەی ناپلیۆن بۆ سەر وڵاتی میسر.

ژمارەی سەربازەکانی هەڵمەتەکە ، دەگەیشتە پەنجا و چوار هەزار کەس بوو ، لەو کاروانەدا فەرەنسییەکان 160 زانایان لەگەڵدابوو. مێژوونووسان و ئەکادیمییەکان ، وادەزانن زاناکانی ناو سوپای فەرەنسییەکە، رێژەی تەمەنیان 23 ساڵ دەبوو، ئەو ژمارەیەش لە زانکۆ و فێرگەکانی فەرەنسا گوڵبژێر کرابوون. ناپلیۆن لەمێژبوو، ئەو بیرۆکەی لە بەرنامەدا بوو، کۆششی زۆری کردبوو، تا هەموو دائیرەکانی سیاسی و سەربازی فەرەنسی رازی بکات، کەوا دەستە زانایەک لە هەڵمەتەکەی لەگەڵ خۆیدا بباتە میسر، مەبەستی ئەویش رێگاگرتن بوو ، لە هێزە گەورەکەی بریتانیا لە میسر، بەوەش دەتوانێت کۆنترۆڵی بازرگانی حەوزی دەریای ناوەراست بۆ فەرەنسا بکات.

مێژوونووس هنری لۆرنس وتوویەتی:

ناپلیۆن مەبەستی لەو هەڵمەتە ئەوە بوو، رووناکی و تیشکی زانستی فەرەنسی بگەینێتە ئەو ناوچانە. لە رۆژی 2 ی یولیۆی ساڵی 1798 بێجگە لەیەک کەشتی ، کە ئامێر و کەرەستەی زاناکانی تێدابوو لە دەریا نقووم دەبێت، ئەوانی تر هەمووی لە بەنداوی ئەسکەندریە، لەگەڵ شێتی شەپۆڵەکان نیشتنەوە. کە پاپۆڕەکە لە دەریا نقووم بوو، ماوەی چارەکە سەعاتێک زاناکان بەدیار گوومبوونی کەرەستە پیرۆزەکانیان سەرسام وەستابوون، لەدەستدانی ئەو کەرەستانە، بۆ زاناکان زیان و کۆستێکی مەزن بوو، بەڵام دەسەڵاتیان نەبوو، دەستەوەستان لەبەر هێرشی توندو شێتانەی دەریاکە ئەبلەقبوون. (نیکۆلا کۆنتی) زانای داهێنەری قەڵەمی گرافیت، لە نامەیەکدا بۆ ژنەکەی نووسیبووی:

زاناکانی زیندەوەرزانی و رووەک ، لە ناخۆشترین رووداو هەموو کەلوپەلەکانیان لەدەستدا. بەپێی هەموو سەرچاوە مێژووییەکان، هەموو زاناکان لەو کاروانە دژوارەدا بەسەلامەتی گەیشتوونەتە میسر. مێژوونووسی فەرەنسی (ئایف لایسوس) لە کتێبە نوێیەکەیدا بەناوی (میسر، گیانفیداییە زانستییەکە) دا نووسیویەتی:

کە زاناکان، لەگەڵ سوپاکەی ناپلیۆن، لەسەر خاکی ئەسکەندریە دابەزین، کەسیان نەیاندەزانی بۆچی هاتوون، ئاگاداری هیچ بەرنامە و پلانی ئەو سەرکردەیەی خۆیان نەبوون، هەروەها نەشیاندەزانی لەو کاروانە ، چەند دەمینێنەوە. هەموو زاناکان وەک ئارەزوویەکی گیانفیدایانە بەگەڵ ناپلیۆن پۆناپرت

کەوتبوون، بوونی زانای ماتماتیکی ناودار (جاسبار مونجی) و کیمیاگەری گەورە و ناودار (کلۆد برتولیت) زامنی سەرکەوتن و سەرگرتنی گیانفیداییەکە بوون. کە سوپاکە گەیشتبووە ئەو شارە، ئەسکەندریە بە ناوچەیەکی ستراتیژی گەورە و دەروازەی حەوزی دەریای سپی و شادەماری زیندووی بازرگانی دەناسرا، کە تەمەنی زۆرتر لە شەش هەزار ساڵی تێپەڕاندبوو.

بەڕێوەبەری مەڵبەندی توێژینەوەکانی ئەسکەندریە (ئایف ئومبریریر) وتوویەتی:

شاری ئەسکەندریە دەروازەی ستراتیژی بازرگانی خۆرهەڵات بوو. بەڵام زاناکان ، زۆرتر بە شوێنەوارەکانی شارەکە و ناوچەکە سەرسام بوون، سەربازەکانیش لە شەڕەکانی ئەو دەڤەرە گەرمە زۆر هیلاک و هەراسان ببوون. یەکێک لە سەربازەکان لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیبوی:

ئێمە زۆر ماندووبووین ، بەڵام زاناکان ، زۆرتر بە شوێنەوار و شارستانیەتی میسرییەکان سەرسام بوون، بۆیە ژمارەیەکیان گەیشتنە باکوور و خۆرهەڵاتی باکووری میسر ، لەوانە (جیوفری سان هیلار) یان لەگەڵدابوو.

زاناکان و مێژوونووسەکان و ئەدیبەکان، ناپلیۆنیان هاندا شاری قاهیرەش داگیر بکات، بەڵام ئەوان ، لە مەیدانەکانی شەڕەکان خۆیان دوور رادەگرت، بۆیە ئەوان بە بەلەمی گچکە لە رووباری نیل پەڕینەوە ، بەتەنیشیت الجیزە رەتببوون، لەرۆژی 21 ی یولیۆی ساڵی 1798 دەراسەتی هەرەمە بەناوبانگەکانیان کردبوو،

لەدوورەوەش، گوێیان لە گرمەی توپەکان رادەگرت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک بەشداری شەڕەکانیان نەدەکرد، یەکێک لە مێژوونووسەکان لە ناپلیۆن دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی:

سەربازەکانم سەیرکەن، چوار سەدە لە کات و لە شارستانیەت لە سەرووی ئەو ئەهرامانە چاوەروانتان دەکات.

لەودەمانە، سەرژمێری قاهیرە دەگەیشتە دوو سەد و شێست هەزار کەس، لەو شارەدا، سێ سەد مزگەوتیشی تێدابوو، بەڵام هەندێ لە مێژوونووسەکان ژمارەی تریان وتووە. هەندێ لە سەربازەکانی هاوڕێی ئەو وتوویانە، کەوا قاهیرە بێ تەقە گیراوە و شەڕی تێدا نەقەوماوە. ناپلیۆن بارەگای سەرەکی خۆی، لە گەڕەکی الزبکیە دامەزراندبوو، زاناکانیشی هاندابوو لەتەنیشت بارەگای ئەو بمیننێنەوە و لەو دوورنەکەونەوە. بەڵام زاناکان زۆر گوێرایەلی ئەو نەبوون، ئەوان کار و بەرنامەی گەڕانیان دەویست، بەرنامەکانیان جیاوازبوو، بۆیە ژمارەیەکیان رەشماڵەکانیان لە گەڕەکی الناصریە هەڵدابوو، کە گەڕەکی دەوڵەمەندەکان بوو، لەوێ کۆشکی گەورە و نازداری زۆری تێدابوو، کە خاوەنە مەمالیکەکانی لە ترسان رایانکردبوو، کۆشکەکان لەناو باخچەی گەورە و سەرفرازدا دروستکرابوو، بەوەیان ناوچەکە ببووە شاری زانستی و ئامۆژگەی میسری.

مێژوونووسەکە لە کتێبەکەیدا ، سەبارەت بەو ئامۆژگایە نووسیویەتی:

ئەو ئامۆژگایە ، پاش مانگێک لە شەڕەکەی ئەهرامەکان دامەزراوە، بیرۆکەی دامەزراندنەکەشی لەلایەن ناپلیۆن پۆناپریت بووە.

کەسانی شارەزا لە رووداوەکانی ئەو سەردەمە دەڵێن:

ناپلیۆن لە دامەزراندنی ئەو مەڵبەندە، زۆرتر مەبەستی دەسەڵات و خۆقایمکردن بووە . لە بردنی ئەو زانایانەش زۆرتر، ئەو مەبەستەی هەبووە، نەک گەشەی زانیاری لەو وڵاتەدا.

ئامۆژگاکە چوار بەش بوو وەک، ماتماتیک و فیزیا و ئابووری سیاسی و هونەر و ئاداب.

بەرەسمی ئەو ئامۆژگایە ، بەئامادەبوونی پازدە زانا و توێژەر لەوانە مۆنج، لە 22 ی ئۆگستی ساڵی 1798 کراوەتەوە، دەڵێن سەرەتا ناپلیۆن، خۆی بوارە زانستییەکانی دەستنیشانکردووە بۆ کارکردنی زاناکان، سەرەتا داوایکردووە ، لە پیشەسازی نان و دروستکردنی بارود وەڵامی خێرایبدەنەوە.

فەیلسوف و زاناو مێژوونووس لە مۆزەی پاریس لە بواری مێژووی سروشتی (جۆن مارک) وتوویەتی:

ئەو زانایانە، کاری زۆرباش و داهێنانی گەورەیان کردووە، بۆیە ناپلیۆن پۆناپرت زۆر پێیان سەرسام بووە.

دیمانە زانستییەکانیان لە ئامۆژگاکە دەبوو، هەر پێنج رۆژ جارێک دیمانەکە ساز دەکرا، زاناکان بەیەکەوە باسی

پێشهاتەکان و مەسەلە زانستییە پێویستەکانیان دەکرد، لەگەڵ فەرەنسییەکان، دەستەیەکی هوشیاری میسرییەکانیش دەکرا ئامادەبن، (بەتایبەتی لەوانەی ئاگاداری کولتووری خۆرئاوابوون) و شارەزایان لە بوارەکانی ئەدەب و هونەری فەرەنسی دا هەبوو. ئەفسەرەکانی ناپلیۆن ، دەیانزانی ناپلیۆن زۆر بایەخ بەو زانایانە دەدات، بۆیە هەموویان چاویان بەوان هەڵنەدەهات حەزیان لێ نەدەکردن.

باتریس بریت سەرۆکی بەشی مێژوو لە مەڵبەندی توێژینەوەکانی بالآی چەکسازی وتوویەتی:

لە چەند لایەنی دیمانەکانا، زانا میسرییەکانیش ئامادە دەبوون، بەتایبەتی ئەوانەی لە هزری خۆرئاوا نزیکبوون. زاناکان زۆر پەرۆشی زانست و پشکنین بوون، بۆیە هەموو گۆشەیەکی ئەو وڵاتەیان دەپشکنی، تا لەرۆژی 22 ی ینایری ساڵی 1799 دەستەیەکیان گەیشتوونەتە خۆرهەڵاتی قاهیرەش، لەوێ کانزای ناترون (کاربوناتی سۆدیوم) لەلایەن زانا برثولیت دەدۆزرێتەوە، ئەو دۆزینەوەیەش شانازی هەڵمەتەکەی فەرەنسییەکان بۆ سەر میسر.

زاناکان گەیشتوونەتە هەرەمەکانی جیزە و بایەخی زۆریان پێداوە. زاناکان گەیشتوونەتە ناوچەکانی سەعید و سویس، لەوێ بیریان لە ئەگەری بەستانەوەی دەریای سوور و دەریای سپی ناوەراست بەیەکەوە کردیتەوە، کاری ئەندازیار (فریناند دیلسیس) کە لە ساڵی 1869 بۆ لێدانی کەناڵی سویس سوودی لە بیرۆکەکەی ئەوان بینیبوو، بەتایبەتی ئەندازیاری رێگاوبان و

پردەکان (جاک ماری لوبیر)، کە پاشان کەناڵەکە بووە بە کەناڵێکی بایەخدار ، وڵاتە زلهێزەکان شەڕیان لە پێناویدا هەڵگیرساند.

زانا فەرەنسییەکان لەو کاروانەدا بەردی رەشیدیان لە 19ی یولیۆی ساڵی 1799 دۆزیوەتەوە، کە سەربازەکان خەریکی سەنگەر و قەڵادانانی بەرگری بوون ، ئەو بەردە سەیرەیان دۆزیوەتەوە. مێژوونووس و توێژەر (جۆن مارک دروین) زۆر بەبایەخەوە باسی نرخی زانستی ئەو بەردەی کردبوو، کە لەبواری زانستیدا چەند سوومەند بووە، کە مێژووەکەی بۆ 196 ساڵ پێش لەدایکبوونی یەسوع سڵاوی خودای لەسەربێت دەگەڕێتەوە. لەسەر بەردەکە مەرسوومێک تۆمار کرابوو، کە بە سێ زمانی هیروگلیفی و دمیاتی (زمانێکی ناوچەیی میسری ئەو سەردەمەبووە) و زمانی ئەغریقی نووسرابوو، ئەوەش بووە بە فەرهەنگێکی بایەخدار بۆ زانا و وەرگێڕەکان، بەڵام گرێی نووسینەکە تا بیست و سێ ساڵ نەکرایەوە، تا زانای فەرەنسی (جۆن فرانسوا شامبلیون) لەساڵی 1822 کلیلەکانی کرد یتەوە ، بۆیەش زاناکان و توێژەرەکانی مێژوو، بەلێشاو روویان لە میسرکردووە، دەراسەتی شارستانیەتی فەرعۆنەکانیان کردووە ، مێژووی کۆنی ئەو دەڤەرەیان هەڵداوەتەوە ، نهێنی ەکانیان ئاشکراکردووە. کە ناپلیۆن لە هێرشەکەی بەرەو سوریا شکستی هێنا، ماوەیەکی زۆر لەو ناوچانە مایەوە، تا لە ئۆگستی ساڵی 1799 گەڕایەوە میسر ، لەوێشەوە بەرەو فەرەنسا گەڕایەوە. کە گەڕاوەتەوە وڵاتەکەی (کودەتا) یەک چاوەروانی کردووە، بۆیە دوورکەوتنەوەی ئەو، لە سوپاکە و شکستی سوپاکە، زیانی زۆری

بە کار و بەرنامەی زاناکان گەیاندبوو، ئەوان دەیانویست لەبەر سێبەری سوپاکەیان، بەردەوام و ئازادانە کاربکەن.

لە سەردەمی سەرپەرشتی ژەنرال (کلیبر) و پاش ڕۆیشتنی ناپلیۆن، یازدە دانیشتنی زانیاری بەسترابوو، لەنێوان مانگی ئۆگستی ساڵی 1799 تا یونیۆی ساڵی 1800، نۆزدە دیمانەی زانستی تر بەسترابوو ، کە لە سەردەمی ژەنراڵ مینو بوو. مێژوونووس باتریس برت نووسیویەتی:

لە کۆتایی هەڵمەتە فەرەنسییەکە ، زاناکان هەستیان دەکرد، کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێنەوە میسر، چونکە ئەوان کارێکی زۆریان کردووە و بەرهەمی باشیان دەسکەوتووە، بەتایبەتی زانیاری لەسەر میسری کۆنی سەردەمی فەرعۆنەکان.

لەرۆژی 1ی مارسی ساڵی 1801 ئەستۆلی کەشتییەکانی بریتانی لە بەنداوی ئەسکەندریە دابەزیوە ، ئەوەش هەڵمەتەکەی ناپلیۆنی کۆتایی پێ هێناوە. هەر لەو ساڵەدا ، بریتانییەکان قاهیرەیان داگیرکردووە ، فەرەنسییەکان خۆیان داوەتە دەست بریتانییەکان، پەیمانێکیان مۆرکردووە، کەوا زانا فەرەنسییەکان هەموو بەرهەم و دەسکەوتە زانستیەکەیان بدەنێ، بەڵام هەردوو زانا فورییە و جیوفری سان هبلیت ، هەڕەشەی ئەوەیان کردووە ئەگەر ناچاریان بکەن، ئەوا (هەموو دەستنووسە زانستییەکان دەسوتێنن)، بەڵام لە کۆتایی بریتانییەکان توانیان چەندین بەڵگەی گرینگ ، لەسەر نووسینەکانی هیروگلیفیان دەسکەوێت، لەولاشەوە فەرەنسییەکان بەشی خۆیان بردبوو، ئەوەش پاش نیو سەدە، لە کتێبێکی شوێنەواری گەورە دەرچووە، ئەو کتێبە

هەڵمەتە شکستەکەی ناپلیۆنی بە هەموو پێوانەکان بەسەرکەوتوویی تۆمارکردووە.

دەستنووسەکە دەگەڕێتەوە

بەڵێ ئێمە، لە هەڵمەتە سەربازییەکان گەنجینەکانیان رزگارکردووە، قوربانیان بۆ ئەوانە داوە، بەگەرمییەوە لە باوەشیان کردووە، بەرگیان کردونەتەوە و کۆپی و راڤەیان کردوون.

پیاوە دبلۆماتە خانەنشینە عەرەبەکە، بەسەرسامییەوە سەبارەت بە دەستنووسەکەی ئیبنی مەستەوفی دەڵێت:

بۆ ئەو دەستنووسە ماوە؟

خۆرهەڵاتناسە نەخۆشەکە بەگرانییەوە شانێکی دەجوڵێنێت، بەڵام ناتوانێت لەسەر جێگەکەی هەڵبستێتەوە، دەستنووسێکی هاوشێوە و هاوتەمەنی تاریخی ئەربلی نیشان بدات، بۆیە هەر تاقەتی ئەوەی دەبێت کە دەڵێت:

دەزانم ئێوە هەمووتان وادەزانن ئەو بەرگانە ون بوون! هەموویان فەوتاون! لە ئەرشیفەکانی ئێمە هیچ بەڵگەنامە و دەستنووسی کۆن ون نابێت، (ئێمە هەموو گەنجینەکانی خۆرهەڵاتمان پاراستووە)، دیوانە شیعرییەکان، دەستنووسە مێژووییەکان، کەشکۆلە نازدارەکان هەموویان ماون و دەمینێن.

دبلۆماتە خانەنشینەکە، کە تاقەتی باشی بە بەردامابوو، بە کۆستەمێکی رەش و پۆشتەییەوە، دەستێک لە چاویلکەکەی دەدات و قسەکەی ئەو پشتراست دەکاتەوە:

بەڵێ، وایە.

مامۆستا ئاربری، بەر لەوەی ناوی مامۆستای زانکۆکەی بۆ ئاشکرا بکات، کە سەرپەرشتی تێز و کارەکانی بێت، دەڵێت:

دەزانی ئەو دەستنووسانە، هەمووش لە دیوەخان و مزگەوت و ماڵە بەگزادەکان، بە پارەی ئەستووریش کڕاون، بە پارە کڕاون و بە مەترسی و دڵەڕاوکێ، بەدزییەوە لە سنوورەکان و لەناو پاپۆڕەکانی هێنانی ئاوریشم و بەهارات، بە کاروانی چەند مانگی ڕێگاوبانە سەختەکاندا، هەندێکیان دەربازیان بووە، کە ئێستا میللەتان و  شاکارەکان شانازی پێوە دەکەن، لێرەوە دووبارە گەڕاونەتەوە کتێبخانەکانی خۆرهەڵات، گەڕاونەتەوە بەر تیشکی عەدەسە و وردبینییەکان، تا پیت و رستەکان بناسرێنەوە.

لەورۆژەوە، ئەو دبلۆماتە عەرەبە، خەم لەو دەستنووسە دەخوات، بەردەوام خەریکی لێکدانەوەی مانا و ڕێنووس و لێکچوونی وشەکان و ناوەکان و شیعرەکان و بەسەرهات و مێژووەکان و زاراوەکان دەبێت، ئیبنی مەستەوفی لە مردن رزگار دەکات.

دیارە کەوا تەتارەکان، کە ڕەشماڵیان، لە دەشتاییەکان هەڵداوە، بە ئەسپەکانیان سمکۆڵیان کردووە، خۆیان داوەتە بەر خۆرە گەرمەکەی ئەو دەشتە خاوێنە، برینەکانیان تیمارکردووە و نەخۆشەکانیان پێچاوەتەوە، بەر لەوەی بێنە ناو شارەکە، سوپایە شڕەکەی ئەتابکییەکان و تورکەکان و عەباسییەکان ڕاوبنێن،

پشوویکیان داوە، لەورۆژانە خەریکی فەریک خواردن و دانانی هەگبەی نان و خوێی و شیرنەمەنی بوون، والییەکەی موسڵ، لەسەر داوای زاناکانی ئەو شارە، لەسەر راسپاردەی والییەکانی عەکا و حەلەب و حەران، نامەی بۆ ئیبنی مەستەوفی ناردووە، داوای لێکردووە، لە خان و حوجرەکەی بێتە دەرەوە، پەلە بکات تا تەتەرەکان نەگەیشتوونەتە هەولێر، تا دەفتەر و بەیازەکانی نەدزراون، تا عەبا و عەمامەکەیان لێ نەفڕاندووە، با چووست و چالاکانە خۆی دەرباز بکات، ئەوانە دوایی رێگا و پرد و بوارەکان دادەخەن، پیتەکان وەک دڕکی زەرد دەسووتێنن، دەستنووسەکان بەئاو دادەن، عەباکەت شیتاڵ شیتاڵ دەکەن، عەمامەکەت لەسەر فڕێ دەدەن. ئەوان بۆ کوشتنی پیاوەکان، دەچنە ناو بیر و کارێزەکان، بۆ قڕکردنی ژن و مناڵەکان، سەر لە کۆڵێتی مریشک و جووجکەش دەبەنە ژوورەوە.

واعیزەکانی ناو سنووری دەسەڵاتی عەباسییەکان، نەیاری خەلیفەکان و شاعیرە نەیارەکان و والییەکان و حاکمەکان دەنگۆی ئەوەیان بڵاودەکردەوە، کەوا تەرتەرەکان بەشر دەخۆن (ژنەکانیان لە پیاوەکانیان دڕتر و بکوژترن).

ئەوان خەلیفەی عەباسی (موستەعسم باللە) یان دابووە بەر شەق، ئەگەرچی بەنامە، بەبەڵێنیش بەغدای تەسلیم کردبوون، ئینجا هۆلاکۆ، بەدەستی خۆی پەتی لە مل کرد و خنکاندی، بەوەش کۆتایی بە خەلافەتی عەباسییەکانی لە بەغدا دەهێنێت،

بەوەش نەوەستاون و هێرش و سوتانەکانیان بەردەوام بووە، کە گەیشتوونەتە نزیک هەولێر، دەزانن کەوا ئیبنی مەستەوفی لە سوڵتانەکان نزیک بووە، لە خەلیفەی عەباسییەکان، لەگەڵ ئەمارەتی موسڵ نزیک و خزم بووە، بۆیە دڵسۆزەکانی داوایان لەو کردووە، بەپەلە خۆی لەو گێژاوە، دەرباز بکات و سەری کۆت بکات و رزگاری بێت، تا بگاتە موسڵ و لەوێش ناناسرێتەوە .

ئیبنی مەستەوفی، لەگەڵ گەیشتنی نامەکانی والی موسڵ و تەنگاوکردنی بۆ دەربازبوونی لە قەڵاتی هەولێر، لەناو شاریش لە رێگاوبانەکانیش شاهیدەکان، رێبوارەکان سەربردەی خوێناوی زۆریان بۆ گێڕابووە، بۆیە کێچی کەوتبووە کەوڵ، ترسی لێ نیشتبوو، سەبر سەبر دەستنووسەکانی پۆلین دەکرد، ژمارەی بۆ دادەنان، حوبرە لاواز و سیسەکانی رەشتر دەکردنەوە.

هەموو دەیانزانی خوێنی سووری ئەو زێر و گەوهەرە، چاوی ئەو کانی و ئەستێرەیە، دەیانزانی نووسینەکانی ئەو، ئەگەر مێژووی ئەو شارەش نەبێت، ئەوە مێژووی مرۆڤایەتییە، ناوی پیاوچاک و زاناکانە. هەموو خەمی ئەوەیان بوو، ئەو بە کەوا و بە سەندووق و هەگبەکانییەوە نەکەوێتە بن سمکۆڵی ئەسپ و شیری تەتەرەکان. بۆیە ئەو لە شەوێکی تاریکدا، لە دەرزێکی باریکا، بە کاروانێکی سامناک، لە قەڵات دایدەبەزێنن، لەگەڵ حوشترەوان و خوێ فرۆش و جەمبازەکان و قەتاری کاروانێکی نهێنی، ئەو بەرێ دەکەن، لە موسڵ دەگاتە بەر پەنجەرەی والی شارەکە.

شەوی یەکەم، پێناو و تەتەرەکان رەوانە دەکاتەوە، ئەو شەوە بەگەڵیان ناکەوێت و چاوەڕوان دەکات، ئەوانیش لەناو کۆفیەی بەستراو و بە سمێڵ و ریشی پانیانەوە دەڵێن:

بە ئێمەیان وتووە والی پەریشانە، تا ئەو مەلایە دەرباز دەکەین، وتیان شاباشی خۆتان زوو وەردەگرن، ئەو تەنگاو و چاوەڕوانە، پیاوێکە بەتەنهایە و سوارێکی ئامادەیە، پیرێکی نەخۆش و چاوێکی کزە، بەڵام دیارە والی بۆ ئەو زۆر تەنگاوە، ئەویش لە خەمی دەستنووسەکانی زۆر لەسەرخۆیە. یەکێکیان کارساز بوو بەو دەڵێت:

زانیم وتیان باری گرانە، سەندوقی زۆری پێیە، دەیەوێ سەندوقەکان لە سووتان و فەوتان دەرباز بکات، ئەو پەرۆشە و دەیەوێ، سەندوقەکانی نەکەونە بەر شەپۆلی ئاو و لەهی کەندەکان، نەبنە ئاوماڵکی بەستەکان، (نایەوێ سەندوقەکانی تەڕ بن)، نایەوێ هەتا هەور سکی لەسەر ئەرز بێت، سەفەر بەو سەندوقانە بکات. یەکێکیان هەناسەی وەک کووڕخانە لەناو عەباکەی دەردەچوو وتی:

باشە ئەو سەندوقانە چییان تێدایە، دەبێ گران بن، بارەکانمان پێ هەڵدەگیرێت.

پیاوە کارسازەکە دەڵێت:

هیچ نییە تەنها پەڕە کاغەز و چەرم و خام و شەمێن.

دبلۆماتە خانەنشینەکە، کە سەیری دەستنووسەکان دەکات، حوبرە سوور و شینەکان و لاپەڕە گەچراو و دێرە کوژراوەکان، پیتە چەماوەکان، ناوە درێژەکان و شیعرە بە کێش و قافییەکان دەبینێت، دوودڵ و ترساو شان بە ریزبەندی کتێبخانە و ئەرشیفەکە دەوەستێت.

بەڵام هاوکات ئەو، شاناز و زانایانە، لەو مەیدانە ناترسێت و دەست بە توێژینەوەکەی دەکات، لەگەڵ پیتەکان و شیعر و ناوەکان دەبێتە خزم و ناسیاو، ئەو بەئاسانی دێرەکان دەناسێت و دەستیان بەسەردا دادەهێنێت و سازیان دەکاتەوە، دیارە کەوا زۆریش شۆخی بەو بەرهەمە هاتووە، ئەوەش بە کارێکی دبلۆماتی و بە کێشمەکێش دەزانێت، بۆیە ماندوو نابێت و ئەزموون و کەشە خۆشەکەی لەندەن ئارامی دەکات، تا باشتر کار بکات و رەنجی ئیبنی مەستەوفی بۆ شکۆی عەرەبی و ئیسلامی و ئەتابکییەکان بدورێتەوە.

خۆرهەڵاتناسەکە، لە پیاوە دبلۆماتە بەتواناکە، دڵنیا دەبێت و ئامۆژگاری دەکات، کە دەستبەرداری ئەو دەستنووسە نەبێت، با رەنگی حوبرەکان و ناڕێکی لاپەڕەکان ماندووی نەکات، چەند ساڵە، ئەو گەنجینە ون بووە، چەند ساڵە ئەو کتێبە ناوی هەیە و ناوەڕۆکی نییە، واز مەهێنە و تۆش چارەگە سەدەیەک لە کاری دبلۆماتی کارتکردووە، لەگەڵ ئاریشەکان ئاشنابوویت، چەندین کێشەت رووبەڕوو بوویتەوە، لەو کارەش نەرم و لەسەرخۆ بە،

راستە لاپەڕەکان پەرتەوازەن، ناوەکان زۆرن، شیعرەکان رەق و وشکن، بەڵام تۆ کەسێکی دبلۆماتی دەرەقەتی ئەو کێشەیە دێیت!

دەستنووسەکە دەگەڕێتەوە، ئەو دەستنووسەکە دەدۆزێتەوە، بەر لەوەی ئەو سەفەرە بکات، بەر لەوەی بزانێت چارەنووسی خوێندنەکەی بەو مێژووە دەگیرسێتەوە، ئەو هەر لەماڵەوە کە لەحەسارە شوورەبەرزەکەیان دێتە دەرەوە، لەناو بەژنی دارخورماکان نیگایەکی تر لەماڵەکەیان دەکاتەوە، سەرەتا حەجی مەککەی پیرۆز دەکات، هیمەت و بەرەکەت لە پیرۆزی بەردە رەشەکە وەردەگرێت. بەشێک لە تەمەن و شانی مامۆستایەک و گۆشەیەکی لاچەپی زانکۆیەک دەبات، تا کتێبەکە دەبێتە بەردێکی سپی، بەرگی کتێبەکەی دووربەدووری بە شارەکە نیشان دەداتەوە! کتێبەکە لە ئەورووپاوە دەگەڕێتەوە بەغدا و لەوێش دێتەوە هەولێر، لە هەولێریش پەیکەرێکی سپی، لەبەردەم ئاپوورە و گەرمەی بازاڕەکان، بۆ قیت دەکەنەوە.

بەڵام کەسیش نازانێت، ئەو دەستنووسانە، ئەوەی ئیبنی مەستەوفی و سەدان زانا و بیرمەندەکانی خۆرهەڵات، چۆن گەیشتوونەتە دەرەوە، کەی ئیقامە و مانەوە و کاری پاراستنیان بۆ ئاسانکراوە. بەڵام وا من، دەزانم چۆن ئەو لەبەر ئەو کتێبە بووە بە پەیکەر، بووە بە بەردێکی پیرۆزی سپی نەک رەش، لەو شوێنە بەرزە بەبەرزییەوە راگیراوە، بۆیەش ناتوانین و ئاسان نییە، بەردەکە لەو شوێنە، بەو شێوازە و لەو رۆژگارە بگۆڕین، کە

دوێنێی روونە، بەڵام! ئیمڕۆ، سبەی ئەگەر لەلای منیش روون بێت، لای ئەو رووبەرە چڕەی رێبوارەکانی ناو شەقامەکان لێل و شێواوە!

خوێنەری لاپەڕەکانی قووڕ

تەها باقر قووڕی دەخوێندەوە، ئەو هەموو بزمارەکانی نووسینی ئەکد و سۆمەرییەکانی، لە جەستەی شارەکان و میللەتەکان بەنەرمییەوە، بەڵام زانستییانە دەدەرهێنا، ئەو شانی گلگامشی گرتبوو، لەبەرچۆکی ئەو، کرنۆشی بۆ برد و هەمووی نووسیەوە، لەسەر دەستی ئەو، لەسەر دەستی فوئاد سەفری زانا و نووسەر و کەڤناس مامۆستا (زوبیر بیلال ئیسماعیل) دەچێتە ناو بواری شەیدابوون، بە شوێنەواری کۆنی ئەو شارە، پەرۆشانە لەناو بەرگە کۆنەکاندا، لە مێژووی کۆنی کوردەوارییدا دەگەڕێت، ئەویش بەرگێکی گەورە لە کتێبی تاریخی ئەربل دەنووسێت.

ئەو کوردییانە و میللیانە مێژووەکە دەنووسێتەوە، مێژووەکەی ئەو، بەدروستی و بەبەڵگەوە دیارە، کەوا نیوچەوانی هەولێر بەگەرمی و دڵسۆزانە ماچ دەکات، بە قاتە نەرم و لەفافە هێڵدارییەکەی ملییەوە، لەناو کۆنە کتێبەکانی بابوباپیرانییەوە، لە گەڕەکێکی خاک بەرزتر، لە خانووێکی حەوشە گەورەتر و پڕ لە گوڵ و هەنگ و سێبەر و شنەدا، ئیش بۆ هەولێر دەکات. ئەو لەگەڵ رەو و کۆچ و سەرهەڵدانی بازرانییەکان، دەچێتەوە ئاراس و سنوورەکان دەبڕێت، تفەنگ و فیشەکدانەکانیان ماچ دەکات، ماندبوونیان شانازتر و ئارەقەیان بۆندار دەکات، لەو باخچە سێبەرییە کە (دارپرتەقاڵەکان) ی، وەک تیشکی خۆر، چاویان لە ئاسمان بوو، بە خۆر پێدەکەنین، لەو حەوشەدا کە ریزێک کەرپووچی تەنکی کوورەچییەکان، چیمەن و فریزەکەی، لە لق و قەد و چەکەرەی دارەکان جیادەکردەوە، ئەو بە رۆبە

ئەستوورەکەی سەرشانییەوە، وشە کۆنەکان و سەربردە خوێناوییەکانی ئەو مێژووەی، دەبردە بەر سێبەر، ئەو بە چاویلکە ناسکە شووشەییە تەنکە چوارچیوە رەشەکەییەوە دادەنیشت، هەڵەبڕی کتێبی مێژووی ئەمارەتی سۆرانی دەکرد، بەر لە دەرچوون و لەدایکبوونی دەستنووسەکەی مێژووی هەزبانییەکان، خەم لە رەچەڵەکی بلباسەکان دەخوات، لق و رەگی زمانی کوردی لەناو باخچەکەی شرۆڤە دەکات.

ئەو (وەفیاتی ئەعیان) ی ئیبنی خەڵکان دەخوێنێتەوە، دەیەوێت بڵێت و بنووسێت، ئەوە پیاوە هەولێری و کورد بووە، پرسییش بە مەزارەکەی شێخی چۆڵی دەکات، تەمەنە کورتەکەی بە مێژووی ئەو میللەتە، ئەو شارە شاناز و شکۆدار دەکات.

گوڵشار، ژنە میوانەکە، هیچ لەو کتێبانەی نەدیبوو، نەیدەزانی کەوا دوو مێژووی ئەربل نووسراوەتەوە، یەکێکیان لەناو ئەرشیفەکانی دەرەوە دەدۆزرێتەوە، وشەکان و دێرەکان و هەر چوار بەرگەکەی، باس لە کەسانێک دەکەن، هەموویان نامۆن و نەناسراون، نەوەکانیان لەو شارەدا کەسیان نەبوون، بە نانەوایەک لە کۆڵانێکی دەرنەچووی ئەو شارە، کەسیان نەبوون، بە وەرزێرێکی دەستگەورە، ئاو بە قسەی خۆش، بۆ شینایییەکانی لە چیاوە رابکێشێت، ئەوانی ئەو باسی کردوون کەسیان نەبوون، بە (سەفار) ێکی لاوازی کەپوو گچکەی زانا، لە سپیکردنەوەی تارمایی و رەشاییەکانی تەمەن. ئەوانەی ئەو ناوی هێناون

کەسیان نەبووە، بە (مامۆستا) یەکی دوازدە عیلم، وەک
بابوباپیرانی مامۆستا زوبیر بیلال و مەلا خدری دەشتی، لەو
کتێبەدا باسی (پەڕەچییەکان) و (سەوزەفرۆشەکان) و (قۆڵچی)
یەکان و (کارمەندی پۆست) و (پۆلیسی سوارە) ی ئەو شارە
نەکردووە، ئەوانەی لەو کتێبەدا ناویان هاتووە، نەوەی کەسیان
نەبوونەتە (ئەندام) لە حزبی هیوا و دارکەران و شیوعی، کەسیان
یەکەمجار وشەی (رۆژباش) ی بەکارنەهێناوە، کەسیان
نەچوونەتە سابڵاخ، لەگەڵ بەرگری و بوار دۆزینەوەدا ئاوی
ئاراسیان نەبڕیوە، ئەوانەی ئەو باسیان دەکات، کەسیان (خمچی)
و (تەونکەر) و (جۆلا) و (بیرلێدەر) و (کڵاودروو) و (ئاسنگەر)
ەکانی ئەو شارە نەبوون، ئەو باسی مەنجەڵی گەورەی
ساوەرکوڵاندن، داسی سەپان، سەرشۆر، رووهەڵگر، کوورەچی
حەمامەکان، دینگی گەورەی ئاش، فانووسی گەش، یەکەم
مەکینەی کارەبا، ئاوی کەسکوسوور، دەورییەکانی ناوشار، ژنە
تەشی رێسە بەتواناکان، ئەدی زوڕناژەنەکان، ئەوانەی بەپارە
داریان دەشکاند، رەوە رێشۆڵە و کێشکەکانی نەکردووە، مەڵێن بۆ
ئەوانە، من بەو باڵی ئەو باڵندانانە، دەمزانی دونیا گەورەیە،
بەردەوام شەیدای گەڕانەوەی ئەوان بووم، لەوانە و لە
خاڵخاڵۆکەمان دەپرسی، لەو دونیایە چەند رووبار و ئەشکەوت و
مەیدانی شەڕ و (سەرکردەی زاڵم) و مەلای نەجیبزادە و (شەرابی
کۆن) هەیە. دەبوایە ئەو کتێبەی ئیبنی مەستەوفی ئەو
دونیایەمان بۆ بدۆزێتەوە، (نەک پیاوێکی خانەنشین لە

سەعوودیەوە بچێتە دبلن و لەوێ کتێبەکە بدۆزێتەوە)! ئەوەی ئەو باسیان دەکات، هیچ لە نەوەکانیان، لە هێرشەکەی هۆلاکۆ، کە دەبابەکان هاتوونەتە ناوشار، کە حەرەس قەومی گەمارۆی دەدا قوربانییان نەداوە.

مێژووەکەی ئیبنی مەستەوفی، ناوی ئەو کیژانەی تێدا نییە، کە کەوایان لە شایی و خەنەبەندان دەبوونە مانگ، ئەو باسی لە ئارەقە و پێکەنینی چاو و دەستکوشینی ناو تاریکی شاییەکانی نەکردووە، کە زناری سەرکەش، دەستی گردی کەسک، کە رووباری شینی شانی دەشت، کارمامز شوێنی ئاوی بۆ گەرمبوونی ئەڤین و ژیانی گرتووە، کتێبەکە باسی ئەو تێکەڵبوونانەی تێدا نییە. بەڵام! مێژووەکەی ئەربلی زوبیر بیلال ئیسماعیل، مێژووی خەڵک و شار و قوتابخانە و هۆز و تیرە و نەبەردییەکانە.

ئەو ژنە هاتبوو، لەو کاروانەدا، بەرئاوێنەکەی شەوانەی ماڵەوەی لەبیربچێتەوە، هاتبوو بڵێ، لە گۆڕستانەکەی بەر گوندەکە، لەناو کێڵە بەردینە شکاوەکاندا، دەنگی سەید ئەسغەر کپ بووە و مەزارەکەی (بێ نیشانە).

ئەو هاتبوو یەکەم سەفەری بۆ دۆزینەوەی رەنگ و هەناسەی شکاو و داماوەکان بێت. لەبەر چاوی خورمایی ئەو بووە، کە نیگاکان لە گایدەکە زۆرتر دەبێت و وردتر، لە بەرنامەکەی رامان دەکەن، شارێک، بە هەموو دەزگا و گۆشەکان، نووستوەکان و

سەرخۆشەکان و نەخۆشەکان و گەورەکان، هەتا وردیلەکانیش لەو بەئاگادێت.

کەلاوەکانی قەڵات، کە چەند ساڵە لیژنەی بۆ دادەنێن، هێشتا هەر سەری بە کاریتە نەگیرایەوە! دیوارەکانی دارەڕێیەکیان لەسەرە و تەواو نابن!؟ ئەوانیشیان لەو گایدە هار کرد، وتیان کەلاوەکانت بەسەردا دەرووخێنین. هەموویان بێدەنگ نەبوون و هەواڵیان دابووە هاوسەرەکەی، ئەویش بە دوعا و نزاوە، لەگەڵ دوعاکانا، دەستەکانی ئەوەندە بەرزببوونەوە، گەیشتبوونە بەرزایی عەرشی فەلەک.

سەیداوە لەساڵی ١٩٦٥

ماڵەکەمان، لەو قەڵاتەی کە ئێستا، بوویتە موڵکی ئیبنی مەستەوفی، زۆر دوور بوو، من کە ئێستا، بەدیار پەیکەرە سپییەکەی ئیبنی مەستەوفی مات بووم و حیکایەتێکی لەسەر دەگێڕمەوە. حیکایەتی ژن و گایدەکە.

نێوانمان، ماڵەکەمان لە گەڕەکی سەیداوە، لەگەڵ قەڵاتەکە، چەند (کەند) و (جۆگە) و (سەرەکۆڵان) و (شڕە دووکان) و (شەقامی شکاو) و (باخچە و شینایی) بوو. نێوان ماڵەکەمان و پیرەقەڵاتەکە چەند (دووکانی فیتەری یەک قەپەنگ) و (مەیدانی کافرۆشران و مەیدانی کەران) و (باخی شار) و (ئینزیباتخانە) و (کەندەپیس) و (شێخەڵا) و بۆنی عەتارەکان بوو. بۆ گەیشتن بە سێبەر و هەیبەتەکەی ئەو قەڵاتە، دەبوایە من و مناڵانی ئەو گەڕەکە نووستوەی ناو قووڕ و خەم و باران، (رمبازی جەمبازەکان) و (بانگی دەڵاڵی میوەفرۆشەکان) ی سەر سەبەتەکان و (بۆنی پێستی پەنیر و ژاژی) و (سەدای لاوکی چایەخانەکان) و (سەرتاشەی دەست بەگوێزانی سەر تەنکە روونی بەتاڵی قۆپاو) و (داروەبەی گەنمفرۆشان) و دوکانێکی کارەباچی و دیوار و دەروازە و (تابلۆییە چوارگۆشەییە بەهەیبەتەکەی یانەی فەرمانبەران) و شەرەبەتی مێووژی نایاب و زۆر (دیمەن) و (هاتوهاوار) و (سوێندخواردن) و (پارە قەرزکردن) و (پارە بە سەلەم وەرگرتن) و جیهانێکی کۆن و نوێی ئەو سەردەمە ببڕیت، تا لەبن قەڵاتەکە نزیک دەبویتەوە.

یەک جیهانی بەرین، بەرەنگ و بەدەنگ و بەفەرهەنگ، ماڵەکەمان و گەڕەکەکەمان لەو قەڵاتەوە  دوور بوین، کە ئێستا من بە گێڕانەوەی حیکایەتێک، سەری خۆم و سەری ئەوم ئێشاندووە.

من شەرم ناکەم و دەڵێم و دەگێڕمەوە، کەوا زۆر بەحەسرەت بووم، رۆژێک بچمە سەر ئەو قەڵاتە، لە کۆڵانەکانی ئەو شارە نامۆیەدا، پیاسەیەکی تەنهایی بکەم، سەیری (هێڵانەی چۆلەکە) و (ریزبەندی کەرپووچەکان) و (نەخشی ستارەی خانووەکان) و فێنکی (سارداو) و (قەمتەرەی کۆشک) و (هەیوان) ەکانی ئەو شارە بکەم. زۆریش خەمم دەخوارد، بۆ ئێمەش ماڵە پوورێکمان، خزمێکی باوکمان، هاوڕێیەکی مەکتەبمان، ماڵیان لەوێ نەبوو، تا بەبۆنەی ئەوانەوە، رۆژانی هەینی، یان یەکەم رۆژی جەژن، ئەو شەوانەی کۆڵانەکەمان، شەڕەتەقەی لێ دروست دەبوو، کە هەموو کۆڵانەکانی گەڕەکەکەمان، چواردەورەی دەگیران، پۆلیس و حەرەس قەومی، ماڵ بەماڵ دەرگا تەنکە شڕەکانیان لەسەر دەکردینەوە، ئینجا ئەوان شێت و دوژمنانە، دەکەوتنە ناو (بوخچە) و (باول) و (هەرزاڵە) و (بەرمیلە شڕ) ەکە و (گوش و جواڵە بەستراوەکانی بن قادرمەکە) و (سەندوقە دارەکەی بنەبانی ژوورەکانمان، ئەوەی بە هزر و هونەری باوکی هونەرمەند دارا کاملا دروستکرابوو)، ئەگەر ناسیاوێکمان لەوێ بوایە، خۆمان لەو قەڵاتە دەپەستا، بۆ خۆمان ئارام دەبووین، بەیانی زوو بێ کێشە و دواکەوتن دەچووینە مەکتەب.

لێتان ناشارمەوە، بەحەسرەت بووم، زۆریش حەزم دەکرد، سەرێک لە هەر سێ گەڕەکەکەی ئەو قەڵاتە بدەم، لە گەڕەکی (سەرا) و (تۆپخانە) و (تەکییە) کەی، بەناو کۆڵانە باریکەکانی، وەک دووکەڵی تەندوورەکە، بانگی مەڵای مزگەوتەکە باڵ بگرم، دەرگایەکی داری نەخشینی ناسکم لێ بکرێتەوە، لە دەروازەی یەکێک لە خانووە جوانە دوو نهۆمەکانی، بچمە ژوورەوە، لەناو هەیوانەکەییدا سەرێک بەرزبکەمەوە، سەیری کۆتەرە و دارهەیوانە نەخشینەکانی بکەم، لەنزیک حەوزە ئاوەکە، لەناو حەوشە کەرپووچە تەبەقرێژە فێنکە خاوێنەکەیان، بوەستم و یەک بەیەک، هەر بەزەوق، کەرپووچەکانی بن پێیەکانم بژمێرم، تا بۆیان بەسلمێنم، من لە بیرکاری و ژماردنا، زۆر باشم و لە سەیداوەش ئێمە دەچینە مەکتەب.

من بە شەوقەوە، حەزم لەو قەڵاتە بوو، چونکە خانووەکەی خۆمان دوو ژووری قووڕ بوو، کە بە دەستی دایک و باوکم، (نوزانەوەی ئێمە لەبەر گەرما)، (شلکردنەوەی قووڕەکە)، ڕەزیلیکردن لە بەکارهێنانی کاییەکە، (پسانی خێتی وەستاکە)، شکان و چەقینی داری خاکەناسەکە، (ماندووبونی زۆر و زەحمەتی ڕاگرتنی کاریتەکان)، دارەڕێیەکە، (تیژی قامیشی حەسیرەکان)، قووڕەپەست و مارنجکردنی زۆر و خشتبڕین و قیتکردنەوەیان، نەبوونی پارەی کڕینی دەرگا و پەنجەرەیەک، خەمخواردن لە هێنانی ئاو و کارەبا، خانووەکەمان دروستکرابوو، بەڵام پاشایانە تێدا ژیانمان بەسەردەبرد.

هەر لەو خانووەدا، کە لەدوورەوە زۆرجوان قەڵاتەکە، لەناو ماڵەکەمان، کە دەرگای حەوشەمان نەبوو، قەڵاتەکە بەهەیبەتی دیوارەکان، تیشکی زێڕینی کەرپووچەکانی، بەژنەکەی کە دەگەیشتە ئاسمان دیاربوو. ئێمە لەو خانووەدا دەژیاین، لەو بۆنەیەدا خۆڵی سەرگۆڕی هەردووکیان، دایکم و باوکم ماچ دەکەم، کە بەئازایەتی ئەوان، خانووی خۆمان هەبوو، تاپۆی رەشی (کە پارچە کاغەزێکی رەشی لوولدراو و بەستراوبوو، لە گۆشەیەکی ئەمینی تاقە باولەکەی ماڵەکەمان دانرابوو، کە نووسینەکانی سەری بە رەنگی سپی دەرچووبوو)، بەڵێ تاپۆکەی بەناوی باوکم بوو، ئێمەش یەکەم خێزان بووین، لەناو هەموو خزمەکانمان، خانووی بەتاپۆمان لەو شارەدا هەبوو، هەر بەگەورەیی و فەزلی ئەو خانووەش بوو، کە هەرگیز لەو شارەدا، لەناو حەسارێکی گەڕەکی سەعدوناوە، یان کۆڵانی عارەبان و تەعجیل و خانەقا، ژوورێکمان بەکرێ نەگرتبوو، هەر بە سێبەری ئەو خانووەش بووە، کە هەرگیز لە شارەکەمان کرێی مانگانەمان بۆ نیشتەجێبوون بەکەس نەداوە.

ئێمە نەک هەرگیز کرێچی نەبووین، بەڵکو دایکم، ساڵێکیان ژوورێکی لەو دوو ژوورە، بۆ دڵنەوایی و ئاوەدانی، بەکرێ دابووە پیرەژنێکی تەنها و بەجێماو و چاوەڕوان و قامک باریکی چاوتیژی و هزرباش و قسەزان، پیرەژنێک بەڕاستی هەندی (گلۆڵە موو) ێک بوو، زستان و هاوینان دووگردێکی کۆنی هەمەرەنگی پینەکراوی پەروازە بەمووری، لەپشتە کۆمە رەقەکەی دەبەستا، ئەو لەناو

ژوورەکەدا قۆرتێکی بازنەیی هەڵکەندبوو، ڕێک لەناوەندی ژوورەکەدا بوو، زستانان ئاگری تێدا دەکردەوە. ئەگەرچی هەموو دڵسۆزەکانی کە ئەو بۆیان دەگریا، جێیان هێشتبوو، بەڵام شەوانە بەر ئاگردانە سارد و خۆڵەمێشییەکەی ئاوەدان بوو، ئێمە وماڵەکەی پشتەوەمان، ئەو دوو ماڵەیان خانووەکەیان، ڕوویان لەو قەڵاتە بوو، کە لەسەربانی ئەوانەوە هەموو دووکان و سەوداکانی بازاڕیان لێوە دیاربوو، ئەو ماڵانە و ئەوانەی ماڵیان لەپشتەوەمان بوو، شەوانە ئەزیەتیان نەدەکێشا بسوڕێنەوە، هەر لە سەربانەکەوە ئاودیو دەبوون، بە ترپەی پێیەکانیان، دەمانزانی ئەوانیش هاتن.

ئێمە بەپەلەبووین تا زوو بەسەرهاتی حیکایەتەکان بزانین. ئەوان و میوانەکانمان، کیژ و کوڕەکانی ئەو ماڵانە، سەرەژن و گەنجەکانی گەڕەکەکەمان، پیاوە حەمامچییەکە، کە تا ئێوارەیەکی درەنگ چاوەڕوانی ئەومان دەکرد، هەموومان شەوانە لەو گلۆڵە مووە ژنە، لەو پیرەژنەی کە وەک ئەوەی لە سمەرقەند و لە تبریز و لە میعراجا، گەڕابێتەوە کۆدەبوینەوە. ژوورەکەی ئەو، لە هەموو ماڵەکانی ئەو گەڕەکە، ڕەنگە ڕاست بێت، ئەگەر بڵێم لە هەموو شارەکەش، گەرم و ئاوەدانتربوو، ئەو بەتەنها دەژیا! بەڵام شەوانە خەڵکی کۆڵانەکەمان، لە ژوورە تاریکەکەی ئەو کۆدەبوونەوە، هەموومان مەند و بەشەوقەوە گوێمان لە حیکایەتەکانی ئەو دەگرت، کە تەواوبوونیان نەبوو، (کەی حیکایەتی ئەو گەردوونە تەواو بووە) و تەواو دەبێت؟ تەواو نابێت

چونکە بە کوشتنی یەکێکی ناو حیکایەتەکە، تەونی تۆڵەکردنەوە دادەڕێژرێت، کە چاوێک دەکرێتەوە، دڵێکیش بۆ عیشق و خەم و سۆز و سووتانەکانی لێ دەدات، حیکایەتی نوێ دەست بەرووداو و گێڕانەوە و تەونەکانی دەکات.

پیرەژنە دووگرد لەپشتەکەمان، هەموو شەوێک دێوێکی رەش یان سپی نوێی، لێمان زیندوو دەکردەوە، کیژێکی تری عاشق و شەیدا دەکرد، کوڕێکی پاشای پەرۆش و پەریشان دەکرد، پیرەژنەکە لەو ژوورە سەر بەکاریتەیەی، کە دڵۆپەی باران هەنجن بە هەنجنی کردبوو، هەموو دەریا و چیاکانی دونیای لێمان نزیک دەکردەوە. ئەو لە ژوورە تاریک و نەوی و دیوارە دڕەکە، باسی کۆشک و سەرا و دیوەخانی میچی رازاوە، حەوز و کانی و نەخش و نیگارەکانی وڵاتانی پشت دەریاکانی بۆ دەکردین، ئەو بۆ ئێمەی تەنها و سەرمابردوو و ترساو، باسی سوارچاکی و سەفەری ناو ئەستێرە و دووڕ و مەرجانی دەکرد. ئەو پیرەژنەی هاوین و زستانان هەر سەرمای بوو، شەو و رۆژ بەئاگابوو، ئیجا ئەو بۆ گەنجانە شەوانە، حیکایەتی سووتان و شەیدایی ژیان و خەباتی دەگێڕایەوە.

ئەو بەو پیرییەوە دەیووت:

ئاوی حەیات لەودیوی کێوەکاندا هەیە، ئاوەکە لە هەزارەها جۆگەوە سەرچاوەی گرتووە، ئاوەکە دەڕوات و وشکبوونی نییە، ئاوەکە دەگاتە قووڕگی بەچکەشێرەکان و پیاوە ئازاکان و ژنە

عاشقەکان بەس، وەک ئەوەی ئاوەکە تەنها شایستەی ئەوانە بێت و بەس!

ئەو کە قسەی دەکرد جەستەی دەلەرزی، چاوەکانی بە فرمێسکی گەرم دەشوورا، زۆرترین دەماری لەسەر دەستە بەلۆچەکانی دەردەکەوت و دەیووت:

عیشق بەیەک نیگا دروست دەبێت، هەرگیز عاشقەکان خیانەت ناکەن، هەر چەند دوور بڕۆن، هەر دەگەڕێنەوە شار و ئاواییەکان.

قسەکانی ئەوم ئێستاش باش لەبیرماوە، بۆیەش لە قۆناخی ناوەندی حیکاتەکانم، بۆ مامۆستای زمانی کوردیمان، کە تازە و یەکەم ساڵ بوو، ئەو وانەیە، خرابووە ناو وانەکانی خوێندنمان، من و هاوڕێیەکانم، دەمانکرد بە راپۆرتی دەرچوونی سەرە ساڵمان.

پیرەژنەکە، ئەوەی مانگانە کرێی ژوورەکەی، بۆ دایکم لە یەکێک لە گیرفانی قووڵ و تەنیشتی کورتەکەکەی، بەزەحمەتی دەردەهێنا، تاکە دینارەکانی تری بەجوانی دادەنایەوە. ئەو چەند ساڵ بوو مێردی مردبوو، بەڵام لەو پیاوە نائومێد نەبوو، هەر دەیووت ئەو دێتەوە، ناویشی نەدەهێنا، دڵی نەدەهات ناوی ئەو بهێنێت، دەیووت ئەو دێتەوە، پیاوەکەی من نەمردووە.

هەموو شەوێک ئەو قسەیەی بۆمان دووبارە دەکردەوە، شەوانە و بەگەرمی، لەشەوانی ساردا، لە سەرەتای حیکایەتەکانا، یان

لەکۆتایی بەسەرهاتەکانا، باسی مێردەکەشی دەکرد. ئەو دەیووت:

مێردەکەم پیاوێکی زۆرباش بوو، زۆر منی خۆشدەویست، پیاوێک بوو هەتا رۆیشت پرچی نەبڕی، گۆشتی نەخوارد، چاوی لە کل دەنا، کە دەخەوت لەگەڵ کازیوە دەجولا، یەکجار نەخۆش کەوت، یەکجاریش دڵی منی شکاند، دڵی شکاندم کە رۆیشت و لە من دوورکەوتەوە، ئێوەش بڵێن ئەو دێتەوە، کە هاتەوە دەیبینن و دەزانن چۆن پیاوێک بوو، ئەو بۆ من هەر دێتەوە.

حیکایەتەکانی پیرەژنە پشت کۆماوەکە، نەرم نەرم رووداوی ئەفسوناویان دەگێڕایەوە، هەر ئەویش فێری کردم، ئێستا حیکایەتێک بگێڕنەوە، پاڵەوانەکانی لە چەندین هەوارەوە هاتوون، هەر یەکێک مەبەستێکی هەیە، باسی کۆن و نوێی تێدایە، ئەو فێری کردم ئەو حیکایەتە بگێڕمەوە:

هەبوو نەبوو (پیاوێکی عەرەب) لەو شارەدا هەبوو، لە سەردەمی ئەتابیکییەکان، لە سەردەمی حوکمی سولتان موزەفەر و عەباسییەکان، وەزیری ئەمارەتی ئەو شارە بووە، باوکیشی دەسەڵاتداری ئەو زەمانە، باجگری گەنجینەکانی ئەو دەسەڵاتە بووە، پیاوەکە لە کۆنە دەفتەر و سەربردەنی رێبوارەکان، لەگەرمەی ئاخاوتنی مزگەوت، مەیدانەکانی شەڕ، چادرەکانی مەغول، دەوارەکانی عەرەب، کاروانی عەجەمەکان دیرۆک و شیعر و بەسەرهاتی دەنووسیەوە.

ئەو زۆری نووسیبوو، کتێبێکی نووسیبوو، وەک نووسەرەکانی پێش خۆی (ناوی شارەکەی لە کتێبەکەی نابوو)، ئەو پیاوە کەس نازانێت ژنی هەبووە یان نا، وەچەکانی لەگەڵ خۆی بردوتە موسڵ، یان هەر لەو شارە ژیاون، رەچەڵەکی باوکیان لەبیرکردووە، کەس نازانێت ئیبنی مەستەوفی لەکام خانووی قەلاتەکە ژیاوە، لەکام سەرا و دەزگادا دەوامی کردووە، کە لە موسڵیش مردووە لەکام گۆڕستان نێژراوە.

ناوی ئەو لە چەند پەراوێز و بەیاز و سەرچاوەدا هەبووە، هەتا پیاوێکی فێرخواز، لە بریتانیا و لەسەر داوای پرۆفیسیۆرێکی زانا، ئیش و راڤە لەسەر کتێبەکەی دەکات، تاریخی ئەربل زیندوو دەکاتەوە. ئەو مردووە یان کوژراوە، ئەومان بۆ زیندوو دەکاتەوە و پلەیەکی زانستی بەو کارە وەردەگرێت، کتێبەکەش بە دوو بەرگی گەورەی نایاب چاپ دەکات.

ساڵ دێ و ساڵ دەڕوات، لە سەردەمانێکی زۆر دوور نا، نزیک و تۆمارکراودا، دووبارە ئەو پیاوە و ئەو کتێبە زیندوو دەکەنەوە، بەلام ئەمجارە بە کۆنکریت و رەنگی سپی، بە عەمامە و عەبا و ریشەوە، بەلام لە بەرد نەک، لە قوماش و سیرە و شەعادە و خام، لەسەر کۆشی ئەو کتێبێکی نەنووسراو، دەفتەرێکی نەبیستراو و مێژوویێکی نەویستراوی دادەنێن.

لەو رۆژانەی ئەو پیاوە بووە بە پەیکەر، لەو دەروازە دیارەی شارەکە دانرا، شار گەمارۆ درابوو، بازار بە (پارەی دڕاو) و

(وردەی ئاسنی گران وەرناگرین)، رەزقی کلیلدراو، رۆژی مات و شەوە تاریکەکان گیرابوو.

لەو شارەدا، لەو رۆژانەدا گوێم لێ دەبوو، کەوا ژنێک هاواری دەکردە، سەر کیژە قردێڵە لەسەرەکەی، کە قژی بۆ مەکتەب بە شانەیەکی دار بۆ دادەهێنا دەنووزایەوە، بەخەمێکی رەشەوە قسەی بۆ دەکرد و ئەویش دەیووت:

دایە مامۆستاکەمان وتی، تا سەرماتان نەبێت و ئەو پەنجەرە شکاوانە چاک بکەینەوە، دەبێ لەماڵەوە پارە بهێنن.

ژنێک چاوە رەشەکانی، کە هیچ برووسکە و ژیانی تێدا نەبوو، لە میوانداریی خزمێکیاندا وتبووی:

ئەو پیاوەی من، مێردە داماوەکەم، پاش شەش مانگ ئیشکردن لە ئاستنبۆل، دیسان لە رێگای یونان گیراوە و نەکرا رزگاری بێت و دەریای ئیجە بە سەلامەتی ببڕێت.

کە پیرەژنەکە تەونی حیکایەتەکانی دەکردەوە، کە کوڕەکەی ئازایانە دەناردە، ناو ورچ و هرسەکان، کە شەوانە دەست بەخەنجەرەکان کیژەکانیان دەڕفاند، شار گرێ دەگرت و پاشا گۆشاوگۆش سەردەبڕا، کیژە پاشا بۆ گەیشتن، بە کوڕە کەچەڵێکی بەردەگای کۆشکەکەیان، شەوێک پلکە پێناوێک دەربازی دەکات و دەگاتە، کوڕە حەیرانی ناو هەوارێکی خاڵی.

لەودەمانە، لەگەڵ سرووتی گێڕانەوەکەدا، کەسمان قسەی ژنە گڵۆڵەمووەکەمان نەدەبڕی، کەسمان شیش و دارمان لە ئاگردانەکەی ئەو وەرنەدەدا، کەسمان نەماندەووت پلە چایەکت تاڵە، یان زۆر کوڵاوە، دایکیشم بە هێنانی و تێوەرکردنی پیاڵەکان ئەوی هەراسان نەدەکرد، ئێمە چایەمان دەخواردەوە، خەمان لە دوورکەوتن، کوژرانی خەونێک، کەوتنی تاجی پاشایەک دەخوارد. تەمەنی پیرەژنەکە تەواو ببوو، بەڵام حیکاتەکانی ئەو تەواو نەدەبوون، هێشتا نەمانزانی کوڕە کەچەڵەکە، لەگەڵ کیژە سوڵتانەکە بەیەکەوە خۆش ژیان، تێگەیشتین ئەو کوڕە کەچەڵە چۆن تیرە کوێرە دوورەکەی، بەر دڵە ناسکەکەی ئەو شازادەیە کەوتبوو، نەماندەزانی ئەو پیرەژنە، چۆن ئەو ژوورە تاریکەکەی رووناک دەکردەوە، چۆن گەڕەکی سەیداوەی دەگاتە گەڕەکی هەمیشەسەوزی سەمەرقەند، چۆن کانییەکان دەتوانن چەمێک بکەنە رووباری (دانوب)، ناوچەیەکی فراوان ئاودێر و گوڵپرژێن بکات، ئەو تبریزی نزیک دەکردەوە. ئەو نوور و ئازایەتی ئیمامی عەلی و هەمزەی مامی پێغمبەری مەزنی، لە هەناومان دەچەقاند، چۆن عەگیدێک، لە (ئاگری) یەوە پاڵەوانانە بە دوو شەو و دوو رۆژ، دەگەیشتنە حەلەب، لەوێش هەمان شەو لە پەنجەرەیەک کیژە عەتارەکەی دەدۆزیەوە، بازرگانەکەی هەڵدەخەڵەتاند، مسگر و دەنگخۆشەکەی دەکردە هاوڕێ، بەیەکەوە بەرەو شاخەکان بەڕێدەکەوتن.

شەوانە، هەموومان سەرمان لە پەنجەرە بێ شووشە تەڵبەندەکە دەبردەوە دەرەوە، تا بزانین، لە دەرەوەی خۆمان، لەپشت بەستەکە، لەودیوی قەڵاتەکە، دونیایەکی تریش هەیە، لەو دونیایە تەنها ئەو قەڵاتە هەیە، پیرەژنەکە دەیووت:

لە حەلەبی شام قەڵاتێکی وا هەیە، ئەو دەیووت منارەی وا لە هەموو شاری موسلمانەکاندا هەیە، دەیووت سوڵتانەکان تا دەسەڵات و فەرمانڕەوایی نیشان بدەن، زوو مزگەوتیان ئاوەدانکردوتەوە، گومبەتیان نەخشاندەوە، لە هەندەران (سنان پاشا) ی دەسترەنگینان هێناوە. قسەکانی ئەو دوایی لەناو کتێبەکاندا دەرکەوتن، حیکایەتەکانی ئەو بوون بە دیکۆمێنت و ئەرشیف، ئەو دەیووت:

کوڕینە کە گەورەبوون، کیژەکان کە شووتان کرد، ژنەکان کە وەک من دەستان لەرزی، کاریتەکانی سەر سەرمان، دەشتە ئاوەدانەکەی بەردەممان، گوندە دوورەکان، شارە بە قەیسەرییەکان، ڕێگا بە قەمتەرەکان، گۆڕستانی جوولەکەکان کە لەو دونیایە بەزەلیلی و بێ خزمەت کوێردەبنەوە، باش بزانن حیکایەتەکان، وەک قسەکانی من، سەربردەی گەورە و پیاوچاکەکان، نووسینی ناو کتێبەکان، پیتی سەر رەشنووسەکان هەموو خەیاڵن، من وا ئازادانە، بۆتان دەنەخشێنم و بۆتان دەگێڕمەوە، بۆیەش باش بزانن کەوا خەیاڵ بەردەوامە، پاشاکان، خەیاڵ مەزنی کردوون، شیرەکان و رمبازییەکان، گرانی و

قاتوقریی و زەبری عوسمانییەکان و زەلیلی ئەلبان و سربەکان بە دەست سولتانە عوسمانییەکان، هەموو خەیاڵن، کەسانی وەک من، توند و شل و نەرمی کردون.

ئەگەر خەیاڵ نەبێت ئەو قسە، سەربردەی ناو حیکایەتەکانی من، چۆن کوڕە بەگزادەیەک، یان چۆن کوڕێکی سمێڵ باریکی تورکی ئاستنبۆل، گەیشتووتە بەلگراد، لەوێیەوە کەنیزەی بۆ شێلانی پشتی سولتان، ساردکردنی شەرابی شەوانە ناردووە!

خەیاڵە، ئەگەرنا بەلەمێکی شڕ، بە لوولە تۆپێک و دوو فەردە بارود، چۆن گەیشتوونەتە وڵاتی شیلی و سەرکەنارەکانی ئەو وڵاتانە، لەوێ کڵێسایان دامەزراندووە، شارستانیەتییان گەیاندووە!

حیکایەتەکانی ئەو، حیکایەتەکەی منیش، خەیاڵە. نەچن، دونیام لێ بکەنە دوژمن، بە نۆکەری ئیران و سەعوودیە و ئەمریکا و شیعە مەزهەب و کۆمپانیای پترۆل و سەرمایەگوزارییەکان ناوم ببەن.

من خەیاڵم گێڕاوەتەوە، ئەو وشە رەشانەی، ناو ئەو کتێبە تیراژ کەم و دەگمەنە، ناتوانێت، ئەو هەموو وڵات و سەرکردە و رۆژنامە ئەهلییەکان و لیستەکانی هەڵبژاردن بکات بەگژ یەکتردا، ماوەیەکی *درێژ دەزگاکانی میدیا، بازاڕ و سەرسنوورەکان و نرخی*

*کالا چینییەکان، سەوزەی ئیرانی و سورییەکان و پۆشاکە تورکییەکان دەشێوێنێت!*

هەولێر ساڵی ١٩٢٨

لەناو دەفتەرە جوانەکانی مامۆستا زوبیر بیلال ئیسماعیلدا نووسراوە، کەوا ئەو قەڵاتە زێرینە، ئەو دەستەگوڵە، پیرۆزە بە سێبەر و سرووتی خوداکان، بە مانەوە و بەردەوامی ژیان، لەو دەڤەرە دروست بووە. ئەو قەڵاتەش سەربردەی زۆرە، وا چیرۆکێکی کە لەلایەن ئەو، لەناو کتێبخانە دەوڵەمەندەکەی، بە نووسراوی مێژوو و کتێبی پیرۆزی بنەماڵەکەیان رووناک و میهردار بووە نووسیویەتی:

بەشی خۆرئاوای بەدەن و چاو و هەناسەی، ئەو قەڵاتە، لەساڵی ١٩٢٨ لەسەر دەست و لەسەر ویستی، ئەحمەدە فەندی دەبڕێت، دەگێڕنەوە، کەوا ئەو رووبەری (سێ هەزار و پێنج سەد) مەتر چوارگۆشە زەوی، لە دووری قەڵاتەکە دەبێت، حکومەت هەر لەساڵی ١٩٢٥وە، چاوی لەسەر ئەو ئەرزە بووە، تا بیکاتە

قوتابخانە و دەزگای پۆستی شارەکە. ئەو فێسە رەشەکەی سەری، لەسەر مێزە گەورەکەی موتەسرفیەت، لەدیار تەلەفۆنە رەشە سەر گەورە بە هیندرەکە دادەنێت، سەری دەخورێنێت و بەر لەوەی نامەکەی بگاتە لیوای هەولێر، بە تەلەفۆنیش، بەڵام بەتوورەیی و بەهەڕەشە و بەزیرەکییەوە، ئاگاداری لیوا و شارەوانی دەکاتەوە و دەڵێت:

من ئەو رووبەرە زەوییەتان دەدەمێ، دوو هەزاریشی بەخۆڕایی دەبەخشمە پرۆژەکە، بەڵام! لەجیاتی بەشەکەی تری زەوییە باشەکەم، کە لەناو شارە، ئەرزەکەی خۆم لەناودڵی شارە، رووبەرێکم لە بەدەنی قەڵات بۆ ببڕن، تەنها (باسک) ێکم لەجیاتی (دڵ) ی ئەرزەکەم بۆ ببڕن. من دەمەوێ شارەکەم، کە من تێدا یەکەم موتەسەریفی بووم، من کە کوڕە نەجیبزادەیەکی بووم برازێنمەوە، تێدا ریزە دووکانێکی لەسەر دروست بکەم، با هەندێ لە دووکاندار و بازرگان و بەربەر و موغازەکان، لەناو قەیسەریی بگوازنەوە ئەو دووکانە نوێیانە.

حکومەت بە موتەسەریف و شارەوانی و ئەنجومەنەکەییەوە، بەناچاری، تا پیاوە گەورە و ناودارەکەش دڵخۆش بکەن، شان لەو قەڵاتە دەنێن، بەشێکی بەرهەتاوی و ناوشارەکەی بۆ دەبڕنەوە، رووبەرەکەی بۆ ساز دەکەن، کە رووبەرە بڕاوەکە بەدەنی قەڵاتەکە، دەپێون، دەردەچێت کەوا ١٦٧٩ مەتریان بۆ بڕیوە، ئەویش جەرگە بڕاوەکەی قەڵاتەکە بووە، گەنمە بەجەرگەکەی

زەوییەکە، دەکاتە ریزێکی درێژ لە دووکان و موغازە و جامخانەی سەر بە چاتی و کەرپووچی مۆدیلی نوێ.

لەبەرئەوەی ئەو، ئەفەندییەکی دەسەڵاتدار بووە، بۆیە هەر زوو وەزارەتی ناوخۆ و دارایی بەغداش، لە رۆژی ٦ ی حوزیرانی ساڵی ١٩٢٦ بەو گۆڕینەوە رازی دەبن، بڕینی بەدەنی قەڵاتەکە لەبەر خاتر و ویستی موتەسریفەکەی سلێمانی، لەساڵی١٩٢٨ روویداوە.

لەودەمانە، ئەو قسانە هەر نووسینی رەحمەتی مامۆستا زوبیر بیلال ئیسماعیلە، نوێنەری شاری هەولێر لە پەرلەمانی ئەودەمانەی عیراق، مەعرووف جیاوک، لە دانیشتنی ژمارە ١٦ و ٢١ ی خولی دووەمی رۆژانی ١١ و ٢٦ ی مانگی تەموزی ساڵی ١٩٢٨، لە وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری دەپرسێت، کە بەرپرسی موڵکە میرییەکان بووە، کە چۆن دەکرێ، لەبەر بەرژەوەندی کەسێک، بەدەنی ئەو قەڵاتە دەبڕن و قەڵات و خەڵکەکەی دەخەنە مەترسییەوە، خانووە کەلەپوورە دێرینە جوانەکان دەخەنە مەترسییەوە، من وەک نائیبی هەولێر و خەمخۆری بەردەوامی داروبەردی ئەو شارە و ئەو قەڵاتە نارازییم!

بەڵام لەودەمانە قسە و داوا و مەترسییەکەی ئەو کار ناکات و دووکانەکان دروست دەکرێن، ئەو ریزە دووکانە، سەر بە چاتییانە تا ساڵی ١٩٧٨ دەمینێت کە ژمارەیان ٩٩ دووکان بوو.

گایدەکە لەگەڵ ژنە چاو خورماییە سنەییەکە، باسی ئەو بابەتەیان کردووە، کە قسەیان کردووە و گوێیان لە گۆرانییە کۆنەکان گرتووە. ئەو وتویەتی:

ئەو شارە مێژوونووسی وا دڵسۆزی هەبووە، ئەوەی شەوانە تا قەڵاتەکە سەرمای نەبێت، بە دەفتەرەکانی مێژوو جوان دایپۆشیوە.

ژنەکەش خەمی لەوە خواردووە، کەوا گایدەکە، زۆر بیر لەو کێسە دەکاتەوە، رەنگە لەو رەوشەدا سەری زۆرتر سپی بکات.

بە سەرسپیبوون، واز لەو پەیکەرە سپییە ناهێنم، تۆ ئازابە و زوو بەردێک لەسەر دەزگای هادی زیائەدینی دابنێ، ئەویش شان بداتە بەر ئاویەر، لەناو گەلەرییە نازدارەکەی، شەوانە تا کەس نەزانێت، رۆژانە تا بەردەکە سپی تر و رووناکتر دەربکەوێت، ئیش بکات و بەردەکە بە پەنجە ناسکەکانی بتاشێت، من ناترسێم و هەموولایەک شەر لەسەر سەرە سپییەکەم دەکەن، هەموویان دەزانن کەوا من، خەمی شارەکەمە، دەزانم ئەو کەلتوورە شەرمنە ترسنۆکە، زیان بەو شارە دەگەێنێت و ئاشەکە رادەگرێت و... ئەو شارەمان گوناحە! ئەو قەڵاتە، لە سەردەمی هەزبانییەکانەوە لەرزیوە، تاقەتی بەرگری نەماوە، کە هێلانە دەڕوا و لەنزیک قودس گیرساوەتەوە، لەوێش دەمردێت و دەنێژرێت، شارەکە و قەڵاتەکە، چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەوەن، وادەزانێت کەوا ئەو،

دەتوانێت غوبارەکەی لەرووودا بتەکێنێت، عەشتارەکەی بۆ زیندوو بکاتەوە.

گوڵشار خۆی دەپێچێتەوە، تا زوو بەپەلە بگاتە ناو گەلەرییەکەی زیائەدینی و لەوێ پێی بڵێت:

منیش وەک مەستوورە، منیش وەک کوورەچییەکانی باپیرم، کەوتمە ناو ئەو کاروانە، هاتووم و مێژوویێکم هێناوە، تۆش دەستەیەک گەنج، لە کیژ و کوڕانی ناسک، وەک گوڵ و نەرم وەک کانی، کۆکەرەوە و ڕێنماییان بکە، پەیکەرەکە زوو بکە و بەردەکە بکە بە پیاوێکی سپی و نەرم و جوان، وەک زوبیر بیلال ئیسماعیل.

ئەندازیار فەریدون، کۆنە هاوڕێی گایدەکە، یەکسەر و هەر ئەو ڕۆژە، وەک ئەوەی ئەفسەرەکانی سەرسنوور ئاگادارییان کردبێتەوە کەوا گوڵشارەکە، ژنە چاو خورماییەکە گەڕاوەتەوە، بۆیە تەلەفۆنی بۆ دەکات:

دەزانی باست دەکەن، ناو هاتووە؟!

ئەویش تەلەفۆنەکە باشتر لە گوێی نزیک دەکاتەوە:

من دەمەوێ باسم بکەن، من باسیان دەکەم، باسی شار و ... دەکەم تا باسم بکەن، ئەوەم دەوێ!

باشە، دەی دەزانم باکت نییە، ئەو ژنەت چۆن ئیزندا، بۆ ڕۆیشت!؟

تۆ چۆن دەزانی ئەو رۆیشت؟

دەزانم!

کە دەزانیت، بۆ دەپرسی!

ئەو ژنە نەدەکرا بڕوات، من باڵم کردبوو، من ...

ئەو میوانی من بوو، ئیشمان بەیەکەوە هەیە، ئەو دەگەڕێتەوە و مەرد بە و هاوکارمان بە، من دەمەوێ، شارەکە و قەڵاتەکە وەرگێڕم، ئەویش زۆری پێ خۆش بوو هاوکارم بێت، ئەویش بابوباپیرانی لەو شارە بووە، ئەویش هاوشارییە، (گەرمە وەک هەولێر)!

زۆر گەرمە؟

ئەو گەرمەیەی تۆ مەبەستتە ئەوە نا!

پاش سەنحاریب پاشا کەسی تر، هیچ دەسەڵات و سوپاسالاری تری دەست بە شیر و تیر، لەناو کۆشکەوە فەرمانیان نەداوە، خزمەتی بکەن، ئەو ئاوی لە بەستۆڕەوە هێناوە، لەو چیاوە بۆ ناو قەڵات، کە هێڵانە رۆیشت، کە قەشەکانی سەر کورسی ئەبرشییەکە یەک لەدوای یەک، هەر بیستیان دانیشتن، لە سەدەی دووەم و هەتا ناوەندی سەدەی شەشەمی زاینی، خاچیان کردبووە قەڵغانی ئەو شارە، سوپاکان دەرگای قەڵاتەکەیان نەشکاند، هەر لە مەتران (فقیدا) هەتا دوا مەتران (حنانا) چاویان لەو قەڵاتا بووە.!

من  و ئاوێنەکەم

شەوێکیان، ئەو نەرم نەرم، بە پایەکانی ژوورەکەی لە نهۆمی سەرەوە سەردەکەوێت، نیگایەکی دووری خێراش دەبڕێتە پۆرترێتەکەی خۆی، کە لە رۆژی دەرچوونی لە زانکۆ گرتوویەتی، لەتەنیشت تەلەفۆنیماڵەوەیان، کە بەلادیوارەکەی بەردەرگایان هەڵواسرابوو دانراوە. ئەو لەگەڵ بەسەرکەوتن، بەسەر هەموو پایەکاندا، ئەوەی بەبیردێتەوە، کە چەند ساڵ و کات و سەیرانی خۆشیان لەگەڵ ئەو کردووە، کە لە زانکۆ حەزیان لەیەکتری کردبوو، ئەو خوێندکارێکی چەپی توندڕەوی خاوەن هزری خۆشەویستی هەموو مرۆڤایەتی بوو، کەسێکی جیهانی، وایدەزانی هەموو شارەکانی ئەو وڵاتە، یەک ئاسمانی هەیە، ئەستێرەکان لە هەموو شوێنێک وەک یەک دیارن، کوڕێکی خوێندەواری خاکی،

لەناو گەردەلوولی رۆژگارەکە، دڵی بۆ شیرینی هەنگوینی عیشقیش لێ دەدا، تا گوڵشار بەگوڵەوە لەو شارە دەدۆزێتەوە.

ژنەکە، لەدیار ئاوێنەکەدا رووتدەبێتەوە، گۆشەیەکی دوور و رەونەقداری ئاوێنەکە، پەنجەیەکی تیژی ئاوێنەکە هەڕەشە لە مەمکەکانی دەکات، گۆشەیەکی حەرامزادەی نەینۆکەکە دەیترسێنێت، دەرزێکی کۆنی ئاوێنەکە، کە نەدەکرا شوێنەکە و شێواز و نەخشەکەی، بگۆڕن. چاوەکانی ئەو، بەسیسییەوە دەیڕوانییە، خونچەیەکی تری جەستە مەلەوانەکەی ناو ژوورەکە، ئاوێنەکە دیارییەکی کۆن بووە، لەگەڵ ئەوان، لەگەڵ ژوورەکە و خانووە سێ نهۆمەکەی تەنیشت باخەکە، بەیەکەوە بەستراونەتەوە. کە شاریش چۆل دەکرا، کە شەڕیش گەرم و دژوار دەبوو، ئەو هەر خەمی ئەو ئاوێنەیەی بوو، بۆیە دەستەخوشک و خوشکی گەورە و دەفتەرە شیعرەکە پێیان وت:

خەمێک لە خۆت بخۆ، ئەگەر مەمک دەستکاری نەکرێت، وەک لادیوارێکی کۆن بەباران و رەشەبا دەتەپێت، با دەمێکی تینووی پیاوانە، سێوەکەت لەتاریکی شەوەکاندا بخوات، بەتامەوە بیقرتێنێت، لەگەڵ خوناو و خۆڵە سوورەکە و شەوەکانی دیار تریفە ،سەیری کۆچی باڵندە رەوەندەکان بکات، مەترسێ جەستە و هەوەستت، دووبارە سێوێکی تر و بارێک لە سێوە دەگرێتەوە، مەترسێ، سێوەکان، تەواو نابن و گوڵەکانی ئەو باخچانە هەموو دەبنە سێو، ئەو سینگە نەرمە بەئاوە، پەرۆش و شەیدای ژیانە.

ئەوان، کە دەزانن ژنە خوێن شیرینە کەسەکەیان مات و بەحەسرەتە، ئەوان پێیانووت:

دەی قسەی ئاوێنە مەشکێنە، هەستە بڕۆ، ئەو زۆرتر لە تۆ و لە شار و لە دایکت، لەو پیاوەی کە لە ژوورەکەی خوارەوە، پاش نۆشکردنی دوو سێ (لێوان شەرابی دەستکرد) ی خۆی، بەدیار خوێندنەوەی کتێبێک، بەدیار بەشە فارسییەکەی بی بی سی دەخەوێت، ئەویش شارەزای ئەو دوو سێوە سوور و زەرد و نەرمە نییە، گومانمان نییە یەکێکی تر هەر هەیە، بزانێت گەمە، بەو دوو سێوەی تۆوە بکات، ئەوانیش بەسۆزەوە لەناو دەستی ڕەشبەڵەکی ئەودا، وەک ئەسپ لەسەر سینگت هەڵدەپەڕن.

گۆشە ترساو و شەرمنەکەی پەنا کتێبەکان، کە زۆریان ڕۆمانن، نزیک ئاوێزە ناسکە خەوتووەکە، بەرامبەر باوەشەگوڵەکە، سەرووی ریزە فنجانەکە، کە هێشتا لێویان ماچ نەکردووە، ڕووبەڕوو لەگەڵ کونی دەرگەکە، کە بەردەوام کلیلە سەر بەتاجەکەی لەناوە، بەترسەوە، نیگایەکی دەکرد و ئەو پەیامەی دەگەیاند:

جەستە ئاو نەدرێت، دەبێتە خۆڵەمێش، لەگەڵ هەناسەیەکی زەردا دەچێتە ئاسمان، نائومێد شارەکە دەتنێتەوە، ئاویەریش تەماوی دەکات، هەنگاوێک نەویتر و (بەقەد دووگردێک تەسک دەبێتەوە). من ئاوێنەیەکی وشکم، هیچ ئاوم تێدا نییە، هەموویان هەڵمژی تا منیان ڕەقکردەوە، منیان سووتاند و پانیان کردمەوە،

ئینجا بومەتە ئاوێنە، من هیچم پێ ناکرێت، بڕۆ دووربکەوە و لەسەر شوێنێکی بەرز، لەدیار بەردێکی سپی رەقی مردوو چاوەڕوان بکە، لەوێ گیانێکی زیندوو و چاوێکی ماندوو، بەڵام زۆر کراوە و وریا، لەناو دەستە جلێکی خاکی و سادە، لەسەر دوو قاچی رێبوارێک بۆت وەستاوە!

کە ئاوێنەکە، ئەو قسانە لەگەڵ ئەو دەکات، ئەو جارە بۆی رووت نابێتەوە، ژنەکە، یەکسەر بە پایەکان دێتە خوارەوە، پایە پایە رووداوەکانی بەبیردێتەوە، بیریان لێ دەکاتەوە، رووداوێکی تەمەنی گەورەبوو، شەکەتی چەند ساڵ و مانگەکان، کە ماوەیەک ژیاوە و نەمردووە، بەڵام! هەناسەی هەر ماوە، لەگەڵ ئەوانە دەگاتە نزیک وێنەکەی خۆی، دەست دەداتە تەلەفۆنەکە، قسە لەگەڵ خوشکی دەکات، سەربردەی ئاوێنەکەی بێ پێشەکی بۆ دەگێڕێتەوە، ئەویش دەڵێت، ئەوە کەی روویداوە، دیارە نایەوێ بە خوشکە گەورەکەی بڵێت هەر ئێستا، چەند دەقەیەک پێش ئێستا، لەجیاتی ئەوە، یەکەم درۆی سپی لەگەڵ دەکات و دەڵێت:

ماوەیەکە، کە شەوانە باران دەبارێت، کە باخەکەی بەرامبەرمان عاشقەکان دەردەکات، من و (ئاوێنەی بووکینی) یم، دەکەوینە قسە، ئەوەی تۆ بەدیاری بۆت سازکردبووم. بەیەکەوە فێری ئەو بەزمە بووین، بەیەکەوە قسە دەکەین، شەرم لەیەکتری ناکەین، زووتر من بۆی رووتدەبومەوە، سەیری جەستەی خۆم دەکرد، کە گەورەتر دەبووم، جەستەم نەرم دەبوو، شل دەبوو، کە پەنجەی

دەستی بۆ نەدەهات، لێوی دەمی بۆ نەدەپشکوت، ئاوی دەرنەدەکرد. لەودەمانە شارەکەی بە بەزمی گۆرانی و چڕین هەراسان نەدەکرد، چونکە من ئارەزووم نەبوو، ئەو ئامادەبوو، ئەو ساز و تیژبوو، بەڵام من نا!

هەموو بژارەکانی سەیران و چونە ناو ئەستێرەکان، دەخاتە ناو کۆشی خوشکەکەی، ئەو سەرپشک دەکات، دەڵێت خوشکەکەم بمفرێنە و دوورم بخەرەوە، دەبێ بڕۆم، ئەگەرنا، تاکە هیوا و تاکە هاورازەکەم، ئاوێنەکەم، زوێر دەبێت و دەتۆرێت، ئاوێنەکەم دەشکێت و چاوم دەرژێت، لەگەڵ تۆش دادەبڕێم، رەنگە بەرەو دەریا بڕۆم و بچمە ناو بەستەڵەک، رۆژێکیان بچمە دەرەوە و نەزانم بگەڕێمەوە، کەس نەناسمەوە، کەسیش نەمناسێتەوە و لە هەوارێکی نوێیدا، ناوی خۆم نەزانم، ناوێک لە خۆم بنێم و شارێکی تر بکەمە شاری خۆم. لەو وڵاتە بێسەرپۆش بسووڕێمەوە، لەو شارەدا، بچم جگەرە بەلێومەوە بنێم، لەناو شەقامەکاندا یەک دوو هەنگاو رێ بکەم و قۆڵبەستم بکەن. دەبێ من بڕۆم، خوشکە گەورەکەم دەبێ بڕۆم!

ئەو رۆژەی بڕیارمدا ببمە هاوڕێ و هاوسەری ئاوێنەی ژوورەکەم، ئەو ژوورەی، پشتی باخێکی گەورەیە، پشتی ئاوێنەکەم لە باخەکە کردبوو، خۆم رووبەڕوو لەدیار ئاوێنەکە، بەس بۆ ئەو رووت دەبومەوە، بڕیارێکە و دوابڕیارە بەنووسین و بەسۆز، دوابڕیارە، کە چوومە سەر ئاویەر، ئەودەمانە بواری گەیشتن

ئاسان نەبوو، لەجیاتی ڕێگا و ئاوەدانی، ئاویەر سەرباز و مۆڵگە و دڕک و خاشاک بوو، ئاویەر و شارەکە دڵی یەکتریان دەدایەوە ئەو دەگریا، ئەوی تریان نەوایی دەکرد، ئەو دڵی دەبووە بەرد و کەڤرێکی چەقیوو، ئەوی تریان دەبووە سۆلاڤ و نەرمی دەکرد، ئەو برسی دەبوو، ئەوی تریان گۆشتی نەرمی بۆ دەکردە کەباب و سوور هەڵدەگەڕا. من لەوێیەوە قسەم لەگەڵ شاردا کرد، بە شارم وت، بە سمێڵە گەورەکانی شارم ڕاگەیاند، وەک دووکەڵی زەردی جگەرە، بە ڕەشییەکەیان وەنووسام، پێم وتن من چیتر ژن نیم، چیتر ناخەوم، (شووم بە ئاوێنەیەک کردووە)، هەموو پیاوەکان بەو ئاوێنەیە ناگۆڕمەوە. پیاوەکان هاتنە بن دارچنارەکان، هاتنە بەرخۆرەکە، تا باش دیاربن، دەستیان بەچاوانیانەوە وەنا و ڕوویان لە ئاویەر کرد، پرسیان ئەو ژنە کێیە نەعلەتمان دەکات، کێیە وا بەفیزەوە سەیرمان دەکات، دوێنێ وا نەبوو، حەزی لە سێبەر و هەناسەی ئێمە بوو، کێ ئەو ژنەی وا گۆڕی، کێ ژنەکەی کردە جەستەی بەردەم ئاوێنەی ژوورەکەی، کەسیش هەیە دەرمانی بکات!

وەرە پەنجەکانت بۆ من بێت، دوودڵ مەبە و بمنووسەوە، واز لە هەور و سەیران و شەوانی مەستی و ماست و سیر بهێنە، چاوی من بنووسەوە، ڕۆمانێک دووانم لەلایە، شێتی پیاوان بۆ ژن دەزانم، دەزانم چەند پیاوی شانگەورە و دووکەڵ گەرم، هەناسەی ساردیان، بۆ جەستە و قامەت و تامی ژن هەڵکێشاوە، ئەوانەت هەموو بۆ دەگێڕمەوە، ئەو دارگوێزە دەبینیت، کە سێبەری نەک

هەر لەو ماڵە، لەو کەپرە، لەو خەونە کردووە، سێبەرەکەی وەک سێبەری ئاویەر پان و شیرینە، لەو سێبەرە دەفتەرێک دامەزرێنە، قاوەخانەیەک گەرم و بەجۆش بکە، لەوێ من لەبەردەمت وەک پەپوولە بە باڵەکانم سەما دەکەم، هەتا وزەی سەما و ئاواز هەڵپەڕین مابێت، باڵەکانم ناسوتێت.

تۆ بەس بنووسە، قسە لەگەڵ ئەو ئاوێنەیە بکە، کە منی دیوە و دەمناسێت، من هەموو ئامرازەکانت بۆ ئاسان دەکەم، با بەردەوام و بە هاژە و بەتەوسەوە، لەبن دەستت شەراب بڕوات، با بەوردی چەند کەس (ڕێنووسەکەت پاک بکەنەوە)، بە دەستماڵی پەمبە، بە چاوی نەرمەوە، هەموویان بەردەستیت بۆ بکەن، هەموویان سەمات بنووسنەوە و نیگات بڕێسن و نەخش و نیگاری لێ ساز بکەن.

تۆ بۆ وا بەئاسانی کەواکەت دایە دەستی من، کەوای پیرۆزی ئیبنی مەستەوفیت ماچ نەکرد، بەوەیان هەموو مرازەکانی ئەو مەیسەر دەبوون؟ بۆ لاساری دەکەیت و شەیدای سەرکەشی و سەرچڵییەکانیت !؟

لە تەلەفۆنکردنە گەرمەکەدا، گایدەکە بە گوڵشار دەڵێت، یان ئەو بە گایدەکە دەڵێت، دیار نییە و نەزانرا کامیان وتیان، بەڵام ڕەنگە هەر گایدەکە زۆرتر خەمخۆری شارەکە بووە، کە وتوویەتی:

با خەمێ لەو پەیکەرە بخۆین، سێبەرەکەی وشک بکەینەوە، دەفتەرەکەی ورد بخوێنینەوە، با چیتر گەنجەکان وێنەی شانازی لەبن نەگرن، بوار نەدەین باڵەکانی بگاتە سەر هەموو کەپر و سابات و (هەتان) ەکان.

لەوەیان دڵنیاین، کەوا ئەوەیان ئاخاوتنی ئەو بووە، کە گوڵشار وتبووی:

خەمی ئەو پەیکەر و کتێبانە لەکن ئێمەیە، ئێمە دەزانین خەونیان چەند گران و ترسێنەرە! ئیوە یەک ئیبن مەستەوفیتیان، وەک رووکارێکی سپی گەورەی نەناس داناوە، تەنها یەک کەستان کردووە بە نمایش، لەو شارەدا دوو کەس ناوی نازانن، دوو کەس لەو دەڤەرە کۆتری وشەکانی ناو کتێبەکەیانی ئەویان هەڵنەفڕاندووە، لەماڵی کەس هێلانەیان بۆ مێژووەکەیان نەکردووە، کەسیش بە سەربردەی مێژووەکەی گریانی ناهێت، شانازییەکی پێوە نییە.

ئەو بەردە گەورەیە لەگەڵ بەردەکانی هادی زەیادینی ئێمە جیاوازە، ئێمە سەد ئیبنی مەستەوفییان لەبەر کراوە، نانمان بە دەستی ئەوانە، ئاومان لە سیروان و لە (دۆڵی سوو) ە بەبن ریشی ئەواندا دەڕوات، ئەوانە بەنداوی ئاون، ئاشی گەنم و چاوی ئەستێرە و مەزەی شەوانن، لەوانەوە هەناسە دەردەچێت و هەتا ئەوان بوار نەدەن، هەناسە جاریکی تر ناگەڕێتەوە و ژیان بەردەوام نابێت. خەمی ئەو بەردانە و دێری ئەو کتێبانە، لەکن

ئێمەیە، لەگەڵ تەمەن و چاو و ئاسمانمان هاوجووتن، هەر چەند دووردەکەوینەوە، دەربازمان نابێت!

خوداکانی هەولێر

شربل و خوداکان، ئەو قەلاتەیان بەرزکردیتەوە، بۆیەش زوو دکتۆر بەهنام ئەبوئەلسوف دڵنیابوو، کەوا لەبن چینەکانی بنەوەی ئەو قەلاتە، جەستەی شکاوی خودایەک لەوانە دەدۆزێتەوە، ئەو دەیویست بڵێت خوداش دەشکێت و شکاوە، بەڵام هزری باش و زیندوو، خوداش دەدۆزێتەوە، بەرزی دەکاتەوە و پەرستگاکەی دەکاتەوە.

ئەو دەیووت: من دەزانم، نیگبەتی کوشتن و شکانەکان، خوداشی گرتووتەوە، خوداش خیانەتی لێ کراوە.

ئەدی تەمەن و پیری، خیانەتی لەو زانایە نەکرد، لە سپتەمبەری ٢٠١٢ لە ئاوارەیی، لە عەمانی پایتەختی ئوردن و دوور لەو خاکەی، کە زۆر لەبنەوەی ئیشی دۆزینەوە و هەڵکۆڵینی بۆ کرد، بەڵام لەسەر خاکێک سەری نایەوە، دوور لە (حەمەد و شکۆی خوداکان) بوو، دەبێ غەزەبی ئەوان بووە، کە لە ئاوارەیی سەری نایەوە، چونکە نەیتوانی خودایەک زیندوو بکاتەوە.

ئەو چۆن خوداکان و گەورەکان بدۆزێتەوە، هەزارساڵ بەر لەو بەرواره، لەگەرمەی دەسەڵاتی سەلاحەدینی ئەیوبی، کەسیان زیندوو نەکردەوە، پاشاکانی حەدیابەکان، ژمارەیەک باڵەخانەیان لە قودس دروستکرد، لەوانە بارەگایەکی مەزن بۆ شاژنی قەڵاتەکە، هێلانە، کە دەبێتە جوولەکە و دەچێتە قودس، لەوێش وەسیەت دەکات، چەند گۆڕێک بۆ خانەوادەکەی لەو هەوارە، لە بەرد بۆ هەڵکۆڵن، بۆیەش گۆڕ و مەزاری خۆی و کوڕەکانی، دەکەونە ئەو دەڤەرە، کە ئێستاش بە گۆڕی سوڵتانان ناسراوە.

باشە من لەو شارە جەنجاڵە، لەو بازاڕەدا کەسم نەناسی، هاتم لەو شێخە بەهەیبەتە نزیک بوومەتەوە، لەبەر سێبەرەکەی نزیک بوومەتەوە، وامزانی شاعیرە و یەکسەر لە ژانی من تێدەگات، وامزانی، پێش من، شیعری بۆ ئەوانە نووسیوە، کە (دە ساڵ تەنها

ئاوێنە ئەوانی بەڕووتی دیوە)، ئەوانەی نۆ ساڵە تەنها ئەسرین بە چاوان شانازە، ئەوانەی دە ساڵە و زۆرتر و کەمتر، تەنها شیعر تیماریان دەکات، کتێب ئاگاداریان دەکاتەوە، وامزانی دەفتەرەکەی بەرچاوی، دێرەکان هەموویان ناون، سەربردەی هاتن و رۆیشتنەوەی چەند کەسێکن و بەس.

پازدە ساڵە ئەو پەیکەرە، لەو هەوارە بەرزەدا، لەو مەجیلسە، لە دوورەوە، سەیری مەیدانی ئاپوورەی شارەکەی کردووە، لەبەر زۆری نیگا و سەیرکردنی جەنجاڵی بازاڕەکان، گەرمی و تووڕەیی فرۆشتن و کڕین، سەرسام و ماندووە، ئێستاش خەوتووە و هەڵناستێت، بەئاگایە و خەو ناچێتە چاوەکانی، لەوەتی دانیشتووە، بواری نەبووە یەک هەنگاو بچێتە پێشەوە، بواری نەبووە، قەڵەمی نەبووە دوو دێر، یەک وشە، مێژوویێکی ئاڵۆز و سەرەداوی رووداوێک، لە کتێبەکەی سەرچۆکانی تۆمار بکات. پازدە ساڵە ئیبنی مستەوفی، کە جاروبار (حاجی لەقلەق) ەکەی سەر منارەکەی خانەقاش میوانی دەبوو، لەوەتی ئەو لەوێ نەماوە، کە لە رۆژێکی رەشی شەرمەزارییەکانی شارەکە کوژرا، پەیکەرەکەش مات و مەلوولە.

لەو دەزگایە بە  رپرسی کەرپووچە دانراوەکان هەبوو، ئەویش چەند کەسێکی کرد  بووە چاودێر ، ئەوانیش پاسەوانیان هەبوو. کەرپووچەکان بە ژمارە دانرابوون، بەریز پۆلین کرابوون، قاڵب قاڵب، بە شێوە و بە قەبارە و بە تەمەن و بە رەنگ و بە رووبەر و

بە پانودرێژییەکانیان وەک یەک بوون، ئەو کەرپووچانە لە وەزارەتیش ژمارەیان دەزانرا ، چەند ساڵە وەزارەت، راپۆرتە رەسمییەکانی نۆژەنکردنەوە، لە بازنەی هەنگاوی هەڵگرتنەوەی کەرپووچەکان تێپەڕی نەکردووە . بەسەرهاتی ئەو کەرپووچانە دوورودرێژە، پیرن و تەمەنیان درێژە و سەربردەیان زۆرە ، چەند جار کراون بە دیوار، بوونەتە دیواری دیوەخان ، بە قسل چەورکراون، بە قووڕ سواخدراون، چەندجار بوون بە دیواری ژووری نووستن، (خانمێکی سپی وەک لۆکە ) ی، تێدا نووستوە و هەناسەی گەرمی هەڵمژیوە، هەر ئەو کەرپووچە کراوە بە پایەی قادرەمەکان، چوونەتە ژوورەکانی نهۆمی دووەم، بوونەتە سارداو، بوونەتەوە دیوارەی بەدە نەکەی قەڵات ، سەیری دەشتی شەمامکیان کردووە، چاوی ان بڕیوەتە دەشتە سیحراوییەکەی بەردەوام رووی لە ئاسمان، چاویان لە یەکەم دڵۆپەی بارانە، سامالیش، شەوانە لەجیاتی ئاوێک بۆ قووڕگی تێنوو ئەستێرەی چاو گەشیان نیشان دەدات.

ئەو، ئەگەر لە کەواکەی ئیبنی مستوفی نزیک ببێتەوە، بەپەرۆشەوە، باسی سەلاحەدین و لەشکر و شەڕەکانی بۆ گەڕانەوەی شکۆی عەباسییەکان، لە شام و کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست و میسری بۆ دەکرد، کە چۆن (فاتیمییەکان) دەبەزێنێت، ئەو سەرکردە لێبووردەیەی، لە شەڕەکەی (حەتین) یش شکۆ و سوپا و قەڵاتی خاپەرستەکان دەگرێت، لەگەڵ هاوڵاتییەکان باش و دڵگەورە دەبێت، تەنها ئەو سەرکردەیە، سەرکەش و لووتبەرزە

سەردەپەڕێنێت، کە بڕیاری دابوو، سوپا و داگیرکردنەوەکانی هەتا ماڵی خودا و (گۆڕی پیرۆزی پێغمبەر) لە نەجد و حیجاز نەوەستێنێت، ئەو پەیکەرە سەربردەی کوکبوری بۆ دەگێڕێتەوە کە بەهانای سەلاحەدینی ئەیوبی بەرەو عەکا دەڕوات، ئەو کە دەگەڕێتەوە هەولێر، واز لە کێشمەکێشی فەلەستین دەهێنێت، خەمەکە لە سەرشانی سەلاحەدین جێدەهێڵێت، بۆیە داوای دەکاتەوە و لەنزیک ئەو قەڵاتەوە، سوپایەک بۆ یارمەتیدانی دەبات، بەڵام کە لە عەکا بەڕووی خاچپەرستەکان دەوەستێت و دەشکێت، دەگاتە جەرگەی شەڕەکە، کوڕە هەولێرییەکان دەباتە ئەوێندەرێ، بەڵام کە (لەساڵی ١١٩٢ ئاشتی لەنێوان هەردوو بەرە دەبێت) و پاشای ئینگلیز سوپاکە دەگێڕێتەوە، ساڵانە خەریکی مەولوودی لەدایکبوونی حەزرەتی فەخری کائینات محەمەدی مەزن دەبێت.

ئەو ماوەیەک، بۆ سازکردنی بەرنامەکە، ماوەیەک بۆ ناردنی نمایندە بۆ داوەتی میوانەکان، چەند ڕۆژێکیش سەلەوات و شیرینی و ستایش، لە قەڵاتەوە دەهێنێتە خوارەوە، کە شەڕەکانی سەلاحەدین، لە عەکا تەواو دەبێت، ئەو شەڕی شەیتان دەکات، تا خێروبەرەکەتی لەبەر خاتری مەلوودی مەزن، دەشتەکە ئاوەدان و چیاکان سەرکەش بن. بەڵام کە تەتەرەکان، دەگەنە ئەو شارە و شەڕ و بەرگرییەکان ماندووی دەکەن، شوێنەواری ئەوانیش لەو هەوارە دەڕەوێتەوە، وەک مەزارێک، بۆ پیرەژنی بێمراد و سۆزە

بەئاکام نەگەیشتووەکان دەمینێتەوە، بەڵام خوێندنی مەولوودی تێدا بەردەوام دەبێت!

چەند کەسێک، لەبەر باڵای بەرزی سپی پەیکەرەکە، وێنەیان دەگرت، یەکێک دەیویست، لەوێ چاوی شار بدۆزێتەوە، چاوەڕوانی دەرکەوتنی هەواڵ و موژدە و ئێوارەیان دەکرد، لەبەرزایی قەڵاتەکە، شارێک پەرت ببوو، چەندین کۆڵان و بازاڕ و دانیشتنی سەرخۆشی، بەتاڵانبردنی سامان و گەنجینەکان، شاردنەوەی جوانییەکان و دزینی ماچەکانی دەبینی.

منیان کردووە بە بەرد و بە نیشانە و بە ئەدرێس و دیمەنی وێنەگرتن بۆ مێوانەکان، کەسیان لاپەڕەکان نانووسنەوە، خوێندکارەکان راپۆرت لەسەر بەرهەمەکانم ناکەن، بەرهەمە ونبووەکانمان نادۆزنەوە، نایکەنە کوردی، نەیکەنە زەنجیرەی تەلەفزیۆنی، بووک و زاواکان وێنەم لەدیار ناگرن، سێبەرم لەبەر ناکەن، (باران دەمشواتەوە) و برسیەتی ئەو شارە دەمپێچێتەوە.

سەرەتای ئاشکرابوونی پلانەکە

لەورۆژانەی لەگەڵ ژنەکە، لەبەرزی قەڵاتەوە، نەخشەسازی شەو و بەرنامەرێژی رۆژیان دادەنا، زۆر دەترسا برادەرێک، رێبوارێک ئێرەیی بەو ببات، دەترسا لەپەنا سێبەرێک، لەگەڵ ژنەکە ئەو ببینن. ئەو دیمەنە، ئەو پشتیوانییە بە دیدی چاو بڵێن، شەرم نەکەن، بە لووت و هەناسە بڵێن. شەرم نەکەن و ئاگاداری رێگاکە بکەنەوە، کەوا ئەو، لەو رۆژانە بوویتە ئاوێنەی ژنێک و دەستماڵێکی گوڵدار و (خەزێم) ێکی ناسک، ژنێک کە زۆر لەدوورەوە هاتووە، وڵاتەکە گەورەیە و لە گۆشەیەکی دوورەوە هاتوە و ماندووش نەبووە. ئەو ژنە هاتووە، ئامادەیە هەموو بەرنامەکەی پەسند بکات، لەگەڵ ئاخی هەناسەیەک داوا بکات جگەرەیەکی تری بۆ داگیرسێنێت، بڵێت ئای کە چایە بەهێلەکە

زۆر خۆش بوو، بەیەکەوە سەر لەسەر نەخشەکەیان نەوی بکەن، زۆر بەگەرمییەوە بۆنی جەستەی بکات.

گایدەکە بە سێبەرەکەی دەووت:

با کەس بەیەکەوەمان نەبینێت، با کەس گومانمان لێ نەکات.

گایدەکە تەلەفۆنێکی بۆ هات، زۆر بەپەلە پەنجەکانی گەیشتنە سەر رووی تەلەفۆنەکە، زەنگەکەی راگرت، دەنگەکە لەناو تەلەفۆنەکە دەیووت:

دیارە لێرە ماویت، باشت داکوتاوە، دەڵێن نارۆیتەوە و خۆشت لێ هاتووە، (ئەو بواری نەدەدا قسەیەک بکات، پرسیاری تەندروستی و سەرسپیبوون، دوا نەخشەی کارەکانی لێ بکات، ریزی ئاخاوتنەکەی درێژ و توند و توون و دەمامکدار و کراوە و ناڕێکیش بوون)، دەڵێن ژنێکت میوانە، بالای بستێک لەسەر بالای تۆیە، ژنێک، لە شاخەوە دابەزیوە، لەناو ئاو هاتوتە دەرەوە. ژنێکە لەبەر ئاوێنە گەورە بووە، تیشکی خۆر بەمناڵی و بەگەنجی قژی داهێناوە، ژنێکە و بەهار دەناسێت و شەوانە هەر شیعر دەخوێنێتەوە و ئامادەیە...

ئاسان نەبوو قسەکانی ئەو ببڕێت، بەڵام کە دەنگی کەمێک بەرز و قایم کرد، کە تەلەفۆنەکەی لە گوێی دوورخستەوە بواری وەرگرت و پرسی:

چۆن بوو ئیمڕۆ منت بەبیرهاتەوە؟

ئەویش لە وەڵامدا وتی:

خۆت و میوانەکەت ئیمشەو میوانی من بن.

گایدەکە تێگەیشت کەوا، بەرنامەکەی دەست و نیازی تری تێکەوت، سەیرێکی پەیکەرەکەی دەکات، لەبەرخۆیەوە دەڵێت:

دانیشە، تازە ئاسان نییە، کەس بتوانێت تۆ لەو پایە و مەقامە بجولێنێتەوە، ئیمشەو بچمە ئەو دانیشتنە، ئەو ژنە ببەم یان نەیبەم، تازە چاویان تێبڕیوە، نیازیان باش نییە، دەست لە بەرنامەکەم وەردەدەن.

گوڵشار بەڵێ، ژنەکە ناوی گوڵشار بوو، تازە ناوەکەی زانزا و شار و تەلەفۆن ئەویان ناسی، گایدەکە لە دوورەوەش، بە دەستی وەڵامی سڵاوی یەکێکی دوور لە هەردووکیان دایەوە و وتی:

با منیش ناوەکەی ئەو بڵێم، کە هەموو ئەویان ناسی، من بۆچی ئەو بشارمەوە.

گوڵشار، زۆر لە گایدەکە نزیک بوو، کە دەستماڵەکەی بەرزدەکردەوە و دەخستەوە سەرشانی، دوو سێ داوی نەخشینی دەستماڵەکەش بە قژی درێژی سپی گایدەکە دەکەوت، حەزی دەکرد، زۆرتر بۆنی پیاوە گایدەکەی بۆ بێت، لەناو ئوتومبێلەکە لەو نزیکتر بێت، بەڵام ئەو شەرم لە خوشکەکە گەورەکەی دەکات،

گایدەکەش خۆی لە یەکەم دیمانەیەدا، بە خوشکە گەورەکەی دەڵێت:

فەرموو تۆ لەپێشەوە دانیشە.

بەو داوایەی، کە هیچ رامان و لێکدانەوە و نیازێکی تێدا نامینێتەوە، ئیتر گوڵشار هەر ئەوەندەی بۆ دەمینێتەوە، لەپشتەوە لەبەرامبەر، ئاوێنە بچووکەکەوە دابنیشێت، چاوەکانی لە گۆشەیەکی چاو، لە شووشەیەکی چاویلکەکەی، نیگایەکی نائومێد و شەرمنانە لەو بکات.

شەو، لەسەر مێزێکی گەورە، هەموویان بەیەکەوە چەند سەعاتێک شەرابیان نۆشی، دوو شار، دوو تەمەن، لەگەڵ سەدان راز و خۆزگە تێکەڵبوون. بەیانی گوڵشار زوو بە گایدەکە دەڵێت:

برادەرەکەت، پیاوەکەی شەو کە بەیەکەوە زۆر باسی گۆرانیمان کرد، ئەوەی چەشەی بەرزی لە ناسینی دەنگ و موزیک هەبوو. سەرەتا من هەستم کرد ئەو وەک (موزیک جوانە و تەڕە)، وەک ژێی کەمانێک، دەزانێت ناز ساز بکات، لە غوربەتدا جوان بگرێت.

گایدەکە، ئارەزووی دەکرد، جگەرەکێش بوایە، سەری لەناو تەمی دووکەڵ ون کردبووایە، کە گوێی لەو قسە دەبێت، کە ژنەکە ئەو گرێیە ئاڵۆزە دڕکاوییەی، لەبەردەم دادەنێت، پەنجەکانی کورت و جەستەی ورد و چاوەکانی تەماویی دەبن، بەسەرسامییەوە دەڵێت:

برادەرەکەم، شەو باسی موزیک و جوانی دەکرد و... چ کردووە و چ بووە؟!

گوڵشار وتی:

کە ئێمەی گەیاند، کە شەو من ژمارەی موبایلەکەی خۆم پێدا، یەکەم زەنگی تەلەفۆنەکەی بۆ من بووە، بەیانی زوو تەلەفۆنی بۆم کرد، بەو تەلەفۆنکردنە منی هەژاند!

گایدەکە پرسی:

کەی تەلەفۆنی کرد؟

گوڵشار وەڵامی دایەوە:

بەیانی زوو! بە شەو هەر نیو سەعات، پاش جیابوونەوەمان، دیارە هێشتا ئەو لە ڕێگای گەڕانەوەی بووە بۆماڵەوەیان، ویستویەتی پێش ئەوەی بگاتەوە ماڵەوە، قسەم لەگەڵدا بکات، یان وتم رەنگە باش مەست بووە، دەیەوێ شەوەکەی خۆی رازاوەتر بکات. من خۆم دەگۆڕی، کەمێک سەیری ئاوێنە بچووکەکەی ژوورەکەم دەکرد، لەناکاو زەنگێکم بۆ هات، سەرەتا وامزانی تۆی.

بەپێکەنینەوە گایدەکە وتی:

دیارە کەوا من نەبووم! باشە چی وت، بەو شەوە هەر باسی موزیک و شیرینی شەوی دەکرد؟

ژنەکە وتی:

بەڵێ، باسی شیرینی کرد، بەڵام من زوو داوام لێکرد وازبێنێت، کاتی قسەکردن نییە، ئەویش دیارە نزیک ماڵەوە دەبێتەوە، بۆیە شەوەکەی تەواو کرد، بەڵام! (پێش ئەوەی بڵێیت بەڵام چ، من بۆت تەواو دەکەم). بەیانی مێشکی بردم تەلەفۆن لەدوای تەلەفۆن، دەیووت، خۆت لە خوشک و پورزاکەت داببڕە، میوانی من بە، واز لەو پیاوە سەرسپییە بهێنە.

بیستومە ئەو سەرسپییەی هاوڕێم، گۆبەندێکی لەبن سەرە، ڕێگای خۆش و ساز هەیە، ئەو بەناو (کێڵگەی مین) و ترسا دەڕوات، کێشە بۆ خۆی و بۆ تۆش دەنێتەوە.

ئەندازیار فەریدون، لەگەڵ گایدە سەرسپییەکە ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە کارکەر و فەرمانبەر بوون، زۆریش لەیەک نزیک بوون، زۆر خاڵ و هێڵی هاوبەشیان هەبووە، ڕۆژانەش هەتا شەوانەش لەیەک نزیک بوون.

ئەو دەزانێت گایدەکەی هاوڕێی بەنیازە گوڵشاری کیژە کوورەچییەکە، ئەوەی هاتووە باپیرانی لەو قەڵاتە، لەناو ئەو کەرپووچانە بدۆزێتەوە، دەستێک، لەو پەیکەرە سپییە بدەن، بەیەکەوە هاوکار و دەست بن، بۆ لادانی پەیکەرەکە، بۆ دانانی پەیکەری پیاوێکی سپی و نەرم و خەمخۆری شارەکە، بۆیە بە ژنەکەش دەڵێت:

لەو پیاوە دووربکەوە.! ئەو لەناو گۆمی شێلوو و بە شەپۆل، حەزی لە مەلەوانییە. ئەو چەندین ساڵە من دەیناسم، سەرکەش و سەرچڵە و روو لە کێشە و بەرەنگارییە. دەستوەردان لە هەڵگرتنی ئەو پەیکەرە ئەو شارە دەهەژێنێت، گەورە و گچکە زامدار دەکات، بەوەیان خەڵک دەهێنێتە سەر شەقام و کۆڵانەکان و دارودیوار دەلەرزێنن، بەردودار دەسووتێنن. ئەو هەموو دونیای پشکنی هیچی بە هیچ نەکرد، دەیەوێ بەو پەیکەرە، قسەکردن لەسەر هەڵگرتنی پەیکەرەکە، ناوێک دەربکات. ئەو دەیەوێ بە سەری سپییەوە، پایە و مەقامێک پەیدا بکات، ببێتە سومبلی شارەکە و لە دوورونزیک تف و لەعنەتی لێ بکەن، تۆش لەوە ناسکتری بەر ئەو بەردبارانە بکەویت.

کە گایدەکە، هەموو قسەکان لە گوڵشار دەبیستێت، سەری بۆ بادەدات، شانی دەتەکێنێت، ژمارەی یەکەم بۆ ناڕەزایی و بەربەستی لابردنی پەیکەرەکە دادەنێت، بەڵام لەلایەن کێ، کێیە ئەو بەیداخە بەرز دەکاتەوە! کێیە باسی دەکات و دەیەوێ ساردی بکاتەوە!؟ هاوڕێیەکی نزیکی خۆی، چونکە ئەو یەکەم کەس ئەو بوو بەرنامەکەی بیستبوو!

قەڵاتەکەی من

ئیبنی مەستەوفی کتێبەکەی سەر کۆشی دادەخات، بەوەش جوان ناوەکەی لەسەر بەرگەکە دەردەکەوێت، کتێبەکە لە پەنایەک دادەنێت، بەبێ ئەوەی دەستێک بداتە بەرخۆی، یان دارشەقێک هەڵبگرێت، یان کەمەی گۆپاڵێک بەرزی بکاتەوە، وەک پیتی ئەلفی ناو کتێبەکەی بەرزدەبێتەوە، بەتووڕەییەوە یەخەی گایدەکە دەگرێت، ژنەکەی هاوڕێی دەیەوێ لە قیژە بدات، کە پەیکەرەکە دەبینێت، لەسەر سەکۆکەی هەڵدەستێتەوە، دەیەوێت هەردووکیان راو بنێت، پاسەوان و ئاسایش و کارمەندانی بوژانەوەی قەڵاتییان لێ ئاگادار بکاتەوە، بەردەکە لە (دەربەندی گەرووی وشکی) یەوە هاوارێک دەکات:

ئێوە باس لە مێژوویی و خوداکانی هەولێر، قەڵاتەکە دەکەن! خۆتان سەرقاڵی ئەوە کردووە.

من چەند ساڵە، لەو هەوارە بەرزەوە، چاوم لە هەموو کارەکانتانە.

من بە (بورغی) و (عارەبانە) و (کەرەستەی مەکینە) و (وایەر) و (پلاک) و (واشەر) ی بازاڕەکەی بنەوەم، دەورم گیراوە، هەناسەسوارم، تەنگەنەفسم، چەند ساڵە دەمەوێ، بۆنی گوڵێک بکەم، رەشەرەیحانی بەر پەنجەرەکان و چیمەنی ناو کەڵەنی دیوارەکان نەماوە، هەستم بە شینایی و خوناوی تەڕ نەکردووە! لەوەتی من لێرەم، خەمبار و داماو و چاوەڕوانم. مناڵەکان، ژنە نەخوێندەوارەکان، سەرسپییەکان، ئەوانەی بەزەحمەتەوە سەردەکەون، من رۆژانە ئەوانە دەبینم، من ئەوانە دەناسم! لەوەتی من لێرەم، بوومەتە پاسەوانی ئەو قەلاتە. شەوانە هەمووتان دەچنە پاڵ ژنەکانتان، دەچنە باڕەکان، دەچنەوە و سەیری سینگ و مەمکی (رووتی ژنە ئەکتەرە تورکەکان) دەکەن، بەدیار فیلمە سووک و گاڵتەجارییەکان پێدەکەنن، بەزمتان زۆر گەرمە، منیش بەتەنها دەرگای قەلاتەکەم بۆتان راگرتووە.

هەر منم پاسەوانی کەرپووچەکانی، ناو کەلاوەکان دەکەم. من بنمیچەکانم بۆتان راگرتووە.

هەر منم دیوارەکانم راگرتووە، لەبەر من نەبوایە هەموویان ئاودیو دەکرد، هەموویان دەفرۆشت، چەند ساڵە هەر دەبینم کۆنە کەرپووچەکان دادەنێنەوە و پاکدەکەنەوە. هەر کۆنە

پەنجەرەکانی کۆنە دارتاشەکانی شارەکە، دووبارە بۆیە دەکەنەوە جامی تێدەگرنەوە.

لەوەتی من، لەو بەرزاییەوە، چاوم لەو ئاپووڕەیەی خوارەوە بڕیوە و سەیریان دەکەم، دیمەنەکان بە شێوازەکانەوە گۆڕاون، گوێی لە ئاخاوتنەکانیان دەگرم، ئەوانەی کە لێیان پاشگەزدەبنەوە، کە جوان و نازدارن، بەڵام هزریان شێواو و شلۆقە.

پەیکەرەکە توند بەستراوە، چیمەنتۆرێژکراوە، ناکرێ بجولێتەوە، ناکرێ دەست بوەشێنێت، ئەگەرنا دەیزانی و باش لەو مەسەلەیە تێدەگەیشت، کەوا گایدەکە و ژنەکە، چییان لەبن سەرە.

ئەو دەیزانی گایدەکە، سەری لە (بەرپرسی شارەکە) داوە، بەڕوونی قسەی لەگەڵ ئەو کردووە، بەنیازن بە دزی بێت، یان بەئاشکرا، بەرەزامەندی بەرپرسەکانەوە، پەیکەرەکە لەوێ هەڵگرن، دووری بخەوە و دەستی لە بەرۆکی قەلاتەکە بکەنەوە. هەندێک لەو بەرپرسانە، قسەیان لەگەڵدا کراوە، زۆریان لەدڵەوە بیرۆکەکەیان پێ باش و پەسندە، بەڵام ناوێرن قسە بکەن، جورئەت ناکەن، دەڵێن باشە، بەڵام قبووڵیان نییە ناویان بهێنن، نایانەوێ ناویان ئاشکرا بکەن، لە میدیاکان ناویان بهێنن، هەر بەناوی بەرپرسێک، کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکات، هەواڵەکە دزە دەکات و بڵاودەبێتەوە.

ئەوانیش دەزانن کەوا گونجاو نییە، مێژوونووسەکانی ئەو شارە، ئەوانەی زۆر لەسەر دروستی شارەکە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان کردووە، ئەوانەی عەشتاریان، لە خەودا دیوە، لەگەڵ ژنە نازدارەکەی عەشتاریش، قسەیان لەگەڵ ئاسمان کردووە، لەگەڵ خوداکەی ئەڤین و خۆشەویستی، لە خۆشیا موچرکییان بەلەشدا هاتووە.

پەیکەرەکە دیارە کەوا هەست دەکات پشتیوانی هەیە، بۆیە ئازایانە دەڵێت:

گایدە سەرسپییەکە واز لە من بهێنە، من چیم نووسیوە، باسی چیم کردووە، (من عەرەبم)، یان کوردێکی بەرەگەز عەرەبم، کێشە نییە، من کتێبێکم بەناوی مێژووی شارەکەتان نوسیوە، زۆر ماندوو بوم، سەدان پارچە کەشکۆل و کۆنەبەیازی تەکیە و مزگەوت و دیوەخانەکانم کۆکردیتەوە، زۆر شارم کرد ووە، سەرم لە چەندین تەکیە و مزگەوتی تاریک داوە، لەوێ لەناو تۆز و غوبار و تەونی جاڵجاڵۆکە، دوو دێرە شیعرەم هەڵگرتوتەوە، لەسەر پەراوێزێکم نووسیونەتەوە.

من لەوێیەوە لە ئاوێکی تەنک، لە شەوێکی سامناک، لە بارانێکی ئەستوورم داوە، بەدوای ناوێک شەیدایانە پرسیارم کردووە.

کە من وەزیریش بووم، هەر خەریکی کۆکردنەوەی ناو و مێژوو و سەربردەی زانا و مەلا و شاعیر و پیاوچاکەکان بووم. پێتان دەڵێم

و ناترسێم، وەزیرەکانی ئێوە، ئێستا ئەوە دەکەن، پارە و ناوداریییەکانیان ماندوو دەکەن، چاویان ئازار دەبینێت، لووتیان گەنی دەبێت، وەک من بە (عەبایەکی شڕ)، بە (عەمامەیەکی چڵکن)، گەڕاوم بەدوای کەشکۆلێک، وەک من بۆنی پێست و چەرمەکانیان کردووە کە بۆ نووسین بەکارهاتوون؟!

بۆ من لێرە هەڵدەگرن، من نەهاتووم، بمکەنە پەیکەر و سپییم بکەن و بەرزم بکەنەوە.

ئێوە خۆتان پاسەوانییەکەی ئەو قەڵاتەتان، دابووە دەستی من، ئێوە، یەخەی یەکترتان گرتبوو، کە من شەوانە بەدیار کەرپووچەکانەوە دەمامەوە، دەستی دزەکانم دەچەماندەوە و نامەوێ ناویان بهێنم.

من مێژووی خۆم نووسیوە و تەواو، ئەگەرنا لەودەمانەی منتان زیندوو کردیتەوە، زۆرم دیوە تا بینووسمەوە، زۆرم هەست پێکردووە ئاشکرایان بکەم، وازم لێ بهێنن، یەخەی من بەربدەن، (خۆتان هاتن، منتان کردە بەرد، لە کەستان نەپاڕابوومەوە)، داوام پێشکەش نەکردبوو، خۆتان هاتن و لە شەوێکی تاریکدا هونەرمەندێکتان ئاگادارکردەوە، من زیندوو بکاتەوە. ئەو هەر منی نەدەناسی، کتێبەکانی منی نەدیبوو، شێوەی منی نەکردبوو، ئێوە هەواڵتان بۆ نارد و پارەتان لەبن دەستی دانا، (کرێن و فلات) تان، بۆ هێنانەوەم نارد، منتان بارکرد و منتان بە سەرداری ئەو قەڵاتە دامەزراند.

ئێستاش من هەر گەنجم و خانەنشین نابم، ئەو هەوارە چۆڵ ناکەم. چونکە من، بەڵی من... دەریایەک خەڵک و ئاسمانێک چاو و قەتارێک ئیمزام هاوشانە، من ئاین و مەزهەبێک، هەزارەها دەنگی ناو منارە و گومبەتەکانم لەگەڵە، من...

گایدەکە رۆژنامەکانی ناودەستی رێکخستەوە، لەبن هەنگڵی توندی کردن، هاتە وەڵامی بەردە سپییەکە و رازە شاراوەکە و وتی:

جەنابی ئەبو بەرکارەت، وەزیرە خاوێنەکەی ئەمارەتەکەی ئەربل، تۆ لە مەقامێکی بەرز، لە کۆشکی رەنگیندا ژیاویت، تۆ لە دەسەڵات و فەرمانی سەلاحەدینی ئەیوبی و زاواکەی موزەفەرەدین کوکبری نزیک بوویت، تۆ قاوەچی و پاسەوانت هەبووە، لەنێوان ئەو شارە و موسڵ هاتوچووت بووە، لەوێیەوە پەرۆشی هەواڵی حەلەب و شام بوویت.

بەردە سپییەکە دەربەندێکی وشکی لێ کرایەوە و لە وەڵامدا وتی:

راستە من خۆم و باوکیشم، لە ئەمارەتەکەدا، وەزیر و باجگر و مەستەوفی بووین، لە کۆشک و سەرا و فەرمانەکان نزیک بووین، بەڵام! کە تەرتەرەکان هاتن و شاریان داگیرکرد، کە ماڵ و دیوەخان و مزگەوتیان سووتاند، نازانم موسلمان بوون یان نا، بەڵام هۆڤیانە سەری موسڵمانیان دەبڕی، چاوی ئیمانداریان دەکۆڵی، نانیان ناو خانەقا و مزگەوتیان لوول دەدا و دەیانبرد.

من لەگەرمەی ئەو کارەساتەدا، لە ژوورێکی لاچەپی بێ پەنجەرە، بە زمانی بەرووژو، لەسەر دووگردێکی شڕ و حەسیرێکی رەق، هەر خەریکی کۆکردنەوەی شیعرە تەڕە رەنگینەکان بووم، (بە برسیەتی زمانی عەرەبیم، دەوڵەمەند دەکرد)، بە چاوی کز و بەترسەوە، ئازایانە راڤەی زمانی عەرەبیم بۆ نەتەوە و فەرهەنگی عەرەبی، بۆ نەجد و حیجاز و کوفەم دەکرد.

گایدەکە، بوار نادات ئەو بەردە زۆرتر سەری بشکێنێت، هەنگاوی بە ساتمەیەک سەخڵەت بکات، دەست لە نووسینی ناو دەفتەرە بچکۆڵەکە هەڵدەگرێت، بۆیە دەڵێت:

چیت بۆ ئێمە کردووە، کام شانازی بە ناوی تۆ و بە کۆشش و بە بەیازەکانیان دڵشادمان دەکات. پیاوێکی ئینگلیز لە زانکۆی کامبردج، کۆنە دەفتەرەکانی تۆی، بە فێرخوازێکی عەرەب نیشان دەدات، تۆ و شیعر و ناوەکانی ناو بەرگەکان و دەستنووسەکانی نیشان دەدات، ئەویش سەرێکی هێناوە و دەیەوێ، لەو کاروانەدا لە شاری شکسپیر و شاری تەمدا، دەستبەتاڵ نەگەڕێتەوە، دڵی دایکی خۆش بکات، بە ئیش و بەرهەمەکانی ماچی گەرمی دایکی بەدەست بهێنێت، بۆیە کار لەو مێژووە دەکات، زۆریش ماندوو دەبێت بۆ ساخکردنەوەی هەموو ئالۆزییەکان، کە تۆ و زاناکانی تری هاوزەمانی تۆ سەریان لێ دەرنەکردووە.

بەردەکە لچکی کەواکەی بەرزدەکاتەوە، دەستێکی بە ریشە سپییەکەی دادەهێنێت، سەیرێکی سەرە سپییەکەی گایدەکە

دەکات، کە لەگەڵ سەرە سپییەکەی ئەو، دوو شێوازی جیاوازن لە ریش و قژدانانا، بێ منەتانە دەڵێت:

من لێرە دانراوم، من وەک دارێکی چەقیووم، بوومەتە سومبڵی شار و مزگەوت و نوێژەکانتان، ماوەیەکی تر (وێنەکەم لەسەر درواى بانک) و بازاڕەکانتان دادەنرێت، بەشکۆوە بەژنم وەک نافوورە و تاڤگە دەبریسکێتەوە، کەسیش ناتوانێت لە دیدگای من چاوەکانی دابخات، پێلووی چاوەکانتان جورئەت ناکەن لە نیگاکردنم چاوەکانتان دابخەن. من...

گایدەکە، سەیرێکی ژنەکەی هاوشانی دەکات، دەیەوێ بزانێت لەو دەمەتەقێیە نیگەران و ناڕەحەت نەبووە.

پەیکەرە سپییەکە، بێمەنتانە و پشت ئەستوور بە نهێنییەک، پشتیوانییەکی نادیارەوە دەستێکی بەرز دەکاتەوە، هەڕەشەش دەکات:

ئێوە ناتوانن، من رەش بکەنەوە، من بە سپییەتی بەدەست و هزر و ئەزموونی هونەرمەند زاهیر سدیق، بە داوا و پارەی کوردی و حزبی کوردی، مانای خۆتانەوە، من لێرە دانراوم، تازە ناتوانن من رەش بکەنەوە!

من هەر سپی بووم، بە سپییەتی لێرە دەمینێمەوە، ساڵانەش سپیترم دەکەم، رۆژانەش میللەتێک سەیرم دەکات، ئەو ژنەی هاوشانت دەستی دەرەوەکی مەزهەبی رەوانەی کردووە، ئەوان بە

نیگای مەزهەبەوە هاتوون، ماوەیەکە کەستان بیرتان لە نامۆیی من نەکردۆتەوە، دیارە دەستی دەرەکی و پلانێک مەبەستی تری لەپشتەوەیە، دەیەوێت من لار بکاتەوە، لەو هەوارە بەرزەوە بەرەو چاڵێکی رەش غلۆرم بکەنەوە.

گایدەکە و ژنەکە بەیەکەوە هاوار دەکەن و دەڵێن:

سەیرکە سەیرکە، مەسەلەکە دەباتەوە کام ئاراستە، سەیر کەن، باشە دەنگت بەرز مەکەرەوە، هاوار مەکە، بۆ ئێمە قسە بکە، خەڵکی قاوەخانەکە، چاوەکانی بەر نافوورەکە، دەستی بەتەزبێحی چواردەورەی خانەقاکەمان لێ کۆمەکەرەوە. گەنجە تینوو و (خەڵکە نەفام و وشەکانمان لێ هار مەکە)!

دانوستانێکی گەرم

کتێبەکەی من پیرۆزە، قورئانێکە و لەسەر کۆشم دانراوە، پیرۆزە وەک راڤەکانی بوخاری، حەدیسە راستەکان، فەرموودە پیرۆز و دروستەکان، مێژووی هەموو خەلیفەکانە، هەواڵی دروستکردنی هەزارەها مزگەوت و ماڵی خودا و منارەیە.

من کتێبەکەم بەرزکراوەتەوە، گومبەتە و راگیراوە، ئاوی کەوسەر و زمزمە و بەپەرۆشییەوە دەخورێتەوە، بەردی رەش و ئەلحەد و سەربردەی میعراج و باڵی مەلائیکەت و عەمامەی ئەسحابەکانە، کەستان ناتوانن من بجولێنن.

ئێوە بە دەستی مەزهەبییەوە هاتوون، بەرنامەی دووبەرەکی و ناکۆکییتان پێیە، من وەک دوورگەکانی کەنداو سەیر دەکەن، من وەک بیرە نەوتییەکانی باشوور ئەژمارد دەکەن.

بە نەخێرێکی گەورەی تووڕەوە گایدەکە وەڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێت:

تۆ وەزیر و باجگرێکی تالآن و داگیرکردن و بێگانەکان بوویت.

تۆ لەو سەری دونیایەوە، دەست بەشیر و قەڵغانەوە، سوودتان لە لاوازی عەباسییەکان وەرگرت، ناوچەکەتان بۆ خۆتان دابڕی، ئێوە بازرگانیتان بە پیرۆزییەکانی ئەو ئاینە پیرۆزە کردبوو. تۆ وەک نووسەر و مێژوونووسێک دانراویت، وەک کلیلی شار و دەفتەری ئاوەدانی ناوچەکە لەوێ رێزت لێ گیراوە.

من ئازایانە پێت دەڵێم:

تۆ خەلیفە و ئەسحابەیەکی سپی بێگەرد نیت، بەو ناوە، ئەو نیوچەوانە جوانەی شارمان داگیر مەکە، بەو هەڵبەستانە عیشقەکانمان بەتاڵ مەکە، بەو زمانە رێزمانمان شلۆق مەکە، وەرە خوارەوە، کورسییەکە بۆ پیاوێکی ئیمانداری خاوێنی هەولێریی چۆڵ بکە، سەکۆکە بۆ زوبیر بیلال ئیسماعیل ڤالا بکە، ئەو پایە بۆ مێژوونووسان دانراوە، ئەو سەکۆیە مزگەوت و مەنبەر نییە، ئێرە بۆ تەواف نییە، (ئێرە ئاوی زمزمی لێ هەڵناقوڵێت)، کتێبەکەی تۆ، دەفتەری مێژوو و چاوی رووداوەکانی شارەکەمان نەبووە.

ئەو پیاوە جارێکی تر، لەگەڵ گۆڕان و بەسەرهاتەکانا هەڵاتووە، کتێب و دەستنووسەکانی، بەچەند بارەوە بردووە و بەرەو موسڵ رۆیشتووە. ئیتر بەسە ئەو شەوگارە، هەر ئەو شەوە کتێبەکەت لەبن هەنگڵی بنێ و برۆ.

که بەیانی شارەکە لە خەو هەڵبستێت، سەیر بکەن تۆ نەماویت. شەو، کە پاسەوانەکان، جێگۆڕکێ دەکەن، تۆ رۆیشتبیت و نەرم نەرم دووبارە بگەڕێوە موسڵ، سنوورەکان دانەخراوە و رێگاکان کراوەیە، لەوێ داوا بکە کێڵ بۆ گۆڕەکەت ئەگەر دیار و ناسراوە دابنرێت، ئەگەر ئەوەندە پاک و دەستپیرۆز و چاو ئەستێرەی ئاسمانیت، گۆڕەکەت بناسەوە و دوو کێڵی سەروبن، بۆ خۆت دابنێ، با ناوەکەت لەسەر دابنێن و یەکێتی مێژوونووسانی لقی موسڵ یادت بکەنەوە، ئەرشیفی کتێبە کۆنە عەرەبییەکان بەرهەمەکانت چاپ بکەنەوە.

من وەزیر و نووسەر و توێژەرێکی خانەنشینی بێ نەوەم، نە کوڕم هەیە نە کیژ، بۆیە ناوم رەش دەبێتەوە و ناتوانم بچمە ناو باخی شار، ناتوانم داوای پارچە زەوییەکی نیشتەجێبوون بکەم، شەهیدەکانیش وان، سەرۆک عەشیرەت و نووسەر و یاریزان و مامۆستاکانیش ئەو خەمیان هەیە، (من مێژووی ئەربلم نووسیوە، بۆیە لێرە ناڕۆم)...

من پێش هوتێلی رۆتانا و ئەمپایر و ماجدی مۆلەوە لێرە بووم، رووپەڕەکانم رۆژنامەیەکی رۆژانەی ئەو شارە بووە، بە کتێبەکەی من، ناوی شارەکە لەسەر دەستنووسەکان هاتووە، کە لەگەڵ هەزارەها دەستنووسی تری، ناوچەکە گەیشتووتە هیند، لە کتێبخانە گەورەکانی جیهان، لە کتێبخانەی کۆنگریسی ئەمریکا و

ئەسکەندریە دانراون. من بووم، زووتر موژدەی ئەوەمان دابوو کەوا شارەکە، دەبێتە سەنتەرێکی دیاری ناوچەکە و جیهان.

تۆ چوار بەشت لەو مێژووە نووسیوەتەوە، نالێم بەداخەوە کە بەرگێکیان دیار نییە، لەوانە تۆ بە یەک دێریش باسی خوداکانی ئەو شارەت نەکردووە، نەتنووسیوە کێ نوێژی بۆ دەکردن، کاتی کرنووشبردن کەی بووە، باسی ئەوەت نەکردووە، خوداکانی ئەو شارە، کە چوار خودا بوون، پەرستگاکانیان لە خانوو و کۆشکەکان بەرزتربوو، نەنووسیبوو، ئاوێکی پیرۆز لەبەر پیرۆزی چاوان هەڵقوڵاوە، بۆ هەرگیز باسی ئەو خودایانەت نەکردووە...؟!

گلۆڵە داوێکی سوور کۆلارەیەک، دەباتە ناو سینگی ئاسمان. ژنێک دەستماڵی سەری توند بەستاوەتەوە. لانکێکی نوێ لە کۆلانە باریکەکەی نەجارەکان دێتە دەرەوە، لەسەر تەنیشتی نووسرابوو، کەوا ئیبنی مەستەوفی وتوویەتی زۆرن ئەو کەسانەی ستایشی من دەکەن و دەڵێن:

ئیبنی مەستەوفی، خۆر و مانگ و ئەستێرەکانی هەولێر بووە، زۆر لە مێژوونووسان، بەو ناوە پێناسەیان کردووە، چەندین ساڵە ئەوە لە یەخەی ئەو شارە دراوە، شارەکە بەو دێرانە بۆیەکراوە.
(مێژووی بەغدا بە چواردە بەرگ ) نووسراوە، (مێژووی دیمشق بە هەشتا بەرگ) نووسراوە، بەڵام مێژوو هەیە تەنها (یەک بەرگە)، هەموو شارەکان مێژوونووسانی خۆیان هەبووە، کتێبەکەی ئەویش مێژووی ئەو شارە کۆنەیە.

ئیبنی مەستەوفی پشتی ئەستوورە، ئاین و هەزارەها کەس و دبلۆماسییە دووڕوو و (نەخوێندەوارەکان) ی مێژووی لەپشتە، باش رەوشەکەی پشکنیوە. ئەو لەناو کەلەنێک، لەگەڵ هوڕە و رەشەبایەک هاتووە، لەو شوێنە بەرزە دایکوتاوە، لە رۆژێکی تاریک و لە شەوێکی رووناک بەئاگری شەڕ و ناکۆکییەکان، توند سینگی لەسەر بەرزاییەکە قایم کردووە، ئاسان نییە بە کۆشش و قسەی لووسی گایدێک و ژنێکی پەریشان، ئەو لەو شارە و لەو قەڵاتە داببەزێت، هەوارەکە بێ قەرەبوو و بێ دەستمایە ڤالا بکات.

ئەو ناڕوات و دەتوانێت شارێکی خامۆش وریا و ئاگادار بکاتەوە، ئەو وا دەکات، قیژەی ژنان و بانگەوازی منارەکان و دەستفرۆشەکان، داماوەکان و زاناکان بهێنێتە ناو کۆڵانەکان، بوارێکی بەرتەسکی هەستیار و لەوێ هەڕەشە بکەن، هەموو جوانییەکان بترسێنن، بەرزەکان بهەژێنن، ئەو دەتوانێت گایدەکە لەو شارە نەفرەت بکات و ژنەکەش ئابڕووشکاو بکات.

لە سەعوودییەوە بۆ هەولێر

سامی وەک خوێندکارێکی شەیدای زانست و مێژوو، یان لەبەر گەرما، رۆژە رۆتینەکان، هەراسان و ماندوو بووە، کە روو لە ئەوروپا دەکات، بەڵام ئەو زۆر لە دەرەوە ژیاوە، بۆیە دەرچوونی ئەو بۆ زانست و خوێندن بووە، کە روو لە دەرەوە دەکاتەوە. ئەو نەچوویتە دەرەوە، تا بە نامە و پەیامەکانی، باسی پارک و کیژ و پیرۆزی کات و سیستەمی زانکۆکان بۆ هاورێ و کەسوکارەکانی بکات.

ئەو زۆر گەڕاوە، دۆسییە سیاسییەکانی جیهان ماندوو و پەریشانی کردووە، کە ئەو کارەش دەکات، مەبەستی هەبووە، حەزی لە توێژینەوە و دۆزینەوە و هەڵگرتنەوەی (گەنجینە ونبووە عەرەبییەکان) بووە. ئەو لە بیابانی عەرەبییەوە، دەچێتە بریتانیا (لەوێ هەولێرمان بۆ دەدۆزێتەوە)، لەوێ عەباکەی ئینی مستەوفی و کتێبەکەی تاریخی ئەربل ، بە هەموو بەرگەکانییەوە دەدۆزێتەوە، لەناو تۆز و خۆڵی تەمەن و بێکەسی و هەتیمی بەرگەکانی ئەو مێژووە، لاپەڕە بە لاپەڕە، بۆ مێژووی ئەدەب و شیعری عەرەبی، کەسایەتی عەرەبی و ئیسلامی هەڵدەگرێتەوە.

لەوێ، پرۆفیسۆرەکەی ماندووی دەکات، هەموو سەرچاوە و ژێدەرەکانی سەردەمی عەباسییەکان، کاتی هێرشەکانی تەرتەر و مەغۆلەکانی پێ دەخوێنێتەوە، لە حەلەبەوە دەیباتەوە موسڵ، لە عەکاوە، بۆ دیوەخان و قەڵاتەکانی وڵاتی شام، شیری تیژی خاچپەرستەکان، زیرەکی و لێهاتوویی سەلاحەدینی ئەیوبی و مام و زاوا و کەسوکارەکانی، کە لە هەڵمەتەکە هاوشانی بوون.

ئەو مێژوویێکی ون و فەرامۆش هەڵدەگرێتەوە ، تەمەنێکی دووردرێژ، لەناو سالۆنەکانی زانکۆی کامبردج بۆ خوێندنەوە، نووسینەوە و لێکدانەوەی ناوەکان و شوێنەکان و مێژووەکە بەسەردەبات.

بە کۆشش و ماندبوونی ئەو بوو، کە کتێبەکە، لە ئەرشیفێکی بریتانییەوە دەگاتەوە کتێبخانەکانی خۆرهەڵات، ناوەکە زیندوو دەبێتەوە. خەم و شەونخونی ئەو خوێندکارە سەعودییە، کە ناوەکە زیندوو دەبێتەوە، دووبارە ئەو سومبڵە عەرەبییە دەگاتەوە ئەو شارە، شارەکەش وەک گەورەیی مەولودنامە و دەف و زیکری خواپەرستی، دووبارە ئیبنی مەستەوفی دەکەنەوە نیشانە و چاو. گایدەکە بە ژنەکەی وت:

ئەوە سەربردەی ئەو کتێبەیە، کە لەناو دەست و لەبەر چاوی ئەو دانراوە، کەسیش لەو شارە، میوانەکانیش نازانن چ تێدا نووسراوە.

من گایدێکی شارەزام و شەیدای ئەوەم، هەر چوار خوداکەی ئەو شارەم بۆ بدۆزنەوە، خوداکان بە مومیاکراوی، بە پەیکەر و بە ئاخاوتنەکانیان، پەرستگا و نەخشەسازییان بۆ بکەنەوە، (خوداکان بێنەوە و حوکمی قەڵاتەکە بکەنەوە)، خودایەک بۆ خۆر و ئاوەدانی. یەکێکیان کارێزەکانی ئاو پاک بکاتەوە، دەشتەکانی بە کەسکایەتی پۆشتە بکاتەوە، چەم و گردەکانی بکاتەوە سێبەر و بەرهەم.

خوادیەک بەناوی عەشتارەوە بێتەوە، خۆشەویستی و ماچ و تاوانەوە، لەو شارە، لەو دەڤەرە بچێنێتەوە، تا هەمووڵایەک و هەموودەم یەکتری ماچ بکەن. خۆشەویستەکان ئەڤین لەگەڵ خۆیان ببەنە ناو گۆڕەکانیش، لەوێش ماچ بۆ یەکتری رەوانە بکەن، هیوایان بە زیندووبونەوەی خۆشەویستی هەبێت. من و ئەوانە، بکاتە مرۆڤێکی بابلی، ئەڤین پیرۆز بکەم، هەر سێ ژەم و هەموو چرکەیەک ماچ و ژووان سێبەرمان بێت.

(ئەوەم لە چاوی عەشتار، لە مۆزەی بریتانی خوێندەوە، کە زوومی کامیرەکەم لە پەیکەرەکە دەکرد، چاوە گەشەکانی لەگەڵ چرای ڕووناکییەکانی هۆڵەکە، سەمای ئەڤینی دەنواند، لەناو ئاپووڕەکە شەرمی نەدەکرد، بواری دەدۆزیەوە قسەی ئەڤینی خۆی بە هەموو زمانەکان بڵێتەوە، منیش لەدیارە پەیکەرەکە، ڕەنگی قەڵاتەکە و گردەکەی قاڵینچ ئاغام لەو دۆزیەوە، تیشکەکانی ئاکاری سڵاویان بە من، بۆ هەموو گردەکانی چواردەورەی شار، کە هەموویان

ژووانی ئەو بوون، گەڕەک و ماڵەکانی ئەو بوون، ئەو هەموو ناو و بەرزایی گردەکانی دەزانی، سەرەتا نزیکەکانی وت، قالینچ ئاغا، کلک مشک، پیرداود و سەعداوە و... ).

گایدەکە بە دبلۆماتە سەعوودییەکەی وتبوو:

پیاوە دبلۆماتە زۆرزانەکە، تۆ لە لەندەن بۆچی پەیکەرەکەی عەشتارت بۆ ئێمە نەهێنایەوە؟ بۆچی لەجیاتی مێژووەکەی ئیبنی مەستەوفی، عەشتارت بەباڵ و بە چاوە جوانییەکانیانەوە نەهێنایەوە.

لەوەتی ئەو لەو دەڤەرە نەما و باریان کرد، دووریان برد و بەئاسمان، بەناو ئاو و لەسەرپشتان باریانکرد، سۆز و ئەڤین و راموسان و ماچیان بۆ خۆیان برد، بۆیەش هەموویان، لەبەر چاوی ئاوی تایمس، لەگەڵ سەمای مانگ و پرشنگی خۆر و ڕەونەقی شووشەی پیشانگاکان، کە مەستن، کە زۆر مەستن، کە دەخۆنەوە، کە دەخوێنن، کە بەیەکەوە زەلاتەیەک دروست دەکەن، کە ماڵئاوایی لە سەربازەکانیان دەکەن، فێربوون یەکتری ماچ دەکەن، (ئەوان لە عەشتارەوە فێربوون)؟!

عەشتار، یەکجار لەو قەلاتە، لەسەر کەژاوەکەی دادەبەزێت، لەوێ، دووردەکەوێتەوە کە فێنکی و جوانی کارێزەکانیش سەرسامی کردبوو، دەشتە بەرینەکە شەیدای کردبوو.

ئەو لەگەڵ تەبارەی گەنم، ماچی گەرمی ئاوی باران، دەست لەملانێی هەور و خاکە سوورەکە حەیران دەبوو. ئەو دەڕوات و شوان و گاوان و وەرزێر و ئاسنگەر و چەکەرەی دار و (مەمکی هەنجیر) و چاوی نێرگز، بۆ دیتنی ئەو نازدارە، چیای نووستوو و دۆڵی ماندووش ئاگاداردەکەنەوە. ئەویش دەڕوات و گەڕانەوەی لەبیردەچێتەوە، کەژاوەکەی لێ دەبێتە دڕک و کونەمار و بێ ئاوڕدانەوە هەر دەڕوات.

ئەو لەو کاروانەدا، شوانێک کە سێبەر و هەژموونی ئەو دەبینێت، کە شوانەکە هەست بە ناز و تریفەکەی ئەو دەکات، بەرخێکی بۆ سەردەبڕێت و میوانداری دەکات، تا گۆشتەکە دەخۆن بەزمیان گەرم و دۆستایەتییان دەگاتە ماچ و راموسانیش.

خودایە میوانەکە، عەشتارە نازدارەکە، لەلای شوانەکە دەمینێتەوە، شوانەکە بەرخی دووەمیشی بۆ سەردەبڕێت، بەیەکەوە شەوچەرەی بەهەشتی بەڕێدەکەن. شوانەکە کە بە جوانییەکەی عەشتار مەست و پەریشان دەبێت، ئەویش خەوی سێبەرەکەی پێ خۆش دەبێت، زۆرتر مانەوەی پێ خۆش دەبێت و شوانەکەش، بەرخی سێیەمیش بۆ دەکاتە کەباب، بەیەکەوە گۆشتە ناسک و تەڕەکەی دەخۆن، بەشی هەلۆ و باز و ئاژەڵە کێوییەکانی تریش دەدەن، کە (هاتبوونە سەیرانی چاو و سینگ و گەردەنی بەرزی عەشتار)، شەوەکانی شوانەکە و خوداکەی عیشق و سووتانی درێژ بەخوناو، شەیدا بە خەونی بەهەشتی دەبێت،

عەشتار (سمێڵە دڕەکەی شوانەکەی لا نەرم دەبێت)، لە چاوی ئەوەوە سنووری حوکمڕانییەکەی لە دەشتی نەینەوا و دوورتریش دەبینێت.

ئەو لەگەڵ شوانەکە زۆر دەمینێتەوە، لەوێ داستانی عیشق و سووتان پەیدا دەبێت، لەوێ رۆمانەکان، یونانەکان لەسەر کەناری نیل، لە بیابانیش، خەڵکەکە داوا دەکەن، خودای جوانی و عیشق و خەوتنی سەر باڵی خودا، سەیرکردنی چاوی خودای عیشق زیندوو و نەرم بێت.

هەردووکیان لەوێ شوانەکە و خوداکەی ئەو قەڵاتە سەما دەکەن، لەوێ شمشاڵ و شەوبەکێو و عیشق، لە پاشا و لە دەسەڵات گەورەتر و مەزنتر و پیرۆزتر پەیدا دەبێت، شوانەکە تا عیشقەکەی هەر درێژ و میوانداریيەکەی هەر نەمر بێت، هەموو بەرخ و گیسکەکانی بۆ سەردەبڕێت و (دڵی خۆشی دەکاتە قوربانی) جەستە خۆشەکەی عیشق، بۆیە شوانەی بەستەزمان و چەقیوو، لەبەر تەلیسمی ناز و شکۆیی میوانەکەی، بەبێ ئەوەی عەشتاری بێگەردی خودا، ئاگادار و هوشیار بێت، گیسکێکی لەناو مێگەڵێکی ناسیار و هاوسێی خۆیانی بۆ دەدزێت، تا بیکاتە دیاری مانەوەی عیشق و بەردەوامی ژووانەکەیان، تا بە مووەکانی رەشماڵ و نواکەیان تەواو بکەن. عەشتار وەک کابان و چاوی گوڵ و سەمای باران، لەو دەشتە بەحەسرەتە بمینێتەوە، بەڵام بەو دزیکردنە، بەو بەتاڵانبردنی گیسکەکە، شوانەکە لەودەمانەوە

دەبێتە گورگ، عەشتاریش پاش ئەو دزیکردنە، لەو هەرێمە دەتۆرێت، گورگەکان زاوزێ دەکەن و رەوە و گەڵەگورگ و رەشەگورگ و مەیدانی گورگان لەو دەڤەرە زۆر دەبێت، شەوەکان ترسناک و رۆژەکان و رێگاکان و بەر کانییەکان و ناو کارێزەکان و سێبەرەکانی هەنجیر و ئاوی هەنار و سەمای گەنم و زیکزیکەی زیندەوەر، لەو دەڤەرەدا، ماوەیەکی زۆر دەتۆرێن.

گایدەکە، لە چاوەڕوانی عەشتارا، رقی لەو پەیکەرە سپییەیە، کە یەک کزەبای عیشقی تێدا نییە، پەیکەرێکە وشکە وەک حووشترالوک و دڕکەزەردە، عەباکەی بەری و کتێبەکەی بن دەستی، چاوە زیتەکانی، شیعرەکانی ناو دەفتەر و دەستنووسەکانی، بە نامۆ و وشک دەناسرێت. ئەوانەی لەو حیکایەتە هاوڕێی منن، ئێوە دەڵێن چی، ئەوانە و ئەو میللەتانەی، کە رەویان کردووە، لە خەفەتی رۆیشتنی عەشتار باریان کردووە، حەقیان بووە؟

سەرکەناری دەریا رەش

لە هاوینەهەوار و کەناری (ڤارنا)، ئەو زۆر نزیک لە ژنە گایدییەکە دانیشتبوو، سەیری لیستی ناوی گەشتیارەکانی ناو دەستە نەرمەکەی ئەوی دەکرد، تێدا نووسرابوو، میوانەکان ژمارەیان چواردە کەسە، هەموویان دەکرێ لە زمانی ئینگلیزی تێ بگەن، چواریان لە کۆلنی ئەڵمانیا هاتبوون، دوو ژن و دوو پیاو بوون، جلی سادە یان لەبەردابوو، سووکە جانتا و کامیرایەکی گچکە و یەکێکی گەورەیان پێبوو، گەورەکە لەجیاتی خەناوکە بەملی ژنێکیان وەبوو.

دوو منداڵیش تەمەنیان سەرووی دە ساڵ ی بوون، ئەوانەش کیژبوون، نەرم و لووس و ناسک و مەند دیاربوون، دایکوباوکیان پۆلۆنی بوو، چاوەکانیان دەجولا، بەڵام دەمیان نەدەجولا، سەیری رەزە ترێیەکانی هەردوولای رێگاکەیان دەکرد . ئەوانی تر. یەکێکیان، ئەو پیاوە بوو ، خەونی بەوە دەبینی رۆژێکیان ببێت گاید، یەکەم کەس بێت، لە ولاتەکەی ئەو ئیشە بکات، ببێتە گاید بەلام خەڵک و میوان ، ئەگەر هاتن بەرەو کێندەرێیان ببات ، لە قەلاتی شارەکەیان، ئەگەر عەشتاری لەوێ بوایە، لە ماڵەکەی

خۆی بوایە، لە پەرستگاکەی نوێژ و نزای کردبووایە، ئەو قەڵاتە و شارەکە و سنوورەکە و دەشتەکە، وەرزی گەشتیاری دەبووە وەرزی پێنجەمی ساڵ، مانگی چواردەی مانگەکان، ساڵی باران و نێرگزی بۆن و بەرەکەتی تەمەن و مێژوو.

ئەو پیاوە، وا لەو چەند رستەیەدا ، ناوێکی لێ دەنێم ، هەموو دونیا گەڕا وە، سەری لە کۆنە کڵێسا و کاتدرائیە و دێر و باڵەخانەی پەرلەمانەکان ی ئەوروپا دا وە، لەدیار سەربازە پاسەوانەکانی بەردەم پەرلەمانەکان وەستا وە، لەبەر باران پیاسەی کردووە، زۆر سەیری هاوار و باسکەمەلەی شەپۆلەکانی لەسەر لمە تەڕ بە خوناو و باران و شنەبای کردووە، بە مەستی هەڵفڕیوە، لەبەر سێبەرێکی شێدار، لەناو گۆمێکی سەوز خاوبویتەوە، ئینجا ساڵدانە ساڵدانە گەڕاوەتەوە سەر ئەو قەڵاتە، لەوێش بوویتە گایدی ژنێکی ئەودیو، خەناوکە پساوەکەی بۆ کۆدەکاتەوە، بسکە شاراوەکەی دەهونێتەوە، بڕیاریشە بەیەکەوە ئەو پەیکەرە خانەنشین بکەن، کە زۆر پیربووە، تێگەیشتوون راژەکەی بەرهەمی نەبووە و نییە، با چیتر کامیرا و دەست و پێی و کتێبەکان چەواشە نەکەن.

بۆچی ناو ێکی تایبەتی لێ بنێم ، وا هەر بە گایدەکە بانگی دەکەن، با هەر گایدەکە بێت و بەس، ناوی نوێی تری بۆ چییە، ژمارەی تەلەفۆنەکەی و ئەدرێسی سەر ماڵپەڕەکان و فەیسبوکەکەی بەسە.

گایدەکە، لەدیار پەیکەرە سپییەکە وەستابوو، کە عەبایەکی گەورەی درێژی بەرین، عەمامەیەکی گەورە، پیاوێکی شاردوتەوە، لەسەر بەرزاییەکی شارەکە بەناحەق کردوویانە، بە دەسەڵات و پایەدار و پایەدیاری ئەو شارە ، سەیری کتێبەکەی سەر کۆشی دەکات، کە ناوی لێ ناوە تاریخی ئەربل.

تۆ هاتووی یەخەی منت گرتووە، بڕۆ بەدوای گایدی خۆتەوە، تازە ژنێکم بینی، ژنیک سەری بەسەر کتێبەکەم نەوی کردبوو، چاویلکەکەی لەناو جانتاکەی دەرهێنا، لەناو جانتاکەی بۆنێکی سازگار دەهات، کە پیتەکانی ناو کتێبەکانی کردوتە وێنە و باڵە چۆلەکە و وردەباران، ژنێکی نازدار بوو، بڕۆ یەخەی من بەردە و ئەو بدۆزەوە . ئەو وتی دێمەوە و زۆر شلۆقیش دیاربوو، لەودەمانەی ئەو سەری بەو کتێبەی من یش داگرتووە ، هەست دەکەم لاپەڕەکانی کتێبەکەم زیندوو بونەتەوە، بوونەتە فیلمی پی دی ئێف ، کەوتنە ناو تۆڕ و ماڵپەڕەکان، چوونە تە ناو کتێبخانەکان، دەکرێ سەرێک لە کتێبخانەی ئەسکەندریەش بدەیت، لەوێ دەیدۆزیتەوە.

ئەو ژنە لیستێکی درێژی، ناو و تەمەن و رەنگ و سیما و شێواز و ژمارەی پۆشاک و کەوا و عەبا و سەڵتەی پێ بوو، لەگەڵ دانانەوەی شتەکانی ناو جانتاکەی ، زەنگوڵەش دەنگی دەهات، دەنگی بەهێز و قایمی چەند زەنگوڵەیەکدەلەرییەوە.

بۆ  دەنگی زەنگوڵە کەی ناو جانتای دەستی ژنێکی میوانی گەشتیاری ماندوو، لەگەڵ وردە شووشەی بۆنەکان، قەڵەمی ماسک و پۆدرە و دەفتەر تەلەفۆن و پاتری زیادی مۆبایل و سەماعەیەکی سپی درێژ و سیمکارتێکی زیاد و پارەی دوو دەوڵەت و چەند نوشتە دۆلار و یۆروش ئاساییە، بەڵام دەنگی زەنگوڵەیەک   ، بۆ ناسینی کتێبەکەی بن دەستی، ئەو تەنگاو بوو، دەیویست لاپەڕە بەردینەکەی هەڵبداتەوە، بەڵام زمانەکەی نەدەزانی، رێزمانەکەی شارەزا نەبوو، عەرەبییەکەی هەراسان و ماندووی کرد، ژنەکە جانتاکە دەپێچێتەوە و سەیرێکی نزیک پێیەکانی، بن دەستی، ئاسۆیە تەماوییەکەی بەرچاوانی دەکات، تا یەکێک ماچێک لەو نیگایە بکات، تا یەکێک بدۆزێتەوە دەستی وا بگرێت، دەمار بە دەمار بەیەکەوە تێکەڵ و ئاوێتە بن.

گایدەکە، لەودەمانە لەبەر ئەو سێبەرە و لەسەر بەرزاییەکەوە، چاوی لەوە بوو، چۆن دەست بە بەرنامەکەی بکات، کێ هاوکار و هاودەستی بێت بۆ لابردن و دوورخستنەوەی پەیکەرەکە، چۆن دەست بەوە بکات بانگێک بدات، هاوارێکی قایم بکات، تا زۆرترین خەڵک گوێیان لە بانگەوازەکەی رابگرن.

گایدەکە بڕیاری خۆی دابوو، کتێبەکەی باش خوێندبووە، کە تازە هاتبووە کتێبخانەکانی شارەکە، هەردوو بەرگەکەی کڕیبوو، زوو کتێبەکان دەباتە ناو ئوتومبێلەکەی، نەوەک یەکێک کتێبەکانی لە دەستی ببێت و پێی بڵێت:

ئەو دوو بەرگە باس لەو شارە دەکەن، بەرگی پیاوەکانی ئەو شارە بوون، کلی چاو و دەستماڵی ملی ژنەکان بوون، کتێبەکان مێژووی شارەکەیە. دەبوایە ئەو بەدڵنیاییەوە لە وەڵامی رێبوارێکی نەناس و سەرکەشدا بڵێت:

نەخێر کتێبەکە، باس لە مێژووی ئەو شارە و خەڵکی شارەکە ناکات، بەڵام ناوەکەی وایە، دەڵێن گوایە نووسەرەکەی مێژوونووس بووە، لەو قەڵاتەدا ژیاوە، کە تەتەرەکان هاتوون، کە ترس و نیشانەی مەرگ رووبەڕووی ئەو قەڵاتە سەرکەشە هاتووە، ئەو ویستویەتی لە شەوێکی ساماڵ و لە رێگایەکی نەرم و بە کاروانێکی ئەمین دەربازی ببێت.

هەردوو بەرگەکەی کتێبی تاریخ ئەربلی دکتۆر سامی ئەلسقار ، وەک دوو کەرپووچی زەردی دانراوی ریزەکانی کەرپووچی بن لادیوارەکانی سەر قەڵات ەکە وابوون، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارەکان، بە نووسراوی رەسمی و بەدڵنیاییەوە، ماوەماوەش دووپاتی دەکردەوە، بۆ دەستەی شوێنەواری هەولێری دەنووسی کە بارەگاکەی لەناو کۆشکێکی شاهانەی ناو قەڵات ەکە بوو، کە لە دەروازە کۆنکریتییەکە سەردەکەویت لەوێ نزیک بوو.

کە سەرت لەناو سەر و ئاپوورە و کاروانەکان دەردەکەوت، کۆشێک، وەک خانمێک، وەک عەرشێکی شاهانە، وەک گوڵدانێکی تەڕ، گەڵا بەخوناو و چاوی گەورە و برۆی کەوان. کۆشەکە کتێبێک بوو هەزار ساڵە، دەنووسرێتەوە و دەخوێندرێتەوە، لەبەر دەکرێت

و نەخشەسازی بۆ دەکەن، تا لەو شارە، لەسەر ئەو قەڵاتە بووە بەو پەیکەرە سپییە بەرزە، لەسەر لووتکەی دڵی ئەو میللەتە بەزانینەوە دانراوە، بوویتە مۆر و سەندێکی یەقین و هەڵگرتنی بەدەستی کەس ئاسان نییە.

ئەگەر پیاوە گایدەکە، بەرنامەکەی سەر نەگرێت، لەداخانا بەیانییان کورسییەک، لە چایەخانەکەی مەچکۆ بەقەرز وەردەگرێت، لەدیار پەیکەرەکە دادەنیشێت، هەتا ئێوارە و تا دەمی شەوانەی مەزە و دووکەڵی جگەرەی سووتان دادێت، لەسەر ئەو کورسییە، لەبەردەم ئەو سەکۆییەدا، ئەو بە خەڵکەکە بڵێت، بە کامیراکان بڵێت، پرسیان پێ بکات بۆ لابردنی ئەو پەیکەرە، پێیان بڵێت کە ئەگەری ئەوە هەیە، ئەگەر ئەوە هەڵنەگیرێت پەیکەری تری بەدواوە دەبێت، یەکێکی مەڕمەڕ بۆ سولتان موزەفەر دادەنێن، دوو پەیکەری تری بەردین بۆ هەردوو زاواکەی بەرز دەکەنەوە، یەکێکی تری گرانێت بۆ سرفتکین زینی و پەیکەرێکی تریش لە شووشە، بۆ موجاهیدئەلدینی قایماز دادەنێن، دەیویست لە پرسیار و وەڵامی رێبوارەکان، دەرئەنجامێک دەستنیشان بکات، لەوەوە بەرنامەکەی جێبەجێ بکات.

مردنی پیاوە سپییەکە

پیاوە سپییە ناسکەکە، زوبیر بیلال ئیسماعیل، لە تەمەنی شێست ساڵییدا، زوو و بەنەخۆشی، قەڵەمە گەوهەرەکەی مێژووی لەدەست دەکەوێت و دەمرێت. ئەو رۆژەی ئەو کۆچیدوایی دەکات، وەک ئێستا بوارەکانی میدیا وا بڵاو و ساز نەبوون، تا زۆر باسی بکەن و ناوی بهێنن، بەڵام مردنەکەشی وەک تیرێکی خێراش نەبوو، بەڵام راستییەک هەیە، ناکرێ باس نەکرێت، کەوا ئەو بەداخەوە زوو مرد، هێشتا دەکرا زۆرتر لاپەڕەکانی مێژووی شارەکە و وڵاتەکە و شۆرش و ئەمارەتە کوردییەکانی بنووسێتەوە، زۆری لە هزردا مابوو، بەڵام مەرگ دەرفەتی نەدا!

ئەو پیاوە هەولێرییە، ئەو مامۆستایە زانایە، زۆرتر ئێواران لەناو کتێبخانەکانی شاردا، نەرم نەرم لاپەڕەی کتێبەکانی هەڵدەدایەوە، بەنەرمییەوە چەند لاپەڕەیەکی بۆ شەوچەرەی ئیش و نووسین و رامانەکانی، بۆماڵەوە لە گەڕەکی شۆرش دەپێچایەوە، ئەو تەمەنی بردبووە ناو ساڵەکانی مێژوو و رووداوە تاڵەکان، کە زۆر درێژن، بژاری دەکردن و ئینجا دەینووسینەوە.

ئەو، نیو سەدەی لە مێژوویێکی ئاڵۆز و پڕ لە کێشەی لەناخیدا هەڵگرتبوو، زۆریش بەپیشەییەوە، کاریکردووە و باری بە هیچ لایەن و هزر و بەرەیەک دانەداوە، پارسەنگییەکەی نەشکاندوە، مێژووی وەک چاوەکانی خۆشویستوە، بۆیەش ئەو شایانی پەیکەرێکە لەسەر بەرزایی ئەو شارە، چونکە کوردانە (زۆرتر لە بیست کتێبی هەبووە)، زۆرتر لە دوو سەد و پەنجا بابەتی مێژوویی کوردستانی نووسیوە، بەناسکی هەموو قۆناخەکانی مێژووی کورد و کوردستانی هەڵداوەتەوە، بێ ئەوەی دیمانە بکات و لەناو و ناوداریییەوە بگەڕێت، ناوی بوویتە پەیکەرێکی سپی، بوویتە مەیدانێکی ئاوەدان، بویتە دەروازەی قەڵاتەکە، بەڵام بەداخەوە پیاوێکی تر، مێژوونووسێکی تر، کە زۆریش روون نییە نووسینەکان بە دەستی ئەو، یان بە رامانی هەولێریانە نووسرابێت، ئەویش ئیبنی مەستەوفییە کە شوێنەکەی ئەوی گرتووە.

پیاوە سپییەکەی ئەو شارە، قەڵەمێکی نوێ بووە، دەست بە پەڕەمووچە نەبووە، بەڵام باسی مێژووی کۆنی کردووە، عەبا لەبەر و عەمامە لەسەر و هزرێکی کۆنی لە مێشکدا نەبووە، بەڵام جوان رووداوە کۆنەکان و ساڵە خوێناوییەکانی نووسیوەتەوە.

زوبیر بیلال ئیسماعیل جەختی لەوە کردیتەوە، ئەو نووسیویەتی کەوا شاری (هەولێر لە مێژووی کۆندا، لە چەق و سەنتەری رووداوە گەورەکانی ناوچەکەدا بووە)، لەدیار ئەو قەڵاتەی، کە

ئێستا پەیکەری ئەوی لەسەر دانەنراوە، خەڵکەکە و ئەرشیفەکان ناوی ئەویان لەبیرنەماوە، لەوێ باهۆزی شەر و ململانێیەکان لەسەر گۆڕینی ئاین و قڕکردنی نەتەوە و زمان و کولتوور و مێژوو، گەرم و خوێناوی بووە. قەڵاتەکە شاهیدە، کە ئەسکەندەری مەکدونی، چۆن وەک رەشەبا هەڵیکردووە، چاوی شارەکەی بە خوێن و تاوان داخستووە.

گایدەکە، کە رۆژانە جارێک بە دەوری قەڵاتەکەدا دەسووڕێتەوە، لەناو ئاپووڕەکەدا بواری دەربازبوون دەدۆزێتەوە، ئەگەر شانیشی بە شانی چەند رێبوارێکیش بکەوێت، بەرنابێتەوە، ئەو هەر رۆژانەش جارێک، کە سەرێک لە کوشکە رازاوەکە، بە چەندین رۆژنامە و گۆڤار و کتێب، لە دەرگا گەورەکەی بەرامبەر پارکی شار سەردەکەوێت، بە شەقامەکەی ناوەندی قەڵاتەکە تێدەپەڕێت، سەیرێکی نەخشە هەڵواسراوەکان و تابلۆکان دەکات، لە دەرگای ئەحمەدییە دەچێتە خوارەوە، لەوێش دەچێتە ناو (کتێبفرۆشەکانی کۆڵانە باریکەکە)، چەند سڵاوێک دەکات و سەیری ناونیشانی زۆریان دەکات، هەندێکیان ماندوو و بێزاری دەکەن، بەڵام ناوی ئەو کتێب و ناونیشانانە ناهێنێت، کە زامدری دەکەن!

ئەو کۆشش دەکات، کەوا ناوی پیاوە سپییەکە، لەجیاتی ئیبنی مەستەوفی زیندوو بکرێتەوە، بەڵام ئەو پیاوە هەولێرییە میواندۆستە، باس لە گەورەیی مەستەوفیشی کردووە، وادەزانێت

کەوا نووسینەکانی ئەو، بەشێکن لە مێژوو و چاوی ئەو قەڵاتە سەرکەشە، ئەو لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامی تورکی بکتکینییەکان دەفتەرێکی نووسرابوە، دەڵێن ناوە مێژووی ئەربل، باس لەو شارە و خەڵکەکەی دەکات، بەڵام کەسی ئازا و لایەنی بێلایەن، دەڵێن کتێبەکە چامە و پەڕاوێکی ئاینی وشکە، هیچ پەیوەندی بە مێژووی شارەکە و زانستی مێژووش نییە، ئەگەر شانازی هەمووکەس و شار و مەملەکەتێک بێت، ئەوا کتێبەکە، بۆ خەڵکی ئەو شارە، ئەو ناوە، ئەو سەردەمە نەک شانازی نییە، بەڵکو شەرمەزارییە (تکایە ئەو رستەیەی دواوە، ئەوەی باس لە شانازی و شەرمەزاری دەکات، سەبرسەبر و بەدەنگی نووساو و نزم بخوێنەوە، چونکە نەیارەکان دڕن و تووڕە نابن، ئەوان رەخنە ناگرن، هەڕەشەش ناکەن، بەڵکو ترسناکن...).

هەولێر ١٩٧٤

کە کتێب و کاغەزی کوردی، تازە بە خۆرە جوانەکەی ئادار و ئاشتییەکەی، ئەو چوار ساڵەی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، سەوز دەبێت، کە تازە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان، بڵاودەکرێنەوە، ئەویش کوڕە گەنجەکە و مامۆستا شارەزاکەی مێژوو، زوبیر بیلال خەم لە دەوران و ساڵەکانی کۆنی شارەکەی دەخوات، سوود لەو تیرۆژە ئازادەی ناوچەکە، کوژانەوەی شەڕەکان وەردەگرێت، دەستی لەرزۆکی ئاوەدانییەکان دەبینێت، کتێبەکەی بە زمانی عەرەبی بەناوی (اربیل فی ادوراها الاربعە) بە قەبارەی ٣٨٢ لاپەڕە چاپ دەکات، کە باس لە تەمەنی چوار هەزار ساڵەکەی ئەو شارە دەکات، هەر لە سەردەمی ئەکدییەوە هەتا سەردەمی تاجی پاشایەتی و هاتنی ئینگلیزەکان.

ئەو کتێبە دەبێتە بەرگ، چاوی مێژووی ئەو شارە، کتێبەکە لە هەموو ماڵێک، لە هەموو گۆشەکانی کتێبخانەی ماڵان و قوتابخانەکان، جێگای گرتووە، لەودەمانە هێشتا تاریخی ئەربلەکەی ئیبنی مەستەوفی، لەناو دەلاقە کۆنەکان و تاقی ئەرشیفە دوورەکان و پەراوێزەکان دانرابوو. هەندێ شیعرە

عەرەبییەکانی ناو کتێبەکە، هەر چوار بەرگەکەی باڵیان نەکرابووە.

حەوت ساڵ پاش ئەوەی خانەی ئەلرەشیدی بەغدای تایبەت بە کتێبە مێژوویی و کۆنەکان، تاریخ ئەربلی چاپ دەکات، ئەو کتێبێکی تر بە ناوی (اربیل بین الماضی و الحاضر) لەساڵی١٩٨٧ لەسەر ئەرکی خۆی چاپ دەکات. ئەو قاچێکی لەسەر گردەکەی قالینچ ئاغای ناوشار، چاوێکی لە ئەشکەوتەکەی شاندەر بووە، (مرۆڤەکانی نیاندرتالی بەدروستی ناسیوەتەوە)، دەست بە دەفتەر و قەڵەمەوە، چووە بۆ گردەکانی سەعداوە، ئەو ئازایانە گەیشتوتە بەر پەیکەرەکەی بەنی حەریر و دەڤەری کەندێناوە و دەشتی هەولێر، بەردەوام ئەو خەریکی خوێندنەوەی دەقە کۆنەکان بووە.

ژنەکە دەیویست وەک ئەو بیربکاتەوە، مەبەستی بوو لەو نزیک ببێتەوە، کە بۆچوونەکانی لەو نزیک و تەریب دەکردەوە؟
مەبەستی وابوو؟ ئەو بە گایدەکە دەڵێت:

چی تری نووسینە ئەو پیاوە هەولێرییە، وەک خۆت دەفەرمووی پیاوە سپییە ناسکەکە؟

گایدەکە هەست دەکات، نەک چاوی، بەڵکو دڵی ژنەکەشی بردووە، لەو دیمانە کورتەدا، لەو بەرنامە ترسناکەی لەبن سەریەتی،

بەتەمایە داوای بکات و ئازایانە قسەی روون و ئاشکرای لەسەر بکات. بە ژنەکە دەڵێت:

ئەو، کە نەرم نەرم، وەک چۆن لەسەر شۆستەکانا دەڕۆیشت، بۆ نووسینی مێژووش نەرم و لەسەرخۆ و پاک بووە، خەمی نووسینی مێژووی ئەمارەتەکانی بووە، کە ویستویەتی دەستنووسەکەی لەسەر ئەمارەتی هەزەبانییە لەساڵی ١٩٧٨ بڵاوبکاتەوە سانسۆر و دەزگاکانی رەقیب، بواری نادان و مقەسی رەقیبەکە، زۆر برگە و بابەتیان بۆ داناوە کە بیبڕێت، بۆیەش ئەو چاپی ناکات.

یەکێک لە کار و نووسینەکانی ئەو، وردبینی لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی، ئەمارەتی سۆران و پاشای گەورەی رواندوزی کردووە، بەناوی ئەمارەتی سۆران و گەشەسەندن و رووخانەکەیان لە بەڵگەنامە نوێیەکان، کتێبێکی نووسیوە، کە بەداخەوە پاش مردنی چاپکراوە. بەڵام ئەوەی بەختیاری کردبوو، کەوا کتێبێکی لەسەر شۆرشەکانی بارزان نووسیوە، بەر لە مردنی بە چەند مانگێک چاپ بووە.

ژنەکە، هەست دەکات، چەند هەنگاوێک لە خوشکەکەی و ژنەکەی تری هاوڕێیان دوورکەوتوونەتەوە، گایدەکە هەنگاوەکانی خێرایە، بەڵام لە قسەکاندا ئاگای لە بابەتەکانە و دەپرسێت:

نووسەران زۆر دڵیان بە چاپبوونی دەستنووسەکانیان خۆشە، هەتا یەکەم دانەی لەبن مەکینەی چاپخانە دەردەچێت، لە چاوەڕوانییدا تەنگاو و پەرۆشن.

گایدەکە، مەبەستی بوو، ئەو دووربخاتەوە، هەر هیچ نەبێت ئەوان گوێیان لە قسەکانیان نەبێت، چونکە دەیویست کەمێک لە بابەتەکە دووربکەوێتەوە، بەڵام وەڵامی پرسیارەکەی ئەو دەداتەوە و دەڵێت:

نووسەران، کۆشش دەکەن بەر لە مردنیان، هەتا چاویان دەبینێت و دەستیان نەلەرزیوە و دارشەقیان هەڵنەگرتووە دەستنووسەکانیان، بە چاپکراوەیی ببینن. ئەوان وادەزانن، هەموو چاوێک و هەموو توێژەرێک، چاوەڕوانی دەرچوون و هەڵفڕینی لاپەڕەکانی ئەون.

نووسەری کتێب رامانی وایە، ئەوەی ئەو دەینووسێت کەسی تر هزری پێ نەکردووە و نەیزانیوە، نووسەران کە دەخەون دەنووسن، کە رێبوارن و رێگاکان دێری نووسینی ئەوانە، کە هەنار شەق دەبێت، بۆ نووسینی ئەوانە دەم دەکەنەوە، کە بەرنامەکانی میدیا دەنگ دەکەنەوە باس لەوان دەکەن، فەریکەکانی ئەوان مانشێت و سەردێرەکانن، ئەوان وا بیردەکەنەوە!؟ هێشتا ئەو هیچ بابەتی نوێ نەکردیتەوە و ژنەکەی شەیدا نەکردووە، بۆیە هەر باسی بەرهەم و کۆششی لاپەڕە زێڕینە مێژووییەکانی مامۆستا زوبیری بۆ دەکات و دەڵێت:

کە داگیرکەران کۆشش دەکەن زمانی کوردی ناشیرین بکەن و ناسنامەی کوردی بشێوێنن، ئەو کتێبێک بەناوی (مێژووی زمانی کوردی) دەنووسێت، چەندین شوناس و بەڵگە و تایبەتمەندی زمانەکە، وەک زمانێکی دێرین و سەربەخۆ و پاراو، پێناسە دەکات.

گایدەکە، لە رۆژی دووەمی دیمانەکەیان، کە خۆر بەرەو ئاوابوون دەچێت، شار و شەقامەکان فێنک دەبێت، لەگەڵ دەنگی گۆرانییەکی ناسری رەزازی، تا سۆزی بۆ ئاویەر و چاوی دوورکەوتنەوەی کەمێک لار بکات، لەناو ئاپوورە چڕەکەی شارەکە لەگەڵ ژنەکە، گەشتێکی سۆزدار دەکەن، لەوێ کەمێک دەنگی ریکۆدەرەکە کەم دەکاتەوە، کەشەکە ساز دەکات، تا بتوانێت کەمێکی تر، باس لە چالاکی و کۆششەکانی زوبیر بیلال ئیسماعیلی بۆ بکات و دەڵێت:

باشترین کتێبی مێژوویی لەسەر ئەو شارە نووسرابێت، مێژووی هەولێرە، کە لەلایەن ئەوەوە نووسراوە، زۆریش قسە لەسەر ئەوە دەکرێت، ئەو کتێبە بکرێتە ئینگلیزی و زمانە زیندووەکانی تری جیهان، بەوەش شارەکەمان زۆرتر مێژووەکەی دەناسرێت، هەر چوار خوداکەی، بەهەشت بەو میللەتە دەبەخشن، دووبارە ئەو شارە دەبێتەوە بە خاوەن خوداکان.

خودای زۆرە ئەو شارە، چوار خودا زۆرن، کە شانازی بەو شارە ببەخشن، خودای شربل، شربل ناوێکە زۆرتر لەناو مارۆنییەکانی

لوبنان باوە، ئەوان شربلیان بە بەری خۆیان کردووە، بەڵام ناوەکە لە مێژووی کۆندا، بەوە ناسراوە، کە تایبەت بووە بە خودایەکی کۆنی شاری هەولێر، یەکێکە لەو چوار خودایە کە نوێژیان لەبەر سینگی ئەو قەڵاتە کردووە، ئەوان بەر لە چوار هەزار ساڵ، بەر لە ئێستا لەوێ بوون، شربل لەگەڵ عەشتار و خوداکەی شەڕ و سەرکەوتن، لەو قەڵاتە بەرەکەتیان بۆ خوارەوە ناردووە.

شربل کە کوڕی عەشتار بووە، پاسەوان و پشتیوانی ئەو شارە بووە، وتراوە کەوا شار بە زمانی ئاشووری مانای سەرکردە و پاسەوان هاتووە، باڵیش مانای خودا و کوڕی خودایە، واتە ناوی شربل لەو دوو وشەیەوە دروستبووە، ئەو ناوەش لەناو ئاشوورە وەسنییە کۆنەکان زۆر باو بووە، هەر لە حەدیابی کۆن واتە ئەربل، هەتا رووخانی دەوڵەتی ئاشووری ساڵی ٦١٢ی بەر لە زاین و سەدەکانی کریستیانی کۆن باو بووە.

ژنەکە، لەگەڵ خوشکە گەورەکەی و ژنەکەی خزمیان، کە کیژێکی لە هەولێر نیشتەجێیە، لەگەڵ یەکەم کاروانی بەڕێکردنی خەڵکەکە، لە خاڵی سنووری ئەودیوی (تەمەرخان ئاودیو دەبێت)، زۆریش پەرۆشە، زوو ئەو چەند هەنگاوە ببڕێت، کە لەنێوانی هەردوو حکومەت و سیما و زمان و رەنگی مۆر و ئاخاوتن بەڕوونی دیارە، پاسپۆرتەکەی لەبەردەم یەکێک، لە پەنجەرەکان، لەبەردەم ئەفسەرە گەنجەکە دادەنێت، ئەویش پێی دەڵێت:

خوشکم لەوێ، لەسەر ئەو کورسیانە دانیشە، چاوەڕوان بە، ئێستا بەڕێتان دەکەم، بەسەرچاو!

گوڵشار، سەر لەبن گوێی خوشکە گەورەکەی دەنێت و دەڵێت:

زمانی کوردی چەند شیرینە، بزانە کە چۆن هەموو شتەکانیان رێکوپێکە، چەند رێزمان دەگرن.

ئەو لەبەردەم ئەفسەرە کەی سەرسنوور ، بە رووێکی جوان و چاوێکی گەش ، سەیری دەستوپەنجەی مۆرکردنەکەی دەکات، بەپەلەش زوو ، لە مۆرە کوردییەکەی سەر پاسپۆرتەکەی ورد دەبێتەوە، هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە، رۆژێکیان لاپەڕەیەکی

(پاسپۆرتەکەی مۆرێکی کوردی و وشەی کوردستانی پێوە بێت )، ساتێکی باش، لاپەڕەکەی بەکراوەیی، لەناو دەستی دەهێڵێتەوە، وا بیردەکاتەوە، مۆرەکە و حوبرەکە باش وشک ببێتەوە ، نەوەک نووسینە کوردییەکە ، بەتایبەتی وشەی کوردستان، وەک هەور بڵاوببێتەوە، وەک تەمەن بڕوات و لەو پاداشتە بێبەش دەبێت، یان تەمەنی کورت بێت.

ئەویش لەگەڵ هەردوو ژنەکە ، پەنجەرەکە جێدەهێڵن ، جانتاکانیان رادەکێشن ، بەرەو تاکسییەکە دەڕون، بەڵام ئەو زۆرتر سەیری پاسپۆرتەکەی دەکات، نایەوێ دەست و چاوی لە مۆرە رەنگ سوورەکە جیابکاتەوە، کە لە سنووریش دووردەکەوێتەوە، لەو مۆرە جیانابێتەوە.

لاپەڕە و مۆرەکە ی سەری، وەک ئاوێنە گەورەکەی ژووری نووستنەکەی بوو، لە ئاوێنەکە ، دیارە کەوا تەمەن چەند رۆیشتووە، کە تەمەنیش دەڕوات ، لەسەر جەستەش شوێنەواری هەیە، ئاوێنە لە هەموو کەس باشترە بۆ ناسینەوەی تەمەن.

هەر ئەو رۆژە ، ئەوان دەگەنە ناوشار، ناوشاریش بواری نەبووە پەیکەرێکی لێ رابگرن، بۆیەش پەیکەرەکەی ئیبنی مەستەوفی دەبەنە سەر قەڵاتەکە، تا لەوێ ببێتە هیمایەک و ئاماژەکانی دەرببڕێت، قسەی خۆی بکات.

ئەو بۆ ناسینی پەیکەرەکان هاتبوو، هاتبوو ، پەیکەرێک سێبەری بۆ بکات، هەموو سەربردەی شارەکەی بۆ بگێڕێتەوە.

لەگەڵ گایدەکە، نەرم نەرم و زۆر لەنزیک یەکتری ، سەرێک بە کۆڵانێکی قەڵاتدا دەکەن، بەڵام بوارنابێت زۆرتر بچنە ناو خانووەکان، بەربەستێک رایاندەگرێت و دەوەستن:

_ئێمە لەو دەڤەرە، تەمەنمان بەشی تەماویی و کوژانەوەی زۆری پێوەیە.

_ماوەماوە چەند ساڵێک لە تەمەن ، وەک رەشبوونەوە و نووستن ئەژمارد کراوە ، بەختمان وا بووە، هەمووومان ئەو بەشەمان لە ژیان و لە تەمەن، بە کوژاوەیی و بەفیرۆچوون هەیە

_بەڵێ، هەموومان لەو تەمەنمان بەسەربردووە، بۆیەش ئەگەر بچینە فیردۆسیش تامی نەماوە. ئەو ماوە تاڵ و خاڵە رەشەکانیش وچانێک، چاوقوچانێک، یان چەند رۆژ و مانگێکی کورت و سەرپێی نەبووە، کارەساتەکان و گەمارۆدانەکان و راونانەکان درێژبوون، کۆتایی و برانەوەیان بیریان لێ نەکراوەتەوە، ئەوانە نەوە بۆ نەوەی پاش خۆییەوە ، بە میرات ماوەتەوە ، یان دوو پشت هاوبەشییان کردووە.

ئەو پیاوە سپییە کێیە پەیکەرتان بۆ داناوە، ژنەکە پرسی.

گایدەکە وتی:

ئەو مێژوونووس بووە، لە کتێبەکەی باسی ئەو کەسانە ، ئەو شاعیر و زانا و خەتیب و قازیانەی سەردەمی عەباسییەکانی کردووە، وەک:

(ابو حفص عمر بن شماس الخزرجی ، کە لەساڵانی ٥٢٤ هەتا ٦٠٠ی کۆچی ژیاوە، ابو محمد جعفر العباسی ، کە لەساڵانی ٥٧٢ هەتا ٥٩٨ ی کۆچی ژیاوە، ابو عبدالله الزهری الاندلسی ، کە لەساڵانی ٥٦٠ هەتا ٦١٧ ی کۆچی ژیاوە، ابو محمد الاربلی ، کە لەساڵی ٦٤٤ کۆچی مردووە، ابوبکر محمد الحازمی، کە لە ساڵانی ٥٤٩ هەتا ٥٨٤ ی کۆچی ژیاوە. ابو الحسن محمد بن اسماعیل بن ابی الحجاج المقدسی، ابو البرکات علی بن عبدالله الفتح بن ابی الموصلی النخفی)، ئەوانە زۆرتر لە ٣٣٧ کەسایەتی لەو کتێبەدا ناویان هاتووە، بەشێکیان شیعریان بە عەرەبی نووسیوە، لە شارەکانی دوور و نزیکی جیهانی ئیسلامی ژیاون، یان لێرە مردوون، سەریان لەو شارانە داوە ، لێرە و لە مزگەوت و حوجرەکانی نوێژیان کردووە، لە مزگەوتێکی ئەو شارە دەرسیان خوێندەوە، لە هەوارێکی موسلمانەدا وتار و خوتبەیان داوە، هەندێکیان، سەرێکیان لە هەولێر داوە، لێرە ماونەتەوە، یان بۆ باج وەرگرتن، بۆ نووسین، یان بۆ کارێکی راسپێردراو هاتوون و لێرەش مردوون، بوونەتە بەردێکی ئەو گۆڕستانە زۆرانەی ناوشار، بەڵام ئەوەیان، کە بەردێکی سپییان بۆ کردووە بە پەیکەر و یادیان نەخشاندووە، کتێبەکەی بوویتە یادگار و مێژوو

هەروەها کتێبەکەی ئەو پەیکەرە ئاماژە بەوە دەدات کە:

(شارەکە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عەباسییەکان ، گوندێکی لاچەپ و قەڵاتێکی رووخاو ، دیوەخانێکی تەپیووی سپی نەکراو نەبووە. شارێک نەبووە ، لە سەردەمی سێیەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان، کە سەردەمێکی لاواز و شپرزە و شێواو بە شەڕەکانی ناوخۆ، ململانێیە خوێناوییەکان، لە هەڕەشە و شکانی سوپایە موسلمانییەکان، لەگەڵ ئاشوبەکانی کەنارەکانی دەریای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نەبووە. ئەو شارە لاچەپ و دوورە دەست نەبووە، بەڵکو لەو سەردەمە رەشەدا ، خەڵکی شار و دەڤەری حەلبی بۆ هاتووە، لەو شارەوە کاروانەکان چوونەتە ئەندەلوس، لێرەوە نەترساون، حەزیان کردووە کەسی دونیاویست و گەریدەی بۆ بێت، لێرەوە گەیشتوونەتە سەر کەنارەکانی دەریا، ئەوانە لەگەڵ قاهیرە و سووسە و مەراکش هاتوچوویان هەبووە).

بە گوێدرێژی میسری خەڵک هاتوو نەتە ئەو شارە ، لە بازاڕەکانییدا بارە خورمای باشووری بۆ هاتووە، باینجان و پاقلە و کوولەکە و جۆ و ماشیان لەو شارە بردووە، بە قسەی ئیبنی مەستەوفی (پارەی میسری لەو شارە گۆڕدراوەتەوە ) و باسی پیشەکانی ئەودەمانەی کردووە ، کە لە بازاڕەکاندا باو بووە ، دەسترەنگینی تێدا بەکارهاتووە.

شاعیرەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا و ئەندەلوس ، لە هەموو دیوەخانە و رەشماڵەکانییدا شیعریان تێدا خوێندیتەوە، ئیبنی

مەستەوفی، شیعرە عەرەبییەکانی تێدا کۆکردیتەوە، ئەوەش بایەخێکی زۆری بۆ فەرهەنگی عەرەبی هەبووە، ئەرکێکی قورسی بۆ نەوەکانی پاش خۆی، ئەوانەی لەناو کتێبخانە و قوتابخانەکان ئەرکیان بۆ کۆکردنەوەی شیعری عەرەبی کێشابوو، ئاسانکردبوو . ئەو لە بەرگی دووەمی تاریخی ئەربلدا ، دوو هەزار و پێنج سەد دێرە شیعری عەرەبی کۆکردیتەوە، رازی شەیدایی سۆز و ئەڤین و جوانییەکانی وشە و پەیڤی عەرەبی، لەناو شیعرەکاندا ئامادە و سازکردووە، لەو قەلاتەوە ئەو ئەرکە مەزنەی بۆ دیوانی عەرەبی کردووە.

پەیکەرەکە، لە جەرگە شار دانراوە، شوینەکەی بەرزە و سینگی شاری لەپێشە، بەجوانێ سەیری ئاوەدانییەکی زۆر مەترسیدار و بەهاژە دەکات، ئەو بەردە و ناترسێ بشکێت، سپییە و لەبەر رەشبوونی دووکەڵ پشت لە بایەکە ناکات، دانیشتووە و ماندوو نابێت، مردووە و خەوی نایێت، مێژوونووسە و سەربردەکان دەزانێت، دەزانێت دەبابە لەکام ئاقار و سەنگەرەکەوە خۆیان دەکەن بەناو شارەکە، بۆیە ئەو پەیکەرە سپییە رەقە مردووە ئاگادارە خوێندەوارە عەرەبە، زۆرزان و زۆرناس و زۆرورییایە.

لەنزیک ئەو پەیکەرەوە، ژنەکە لە باپیری دەگەڕێت، یان با بزانن قسەکەم بێسەروبەر نییە، ئەو لەپشتی باپیری دەگەڕێت، یان هاتووە، هەموو کورەچییەکان، لەناو دووکەڵە رەشەکان سپی بکاتەوە، تا پشتی خۆیان بدۆزێتەوە.

پیاوە کورتەباڵاکەی باپیرە گەورەیان، پیاوە دەست گەورەکە، رۆژانە لە (گڵکەند) ەوە، کەرپووچی بە ئاوازی زەنگوڵ و ئارەقەی شانشکانەوە بەسەر قەڵات خستووە، بەیانییان زووش، هەر کە بارەکەی داناوە، کەرەکەی بە سینگەکەیەوە بەستاوەتەوە، بەردەستی وەستا سنەییەکەی کردووە، (قسڵی بۆ گرتووتەوە) و خۆڵی سوور و مشکی بۆ پاکردوتەوە، (باهۆ) یە داری گوێزی تاشیوە، کۆتەرەی بۆ گرتووە، تەرازووەکەی بۆ شوشتووە، چەکووچەکە خاوێنکردیتەوە و سەیری دەست و گۆشە و ریزەکانی کردووە.

ئەویش لەگەڵ ریزی دیوارەکان، لەگەڵ شکۆی دیوەخانەکە، هەڵفڕینی کۆترەکانی سەر (مێردرەوە) و ناو لیسەکان، زۆرتر کوڕە کورەچییەکەی دەکەوێتە بەردڵان، بۆیە لەگەڵ کۆتایی نەخشەکان و رازندنەوەی بنمیچەکان، کە دەستی دەشوات و بارگەی دەپێچێتەوە، لە رێگای گەڕانەوەی دەپرسێت، کوڕە کورەچییەکەی باپیرەی ئەو ژنە، وەک دیاری و کار و زاوا و ناسین و پەیوەندی و رێبوار، کوڕە کوورچییەکە دەباتە ئەردەڵان. وەک چۆن ئیبنی مەستەوفی نووسینی سەر دیوارەکان، خەم و ناسینی سەرکێڵەکانی چراخ، ناوی سەر بەرگە کتێبەکانی ناو خانەقاکان دەنووسێتەوە، ئەویش هاتووە ناوێک لە رەچەڵەکی کوورەچییەکان بدۆزێتەوە.

ژنەکە بە دەستێک دەستماڵەکەی دەخستەوە سەر سەری، بەبێ ئەوەی ئەگریجەی بشارێتەوە، بەبێ ئەوەی دەستماڵەکە ببەستێت، توندی بکاتەوە، بۆیە پارچەیەک لە ئەستێرەی گەردەنی سپی سپی دەردەکەوت، لە پەیکەرەکە دەچووە پێش، لە کتێبەکە، کە وەک دڵی ئەو کرابووە.

پیرە نووسەر و شاعیرە مێژوونووسەکە، ماوەیەک وەزیر بووبێت، لە ئەمارەتی ئەو شارەدا دەسەڵاتدار بووبێت، زۆری زانیوە و زۆری بیستووە، ناوی شارێکی دووری خوارزمی هێناوە، شارێک بەناوی (سلا لە مەغریب)، شارێک بەناوی (ئەسفای بەربەرە ئەمازیگییەکان) و مەراکش، دیارە لە دەست و چاوی تیژی تاریق بن زیادی بەربەریش زۆر ترساوە، ناوی شارەکانی خەوتووی سەر کەنارەکانی ئوقیانووس، شارە دوورەکانی ئەسپانیای بردووە، چاوی گەیشتووتە دوورونزیک، قەڵەمەکەی تیژ و بەکارکردووە و بە حوبری سووریش، باسی دەریای سپی و رەشی کردووە، بەڵام ناوی شارەکانی خۆرهەڵاتی نەبردووە.

ئیبنی مەستەوفی، نەتدەزانی شارێک لەبن ئاویەرە هەیە! شارێکە حیکایەتی زۆر دەزانێت! هەر بەو سەربردانەوە، ئەو بە دۆڵە باریکە چڕەکەی سوو، هەورەمان و ئاویەری بەیەک بەستاوەتەوە، دەڤەرەکەی کردووە بە سێبەری گەرما و پردی پەڕینەوە و چاوی سەیران و سەما.

گایدەکە لە یەکەم ناسین و دیمانەی لەگەڵ ژنەکە، باسی تەواوی نووسینی کتێبەکەی ئیبنی مەستەوفی بۆ دەکات، پێی دەڵێت:

ئەو کاربەدەستانەی ئەو ساڵانەی سەردەمی شپرزەیی دەسەڵاتی عەباسییەکان، خزم و زاوا و کەسوکار و دارودەستەی سەلاحەدین بوون، ئەو لەسەر دەریاوە و لەدیار (شوورەکانی عەکا) وە پشتیوانی لەوان کردووە، ئەوانیش کە خەڵکی ئەو شارە نەبوون، داگیرکەر بوون، بە خوێندنی (مەلوودی پیرۆزی پێغمبەر) دەسەڵاتیان پتەوکردووە، لەناو قەڵاتەکە، لە ناوچەکە بێجگە لە ئاو و خاکەکەی، زمانی عەرەبی و تورکییان چەسپاندووە.

بەڵام لەو مێژوودا دیارە، کەوا دەسەڵاتیان، تەنها لەسەر شار هەبووە، ئاینەکەیان لەو شارەدا بڵاوکردیتەوە، چونکە باس لە زانای گوندێکی دوور و مزگەوتی بەر کانی و جۆگەیەک ناکات نوێژیان تێدا کردبێت، زانایەکی فرەئاوەدان خوتبەی تێدا دابێت، بەوەش دیارە، کەوا ئاین و سوپاکە و تیری تیژیان تەنها لەسەر شارەکاندا دەستدار و بەردکار بوونە، ئەوان لەودەمانە تەنها (دۆڵی ئەسحابان) ی مەرگ و جەنازەیان لێ بەجێماوە.

زانکۆی کوردستان لە سنە

لە زانکۆدا، هەموو شتەکانی کوڕە چالاک و بزێوەکەی بەشی بایولۆژییم پێ جوان بوو، ئەو بەژنی بستیک، لە من بەرزتر بوو، لەناو کتێبەکانی زیندەوەرزانی (ماسییەکی رەشی بچکۆلانەی سەمەدی بیهرنگی )، چاوێکی رەشی (دیلی و دیوارەکەی ژنە ئەفسوناوییە بەجەرگەکەی ئیران فرووغی فروخزاد ) ی پێبوو، لەگەرمەی جونبوش و شۆرشەکەی ناو ئیران ئەو دەیووت:

چەپگەرییش چەند جۆرە، وەک ریشی سەرکردەکانیانە، سەرکردە هەیە (ریشی وەک تەپشوو) بووە، وەک باران بووە، وەک تەبارەی گەنم و جۆ بووە، وەک پشتی داسی سەپانەکان، وەک کەزی دوڵبەرەکان.

هۆشی منە، ریشی وەک بارانی ولاتەکەی ڤیتنام، درێژ و سەرئاو و نەرم و تەڕ بوو ە، سەیرکە ریشەکەی گیڤارا ، وەک (ئەمریکای لاتینی دڕ و شاخاوییە) و بۆنی دووکەڵی لێ دێت.

زانا و دانەری گەورەش مارکس ریشەکەی سامان و سەرمایە و دارستانی کارکردن و بەرهەم.

(کیان نوردەین ) یش حزبەکەشی، وەک سمێڵی خۆی هەڵپاچی وە. سەرکردەکانی سۆڤیەتیش خۆیان پاک دەتاشن، لەجیاتی سمێڵ و ریشی درێژەوە (سەرگەرمی ورگ و روومەتی سووری خۆیان ) ن، ورگ و سمت و بەڵغەبابەیان داناوە

ئەو هەموو ئاکارەکانی، وەک ماچەکانی گەرم بوون، کە زۆر منی ماچ دەکرد، هەر بۆ ماچی منیش لەدایکببوو، گەورەببوو،

خوێندنی تەواوکردبوو، تا بێتە زانکۆ و لەوێ من بناسێت، ماچم بکات.

ئەو رۆژەی هەواڵەکان گەرم بوایە، دڵی بە رووداوەکا رانی تاران و بۆچوونەکانی دەرەوە، وڵاتانی زلهێز گەشاوە بوایە، لەگەڵ منیش زۆر گەرم بوو . لە هەر شوێنێک، لە هەر گۆشەیەک ئاوێنەیەک هەبووایە دەیووت:

کیژەکەی بەشی ئەدەبی فارسی، زانکۆ تەواو دەکەیت تا شیعری ناسکم بۆ بڵێت، من حەز دەکەم لەدیار چاوی تیژی ئەو ئاوێنەیە ماچت بکەم، ماچی نازدارێک بەڵام بەنهێنی نەبێت، دیتنی ماچ وەک تامەکەی خۆشە.

ئەو کوڕێکی رەفتار سەیربوو، هەموو ئاکارەکانی بۆ من پیرۆز بوون، نەمدەتوانی بە هەموو شتەکان نەڵێم جوانە، خۆشە ئەو بۆ من، شار و خوێندن و خەون و دەرچوونم بوو . کە ئەو لەگەڵ چەپەکان و دۆستانی دیموکرات لە زانکۆ دەرکرا، منیش شەوانە دیوارم دەنووسی، تا منیش ناوم بکەوێتە ناو ناوان ، لە زانکۆ دەربکرێم. کە ئەو گیرا ، من وەک پاسەوانەکان، بەردەوام لەبەر دەرگاکەیان دەبینرام.

ئەو ئاوێنەی بێگەردی من بوو، هەتا ئاوێنەکەی نەشکابوو بۆ من لەو دونیایە یەک ئاوێنە هەبوو، هەر ئەو ئاوێنە یەم دەبینی، لەبەر ئەو ئاوێنەش بوو، کە من هەستم دەکرد ، دەست و لێو و بسک و روومەتم هەیە، بەڵام کە ئاوێنەکەی شکاند، پازدە ساڵ لەوەبەر، لە شەوێکی ساماڵ دا، لەناو دەفتەرێکی کۆن و لەگەڵ دێرە شیعرێکی فرووغ، ئەوم گرت و هەموو جوانییەکانی خۆم، کە هێشتا لە چەپکەگوڵ و سەمای ئاو جوانتربوون لەو وەرگرتەوە،

هەمووم بەو نینۆکانە لەو داماڵی، هیچم بەبەری ئەو نەهێشتەوە و رووتم کردەوە، نەک رووتبوونەوەکەی جاران، بە کوڕە جوانەکەی خەونم وت:

تاڵییەکانی شار و رۆژانی کوشتن و بوردمانم کەمێک لەبەر چاوی خۆم و زۆریش لەبەر سمێڵی تۆ، زۆرم خوارد و چێشت، ئەدی ئەو دوو ساڵەی لە زینداناا بوویت، ئەودەمانە خۆت و سێبەرەکەت قەدەغە بوون، من بە ئەڤینەوە تۆم لەبەر دەکرد، (تۆم دەخواردەوە، تۆم دەشووشت و تۆ دەبویتە مەزەی شەرابم ).

شەوانە ساردی ترس و دڵەڕاوکییەکانت چەند گەرم بوون، بەو گەرمییەوە ژنێکی ئاسوودە بووم، ئەوەی هەناوم، ئەوەی شەوانە بەشی خۆم دابوو بە تۆ، تۆش بەخۆشییەوە بەشێکت لە من کردبووە، ئەوەش بەرۆژ ، لەکاتی کارکردن بە دەمارەکانم دەسووڕانەوە، هەموو دەستەخوشکەکانم ، هەتا پیاوەکان و دەستفرۆشەکان ناو گەڕەکەکەمان، دەیزانی تیرۆژێک رووناکی لەناو من ، پرشنگ دەدات و (هەنگێکی شیرین لەناومدا شانە دروست دەکات).

رۆیشت، ئەوە پازدە ساڵە ، ئەو لەجیاتی پیاو ێک، ئاوێنەیەکی هێڵکەیی، کە بستێک لە بەژنی خۆ ی درێژتر لە ژوورەکە ی دادەنێت. ئەو ئاوێنەیە پیاوێکە ، دەچێتە ناو هەناو و جەستە ناسکەکەی، هەتا بۆ ئەو رووت نەبێتەوە ناخەوێت، هەتا ئەو سەیری جەستەی سپی و نەرمی نەکات، دەست نەداتە کتێبێک و ناچێتە ناو تۆڕی بەستراوی لێفەکەی، خۆی توند نەبەستێتەوە و بەئاڵۆزیی نەچێتە ناو شەو و شیعر و بیرکردنەوە ، لە هیچ ئاوێنەیەکەش تیشکی چاوی جیوەیی داناخات.

ئاوێنەکە، باش و زۆر دڵی بە من خۆشە، شەوانە ئەویش گەشتر و جوانتر دەردەکەوێت، ساڵ بەساڵ گەورەتر و بریقەدارتر دەبوو ، ئاوێنەش دێتە ئاخاوتن و شەرم ناکات و دەڵێت:

ژنە پەمبەکە، جەستە برسییەکە ، واز لە من بێنە و بڕۆ لەدیار پەیکەرێک، یەکێکی تر دەدۆزیتەوە، بڕۆ لەبەر سێبەری هەموو پەیکەرەکان نوێژ بکە و چاوەڕوان بە، بڕۆ (لە پاریس پەیکەر زۆرە)، لە برشلۆنەی ئەسپانیای سەر دەریا، لە هەموو گۆشەیەکی ئەو شارە دەستی پەیکەرێک، لەوێ (چاوی ژنێک بووە بە بەرد )، پاشایەک کودەتای لەسەر کراوە ، رووخانەکەی بووە بە بەرد و پەیکەر، سەرکردەیەک کە بەرەو ئەمریکا دەڕوات، لە شەڕێکی ناو دەریا بەپاپۆڕەوە خنکاوە لەوێ بوویتە پەیکەرێکی بە لافاو و بە شەپۆلی سپی.

بڕۆ ژنەکە، مەوەستە پەیکەری نوێش لە گەرمین دانراون، وا کەم و زۆر شارەکانیان بە پەیکەر دا ڕشتووە، پەیکەریان بۆ خوناوی سەر گەڵاتی کەسکی لقی شەنگ کردووە، لەوێ مەستوورە وا دانیشتووە، مردنی خەسرەوخانی مێردی بە پەتای تاعون، رووخانی ئەردەلانی لەبیرکردووە. کتێب لەوێ لەسەر سەرە، چاو پیتەکان بەرەنگینی دەبینێت. ژنەکە بڕۆ لەوێ پەیکەر زۆرە، پەیکەریان بۆ مەلاکان و قازییەکان و هونەرمەندان و ئاسک و کەو و (کیسەڵ) و کۆچڕەو و کۆتر و (کەر) یش کردووە. لەوێ رەنگە کە نوێژت بۆ رەنگە سپییەکانیان کرد، کە چاوی کز و ماندووی تۆیان بینی، کەسێک بێتە خەونت، دەستێک ببێتە پشدێن و چارۆگەت بۆ شل بکاتەوە. لەوێ پەیکەرەکان هەزارەها کەس بۆ دیمانەیان سەردانی دەکەن، لەبەر سێبەر و سەکۆکانیان دوورمەکەرەوە. تۆ پەیکەری هەموو شارەکانی ئەوروپا و ئیرانت تاقی کردەوە، لەو

شارانەی باشووریش ، تازە وا پەیکەر دادەنێن، پەیکەرەکان ناسکن، تازەن یەکێک لەوانە دەستنیشان بکە ، نەرم نەرم شایی لەگەڵدا بکە، لەوێ شایی رەشبەڵەک حەرام نییە.

برۆ بزانە مەستوورە ، لەکوێ بوویتە پەیکەر، چاوی ئەو لە کوێ زیندووبویتەوە، تۆش لەوێ دەستماڵەکەت شل بکە، با کزەبایەکت بەربکەوێت، کە وەک (تەبارەی گەنم ) و (چاوی گوڵەبەرۆژە ) لەنجەی پێ دەکاتەوە ، رۆژووەکەت دەشکێنێت، ئاوێنەیەکی پیاوت دەستدەکەوێت، ئەویش نەرم نەرم بسکت شانە دەکاتەوە، رەنگت بۆ هەڵدەبژێرێت، چاوت لە کل دەنێتەوە، برۆ و چاو لە چاوەڕوانی مەکە، چاوەڕوانی ئەو دەڤەرە درێژە و تەواو نابێت

ئەو سەفەرەش بکە و دوودڵ مەبە ، تۆ چوویتە بەر ئیڤڵ ، لەبن تاوەرەکەی سەرسامی نەخشە و ئەندازەکەی بوویت ، زۆر سەیری ئەو هەموو بورغی و پارچە ئاسنەکانت کرد ، کە چۆن بوویتە چاوی رووناکی پاریس ، وەک ڤیکتۆر هۆگۆ و جان جاک رۆسۆ بوویتە چاو و نیگای هەر چوار بەش ی شار ەکە، بەردەوامیش بەژنی دەلالی، لە ئاوی رووباری سند پاک دەکاتەوە، کە پێش ئەو زۆرتر لە (حەوت سەد کیلۆمەتر در ێژیی ماچی خاک و گەڵا و ژووانەکان دەکات).

لەوێ نامەیەک بەدیار پەیکەرەکەی ئیبنی مستوفی دانراوە ، بەڵام هەموو چاوێک ناتوانێت بیخوێنێتەوە، بەڵام پیاوێکی گاید و گەریدە، دەبێ بۆت بخوێنێتەوە ، کە لەلایەن پەیکەرتاش زاهیر سدیقەوە نووسراوە:

سلێمانی

(سلاو لە هەمووتان، سەبارەت بە دروستکردنی پەیکەری ئیبن مستەوفی، ئەو کارە لەساڵی ١٩٩٦ لەلایەن دەستەی فریاکەوتنی قەڵات، کە ئەو کات خەریکی نۆژەنکردنەوەی هەندێک خانووی داڕوخاوی قەڵات بوون، بە من وترا ، کە پەیکەرێک بۆ ئیبنی مەستەوفی، لەبەردەم دەروازەی سەرەکی قەڵات دروست بکەم .
دەستەکە پێکهاتبوو لە چەند مامۆستایەکی زانکۆ، کە بەداخەوە ناوی هەموویانم لەیاد نەماوە، بەڵام دەزانم کەوا مامۆستا هادی چاوشلی و دکتۆر موحسین و دکتۆر محمد و هونەمەند مح ەمەد عارفی تیدا بوو.

بەرزی ئەو کارە نزیکی شەش مەترە ، لەماوەی سێ مانگ دروستکرا. خەرجی ئەو کاتە بیست و پێنج هەزار دیناری سویسری بۆ تەرخانکرا، شایەنی باسە هاوکاری پرۆژەکە ئەوانەی دەستەی فریاکەوتنی قەڵات و کاری نۆژەنکردنەوە و خەرجی پەیکەرەکە لەلایەن خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد دابینکرا، بەڵام بەناوی حیزب و لایەنی سیاسییەوە ئەو کارە نەکرا، ئەوەش وەک هەوڵێکی خزمەتگوزاری بوو بۆ هەولێر.. . ئەو پرۆژەیەی لەکاتی شەڕی ناوخۆدا جێبەجێ کرا، بەداخەوە پەیکەرەکە لە شەڕی ناوخۆدا فیشەک بەر دەم و لوتی کەوتبوو، من نازانم کێ چاکی کردۆتەوە... لوتی ئەو پەیکەرە ، وەک ئەوە نیە ، کە من دروستم کردبوو، بۆیە چاککردنەوەکەم بە دڵم نییە).

ژنەکە، دەگاتە کن پەیکەرەکە، کەس نازانێت، دواییش نەزاندرا گایدەکە لەکن پەیکەرەکە ، دەستی ئەو ژنە میوانەی دەگرێت،

بوونە هاوڕێی گیانی بەگیانی و بۆ یەک سووتان، گایدەکە ناوی راستی چییە! خۆشی نازانێت ، کێ یەکەم کەس بووە بە گاید و رێنمایی ناوی هێناوە، ئەو نازناوەی لێناوە، خۆشی ئەوەی لەبیر نییە، کەوا لەکۆنەوە هەر وا بووە ، کەوا ناونان و نازناویش رێکەوتە. بەڵام زۆریش دەزانن بۆ ئەو ناوەکەی پێوە دەلکێت و بەو ناوە دەناسرێتەوە.

ئەو لەو شارە هیچ کارێکی نییە، رۆژانە دووجار لە بازنەی قەڵاتەکە دەسووڕێتەوە، لەناو ئاپووورەکە، بەس سەیری دەست و دەموچاو و هەنگاوی رێبوارەکان دەکات، کە زۆربەیان پیاوی ماندوو و دەستی گران و یەخەی کراوەن،بەوەش چاوەکانی ماندوو و گێژ دەبێت، ئینجا کە بێزار و هەراسان دەبێت، گێژییەکەی و هەموو دیمەنەکانی ئەو میللەتە هەمەرەنگە ، دەباتە بەرزایی قەڵاتەکە، بە دەرگاکەی بەرامبەر بازاڕیش بەسەر قەڵات دەکەوێت، لەوێیەوە دووبارە سەیری دەموچاوەکان دەکاتەوە، بەڵام لەوێیەوە ناسکتر دیارن، (هەموویان نەرمتر دەڕۆن)، ژاوەژاوەکەش وەک سەراب دەلەنگێت، لەو ێش گێژ دەخوات و چاوەکانی دەکەون، چونکە لەبن ئەو قەڵاتەدا ، زۆر سەیری (وردەبورغی) و (وردەسپانەی سپی) و (کۆنە لەنگەی هەڵدراوە) و (نایلۆنە سیدی ) و (بارە پێڵاوی لاستیکی سوری) و (عارەبانە تەماتەی تووڕەی ماندووکراو) و (گندۆرەی گەییووی تەڵخی حەوت رەنگ) و (دەستە واشەری بەستراو) و (بزماری وردی بە کیلۆ) و (بزماری درشتی درێژی سەرپان)، لەوێ زۆر بەوردییەوە سەیری بەرپێیەکان، سەردەستەکان و سەرتەختە و پارچە نایلۆنەکان دەکات. لەبن ئەو قەڵاتە دێرینە دا، سەری دەسووڕێت و بە پایە

شڕە کۆنە دەمشکاوەکانی سەردەکەوێت، دەبێتەوە بە گاید، بەڵام گایدێک لە هیچ گایدی گەشتیارانی جیهان ناچێت.

ئەویش ژنێکی بەیقار بوو، نەرم نەرم دەڕۆیشت، بەڕاستی رۆیشتن و لەنجە و سمت هەژانی وەک کەو بوو، وەک چۆن نەرم نەرم دەڕۆیشت ، نەرم نەرمیش لە لێوە کانی رستەی نازی دەردەبڕی.

ئەو بەستەزمانانە دەیووت:

ئەوان ماندوویان کردم، لەوەتی چاوم کردوتەوە ماندووم، خەم لە رۆژەکان دەخۆم، لە رووداوەکان کە روو دەدەن، کە لە دەرگام دەدەن، کە لە پەنجەرە و کولاورۆژنەکان لێم دێنە ژوورەوە، زۆر نامۆ و بەجەرگن، میوانی ناوەختن، شەختەیەکی رەق و زۆر سەختن، رووداوەکان کە ئاشنامان دەبن، بەپەلە دەڕۆن و دەبنە یادگار، لەگەڵ ئەوەی خەم م بۆ جێدەهێڵن ، خەمیشیان لێ دەخۆ،...

نەیزانی ئەو، لە دیار بەردە سپییەکەی سەر سەکۆی یەکەمی قەڵاتەکە، خەمی گەورەی لە یەخە دەدات، نەیزانی ئەو پیاوە عەرەبە موسلمانە، کە بوویتە رەمز و سونبڵ و مۆری پاسپۆرتی میوانەکان، نەخشێکە لەسەر نیوچەوانی هەموویان دراوە ، هەراسانی دەکات...

بەڵام مێژووەکەی و ماندبوونەکەی ، باسی شەقام و کۆڵان و قەیسەریی و دارودیوار و شوورە و جۆگە و جۆبار و قەڵات و قونگرە و کانی و سەرئاو و مزگەوت و پەرستگا و خەستەخانە و قوتابخانەکانی ئەو شارەی کردووە.

کە ئەو شارە، لە سەردەمی عەباسییەکان وەک، شار و مەڵبەند و کاروانسەرا و پەرتووکخانە و سەرچاوەی زانستی ناوی برد ووە، بەڵام! وەک مەڵبەندێکی عەرەبی و ئیسلامی و کولتووری باسی کردووە، ئەو پیاوەی بوویتە بەردێکی سپی ، رەنگە بیریش لەوە بکاتەوە، مەزارەکەشی وەک مەزاری سوڵتان موزەفەری بوایە ، تا رۆژانە چەندین دڵی شکاو و جەرگی زامدار و چاوی گریاو و خەونی تۆراو و قاچی شکاو و دەستی بڕاو و بسکی گەچڕاو و ژنی شێواو بۆ مەراز و سڕینەوەی ئەسرین ، سەریان بە کێڵەکەی کردبووایە. گایدەکە بە ژنەکە دەڵێت:

من دەمەوێ ئەو پەیکەرە بروخێنم، ماوەیەکە بیر لەو رووخانە دەکەمەوە، کار بۆ گۆڕینەکە دەکەم، بەسە با ئەو کولتوورە و ئەو نووسینە، لەناو دەفتەر و کتێبخانە و مزگەوتەکانمان نەمینێت.

شەوێکی ئاڵۆز

گایدەکە بە سەری سپی، وەک گلۆڵەیەکی ئاڵۆز، کە تەنها دەستی خۆی، داوی دەرچوون و کردنەوەی پێدەزان ی، ئەو جۆرە سەر و مێشکانە، سەرئێشە بۆ جەستەکەی ، جەستەی شارەکەش پەیدا دەکات، کە سەر لە کێشە و بەرنامە و پلانێک وەردەدات.

پاش پازدە ساڵ دوورکەوتنەوە ، ژیان لەناو ژوورێکی بچکۆڵە و رووبەند تەسک، کە دڵی تێدا دەکوشرا، ئەگەرچی لە ژوورەکەوە پەنجەرەیەک دڵی ئارام دەکردەوە ، کە دەیڕوانییە سەر مێرگێک لە چیمەن، دارستانێک تژی لە مامز و کەروێشک ، ئاسمانێک لە باڵندەی باڵ و دەنووک و قووڕگ ، کەشەکەی بۆ هێور دەکردەوە، بەڵێ ئەو بەو سیستەمە دەژیا، بەڵام دڵی، هەر سوار و پەریشان بووە.

دەنگی تیژ و بەجریوەی مەکینەکانی کارگە کان و چاوەڕوانی هەردیوی ژیانی پێ بەخشیبوو، رەش و سپییەکە، ئاو و ئاگرەکە، ئەو بە ژماردنی مانگ و سەعات و بە کات رانەگەیشتم ژیاوە، وا لێرەش لەو قەڵاتە، هەر بۆ خۆشی خۆی و بۆ ناسین و دۆزینەوە، بە سڵاو و داوایەک، ئەو پیاوە میوانە، دەستی ژنێک دەکوشێت و

دەبنە هاوڕێ، بەیەکەوە سەر دەبەنە ناو ئاژاوەیەک و (پەتێک دەخەنە ملی پەیکەرێک)، کە بوویتە سومبڵی شارەکە.

گایدەکە شەو کە مەست دەبێت، لەجیاتی عەرەقە سپییەکە و (ئەبسلوتە سوێدییەکە ) ی، کە لەو بارانە و لەو هوتێلانەی سێرڤیسەکانیان، لە هەموو گۆشەیەکی ئەو جیهانە بۆیان هاتوون، لەوێ، گەنجە برسییەکان هاتوون ، خەڵکی ئەو شارە ، مەست و خەیاڵ بکەن، بێتاقەت و لاوازەکان بە خواردنی چەور و گۆشتی برژاو، مەشروبی خەستی روونی ناو کلۆ بەفرەکان، مەست بکەن، دەیانەوێ پیاوەکان، بە مەستی بنێرنەوە، سەر سەرینە پەمبە بۆندارەکانیان، ماڵەکانیان، تا لە سەردەم و لەسەر سینگی ژنەکانیان، لەناو ئامێزی گەرمیان بتوێنەوە.

ئەو شەوانە، لەسەر ئەو مێزە ، هەموو شووشەکانی لێ دەبێتە پەیکەرەکەی ئیبنی مەستەوفی، کە لەسەر مێزی قەڵاتەکە گەردەن کێل راگیراوە، چاوی بڕیوەتە شادەماری شار و راکردن و تەنگاوی خەڵکەکەی ژێرەوە . لەوێ و لەو سەفەرەدا ، ژمارەی تەلەفۆنی بەرپرسە گەورەکەی شار ەکە، لە یەکێک لە سەرخۆشەکانی هاوڕێی وەردەگرێت، بەترس و بەدوودڵییەوە ژمارەکەی ئەو لێدەدات، دەترسا چونکە ، بەو شەوە بێ ئاگادارکردنەوە تەلەفۆنی بۆ دەکات، ئاسان نییە وەڵامیشی بداتەوە، چونکە ناوی ئەوی لەکن نییە، ئەو ناناسێت ، بەڵام رەنگە ناوی بیستبێت، لە گۆشەی رۆژنامەیەک، لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنییدا ئەوی دیبێت، پیاوە خۆشە سەرخۆشەکەی هاوڕێی دڵنیایی دەکاتەوە و پێی دەڵێت:

دوودڵ مەبە، مامۆستا ئێستا وەڵامت دەداتەوە.

تەلەفۆنەکە لەسەر مێزەکەی ئەو، یان لەتەنیشت (قاپە زەڵاتە) کەی بەردەمی، یان لەتەنیشت پاکێتە جگەرەکە ، کە نیشانەی لایتی پێوەیە، دەلەرزێت و هەر دەلەرزێت، دیارە ئەویش بە تی چاوێک، دەستی ناز، بە لەرزینی موبایلەکەی دادەهێنێتە هەر بە چاوەکانییەوە وەڵامی زەنگەکە دەداتەوە:

پەلە مەکە، با ئەو رستەیە تەواو بکەم، با قسەکانی ئەو نەبڕم، نەوەک داوا و پێشنیارەکەی لەبیربچێتەوە ، قسەبڕینیش وەک وەڵام نەدانەوەی تەلەفۆن ناشیرین و نەگونجاوە، ئەویش لێم زویر دەبێت.

زەنگە بە لەرزینەکە کپ دەبێت ، تەلەفۆنەکەش دەچێتەوە ناو گیرفانی گایدەکە، چونکە دڵنیابوو ، کەوا وەڵامی نەدرایەوە و کاری پێ نەما، خۆ جاریکی تر دووبارە تەلەفۆنی بۆ ناکاتەوە و دانیشتنەکەی ئەو ناشلەقێنێت، کە نازاندرێت، بەو شەوە ئەو لە کوێ، چۆن و چەند و بۆ دانیشتووە. کە قسەی لەگەڵ بەرپرسەکەی شارەکە نەکرد، بەلالووتەوە بە هاوڕێیەکەی دەڵێت:

ها هەڤاڵ، ئەوە جەنابی تەلەفۆنەکەی هەڵنەگرت ، وەڵامی منی نەدایەوە، خۆ من داوای تایبەتییم بەو نەبوو، هیچم لەو نەدەویست.

ئەویش پێکەکە، لەدەمی دەکاتەوە، لەجیاتی ئەوەی دەست بۆ کەوچکی مەزەکە ببات، وەڵامی گایدە تووڕەکە دەداتەوە:

راستە تەلەفۆنەکەی هەڵنەگرت، بەڵام بڕوا بکە، لەودەمانەی کە تۆ تەلەفۆنت دەکرد، ئەو وەڵامی یەکێکی تری داوەتەوە. ئەو تەلەفۆنی هەموو کەسێک هەڵدەگرێت، وەڵامیان دەداتەوە! (کاکە وەرە، پەلەمانە و پارەکەی من چەندە؟).

یەکێکیان گاڵتەی بە بیانووی هەڤاڵەکە دێت و دەڵێت:

هەڤاڵ ئەوەیان مانای چییە! دیارە لێرەوە ئەوت لێوە دیارە، هەردووکتان زۆر نزیک بونەتەوە!

کەسیان بەوە رانەگەیشتن دانوستانەکە، بەرەو گلەیی و گازاندە ببەن، کە تەلەفۆنی گایدەکە لەناو گیرفانییەوە ، بەلەرینەوە و بەدەنگ و رووناکییەکی کزی شەرمن، گایدەکە ئاگادار دەکاتەوە کەوا یەکێک تەلەفۆنی بۆ دەکات.

فەرموون جەنابتان تەلەفۆنتان کردبوو. بەرپرسەکە وتی.

ئەویش ئەوەندە گوێی لە دەنگی ببوو، بەبێ ئەوەی هەرگیز ئەوی دیبێت، یان هاورێیەتی کردبێت دەنگەکە دەناسێتەوە و دەڵێت:

ببوورن جەناب، رەنگە بێزارم کردبن.

فەرموو بڵێن، ئاساییە بزانم چیت دەوێ، گوێ لێ رادەگرم.

بەرێز داوای تایبەتی خۆم نییە، من گایدێکم لەسەر قەڵات ئێواران ئارەزوومەندانە، رێنمایی گەشتیارانی ئەو شارە دەکەم، لە سەرەتای هەشتاکانەوە ، لەو قەڵاتە وەک خەمخۆرێک پشتیوانی نۆژەنکردنەوەی دەکەم، لە سەرەتای هەشتاکانەوە بەڵێنم بە دکتۆر بەهنام ئەبو ئەلسوف دابوو، قەڵاتی بم، خەم لە دیوار و کەرپووچەکانی ئەو قەڵاتە بێکەسە بخۆم، بە دکتۆرم وت، من پاسەوانی هەموو نەخش و کۆتەرە و نیگاری ساپیتەکانی دەکەم.

کاتی دیالۆگەکە زۆر گونجاو نەبوو، گایدەکە مەست بوو، دانیشتنەکە کاتی پارەدان و بەسەرکردنەوەی ئەوە بوو (چیتان خواردیتەوە)، کاتی (چەند دەکات ) و (پارەکەم چەندە) بوو.

بەرپرسەکەی شاریش گفتی بە گایدەکەدا ، بەیانی و هەر کاتێک بیەوێت پێشوازی دەکات ، بەوردی گوێ لە قسەکانی رادەگرێت، فەرموون وەرەن.

بەیانی و لەگەڵ دەستپێکردنی دەوامی رەسمی دائیرەکە، گایدەکە بەئاسانی، دەگاتە ژووری بەرپرسی شارەکە. دیارە کەوا لەوێ هەموو خەڵکی شارەکە ، روو لەو ژوورە دەکەن، هەموو خەڵکەکە لەوێ بوون، بەتەلەفۆنکردن، بەناوهێنان، بەحزبیکردن، بە باسکردن، بە هەموو شێوەکان ناوی زۆر خەڵک و شوێن و پرۆژە و بەرنامە و نەخشەکان دەهات، گەڕەکەکانی وەک باداوە، زانیاری، گەلاوێژ، هەڤالان ناویان دەهات، زۆریش لەو ناوانە بۆ ئەو نوێ بوون، بەڵام بەرپرسەکە باش شارەزای کۆڵانەکانی ئەو گەڕەکانە بوو، دروست وەڵامی دروستی ئامادەی بۆ هەموو ئاریشەکان هەبوو.

لەوێ وتیان (درۆیە لەبەر پیسی و نەگونجانە کە باس لە گواستنەوەی ناوچەی سەناعەی باکوور دەکەن).

ئەو لە ژوورە بوو، کە تەلەفۆنیان کرد و وتیان:

منداڵێک لەناو گۆمێکی چڵپاو خنکاوە.ئەو لەوێ کە وتیان:

پارەی کلینکی دکتۆرەکان گرانە و ژوورەکانیان تەندروست نییە. ئەو لەوێ بوو کە وتیان:

هونەرمەندەکان، تێر نابن و بەردەوام دەستیان پانکردیتەوە

ئەو لەوێ بوو کە وتیان:

پارکە گەورەکەی شەهید سامی گەورەیە، بەڵام ئەو شارە چەند پارکی لەو جۆرەی، بە رووبەر و بە خزمەتگوزاریش هەبێت، ئەو

شاره گرگرتووه فێنک ناکاتەوە ، ئەو هەموو گەرەکە چڕە گەش ناکاتەوە.

لەو ژووره ئاسان نەبوو ، گایدەکە بەئارەزووی خۆی قسەکانی بکات، ئەو بەپەلە بوو، بەڵام بوار نەبوو داواکەی دڵی و رازەکەی بەو بڵێت، بۆیە هەڵدەستێتەوە و لەو نزیک دەبێتەوە ، ئەو چەند وشەیە بەپەلە بە جەنابی دەڵێت:

من داوا دەکەم ، ئەو پەیکەرەی ئیبنی مەستەوفی ، لەبەردەم قەڵات، لەبەرچاوی میللەت، لەناو دڵی شارەکە هەڵبگرن، جەناب، ئەو بتە نیشانەی کولتووری بێگانەیە، هاتن و دانانی هزری بێگانەیە، من گیانم بەو پەیکەره دەکوشرێت ، کە رۆژانە رووبەڕووم دەبێتەوە و شوێنەکەشی ئەوەندە بەرچاوە ناکرێ خۆتی لێ بشاریتەوە!

ئەو جۆره بەرپرسانەی ئەو رۆژگاره ، زۆریان داوا و راسپاردە و هەواڵ و بوختان و ناڕەزاییان بیستووە، لەوە راهاتوون، قسەی زۆریان، بە لووتی دەکەوێت، کە هەناسەیان بگرێت، بەرۆکیان بەرنەدات، بەڵام پیاوێکی کا وبۆی لەپێ و تیشێرت لەبەرێکی سەرسپی، قژ درێژ، لەناکاو لەو بەژوورێ بکەوێت ، داوایەکی وا قوورس و چاوەڕوان نەکراو بکات، ئاسان نەبوو، کابرا دەشلەژێنێت و توشی هێدمەی دەکات.

گایدەکە ئەو دوو سێ رستەی لە (تاڤگەی قووڕگی ) یەوە، لەبەردەم ئەو روو دەکات . وشەکان بەتەوسەوە هەڵدەرێژێت ، چەند هەنگاوێک دەکێشتەوە پاش، قسەکان جوان دەگەنە بەرپرسەکەی شار، ئەویش باش لە مەبەستەکەی ئەو تێدەگات، بەڵام نەیتوانی یەکسەر وەڵامی بداتەوە.

ئەو بەرنامە و داوا و یاخیبوونەکە    ی، یەکەم کەس بە گەورە بەرپرسی رەسمی شارەکە راگەیاند، شەرمی نەکرد، نەترسا، دوایی ئەو بۆچی بترسێت، کەس لەسەر قسەیەکی وا سەری نابون، دوایی رەنگە ئەو بە شێت، یان نەخۆش بزانێت.

ئەدی هەر ئەو بەرپرس ە نەبوو، ئەو نەبوو ، داوایان لێ  کردبوو (پەیکەرەکەی گادگرۆس )، لە چوارڕیانەکەی ئیسکان دابنێنەوە ، ناوی چوارڕیانەکەش بەناوی ئەو بکەن.

گادگرۆس فۆتۆگرافێرە گەنجە ئەلمانەکە، کە لە رۆژانی راپەڕین لەناو گڕ و راپەرینە مەزنەکەی کەرکووک،     لەگەڵ چەکدار و میللەتە راپەڕیوەکە هەڵنەهات، لەوێ مایەوە و شەهید بوو، دایکی حەقی خۆیەتی داوا بکات، پەیکەرەکەی لەوێ دابنرێتەوە، ئەو  بوو، داواکەی بەو راگەیاندبوو . خۆی پارەکەی بۆ کردن و دانانی پەیکەرەکە ناردبوو، پەیکەرتاشەکەش ماندوو ببوو، چاوی شاریش ماوەیەک بەو پەیکەرە راهاتبوو.

لەدوای ئەو داوایە ، لەسەر پێشنیارەکە ، هەر ئەو بەرپرسە، تەلەفۆنێک دەکات، داوا دەکات     ، بەپەلە بچنە حەوشەکەی پشتەوەی شارەوانی، لەوێ داوای لێبووردن لە پەیکەرەکە    ، لە کامیراکەی دەستی گادگرۆس، لە دایکی گادگرۆس لە ئەڵمانیا، لە (دارا حەمە سەعی  ) پەیکەرتاش ، ئەوانەی کارەکەیان کردبوو بکەن، دڵیان بدەنەوە، ئەگەر خۆتان ئەوە ناکەن و وادەزانم من دەبێ ئەوە بکەم.

وتیان بەڵێ، بەچاوان دڵی ئەوانە دەدە ینەوە. داواکەت بەپەلە جێبەجێ دەکەین، گادگرۆس لە شوێنەکەی خۆی دادەنێینەوە!

ئەو پێیان دەڵێت:

پەیکەرەکە بۆیە بکەنەوە، سەکۆکەی برازێنەوە و شوێنەکە جیابکەنەوە، ناوەکەی، بە دوو زمان ، لە تابلۆیەکی مەڕمەڕی کریستاڵ بنووسن، هەموو شتەکان شایستە دابنرێتەوە ، رەزامەندییش وەربگرن، ناو لەو چوارڕیانەش بنێن گادگرۆس.

ئەو جارێکی تر پەیکەرێکی زیندوو کردیتەوە، وا ئەو جارەش شەرمنانە، بەترسەوە، داوا دەکات ئەو پەیکەرە بمرێنێت، ئەوەی ژیانی پەیکەرێکی لەبن دەست بێت و بتوانێت بە تەلەفۆنێک، پەیکەرێک لەناو مەخزەنێکی لاچەپەوە دەربهێنێت، فەرمان بدات بۆیە بکرێتەوە، دەتوانێت و دەستی دەڕوات، پەیکەرێکی تریش هەڵبگرێت، دەتوانێت و هەر بە تەلەفۆنێک کرێن و دەستەیەک کارمەند رەوانە بکات، بە یەک تەلەفۆن، دەتوانێت فەرمان بدات پەیکەرە بەرز و عەبا و عەمامەی بەردەمی دەرگا و چاوەکەی قەڵات بەر بدات، ئەگەر بیەوێت و ئەگەر...

ئەو بەبێ ئەوەی دوودڵ بێت، شەوێکیان نامەیەک بۆ ژنەکەی بەرئاوێنەکە دەنووسێت، یان بە شێوازە زۆرەکانی ئیمڕۆ پەیوەندییەکان، ئەو ژنە ئاگادار دەکاتەوە، پەیامەکە بەو رادەگەێنێت، کەوا ئەو چیتر ئەوەندە قسە و رامان لەگەڵ ئاوێنە و تەنهایی نەکات، چیتر لەدیار ئاوێنەکە رووت نەبێتەوە و جەستە ناسکە سپییەکەی بە زیو و جیوە و (سلیکۆن) سازکراو نیشان نەدات، ئاوێنەش کانزایە و تیرۆژی تیژ و پرشنگداری هەیە و باش نییە.

هەر لەو پەیامەدا بە ژنەکە دەڵێت:

تەنهاییش شێوەیەکە لە مەرگ و ئاوارەیی و مردن! بەسە هەڵسە و بە زمانە شیرینەکەت، لەو شارە بپرسە و چاوەکانت بکە تیرۆژێک لە پرسیار و لە نیگا ، بەپەلە پیاوەکەم بۆ بدۆزەرەوە، ئەوەی وەک مەسیح لەو شارە، بەخەیاڵەوە سەیری بەرزاییەکانی ئاویەر دەکات. ئەو پیاوەی ناسکە وەک بەفر، بەڵام دەستی تیژ و چەقۆیە وەک بروسک. ئەو پیاوەم بۆ بدۆزەرەوە.

_پیاوێک لە مەسیح دەچێت؟

_بەڵێ.

_لەو شارە مەسیحمان هەیە؟

_بەڵێ، من ئەو نازناوەم لە خەڵکی ئەو شارە بیستووە.

پیاوێکە قسە لەگەڵ بەرد و قووڕ و قاڵب و چەکوچ و کۆنکریت بکات، لەوانە کەسە ناودارەکان و کارکەرەکان ، بکاتە پەپولە و هەور، ئەدی ئەو مەسیح نییە !؟ ئەو نییە بەردەکان دەناسێت، دەتوانێت بەرد فێر بکات شیعر و ستران بخوێنن، دەستی ئەو چاوێک دروستدەکات، سەیری هەموو عاشقەکان دەکات، (شیعرێک دەڵێتەوە ناڵەیە، باس لە جودایی دەکات).

ئەو بەردی رەوانەی گەرمین کردووە. ئەو شێخی زیندوو کردیتەوە، ئەو شێخەی ئەشکەوتێکی لاچەپی تەماویی ناو شاخێکی گەردەن بەرزی کردبووە چاپخانە، لەوێ لەگەڵ پیت و وردە بەرد و تنۆکە خوناو و شەونم ئاشنابوو، لەو ئەشکەوتەوە رۆژنامەی بە کوردی دەرکردووە ، لەوێ بانگی ئیستقلالی راگەیاندەوە، ئەشکەوتەکەی کرد بووە کۆشکی سەرکردایەتی و هەڤاڵبەندی.

_منیش گوێم لێ بووە، پیاوێک لەو شارەمان هەیە ، وەک مەسیح نازدار، بە ریشی نەرم، وەک کەزی درویشانەی دایکی خەڵکی سەرحال کردووە، دەڵێن بلوارێک بەناوی ئەو مەسیحە هەیە، دەڵێن ئەویش وەک دایکی نوایەکی بۆ ئەندێشە و ئەفراندن هەیە، ئەویش ماڵ و نوای هەیە.

_هەڵسە، لەو ئاوێنەیە دووربکەوە و بە قسەی من بکە.

_من هەموو شتێکت بەگوێ ت دەکەم، من لەوەتی دەنگی تۆم بیستووە، لەوەتی تۆم ناسیوە، وادەزانم دەستێکم دۆزیوەتەوە هەڵمدەپەڕێنێت، من لەو شارەی خۆمان ئەو مەسیحت بۆ دەدۆزمەوە.

ئەو پیاوە ، با هەر مەسیحیش بێت، وا حەز بە ئاشنایەتی مەستوورە دەكات، كە شیعر دەخوێنێتەوە ، كە گوێ لە زیكری دایكی دەگرێت، كە لەگەڵ كەزی سپی دایكی دەفڕێت، هەر نیگای لەسەر چاوەكانی مەستوورەیە.

سەیر بكە، چەندجار مەستوورەی ناساندووە، جار لەدوای جار چاوەكانی مەستوورە ی بە نەشئە ، وەك دەریای قووڵ نەخشاندووە، چەندجار گەردنی كێڵی كردووە، كە هەموو جارێك گەوهەری زۆری تێدا دەبریسكێتەوە، ئەو پیاوە با ئێوە پێی بڵێن مەسیح، ئەو وا لە بەرد دەكات بە ئاوازێكی هەورامییەوە ناڵەی جودایی بڵێتەوە، ئەوەی خۆی وتوویەتی كەوا (بەردیش لە جیابوونەوە دەنگی هەیە )، بەردی رەش ، كە لە بەردی سپی جیادەبێتەوە، بەردی لووس كە لە بەردی مودار جیادەبێتەوە، بەردی بن كانی ، كە لەگەڵ بەردی سەر لووتكە سەیری یەكتری دەكەن، لەناو ئاوەكەوە ، دەنگێك دەردەبڕێت، لووتكە لە هەموو چرپەكانی ئەستێرە و خشەی سەرەرێگا و گەرووە ئەستەمەكان هوشیار و وریا دەكاتەوە.

ئەو پیاوەم بۆ بدۆزەوە، ئەدی وا من تۆم نەدۆزیەوە، ئەو لەنزیك مەستوورەیە، با لەبەر سەدای زیكری دایكی هەڵبستێت و بێتەوە سەر بەردە سپییەكان، بەردەكان بكاتەوە بە پەرستگا یەك بۆ مەسیحێكی تر، من مەسیحێكم لە بەردە سپییەكانی ئەو دەوێت، بەردەكانی ئەو، وەك بەردەكانی فۆخۆی ئەهرامەكەی میسر وایە، ئەو بەردە، بۆ نووستنی رێبواری ماندووی راونراو نەرمە، بەرد كە هەموو نەوە و رەگەز و پیرۆزییەكان نەمان ، ئەو لە بەرزاییەكانەوە سەركەش ماوەتەوە، بەردیش كە دەبێتە مەسیح دەبێتە سێبەر و پەنا ش، ئەو لە هەواری خەسرەوئاوا لەدیار

کەللەسەرە گەورەکاندا ماندوو و حەیرانە، بەردەوام لەوێیە و یەک هەنگاویش ناتوانێت بجولێتەوە ودوورناکەوێتەوە.

بەرد و ئاکاری پەیکەرەکەی ئیبنی مەستەوفیش سپییە، ئەویش دەستێکی ناسک و پیاوێکی دەست و کەللە و چاوگەورە و قەڵەم گەورە قسەی لەگەڵ کردووە ، رۆحی لەبەر کردیتەوە، (زاهیر) ئەوی (دیار) و بەرز لەو بەرزاییە داناوەتەوە!

هەنگاوی یەکەمی دانانی پەیکەرەکە

ئەو شەو ێکیان، بەڵێ یەکێک لەو شەوانەی زۆر هەواڵ و رووداوەکان تاڵ و نەویستراو بوون، لەو شەوەدا رەنگە ئەو

خەریکی مەزە   دروستکردن و (ئوتوکردنی قەمیس و پانتۆڵ ) و ملپێچەکەی بووە . شەوێکی تاریک رەنگە، ئەو          یان لە شیرینەخەودا بووە، یان خەمی ئەوەی بووە، نەوەک رەشەباکە ئەنتێلی سەربانەکەی جولاندبێت، ناچار بێت چەند جارێک بۆ رێکخستنەوەی پەخشی تەلەفزیۆنەکەی سەر قادرمەکە بکوتێتەوە، لەو شەوە رۆمانەکە و گێڕانەوەی حیکایەتەکە دەست پێ دەکات، کە لە دەرگایان داوە و میوانەکان گەیشتونەتە ناو دیوەخانەکەی ئەو، کە م   ۆزەیەکی گچکە بووە، مۆزەیەک بوو هەموو کەللەسەرەکان، دەستەکان، چاوەکان ژوورەکەیان ی تێدا کردبووە چراخان   ، دیوارەکان، سەرمێزەکان، بەردەرگاکە، سەردەرگاکە، بە وردە پەیکەر و بە بەردی راز و بەردی مێژوو و بەردی رۆژانی پێشمەرگایەتی و تیپەکان و مەفرەزەکان رازابووە، لەوێ یەک لە میوانەکان وتبووی:

لەسەر چ دا بنیشم، لەسەر بەرد، هەموو ژوورەکە بەردی رۆح و بەردی نازن و قسە دەکەن. ئەو وتبووی:

مامۆستا منیان ناردووە وتیان:

بە مامۆستا بڵێ ئەو وێنەیە، ئەو دوو کتێبە، ئەو وشە عەرەبییانە، ئەو شیعرە عەرەبیە ئیسلامیانە، ئەو هەموو شێخ و مەلا نازدارانە، ئەو شیعر وش ک و  دڕ و وشک و کۆن   انە. (وەک ئەوەی قسەکانیان بۆ نووسبێتەوە، نەوەک یەک وشە، یان رستەیەک جێگۆڕ نەکات، کە قسەی دەکرد. کەرەستەکانیشیان یەک یەک و بە نەرمییەوە لەناو عەلاگەکە بۆ دەردەهێنا)،    بە منیان وت بە مامۆستا بڵێ:

بەردێکی سپی گەورەمان بۆ بکە بە پەیکەری پیاوێک ، ئێمەش پیاوەکە ناناسین، بۆمان بکە، بە چاو و کلیلی شار و قەلاتێک. کە ئێمەیان نارد وتیان:

ڕەوشەکە وا دەخوازێت ، لەورۆژانە بەردەکە بۆ ئەوێندەرێ بار بکەین، تا پیاوەکە زیندوو بکەینەوە، شیعرەکان چاپ بکە ینەوە، هزرەکەی بڵاوبکەینەوە، دارودەستە و پیاوەکانی ناو کتێبەکەی بکەینە مێژووی خۆمان، بیکەینە بابوباپیری خۆمان، خاڵ و مامی خۆمان، سەقا و سەفار و دارشکێن و مەیتار و سەپان و مەلا و بانگخوازەکلنمان.

ها ژنەکە، لەدیار ئاوێنەکە هەڵسایت، دوشت کرد، چاوت لە کل نا. مۆبیلەکەت لەناو جانتاکەت دانا، بڕیارتدا کام پێڵاو لەپێ بکەیت، دیارە سویچی ئوتومبێلەکەت دۆزیەوە! دوو پروشە بۆنت لەبن گوێیەکانتدا، تەواو ئامادەی.

(ژنەکە شۆخی بەوە دەهات، کەوا ئەو باش لەو شارەزا بووە) بەڵێ، دەڵێت لەناو ژوورەکەم دانیشتوویت، یان لە کونە بچکۆلانەی دەرگاکەوە سەیرم دەکەی، یان تۆ پیتە فارسییەکانی، سەر کتێبەکەی ناودەستی منی. تۆ چۆن دەزانی من چیم کردووە، چۆن دەزانیت، من بۆن لەبن گوێیەکانم دەدەم، چۆن دەزانیت من ئوتومبێلم هەیە، ها پیاوە سەرحالەکە.

ئێوە بەو قسانە کات دەکوژن، بڕۆ هەتا ئەو نەگەیشتووتە ناو کارگەکەی، هێشتا دەستی نەداوەتە بەرد و قەڵەم، کە ئەو بەسەر بەردێک کەوت، هەتا نەگاتە سەر لووتکە کە ناوەستێت، زوو بڕۆ کەم قسە بکە، واز لەو لوتف و ستایش و سوپاسگوزاریانە بێنە.

بڕۆ، لەجیاتی من ، سەیری هەوارە کۆنەکەی هونەرمەندە بەهەیبەتەکە بکە، هەموو نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد لەوێ ساز و میوانن، لەوێ کێت دەوێ بیناسە، لەوێ بزانە بەرهەمەکانیان، لەکاتی خۆی چۆن دەنووسی ، سەرکردەکان لەوێن، شوانێک بە شمشاڵەکەی کێوی ئاویەری پیرۆز کردووە، لەوێ دیارە، کە ئازادی چەند سپی و نازدار و لەناودڵانە، لەوێ دەزانیت، مەستوورە گەڕاوەتەوە ناو ئەردەڵانییەکان و بەرزیان ڕاگرتووە، دووبارە بوویتەوە خاتوونێکی قەدرگرانی سنە و سنەییەکان.

تۆ منت ناردە کن پیاوێکی نەرم و ناسک، بە دیتنی هەموو گۆشەکان، کەرەستەکان، بەو دوو خانمەی کە بە پەنجەی نیانەوە، وەک دڵۆپەیەک لە باران ی جوان، لەناو قووڕدا هونەرییان دەخوڵقاند. من لەناو کۆشکی خەسرەویی دەمویست ببمە پەیکەرێکی زیائەدینی، لە بلوارێکی هەولێرم دابنێت.

ئەو وتی:

من بەرهەمەکانم ڕاز و دەربڕینە، لە ژیان و ئازارەکانی خەڵک و ناوەوەی ئینسان.

ئەو یەک چرکە چاوەڕوان نەبوو، یەکسەر گەلەرییەکەی ئەو دەدۆزێتەوە، لەو دیمانە کورتەدا لەناخەوە دەڵێت:

دیارە کەوا ڕازی من ، لە ئاوێنەی ژوورەکەم ، لە پەنجەرەکەی پشتی سەرم نووسراوەتەوە و دیارە. چونکە چەند ساڵە، بۆ من ، خەم و جوانی بەیەکەوە دەنووسێتەوە ، ئاگام لە خشەی قەڵەمەکەیەتی، دەزانم کە لاپەڕەکان وەردەگێڕێت، ڕازەکان

کۆتایی نییە، بۆیە ئاوێنەکە وێنەکانی کردووە بە نووسین، نووسینەکان بوون بە دیمەن، ئاوێنە بوون بە کتێب

ئەو وتی:

دیارە کەوا تۆ مەسیحی و دڵی هەموومان دەبینیت، ئەوە لەناو دڵم دەبینیت؟

راستە من ئاوێنەیەکم هەیە، جوانی و ژانی تێدایە، منیش ئەو رازەم نەدەزانی، بەڵام دڵۆپە شەونمێک، جریوەی شیعرێک منی دۆزیەوە، بەوەیان داماو و حەیرانم.

پیاوە پێشمەرگە و پەیکەرتاشە جوانەکەی شاری سولێمانی، جارێکیان بەردێکیان لەبن دەستی دانا، هەموو کەرەستەکانیان بۆ تیژکردەوە، وردەبەرد و گۆڵەقوورِ و پاشماوەکانیان ، لەناو کارگەکەی بۆ لابرد، پەرد ەیەکیان بەو بەرد و جەستەکەش دادەدا، کە رۆژانی رابردوو، لە دوێنێ هەتا کاتی نووستن، کاری لەسەر کردبوو، هەتا رووناکی مابوو، ئیشی لەسەر کردبوو ، دەستی لەسەر ئەویان، بۆ پەیکەرێکی نوێ هەڵگرت

پیاوەکە هەر ئەو شەوە، جولان و بارانی شاشە تەلەفزیۆنەکەی لەبیردەچێت. هەر ئەو شەوە، تا درەنگ سەیری هەردوو بەرگەکەی ئیبنی مەستەوفی دەکات، کە بۆیان هێنابوو، کە وەک کەرەستەی پەیکەرەکە لەبەردەستیان دانابوو، دوو کتێبی قەبەی بەرگ زێڕین . لە کتێبەکە ی بەردەمی کە ناوی یەکەم ی کەسایەتییەک، لەو مێژووە دەخوێنێتەوە ، سەیری ناوێکی درێژ و رەق و توند دەکات! کە دەگاتە سەر لاپەڕە و مێژووی کەسایەتی دووەمیش، هەر یەکسەر، ناوی یەکەمی لەبیردەچێتەوە.

کە ئەو چەند دێرێک لەسەر کەسایەتییەک ی ناو کتێبەکە دەخوێنێتەوە، کە بەکورتی باسی کردبوو، بۆ نمونەش بۆ دیارکردن و ناساندنی بەهرەی ئەو کەسە، چەند پارچە شیعرێکی درێژی عەرەبی وشکی تژی، بە ژێدەر و کەوانە و لێکدانەوە ی بە نمونە، بۆ هێناوەتەوە و لە کتێبەکەی داناوە.

ئەو شەوە، هەر بەپەلە چەند لاپەڕەیەک ئاودیو دەکات، سەیریان دەکات، باش دەزانێت، کەوا ناوەکان زۆر لەیەک نزیکن، بەرواری دوور و نزیکی تێدایە، شیعری کورت و درێژ ی زۆری عەرەبی تێدایە، دەڵێن و وتیان و دەگێڕنەوە ، شیعرە درێژەکان و لێکدانەوەی زۆر و بۆچوونی زۆر ، لەسەر وشەسازی و هونەرەکە ماندووی دەکات.

بەرگی یەکەمی کتێبەکە کە ٧٥٨ لاپەڕەیە، ئەو بەخێرایی سەیریان دەکات، ئەو بەرگەیان دووردەخاتەوە . بەرگی دووەمی کتێبەکەش کە ٩٨٩ لاپەڕەیە، بەخێرایی هەندێ لە لاپەڕەکانی ئاودیو دەکات. لەو بەرگە، کە هەزارەها ناو و پاشناو و سەرچاوە و ژێدەر و سەرچاوە و لێکدانەوەی شیعرەکانە.

ئەو دوو ڕۆژ ، لەگەڵ ئەو دوو کتێبە سەرگەردان و سەرگران بەسەر دەبات، چەند جارێک دەیەوێ پەردی سەر پەیکەرەکەی بەردەستی، کە ماوەیەکی باش کاری لەسەر کردبوو، بۆ سەیرکردن و تەواوکردنی هەڵبداتەوە، ماوەماوەش چاوێک لە نمونە گچکە قووڕەکەی دەکات، بەڵام پەردەکە لانابات و ناگەڕێتەوە سەر کارە کۆنەکەی، بۆیەش لەو مێژووە ی بەردەستی، قۆڵ و بازوو هەڵدەکات، دەست دەکات بە دروستکردنی پەیکەری کەسێکە نامۆ

و نەناس، کەسێک لە قوورەوە دەکاتە بەرد و ناو و مێژوو، کە زووتر ناویان نابوو ئیبنی مەستەوفی.

هەردوو دەستی پێشمەرگەکە ، لە شاری سلێمانییەوە، لەگەڵ بەردە سپییەکە کاردەکات، یان دەست دەداتە چەکوچ و سومبەی پۆلا و تەباشیری رەنگاورەنگ و دەستکێش و چاویلکە و کۆسەرە و سمارتە و فلچەی تەل، یان بە قالبی قوور و کۆنکریتەوە پەیکەرەکە بە سازین ساز دەکات.

ئەو لە بەرد و کۆنکریتە رەقەکە ، کلیل و سومبلێکی سپی تەواو دەکات، کە پەیکەرەکە ماوەیەک لە تەمەنی دەبات و بە بۆیەی سپی رەنگی دەکات، بە رێگایەکی بەردین شاکارەکە رەوانە دەکات، لەکاتدا کە رێگاکان ئاوەدانییەکی وا تێدا نەبوو، لەودەمانەبوو، کە شەرەکانی ناوخۆ بۆنی دەرەکی و خوێناویی و کارەساتیان پێوە بوو.

پەیکەرەکە دەگاتە ئەو شارە و پایە پایە بەسەر هەو رازی قەڵاتەکە دەکەوێت، لەوێ پیاوەکە و هزرەکانی ئەو ، دەکەنە براگەورە و پەیڤی گەورە و مێژووی گەورەش بۆ شارەکە.

گۆڕینی پەیکەر

دەسەڵاتی کێیە، کام دەست و دەمەشۆفڵ و بڕیارێک، ئەوەی پێ دەکرێت؟ بە تەمەن و رووداوێکی گەورە، دانانی دوو بەرد، دەبێتە کێڵی گۆڕی مردوویێک. هەڵگرتنی بەردێک یان کێڵێک، ئەگەر بەردەکە پەیکەرێک بێت ئاسان نییە.

لەو ناوچەیە و لەو سەردەمەدا، دانان و هەڵگرتنی پەیکەر لە نان و نەخشەی رێگا گرینگتر و ترسناکترە. زیندووکردنەوە و خەڵقکردنی مێژوونووسێک و پیرۆزکردنی کتێبێک، بە شنەی شەماڵ و نووسینی بانگەوازێک نەکراوە، بە چ و بۆ پەیکەرە دانراوە، بەوەش دەتوانن پەیکەرە بگۆڕن یان بڕیار بدەن بمینێتەوە، لەو دەڤەرە، پەیکەریان کردووە، بە پرۆگرامی پیرۆزییەکان، بۆیەش هەڵگرتن و دانانی ئاسان نییە، دیارە کەوا مەبەستم، جوولە جەستەیی و کێش و ناوقەد و کەللە گەورەکەی نییە!

لەو حیکایەتەدا، پلانێک بۆ هەڵگرتنی ئەو پەیکەرە هەبووە. پەیکەرەکەی هەڵدەگرن، پەیکەری ئەو کەسەی هێشتا سوپا تەتەرەکە لە شار دوور بوون، هێشتا تۆزیان دیار نەبوو، کە ئەو چەند نامەی بۆ والی موسڵ نووسیوە، بۆ ئەوەی بە هانای بێت و کاروانێکی بۆ بنێرێت، لەو قەڵاتە دەربازی بکات. ئەدی ناڵێن قەڵاتەکە هۆڵاکۆی بەزاندووە، خەڵکەکە خۆراگربوینە، تۆ بۆ بارتکرد، کە سەردەمانێک خۆت و باوکت، وەزیری گەنجینەکان و باجگربوونی ئەو شارە بوون، باوکیشت لە ئەمارەتەکە، لەکن

خەلیفە عەباسییەکان و ئەتابکییەکان، ناوێکی چەور و دەنگێکی گەورە بوو، هەردووکتان عەمامەتان تۆز و گەردی نەدەگرت، هیچ سەگێکش نەیتوانیبوو، کەوا و عەباتان بگرێت؟

تۆ بۆ وا زوو لەناو چادرەکانی سوپا پەلاماردەرەکە، بە خشەخش دەرچوویت، خەڵکی ئەو قەڵاتت بەتەنها جێهێشت؟

لەوێ مێژووت نووسیبوایە، ئەو رووداوانە مێژوون، ئەوانە لاپەڕەی پرشنگداری نووسەرێک دەبێت، کە برینی شیر و تیری تەتەرەکان ببینێت، باسی ژانەکانیان بکات، بە دوو دێر باسی بەرگری قەڵاتییەکانت کردبووایە، ئەگەر ئەوەت دەکرد، ئێستا وەک (تەروادە) کەی مێژوو، قەڵاتەکە، لەجیاتی ئەسپەکەی ئەوان دەبووە فیلم و داستانری. ئەوە مێژووە، نەک ئەو ناو و شیعرانەی تۆ، لە هەموو بەرگەکانی تارخی ئەربل، ناوت هێناون و گەورە و شانازت کردوون!

باش لەوە تێگەیشتن، کەوا هادی زیائەدینی، بە پەیداکردنی زانیارییەک لەسەر کەسایەتی مۆدێلەکە، دەتوانێت پەیکەرەکە بکات، بە نووسین و رامان لەسەر رووداوەکان، شێوازی مۆدێلەکە دیار دەبێت. هونەرمەند دەزانێت چاوەکان نیگایان چۆن بووە، دەزانێت بەژنی چەند بڵند بووە، شانی بەهێز، یان قامەتی گەیشتووتە هەناری جوانی ژیان.

لە نووسیندا، لە بیرکردنەوەدا، مرۆڤ دەبێتە بەشێک لە بەرهەمەکە، دەبێتە قەوارەکە، بەرجەستەکردنی ئاسان و دروست دەبێت.

کە ئەو دەچێتە ناو قالبی کەسەکە، سۆزی هونەرەکە، هەموو زیندەوەر و گیانەوەرەکانیش وەک ئەو هاوشانی دەبن. کە ئەو پەیکەری (مەولەوی) کردووە، کۆترێک بە باڵەکانی، سێبەری بۆ کردووە و رەنگی بەو بەخشیوە، دیارە کەوا کۆترەکان، شیعرەکانی ئەویان بۆ هەڵگرتووە، تا بەردەکە بە دەستی ئەو، بووە بە مەولەوی.

ئەو راپۆرتە دوورودرێژەکەی، لەسەر مێژوونووس و مامۆستا زوبیر بیلال ئیسماعیل گەیشتبووە دەست، لەوێ تێدەگات، ئەو پیاوە سپییە، بە خاوێنی لەگەڵ نووسینەوەی مێژووی ئەو شارە، ئاوێتە ببوو. ئەو ئاکاری ئەو دەدۆزێتەوە، دەست و پەنجە و بەژن و باڵا و قاتە جوانەکەی بەری دەناسێت. بۆ ئەو کارە و ئەو شاکارە، بەردیش لەو کێوەی بەرامبەریان زۆرە، بەردەکانیش شانازن ببەنە بەژن و دەست و مەچەک و شانوشەوکەتی ئەو.

بە هیمەتی هەمووان، مامۆستا زوبیر بیلال دروست دەبێتەوە و دەگاتەوە سەر قەڵات، بە ئامادەبوون و ئاگایی چایەخۆرەکانی مەچکۆ، زوومی کامیرای بەر نافوورەکەی پارکەکە، میلی سەعاتەکەی شار، کە وەستانی نییە و کات دەزانێت، پەیکەرەکە دادەنرێت، یەکێک لەوێ دەڵێت:

ئەو پیاوە بووە، کە رەچەڵەکی بلباسی من ناسی، منی بەگەڵ کاروانەکەی ئەو خستووە.

ژنێک چاویلەکەی لەچاو دەکات و دەڵێت:

شۆرشی بارزانم لە کانی پەنجەکانی ئەو دۆزیەوە، لەوێ پشوویێکم لە مێژوودا، سێبەرێکم هەڵدا و چاوەڕوان بووم سرووەیەک ئارامم بکاتەوە.

بەردەوام کن پەیکەرەکە چۆڵ نابێت، هەموویان مامۆستاکە دەناسنەوە، دیمانەکانی گەرم و بەسۆز دەبێت.

واتە مۆدێلەکە، لەناو (باڵەخانەیەکی کۆنی سنەیی) و ئەردەڵانییەکان، پیاوێکی (پەنجە قەڵەم)، چاو دەنووکی هەڵۆ و دەم کانییەکی هەورەمانی تەخت، ئیشی لەسەر دەکات، بە هاوکاری و دەست و یارمەتی دوو کیژە هونەرمەندە، کارەکە لەکاتی خۆی تەواو دەبێت، زوبیر دروست دەبێتەوە، دەفتەر و خامەکانی هەڵدەستنەوە.

لەگەڵ شانی ئەو، پاش نوێژکردن و حەمەد و ستایشێک بۆ بەئاگاهاتنەوە، مامۆستا زوبیر دەگەڕێتەوە سەر قەڵات، لەوێ دەستی ئێمە دەگرێت، یەکێک لە خانووە کۆنەکانی ئەو قەڵاتە، ناو دەنێت حوجرە رازاوەکەی ئیبنی مەستەوفی.

لەوێ و لەو قەڵاتە نۆژەنکراوەدا ئەو خانوویێک، بەناوی (هادی چاوشلی) دەکات، ئەو پیاوەی لەو ماوەیەی لەساڵی ١٩٥٨ سەرۆک شارەوانی هەولێر بووە، لەبەرئەوەی ئەو نەیتوانی هیچ پرۆژەیەک بۆ ئەو شارە ئەنجام بدات، دڵی بەو پۆستە خۆش نەبووە، بۆیە لیستی موچەکەی رەوانە دەکاتەوە و بە ژمێریارەکە دەڵێت:

ئەو شارە گوندێکی گەورەیە، بە بەرنامەی ئەو حکومەتە، بەو رەوشە سیاسییە شلۆقە، چۆن دەبێتە شار، من ئەوە ناکەم و (مووچەکەش وەرناگرم، دەست لەو پۆستە دەکێشمەوە).

ئەو زووتر کە لە پشدەر قائیمقام بووە، رۆژی شەممەیەک، لە هەولێرەوە درەنگ دەگاتەوە دەوام، ئەو رۆژە، یەکەم ئیمزا، فەرمانی بڕینی مووچە رۆژەکەی خۆی دەکات.

ئەو کە قائیمقامی کۆیەش بووە، بە قسەی (کۆییەکان) خۆیان، ئەو پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی زۆری، لە رەوشە ناڵەبارەکەی ناوچەکە ئاواکردووە، (سەرباخ) ی لەو شارە بە باخ کردووە. ئەوە هادی چاوشلی بوو.

هەڕەشەکردن و ئاگادارکردنەوەی یەکێک، بۆ دەستکێشانەوە و دوورکەوتنەوە لە کردەوەیەک ئاسان بووە، ترس و دوودڵی و پرس و بیرکردنەوەی ناوێت، زۆر ئاسان بووە، یەک مەسیجی تەلەفۆن و بە دوو رستە، بەیەک دەقە نووسین تەواو دەبێت،

ئاگادارکردنەوەکەش زوو زوو دەگات و دواناکەویت، هیچ گومانیش ناکرێت لەوەی نامەکە گەیشتووە، یان خوێندراوەتەوە و یان گەیشتووتە دەستی داواکراوەکە!

ئەوە ئاسان بووە، یەک نامەیە و ئاراستەی ژمارەی تەلەفۆنەکەی دەکرێت، ئەویش ئەگەر لە یەکەم چرکەش نەیخوێنێتەوە، دێرەکان باران تەڕیان ناکات، منالێکی خوێنشیرین وێنەی (پشیلەیەکی سمێڵ تەڕبوو بە شیر) ی لەسەر دروست ناکات، تا نەخوێندرێتەوە، نامەکە باشیش دەخوێندرێتەوە و وشەکان وەک ئەستێرەی جاران، لە ئاسمانی شەوە جوانەکان دیارن، بەڵام نەزانرا، کەسیش بە قسەوە گایدەکە، ژنە سنەییە هاوڕێیەکەی، ئەندازیارە هاوڕێیەکەی، بەرپرسە گەورەکەی شار، سەرۆک شارەوانی، بەرپرسی باڵای نۆژەنکردنەوە، نەبینی و نەیانپرسی:

ئەو پیاوە سەر سپییەی ناوی لە خۆی نابوو گاید، ئەوەی بەنیازبوو، پەیکەرەکەی ئیبنی مەستەوفی بگۆڕێت، بە پەیکەری پیاوێکی سپی هەولێری زۆر پاک، بەوەی مێژووی ئەربلی بەوردی و کوردانە نووسیوە، ئەفەندییەکی باڵابەرزی سپی، نەرم و پەمۆ لەجیاتی ئەو بەردە دابنێت، تا پرسیار نەکرێت و نەڵێن ئەو پیاوە چی لێ هات، چۆن ون بوو، هیچ نازانین و ناکرێ لەو رەوشە ئاڵۆزەدا، ئەو سەرەداوە بدۆزرێتەوە، ئەوەیان چەند زەحمەتە ئەوەندەش ئاسانە.

یەکێک گوێ لەو قسەیە دەبێت، چایە گەرمەکەی دەستی، دادەنێتە سەر تەپڵە شڕەکەی بەردەمی، وەڵامی (منداڵە بۆیاخچییە) کەش دەداتەوە، لەسەر پیاوە سەرسپییە گایدەکە دەڵێت:

ئەو پیاوەی باسی دەکەن، لە دەروازەی فرۆکەخانە بینراوە، کرێکارێکی بەنگلادیشی داوای لێ کردووە، جانتاکەی بۆ بار بکات، ئەویش وەڵامی نەداوەتەوە، زوو جانتاکەی گەیاندوتەوە سەر قایشە رەشەکە و (پاسپۆرتە سوور) ەکەی نیشانداوە، پێیان وتووە:

ئەدی بلیتی سەفەرت؟

ئەویش لەگەڵ توندکردنەوەی زەنجیری یەکێک لە جانتاکانی، هەڵگرتنەوەی لچکێکی پالتۆیەکەی وتویەتی:

لەوێ! لە ژوورەوە و لە ئۆفیسی هێڵی تورکییەوە بلیتێک دەبڕم، (لەوێ کام شاری ئەو وڵاتە هەبێت)، ئاساییە، دەمەوێ بڕۆم...!

ئەفسەرە هەندامە خاوێنە زراڤەکە، کە هەردوو ئەستێرەکەی سەرشانی، بەو شەوە لەبەر رووناکییە گەشەکەی گلۆپەکان دەبریسکایەوە، پاسپۆرتەکەی دەداتەوە و پێی دەڵێت:

مامە، ئەوەی بلیتی سەفەری نەبڕیبێت ناچیتە ناو فرۆکەخانە. بەڵام تۆ فەرموو...

گایدەکە، هەتا دوێنێ ڕێی بە خەڵک نیشاندەدا، وا بەو شەوە درەنگە، گەنجێک ئاسانکاری بۆ دەکات، ئەویش بە هەڵگرتنی جانتاکانییەوە هەناسەسوار بووە، لەعنەت لە (قوورسی جانتاکان) ی دەکات، یان یەکەمجارە جانتاکەی سووک بێت و بەپەلە ئامادەکرابێت، یان ئەو خۆی نارەحەتە وادەزانێت جانتاکەی گرانە، کە ماوەیەکی زۆرە بەردەوام دەست بەجانتای گرانەوە سەفەری زۆر دەکات.

برا گچکەکەی گایدەکە، کە ماڵی ئەویش لەناو (خانووێکی سەد مەتری) یە، ڕووبارێک ئاوی خاوێن بە جۆگەکەی بەر دەرگاکەیان دەڕوات، لەناو ئوتومبێلەکەی بوو، جامەکەی لای خۆی دێنێتە خوارەوە، دەنگی ریکۆردەرەکە کەم دەکات، بەو چەند وشەیە وەڵام دەداتەوە:

من تەلەفۆنم بۆ کرد، وتم (کفتە) مان کردووە و گیای (جەرجیر) ی جوانم هێناوە. ئەو زۆر بەکورتی و بەپەلە، هەر خۆی وابوو، تەلەفۆنەکانی زوو و کورت وەڵام دەدایەوە وتی:

باشە دێم، زۆریش حەزم لە کفتەیە، جەرجیرەکەش باشتر. بەڵام بەیانییەکەی کە تەلەفۆنم کرد، کە پرسیم بۆ دیار نییە، وتیان شەو ڕۆیشت، سەلاجەکەی کوژاندوتەوە و خۆی کۆکردوتەوە و بەپەلە ڕۆیشتووە. ئەو کەسێکی بەبەرنامەیە، هەرگیز وا بێ بەرنامە سەفەری نەکردووە، زۆر سەیرە، ئێستاش بڕوا ناکەم، هەر بەشە کفتەکەمان بۆی هەڵگرتووە.

ئەو رۆیشت، نەیتوانی پەیکەرەکە هەڵگرێت، مانەوەی ئەو پەیکەرە، بە مانەوەی زۆر کایە و راستییەوە گرێدراوە. لادانی ئەو پەیکەرە بە پیاوێکی سەرسپی تاکەکەس و بێ پشتیوان ناکرێت. قسەکانی وا بوو، مانەوەی ئەو کەسە لەو هەوارە بەرزە، گۆمەکە بە مەندی دەهێڵێتەوە و شێلوو نابێت.

کە پەیکەرەکە دانرا، دانانی ئاسان بوو، (بەردی دامەی بەردەم دوو پیاوی پیر) و گەنجێکی بێکاری، بەر سێبەرێکی خۆڵاویی بوو، سەربازێکی شەترنج بوو، سەنگەر و قەڵاتێکی پیرۆزی مەملکەتێک، شکۆی پاشایەکی دەپاراست.

بەیانییەکیان کە خەڵکەکە هاتنە ناوبازاڕەکە، بەو بەیانییە ماندوو و هەراسان بوون، خەڵکە خەوالووەکە، تاقەتیان نەبوو سەیری بەرزایی دەروازەکەش بکەن، هەبوو چەند مانگ بوو، نەیزانیبوو کەوا، ئەو پیاوەی هەزار ساڵ بەر لە ئیستا، لەو شارەدا، لە شەوێکی ئەنگوستەچاوی ترسا هەڵاتبوو، ئیمڕۆ کتێبەکەیان دۆزیوەتەوە، ئەویش هاتووە داوای دەکات، بۆی چاپ بکەنەوە، ریزی بگرن و (رێزلێنانی بۆ ببڕنەوە)، ئەو بەر لەوەی بگاتە سەر سەکۆیە بڵندەکە، لەناو دانیشتووانی چایەخانەکەی خوارەوە، سەری لە خەڵکەکەی سەر تەختە لاکێشە رووپرووشاوەکان دابوو، لەوێ، لەو چایەخانەیەدا داوای کردبوو کتێبەکەی بۆ بکەنە کوردی، کەس وەڵامی نەدابووە، کەسیان تاقەتی هەڵگرتن و هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕە کۆنانەیان نەبووە،

کەسیان عەرەبییەکەی ئەویان لەبیر نەمابوو، هەموو وتبوویان کارمان بەو مێژووە نییە، ئەو لاپەڕە زەردانە سپی بوونەتەوە، هیچ لە دێرەکانی ناخوێندرێنەوە، هەرگیزیش کەس نەیخوێندونەتەوە، ئێستاش تۆ سەر بە عەمامە و کەوای فشەوە، تازە هاتوویت سەرقاڵمان بکەیت، ئەو ڕووناکییەی لە چاوەکانماندا هەیە و تازە پەیدابووە، تۆ بەو کتێبە بیدزیت.

لەودەمانە، ئەو بەردە بووە بە پەیکەر، هونەرمەندێکی پێشمەرگەی خەباتی شاخیان لەو شاخا هەڵساندوتەوە، لەودەمانە بە پارەی کەمی سەرسنوور، کە لە دەمی ژنەشەهیدێک گیرابووە، پارەکەیان دابوو، بە چیمەنتۆ و ڕەنگ و پایە و مەڕمەڕ و (کرێی کرێن) و بارکردن. ئەو پەیکەرە بەردێک بووە، بە هەڵە بۆ ناسینی کتێبێک بەکارهاتووە، کە بەرگەکەی نەکراوەتەوە، ناوەکەی چەواشەیە، چەندین دەستی کردووە، دەستەکانیش نەناسراون و ناناسرێنەوە، کەسیش مەبەستی نەبووە بیانناسێت.

کە ئەو پەیکەرە دانرا، هێشتا (حاجی لەقلەق) ەکەی سەر منارەی مزگەوتە کۆنەکە مابوو، ئەو دڵی بەوە توند بوو، کەوا پەیکەرەکە لەو بەرزترە، بۆیەش لە خەفەتا و بۆ خۆکوشتن، شەڕی بە چەکدارەکە دەفرۆشێت، ئەویش بە دەستڕێژێک دەیکوژێت، ئەو بێچوو و باڵ و هێلکەی بەرهەمی هەبوو، ئینجا ریزیان نەگرت و دواییش خوێنیان ڕشت، نەوەکەیان لەو شارە و لەو هەوارە

دێرینەدا بڕاندەوە. ئەو وتبووی، ئەو بەردە و ئەو مێژووە بێ بەرە، بۆ وا بەرزتر لە ملی درێژی من راگیراوە؟

سەردەمەکان جیاوازە، کە دانرا و لەگەڵ ئەودەمانەی گایدە سەرسپییەکە، دەیەوێ هێمایەکە دووربخاتەوە و سومبڵەکە رەش بکاتەوە جیاوازە، (هەموو جیهان لەگەڵ شارەکە بوو، بەڵام! کەسیشی لەگەڵدا نەبوو). نان گران و ئاو کەم و رووناکی نەبوو. لەورۆژانە یارمەتییەکان، کە (دوو نانی گەرم) بوون، بەڵام! (دوو مووشەک) یشی لەگەڵدا بوو، کە (شیلتەر) ێک لە بەرنامەی ئاوەدانی، بۆ خێزانە جووتیارێک رادەگیرا، (رەبیە) یەکی چەکداری بەرزیشی بۆ شەڕ تێدا دادەنرا. لەورۆژانە خوێندن هەر بە کتێبە کۆنەکان بوو، رۆژانە و بە هەزار دەست ماچکردن، دە کەس، لەو وڵاتە گەمارۆدراوە بەرەسمی ئاودیو دەبوون و زانکۆ و کلینک و زانستیان جێدەهێشت. کە ئەو پەیکەرە دانرا، بیر لە مێژوو نەدەکرایەوە، هێشتا عەمامە و کەوا سپییەکە بەری نوێژی لەبەر نەکرابوو.

لەدوا ئاخاوتنی نێوان گوڵشار و گایدەکە، ژنەکە بەر لەوەی بەگرانییەوە، لەو دووربکەوێتەوە و بڕوات، لەسەر داوای پیاوەکەش، کە وتبووی نامەوێ لە رۆیشتنت ئاوڕێکیش بدیتەوە، با کەس تۆ نەناسێت، نەزانن تۆش دەستت لە هەڵگرتنی پەیکەرەکەدا هەبووە، با دەست و رامانی دەرەکی و مەزهەبی تێ نەکەوێت، تۆ بڕۆ و با کەس نەزانێت، لە من نزیک بوویت، نە منت

ناسیووە، نە منت دیوە. ئەویش بەر لەوەی بڕوات، دەفتەرە لاکێشە باریکە کۆنەکەی دەردەهێنێت، بە قەڵەمێک چەند دێرێکی فارسی دەنووسێت، دەفتەرەکە بەتووڕەییەوە، لەناو جانتاکەی دەپەستێتەوە و دەڕوات، بەڵام! چۆن ڕۆیشتنێک، مێروولەیەک شاخێک رابکێشێت، هەناسەیەک هەورێکی گران و چاوێک و سووتانی خەرمانێک، دەڕوات بەڵام! لەدڵەوە دەڵێت، من ناڕۆم و زووش دەگەڕێمەوە. دەڕۆم و تۆش بەپەلە بۆ لام دێیت!

زۆر سەیرە، هەموو دونیا لەو پەیکەرە هاتبووە وەڵام، گەورە و گچکە، لەودیو سنوورەکان، رێکخراوێکی نێونەتەوەیی کە ئارد و برنج و ئاوی تەماتەی دابەشدەکرد، یەکێک کتێبی پیرۆزی کریستیانییەکانی چاپ دەکردەوە و دابەشی دەکرد، نووسەرێک هاتبوو کۆڕێک بکات، دوا ئەزموونی نووسینی خۆی باس بکات، لەبەردەم قەڵات و لەپێش بەرپرسە گەورەکەی شار وتبووی:

ئەگەر دەست لەو پەیکەرە بدەن، من چیتر شیعر نانووسم، هەموو ئەو شیعرانەی بۆ هونەرمەندەکانم نووسیوە لە ئاوازەکانیان دەپچڕێنم.

مەلایەک و یەک نا، بەڵکو هەزارەها مەلا و مامۆستای زانست و بیرکاری زانکۆکان، لەو پەیکەرە هاتبوونە وەڵام و لەسەر سەری یەکێک کۆببوونەوە نەیاندەناسی و دەیانووت:

تۆ دەتەوێ ئەو سومبڵە کۆنەی ئاینەکەمان هەڵدەگریت، تۆی دەتەوێ (بەردێک بجولێنێت)، کە چەندینساڵە، ئەو بەردە لەو هەوارەدا، رەسم بووە و چەقیووە، بە هەڵتەکاندنی ریسوایی و نیگبەتی، روومان تێدەکاتەوە، روومان رەش دەبێت.

ئەویش، لەناو ئاپوورە بەتۆزەکە، لەگەڵ خوڵانەوەیان لەسەر سیوسیوەیەکی بەرتەسکدا، لە دەنگە نووساوەکەی، قیژەیەک لە هاوارێکی شەرمن و ترساو دەکات و دەڵێت:

من نیم، من ئاگام لەو بەزمەی ئێوە نییە، منیش دەنگم لەگەڵ داواکانی ئێوەیە، ئاگام لە هیچ نییە، بەڵام هاوکارتان دەبم، بەزەحمەتییەوە ملی بەرزدەکاتەوە، هەوایەک هەڵمژێت، تا بوارێک بۆ دەربازبوون بدۆزێتەوە.

کە زانرا بیر لە هەڵگرتنی ئەو پەیکەرە دەکرێتەوە، پیاوێک چەند رۆژە کارکەرە، بۆ دانانی بەرنامەیەک، قسەی لەو کردووە و ژنێکی راسپاردووە، ئاکاری زوبیر بیلال ئیسماعیلی بۆ خۆرهەڵات ناردووە، لەوێ پەیکەرێکی بۆ سازبکەن و (باشوور و خۆرهەڵات) هاوشان بکەن.

لەبەر ئەوە قونسلەکان، پەنجەرە دبلۆماسییەکانی کرێچی، ناو خانووە گەورە شوورە بەرزە پێنج سەد مەترییەکان.

کەناڵە عەرەبییەکان، کە ئۆفیسەکانیان، لە گەڕەکەکانی بەختیاری و راپەڕین و ئازادی بێ پاسەوان، دەرگایان کراوەتەوە

و تابلۆکانیان بە دوو زمان و زۆرتریش، ناوی کەناڵەکان پێناسە دەکەن.

بانکەکان، کە لە باڵەخانەی شووشەیی خاوێن، لە شەقامە بەرین و بلوارە بەدارەکان کراوەتەوە، پۆلیسێک پشت ئەستوورە بە خزمێکی ناو حزبەکە، بە ئارامی لەوێ وەستاوە.

ئەوانە لەوێ پەنجەیان بەرزکردیتەوە، کڵاویان لەسەر کردیتەوە. مەلاکان، لە وتارەکانیاندا، گەرم و تاساو هاواریان کردووە، بانگیان داوە، هەندێکیان وەک سیلاو، ئاویان لە چاوان هاتووتە خوارەوە.

ژنان کۆدەبنەوە و نوزاونەتەوە، کە ئەو هەواڵەیان زانیوە، ژنەکان دڵی پیاوەکانیان کونکردووە و ماڵەکانیان شێواندووە.

منالان، کە نازانن مێژووی هاوچەرخ، چی بۆیان سازکردووە، ئەوان پەرۆشن، هاتوون و کۆبوونەتەوە و گلەیی زۆریش بکەن، هەموویان بەیەکەوە بوونەتە قەڵغانی پیاوێکی عەمامەبەسەر و جوبەلەبەر، هەموویان ریزبەندانە بوونەتە سێبەرێ کتێبێکی کۆن، هاتوون و...

لە شەقامی سەرەکی، لەبەردەم (بازاڕی نیشتمان) دا، لەناو هەموو کۆڵانەکانی، هەر سێ قەیسەرییەکە، لەناو بازاڕی سیروان کە رۆژانێک گلۆپێکی درەوشاوەی شارە تاریکەکە بوو، لەناو باخی شار و کەپرەکەی خانەنشینەکاندا، لەبەردەم کتێبفرۆشەکانا،

لەگەڵ سوڕانی شیشەی سوورکراوەی گۆشتی لەفەفرۆشەکان، عارەبانە دوو چەرخە دەستییەکان، مناڵ و هەرزەکارە وردەواڵەفرۆشەکان، پیرە تەزبێحفرۆشەکان، پشدێن فرۆشەکانی بەر سێبەری نزیک هەردوو مزگەوتی بەرامبەر قەڵاتەکە، دەم گەرمە چالاکەکان، ئەوانەی لەسەر دەستی جلی کوردی بە هەرزان دەفرۆشن، ئەوانەی لەسەر کورسییەکی تەسکی گچکەدا کڵاشی هەورامانی نوێ و  سپی دەکەنەوە، (خەیاتەکان بە چکەچکی مەکینەکانیان و لەگەڵ چاخواردنەوە)، ئەو وەستایەی سەعاتەکەی شاری لەسەر منارە نوێیەکە داناوە، هەموو کارەباچییەکانی بن نهۆمەکانی خوارەوەی بازاڕ نوێیەکە، بورغی فرۆشە ورد و درشتەکان، دەمی کراوەیی هەزارەها موزەخەی ئاو، وایەری درێژی کارەبایی رەشی ئەستوور، عارەبانەی فرۆشتنی هەموو جۆرە سیدیی ئاینی و سیکسی و فیلمی کۆمیدی، دارودیوارە بەشەوقەکان، هەنگاوە خێراکانی گەیشتن بە پاسەکان، دەست بە سویچەکان، قۆڵ و باسکی دەست بەبارەکان.

ئەفەندییەک لەناو قەمیسەکانی سەر عارەبانەکە، یەکێکیان بە سینگییەوە دەگرێت و سەیری پەیکەرەکە دەکات و پێی دەڵێت:

ها عەمامە لەسەرەکە، جوبە گەورە فشەکەت باشی داپۆشیویت، وەرە پێش ئەوەی لەو بەرزاییە، لەبەر ئەو قەڵاتە هەڵگیرییێت، وەرە بەسە و قەمیسێکی لەنگەی سەر ئەو عارەبانانەت لەبەر نەکرد، کە لەبن پێیەکانت بە عارەبانە هەڵدراوەتەوە، وەرە و تۆ

کەوا و عەباکەت هەر فڕێ نەدا، شانە و ئاوێنەیەکت لەسەر عارەبانەیەکی نزیک خۆت نەکرِی و لە گیرفان نەنا و ئەو قژەی هەرگیز تیشکی خۆری لێ نەداوە دانەهێنا، تۆ هەر خۆت کەشخەتر نەکرد، تا کوڕان و کیژانی ئەو زەمانە ئاشنای کتێبەکەت بن، یان کتێبەکەت لەو سەردەمەدا هەر نامۆیە. دە وەرە سەیری ئەو هەموو فیلم و سیدی گۆرانییەکان بکە، هەر لەسەر ئەو عارەبانە و دووکانەکانی سیدی، بزانە چۆن بانگخوازەکان وتارە ئاینییەکانیان بڵاودەکەنەوە.

دەستەدەستە و بەسۆزەوە هەموو هاتن، بوونە بەربەست و بوونە پرد و بوونە چەکوچ، وەک داس و چەکوچەکە سوورەکەی سۆڤیەتی جاران، خۆیان تیژ و توند دەکرد، وەک کاسکێتەکەی گیڤارا دامەزران، وەک جەمەندانییە سوورەکەی بارزانی توند بەستران، وەک شیرە درێژەکەی ناو (ئاڵای ئیسلامییەکان) بەرزکرانەوە، هەموو بەیەک دەنگ، هاواریان کرد ئەو پەیکەرە لێرە هەڵناگیرێت، دەتوانن قەڵاتەکە بەو هەموو کەلاوە و نەخش و کاریتەکانەوە هەڵگرن، بەڵام ئەو پەیکەرە هەڵناگیرێت، دەتانەوێ عەشتار و ئەفسانەکانی ئەو و سەربردەی هێڵانەی هەزبانییەکان، ئەوەی مەرقەد و مەزارەکانی لەناو سەهیونییەکانە، زیندوو بکەنەوە. هەموو هاتن و دەنگیان بۆ حەشاماتەکەی بن قەڵاتەکە بڵند و بەجۆشتر کرد و وتیان:

مانەوەی ئەو پیاوە نوورانییە، خێروبەرەکەتە بۆ شار و مەملەکەتەکەمان. ئەویش بڕوات هێڵکەی وردی زۆری لەبنە، هەموو بەیەکەوە دەتروکێنن، بە دەستێکی گەرم، بە نازێکی ناسک هەڵدەهێنن و پێڕو دەکەن.

پیاوێکی چوارشانەی دەستگەورە، قاتێکی تورکی و ملپێچێکی چینی سووری لەملدا بوو، ئەو بەتەنگاوییەوە، وەک ئەوەی پێش ئەو قسە رامانی نەبووبێت و ناڕەزایی لەسەر دەرنەبڕابێت، ئەو زۆر تووڕەتر لە هەموویان، ملپێچە سوورەکەی هەڵدەشەقاند و هاواری دەکرد:

هەردوو هونەرمەندە گەورەکەشت، لە خۆت دڵگران کرد، هونەرمەند زاهیر سدیق، ئەوەی شانی داوەتە بەرزکردنەوەی ئەو بەردە، بەردەکەی کردووە بە مێژوونووس و خاوەنماڵ و وەزیر و باجگری شارەکە. ئەوەی تریان بەردێکی رەقی گەورەی لەو کێوەی بەرامبەریان هەڵگرتووە، ئاکاری نەرمی سپی زوبیر بیلال ئیسماعیل دەکاتە پەیکەر، ئەوانەت ناڕەحەتکرد و هیچت پێ نەکرا، مەلاکانت بەدەنگ هێنا، مزگەوتەکانت شلۆق کرد، لەو گۆڕەپانە هیچت پێ نەکرا، پەیکەرەکە مەزنتر و نووسەرەکەت گەورەتر و کتێبەکەت پیرۆزتریش کرد.

بە دەنگێکی نووساوی ترساوەوە، پاش دابڕانی زۆرتر لە بیست ساڵ، حەزت دەچێتەوە دووکەڵی جگەرە و هەڵمژینی (هەناسەیەکی تاڵ) و دەڵێت:

من واز لەو کارە دەهێنم، هەمووتان، رەنگە بزانن کەوا مامۆستا زوبیر بیلال ئیسماعیل، کە مێژووی هەولێری نووسیوە مردووە، نووسین و راستییەکانی هادی چاوشلی نەماون، (سەید مەلوود بێخاڵی) ئەوەی هەولێری وا دیبوو، جەستە گەورەکەی پەکی کەوتووە، دکتۆر موحسین موحەمەد حوسێن سەرقاڵی زانکۆیە، ئەدی خوێندەوارەکان، زانستخوازەکان من بەتەنها جێدەهێڵن، سەرسپییەکی وەک من، نەخۆشیکی وەک من، رۆژانە چەندین حەب دەخۆم، تا دڵ و هەناسە و دەمارەکانم بەرێوە ببات و قیتم بکاتەوە.

من دەڕۆم و پەیکەرەکەتان پیرۆز بێت، دەپرسم ئەو بەردە سپییە، ئەو کتێبە کۆنە، بزانم بەرەو کێندەرێتان دەبات، پیرۆزە! من دەڕۆم و بەرگەی ئەو هێرشە گەورەیە ناگرم، زانستخوازەکان لە (نەخوێندەوارەکان) توندترن، مناڵەکان لە پاڵەوانەکان دەستیان گرانترە، ژنان قژیان کردوتەوە و دەقیژێنن، پیرەکان سەلەوات لێ دەدەن، مردوو و زیندووم لێ راست دەکەنەوە.

شارێک بۆ مانەوەی پەیکەرێک بووە بە پەیکەر و بەردی راستی. بەرپرسەکان یەک لەدوای یەک، بەیان و روونکردنەوە دەردەکەن، بێ ئاگایی و دوورکەوتنەوەیان، لەو بابەتە رادەگەێنن، بەڵام بەیانەکانیان شەرمنانە و کورتن، ناوی کەسی پێوە نەبوو.

گایدە سەرسپییەکە دوو شەوە لە ماڵەکەی خۆی ناخەوێت، هەموو بەرنامەکانی شەوانەی تێکچووە، برا و کەسوکار و هاورێیەکانیشی هەراسان بووە.

پەیکەرەکە مایەوە، چونکە گایدەکە بەئاشکرا و لەو شارە راونرا، هەڵات و خراپ بەزی، یان ژنەکەی هەرەشەی لێ کرد و گەیشتە سەری، جانتاکەی پێ پێچایەوە و بردیەوە.

بەڵام بەر لەوەی بڕوات، لەدیار پەیکەرەکە دەوەستێت و قسەی لەگەڵ دەکات، شەوە و کەس لەو بەرزاییە نەمابوو، ئاپوورەکە تا بەیانی دەرەوێتەوە، عارەبانەکان، دەستوپێیەکان، پیاڵەکانی چا و قەند و دیشلەمەکان، هەموو دەستفرۆشەکان، ئەوانەی لەسەر پارچە مێزێکی شڕدا، باس لە کڕین و فرۆشتنی هەزارەها دۆلار دەکەن، هەموویان شەوە گەڕاونەتەوە ماڵەکانیان، ئەو بازاڕە لە هەموو کۆڵان و گەڕەکێکەوە، دەست و چاو و هەست و نەست و چالاکییەکانیان، لەو مەیدانەی بەرامبەر پەیکەرەکە کردووە.

ئەو قسە لەگەڵ بەردەکە دەکات و سەرکز و بە منگەمنگ دەڵێت:

پەیکەرەکە من نەمتوانی تۆ هەڵگرم، بە دزی و بەئاشکرا، شار و حکومەت و بەیانی حزبی و ترس، لە هەموو شتەکان، لە رەش و سپییەکان، لە شەو و لە رۆژەکان، ترس لە (نەوەک)، لە (بۆ)، لە (بابزانم)، لە (وایە)، ترس لە (ئەگەر)، لە خودی ترسە ترسناکە گەورەکە، ئەوانە و هەموو بەیەکەوە و دەستەدەستە، بێ

کۆبوونەوە و بە بەرنامە، ئەو جارەش تۆیان لەو دەروازە پیرۆز و دیارەی شارەکەم هێشتەوە، دیارە هەتا ڕەوشەکە وابێت و نیگا و هزرەکان وا بێت، تۆ زۆریش لێرە دەمینێیتەوە.! دەزانم زۆرتر لەویٚ دەمینێیتەوە، ئەوەش لەبەر چاوی ڕەشئ تۆ و ناوە درێژەکەت و کتێبەکەی ناو باوەشت نییە. تۆ کە نەجولایت، لەبەر ئەوە نییە، کە تۆ بە خزمایەتی و بە خوێن و ڕەگەز و بە نهێنییەکان، لە چەندی و چۆنی باجەکاندا، لەگەڵ سولتان موزەفەر و سەڵاحەدینی ئەیوبی تێکەڵییت! لەبەر ئەوە نییە بەنامە و بەراسپاردەش، نووسەرەکانی خەلافەتی عەباسییت دەناسی، ناوت هێناون و باست کردن، تۆ پەیام و نامە و شیعرەکانی ئەوانت شاناز کردووە، لە ونبوون رزگارت کردن، بەرگەکانت بە پێستی مامز و کەروێشک پۆشتە دەکرد، تۆ مایتەوە لەبەر ئەوە نییە، تۆ بەشێکی زۆر دەوڵەمەندی کولتووری ئیسلامییت هەڵگرت و نووسیبووت.

تۆ لەو بەرزاییە مایەوە، چونکە ڕابوونێک لە ناوچەکە و لە دەرەوەی ناوچەکەش، بە تیروشیرەوە سمکۆڵ دەکات، هەڕەشە، نەک لە ناوچەکە و لەو جیهانە بەرینە، لەو دەریا و لەن و دارستانەکان دەکات، چونکە موژدەی فرۆدست بە خەڵکەکە داوە، بە نەخۆشەکانت وتووە، من بە (ڕەشکە) و بە ماستی حوشتر و بە پەمۆی ناو قوزاخە، بە کوتان و کوڵان و برژان و سوتان و وشکی رووەکەکان، نەخۆشەکان هەڵدەستێنمەوە. نەخوێندەوار و پاشکۆکان پەنا بۆ کەسانی وەک تۆ و ڕابوونەکەت دەبەن،

کاروانێکی ئەستوورت لە پشتە، زۆریش چاوەڕوانت دەکەن، بۆیە تۆ مایتەوە و هەڵنەگیرایت.

من، کە تۆم، لەسەر ئەو سەکۆ بەرزە، بە دەست و داوای خۆم بەیەکجاری لانەبرد، من نەشکاوم! کە تۆش لەسەر سەکۆیە بەرزەکە، وەک چاوی هەلۆ و باز، ماویتەوە تۆ، ئازا و بەجەرگ نیت!

من وا دەڕۆم، تۆش لە شوێنەکەی خۆت، نەک نەجوولایت و شانت نەجوولاند، بەڵکو توندتر قاچ و کەوا و عەمامەکەت، لەو شوێنەدا داگرت!

من دەڕۆم و تۆش وەک من، باش دەزانی، زۆرن کەوا مێژووی ئەو شارەیان نووسیوە، کتێبی وەک تۆش زۆرە، پیاوی سپی و نەرم و هەولێرییش هەیە.

بۆ ئەو مێژووەش نووسەری زۆریش هەڵکەوتووە، تا ئەو کتێبە تەواو بکات، ئەو شارەی تۆ ناوەکەت زەوتکردووە، لە بەرگێک دوور لە مێژوو، دوور لە خەڵکەکە بۆ خۆت زەوتکرد، ئەوەش قسەی من نییە، کە من تۆم لەسەر ئەو سەکۆیە بەرزە دانەگرت، بۆیە ئەو قسانەت بۆ هەڵئەبەستم، کە کەواکەتم هەڵنەدایەوە، کە عەمامەکەتم لەسەر نەکردیەوە، کە (مووەکانی ریشەکەتم نەپشکنی)، من دەفتەرەکەت ناشێوێنم! کە من لەو شارە دەڕۆم و واز لەو چالاکی و نەبەردییە دەهێنم و ترساوم، هەر من نیم کە

ترساوم، هەر من نیم دەرەقەتی تۆ و ئیماندارەکانت نەهاتووم. هەموو ئەوانەی پاش تۆ، مێژووی ئەو شارەیان نووسی، تەنها کۆڵانێکی باریک و لاچەپیان بەناوکراوە، لەو حکومەتە و لەو پارکە بەنافوورە قەشەنگەدا، مووچەیەکی خانەنشینی چاوەڕوانیان دەکات، ئەوانیش لەو شارە، باریان کرد و لەبیرکران، تەنها تۆ نەبێت، میللەتێکی مەزنی سەرخاکێکی پانوبەرینت لەپشتە، کە باشت ناناسن، ئاسایش و حکومەت و مزگەوت و بەهاکان و سرووتەکان و کەللەرەقی، لەدوات دەڕۆن، کتێبەکەیان نەخوێندیتەوە و نەیاندیوە، ئینجا لەسەر چاوان دەیپارێزن!

ژنێکم، لەپەنا ئەو پەیکەرە ناسی، ئەو هاتبووە ئەو شارە، تا رەچەڵەکە کوورەچییەکەی خۆیان، لەو شارە کۆنەدا بدۆزێتەوە. ئەو هاتبوو کۆڵانێک، لە خێزان و منداڵ و بیرەوەری و وێنەی بووکێنی، سەربردە و یەکترناسین، زاواکان و زیرەکی زۆریان و سەرشێتی ژمارەیەک و ئارەزووی گەنجێک، تامی چێشتی سنەیی و سەقزییەکانی ناو بنەماڵەکەی، لەگەڵ ئامۆزاکانی ئەو شارە نزیک بکاتەوە. ئەو ژنە چاو خومارییە هاتبوو، ماوەیەک بەرپەنجەرەکەی ژووری خۆی، پرسیارەکانی دەروونی خۆی لەبیربکات.

گایدەکە، ویستی ئەو بنێرێت، سرووت و ئەندێشەی هادی زیائەدینی هزر و داهێنانێکی تر لەو شارە بەرزبکاتەوە،

بەیەکەوە، مێژوویێکی زۆر دوور و زۆر پیرۆزکراو ڕاست بکەنەوە.
ئەو وتبووی:

ئێمە ئەو پیاوەمان، زۆر بە ئەنفال و پەیکەرەکەی و ئەو کارەساتە، خەمگین و سەرسام کرد، بە گێرانەوەی بەسەرهاتەکان ئەنفالی ماتەمی یەخەی گرتووە، با ماوەیەک (مێژووی پێ ڕاست بکەینەوە)، پیاوێکی سپی خاوێنی نەرمی هەولێرییمان بۆ بەرز بکاتەوە.

گایدەکە ژنەکە بەو کارە ڕادەسپێرێت و ڕەوانەی سنەی دەکاتەوە!

بەڵام! ئەو ڕۆیشت و لە شەوێکی درەنگا، لەناو پاسە گەورەکەی فڕۆکەخانەکە دادەبەزێت، کە ئەفسەرە گەنجەکە بە پەنجە وردە ناسکەکانییەوە، لاپەڕەکانی پاسپۆرتەکەی هەڵدەداتەوە، هەموو مۆرەکانی ئەو فرۆکەخانەی لێیان دابەزیوە، دڵنیای دەکاتەوە کەوا ئەو بە ساختە نەبوویتە گاید، وەک گایدێکی شارەزا، وەک نەورەسێک لەسەر کەنارەکان بەنیگا و ماندووبوونی ئاو، هاربوونی شەپۆل و ساردبوونەیان سەرسام بووە، لەتەنیشت کڵێسایەکی کۆن بە مێژوو، بە هونەر، بە کارەساتیش سەری گەرمکردووە، سەیری تاوەر و (زەنگە گەورەکان) ی کردووە. بەڵام! کە ئەفسەرەکە سەری بۆ بەرزدەکاتەوە، چاوە گەشەکانی دەکاتەوە و دەڵێت:

فەرموو بەرێز ... ئەو بەبیری دێتەوە ئەو گاید نییە.

سوپاس... تکایە مۆرەکەم بۆ لە پاسپۆرتە عیراقییەکە بدە و ئەوەم پێ باشترە!

لەگەڵ تەقەی مۆرەکە، هەموو بەرنامەی پەیکەرەکە، رۆژانەی لەگەڵ ژنەکە لەبیردەچێتەوە، هەردوو پاسپۆرتەکەی لەبەردەم ئەفسەرەکە هەڵدەگرێتەوە، لەناو جزدانە چوارگۆشەکەی ملی دەنێتەوە، خۆی نەوی دەکات، جانتاکەی بەرپێی هەڵدەگرێتەوە، لەپشتی دەکات و بە رەوتێک نە پەلەکردنە و نە خاو و سست، بەرەو (بازاڕە فری) یەکەی ناو فڕۆکەخانەکە دەڕوات.

لە بازاڕە فرییەکە ناو فرۆکەخانەکە، دوو پارچە پاکێتی جگەرە بۆ دیاری دەکڕێت، لەدیار شووشە شەرابەکانیش، هەڵوەستەیەک دەکات، نووسینی سەر چەند شووشەیەک دەخوێنێتەوە، دەست لە شووشەی شەرابی ئەرژەنتینی و ئەسپانی و شیلی و فەرەنساوییەکان دەدات.

ئەو رەنگی شەرابەکانی بە رەنگی چاوەکان دەشوبهاند، ئای کە (شەراب لە چاو نزیکە)، رەنگەکان سۆزیان تێکەڵە، شەرابە سپییەکە، لە چاوێک دەچێت، لەمێژە ونی کردووە. رەشەکە لە قژێک دەچێت، بای وەرزەکان و پەنجەکانی سووتان و عیشق سەمای زۆریان پێ کردووە.

لەوێ ئەو، بیر لەوە دەکاتەوە، کەوا میوەی هەموو باخەکانی ئەو جیهانە کراون، بە شەراب و میوە (ناتور) ییەکەیان خۆیان،

ئەوانەی خۆریان زۆر بەرکەوتووە، رەنگ و تامیان خۆڵەمێشییە، زەمانێکی زۆرە بەهەدەر دەڕوات، لەدیار شووشەکان وەک شووشە دەوەستێت، پاش ئەو رامان و بیرکردنەوە لە ترێ و هەرمێ و میوەکانی تر، سەیری نرخی شەرابەکان دەکات.

گەنم هەتا بە بەردی ئاشەکان نەهاڕێت، نەبێتە ئارد، بەئاو و دەستی کابانێکی زانا، بەئاو و خومیرە و خوێ نەکرێتە هەویر و ئەنگوت پان نەکرێتەوە، بەئاگرێکی سوور نەبرژێت، نابێتە نانی گەرم، کە بە هاوکاری، ئاوەز و مێژوو، دەستی کار و داهێنان دەگرێت. دانەوێڵە و ترێ و مێوەکانی تریش، هەتا وەک گوڵەگەنم نەهاڕێت، نەکوڵێت، نەسووتێت و چاوەڕوان نەکات، نابێتە ورە و وزە و زاد و شەراب!

ئەو لەوێ، دێتە دەرەوە، گەنجەکانی سەر کاسەکەش بە عەرەبی و ئینگلیزی قسەیان دەکرد، هەردوو پارچە پاکێتەکەی بۆ لەناو کیسە تایبەتییەکەی بازاڕەکەیان دەنێن، ئەویش بەسوپاسەوە لەوان دووردەکەوێتەوە، لەسەر (مەڕمەڕە زۆر پاکەکە)، دوو سێ هەنگاو داوێت، دەگاتە سەر دیسکە پان و بەرین و لووسی کافتریاکە، لە کافتریاکە بە زمانی ئینگلیزی بە ژنە فلیپینەکە دەڵێت:

تکایە قاوەیەکی تاڵی سادە و بوتڵێک ئاوی سارد.

ئەویش، وەک ئەوەی (چۆلەکەیەک بجریوێنێت)، بە کوردی پێی دەڵێت:

بەرێز بەسەرچاو، پارەکە بە دۆلار دەدەیت، یان بە دینار؟!

دەستێک بەجانتا و دەستێک بە ئاو و قاوەکە، دەگاتە سەر مێزە بازنەییە ناسکە بچکۆڵەکە، کە قاوەکە گەرمە و ئەویش پەریشانە، بۆیە، نیوەی قاوەکەی لێ دەرژێت، کە جانتاکەش لەکۆڵ دەست و شانی دەکاتەوە، دەستەیەک دەستەسڕی کاغەز، لەکن کیژە چۆلەکەییەکە رادەکێشێت، مێزەکە پاک دەکاتەوە، ئاوەکە دەکاتەوە، هەناوە گەرمەکە سارد دەکاتەوە، ئەو دوو قوومە تاڵەی لەناو فەنجانە گچکەکە مابوو، فڕدەکات، کە چاوەکانی بەرزدەکاتەوە، دەیەوێ دیدەکانی تاقی بکاتەوە، دوو (کیژی شان و پشت رووتی بێگانە)، دەگەنە نزیک کافتریاکە، هەردووکیان بە ئاکار و بە زمان دیاربوو، کەوا تورکن، یەکێکیان جانتایەکی سووکی نەرمی بەپشتییەوە، هەتا سەرسمتی هێنابووە خوارەوە، ئەوی تریان بە تەلەفۆنە تەنکەکەی دەستییەوە، بە زمانی ئینگلیزی وەڵامی زەنگەکە دەدایەوە، هاوشانی کیژەکەی هاوڕێی دەڕۆیشت، بەجووتە و زۆر سەرکەشانە، بەرەو یەکەم مێزی کافتریاکەش دەهاتن.

کە لاپتۆپەکەی کردەوە و نامەکانی خوێندەوە، زوو هەستی کرد، کەوا گوڵشار یەکەم نامەی لەو دیوەوە بۆ نووسیوە، بەپەلە نامەکە دەخوێتەوە:

من وا بەتەنیا، لە نهۆمی سەرەوە لە ژوورەکەی خۆمم، لەدیار پەنجەرە و ئاوێنەکە چاوەڕوانم، نازانم هاتوومەتە یان هێشتا لەو هەولێرم و بیرم لەلای تۆیە، بەڵام جانتاکەم بەنادڵییەوە تازە، چەند دەقەیەکە کردیتەوە، (دیارییەکانم بۆ هەموویان جیاکردەوە)، نامیلکەکەی تۆ، کە بەدیاری، پێشکەشی منت کردبوو، خستەمە تەنیشت رۆمانی (بەشی من)، رۆمانی ئەو ژنە تارانییەی، لە رۆمانەکەیدا وادەزانم باسی من دەکات، رۆمانەکەی باس لە مێژووی سەدەیەکی (بەژانی ئیران) دەکات.

سەرێکم لە گەلەرییەکە هادی زیائەدینی دا، بەپەلە هەموو شتەکانم بۆ روونکردەوە، دەبوایە، هەموو شتەکانی بۆ راڤە بکەم، باسی ئەوەم کرد، کەوا بەرنامەکەمان هەڵوەشایەوە، نە من خزمەکانم دۆزیەوە، نە گایدەکەش توانی پەیکەرەی بەر دەرگای قەڵاتەکە لابدات.

کە ئەو قسانەم بۆ ئەو دەکرد، من بە دەستی خۆم نەبوو دەگریام، ئەویش کە دەستەکانی، لە قوورەکەی کارەکەی پاک دەکردەوە، زۆر بەدڵنیاییەوە وتی:

من، هەموو کەرەستەکانم لەبەر دەستە، تازە کەسایەتی زوبیر بیلال ئیسماعیل هاتووتە ناو رۆحم، تازە، ئەو کارەی خۆم هەر دەکەم و بڕیارمداوە.

من بەردێکی کێوی ئاویەر دەکەمە ئەو پیاوە، کێشە نییە بۆ مێژوونووسێک کام بەرد بێت، کێشە نییە، بەردێکی گەورە لەو دەوەشێتەوە، شایستەی بەرهەمەکانی ئەون، من بۆ خۆم ئیش دەکەم، ئەوم خۆشویست، ئەو (لەناو گەلەرییەکەم زیندووە)، وا بەردەوام مێژووی هەولێر دەنووسێتەوە، ژوورەکەمی پڕ کتێب و بەیان و کۆنە رۆژنامە و نەخشە کردووە، ئەو لەجیاتی کۆترەکان لێم نزیکە، لەگەڵ جوولە و تەقەی بەردیش هەڵنافڕێت و ناڕۆات و دوورناکەوێتەوە، غەریبی کتێبخانە و ماڵ و دەوامەکەی ناکات، ئەو میوانێکە و ناخەوێت، ئەو مرۆڤێکە و سێ ژەمە هیچ ناخوات، ئیماندارە و بواری نییە و نوێژ ناکات و لەشی پیس نابێت، نە ئەو دەیەوێ بڕوات، نە منیش دەتوانم باڵی کۆتری ئەو بکەمەوە، پەنجەرەیەکی بۆ بخەمە سەرپشت، تا بفڕێت و دوور بڕوات.

ئەو نامەکە دەخوێنێتەوە، دەیەوێ بچێت قاوەیەکی تر لەکن کیژە کەپوو کورتە نەرمەکە بهێنێت، بەڵام لەگەڵ بیستنی ناوی خۆی، ئەو سەرێک بەرزدەکاتەوە، دەست لەسەر (لاپتۆپەکە) ەکە هەڵدەگرێت و بۆ دەنگەکە هەڵدەستێتەوە، لەگەڵ کابرا یەکتر ماچ دەکەن، ئەو هێشتا هەستی بەتەڕایەتی لێوی کابرا نەکردبوو، گوێی لەو بوو کە وتی:

زانیم لە هەولێری و هاتوویتەوە، زانیم بەزمێکت نابووە زانیم!

نەدەکرا، ئەو وەڵامی نەداتەوە، چونکە ئەو زۆر بەپەرۆشی و زانینەوە ئاگای لە کێسەکەی ئەو بوو، ئەگەر بوار هەبووایە

ڕەنگە هەموو وردەکارییەکانی بۆ گێڕابوویە، بەڵام کابرای کۆنە برادەری، زوو بابەتەکەی گۆڕی، کاتی ئەوەیان لەبەردەم نەبوو، ئەو وتی:

ئەوە کاکم دەچێتە لەندەن، لەوێ دکتۆری هەیە، دەکرێ لە ترانسێتەکە چاوێکت لێ بێت. دیارە فڕۆکەکەی ئەنتالیا کاتی فڕینی نزیک بووە، تۆ دەچیتە ئەنتالیا؟

لەبەر تەلەفۆنەکە، ئەو نەیتوانی وەڵامی ئەو بداتەوە، کە قسەکانی زۆر درێژەی کێشا، کابرا لەو دووردەکەوێتەوە، بە هەڵتەکاندنی دەستی، ماڵئاوایی دەکات، ئەو بەرەو دەروازەکەی دەرچوونەکە ڕۆیشت. ئەویش لە تەلەفۆنەکە دەیووت:

کتێبەکەی بەنیازبووم پاکنووسەکەی تەواو بکەم، لەبەر ئەو پەیکەرە و پەیدابوونی ئەو ژنە، هاتوچووی نێوان ئاسایش و شارەوانی و بەرپرسەکەی شار، بەداخەوە کە نەکرا تەواوی بکەم، ئەگەرچی گەورەکانی ئەو شارە، بەڵێنی هەموو ئاسانکارییەکان پێ دابووم، بەڵام کە مەسەلەکە گەیشتە سەر لابردنی عەمامە و کەوا و جوبەکەی ئەو، بە تەلەفۆنێکی خۆیان نا، بەڵکو فەرمانبەرەکان، ئاگادارکرامەوە کەوا ئەوان وتوویانە:

ئێمە وەک ئایدیا و ڕامان و هەڵوێستیش هاوشانی تۆین، بەڵام ڕەوشەکە و گێژاوی ناوچەکە، بوار نادەن، خۆمان لەوە دیار و بەرپرس بکەین. ئەوان وتبوویان:

پێمان خۆشە و دەزانین گایدەکە راست دەکات، بڕوامان بە جوبە و عەمامەکەی ئەو نییە، کەسمان بەشانازییەوە کتێبەکەی ئەومان لە ژوورەکانی رێکخستن و ماڵەکانمان و بارەگاکانمان دانەناوە، هیچ شانە و سەنتەرێکمان بەو ناوەش نەکردوە، بەڵام ئێستا ناتوانین و خەڵکەکە نازانن بۆ...! ئەوان بەکۆمەڵ لێمان هەڵدەستنەوە و هاوار دەکەن و ئاڵای سەوزی موسلمانیمان لێ هەڵدەشەقێنن، بەئاگر قوڕگیان دەتەقێنەوە، هەمووش هەڕەشە دەکەن، لابردنی ئەو پەیکەرە و گۆڕینی لەودەمانە کاتی نییە!

ئەوە بلیتی گەڕانەوەت بڕیوە!؟ ژنەکەت زۆر بەتوندییەوە داواکارە یەکسەر بگەڕێیتەوە، گوڵشاریش رۆیشت و ئەندازیار فەریدونیش پێی وتبووی، ئەو ئامادە نییە هاوکاری بکات و شەوانەش ئارەزووی نییە، بێتە (ئەو یانەی کە زۆر قەرەباڵغە و هەموو کەسێکی دێتێ).

ئەو یەکسەر بڕیاردەدات بگەڕێتەوە، لەو سەفەر و لەو بەزینە پەشیمان ببێتەوە، یەکسەر بەیانی لەگەڵ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی و پەیامنێری رادیۆیەک قسەکانی خۆی بەئاشکرا بکات، ئازایانە هەموو راستییەکان باس بکات، قسەی دڵی خۆی بکات و رازەکەی بدرکێنێت!

ئەو ئامادەیە ئەوە بکات، یان ئەوەیان شەڕێکی دۆڕاو و شکانێکی مسۆگەر و گیرانێکی بێ تەقە، تەسلیمبوونێکی بێ زەمانەتە! ئەو ئەوە ناکات، بڕواناکەم شەڕێکی دۆڕاو هەڵگیرسێنێت.

ئەو دەڕوات، وادەزانێت بەردێکی هاویشتووتە ناو گۆمەکە، لەبەردەم ئاپووڕەکەی پارکی شار، دروشمەکانی راگەیاند و قسەکەی بە بەرپرسەکان وت، هەردوو دیوی سنووری لەو مەترسییە ئاگادار کردەوە.

نا ئەو بەدڵنیاییەوە دەڕوات، شەڕ و مەیدانەکە، لە یەکەم تەقە چۆڵ دەکات، بڕواشی وایە، ئەو تەقەکردنەش هەر باش بوو، دەنگ و تۆزێکی هەر هەبووە! تەقەکردن لە دووریش بێت، نەک هەر لەنزیکەوە، لە دوورەوەش تۆزی کردووە، یەک چرپە بەزووترین کات، لە بوارێکدا دەگات و دەپەڕێتەوە، ماوەیەکی باش سەدای دەمینێتەوە، تەقەی ئەو سەردەمە وەک شەڕە گەورەکانی جاران نییە، کە بەیەک هەواڵ و بە پەردەیەکی تەنک شوێنەوارەکەی دەشاردرایەوە و تۆزەکەی دەڕەوەیەوە، تەقەی ئەودەمانە بە قەد شەڕەکەی ئەلعەلەمێن و هێرشەکانی عەکای خاچپەرستەکان و شیشار و ماکۆکی شۆرشەکەی خۆمان، وەک داگیرکردن و رماندنی قوستنتینەی مەڵبەندی مەزن و یەکەمی کریستیانەکانی خۆرهەڵات، بە شیر و وەحشیەتی عوسمانییەکان، دەنگدانەوەی هەیە.

ئەوە ئەو، ئازایانە یەک تەقەی کرد، کەس لەو شارە تەقەی وای نەکردبێت، (دە ئێوەش تەقەیەک بکەن)، رەنگە لە داهاتوو، وەک هیروشیما و هەڵەبجە دەنگ و سەدای هەبێت!

شەو گایدەکە بە فڕۆکە ڕۆیشت، شەوێکی درەنگ بوو، ئاسۆکە ڕووناک ببوو، کۆتر ەکانی ناو پارکی شار، لە لیسەکانییەوە هەڵدەفڕین و (نێرەکان بۆ مێیەکان)، (مێیەکانیش بۆ هیوای هێلکەکان)، چەند تەقەڵەیەکیان لێدەدا و بەرزدەبوونەوە، دوور دەڕۆیشتن، دەگەیشتنە سەر گەڕەکە چڕەکەی (تەیراوە)، شەوە و سەیری سەربانەکانیان دەکرد، چاویان بە هیچ کولەی چوارپایە و دەستلەملانێی هاوسەرگەری نەدەکەوت، دەگەڕانەوە سەر قەڵاتەکە، لەوێش لەدیار دەستوپێی پەیکەرەکەی ئیبنی مەستەوفی، بەپەرۆشییەوە دندووکیان، وەک پەلەمگناتیس لە دان و پەڵکەتۆ، لە قیرە شکاوەکە و دەرزەکان دەدا، لەوێ گوێیان لێ بوو، پەیکەرەکە دەیووت:

گایدەکە ڕۆیشت و مەبەستی هەڵگرتنی من نەبوو، (ئەو مەبەستی من نەبوو...! مەبەستی شاری هەولێر بوو!).

کۆتایی